81
ئاب
2011

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

زمـــانی عـــەرەبی بەم دۆخـــەی ئێـــســـتـــایەوە پێویستییەکی زۆری بەوَرک شۆپ و کۆششی گـــــەورە و بەردەوام هەیە بۆ پەرەپێـــــدان و نوێکردنەوەی. دەبێ خـــــەڵکێکی زۆر لەو وَرک شۆپەدا بەشداربن، تا زمانەکەمان زیندوویی، نەرم و ناسکی بۆ بگەڕێتەوە کە لە قۆناغەکانی لاوازبوون و دواکەوتندا دووچاری هاتووە.

عەبدورەحمان مونیف

---

ئەدەبی گاڵتەجاڕی کە منیش لەو بوارەدا هەندێک ئیشم کردووە، باڵاترین جۆری ئەدەبە و ئەگەر کەسانی بێتوانا خۆیان لەو بوارەدا تاقی بکەنەوە، ئەوا لەبری ئەوەی ئەدەبی گاڵتەجاڕی بنووسن، خۆیان دەبن بە مایەی گاڵتەجاڕی.

حەمەسەعید حەسەن

---

من لەگەڵ ئەوەدام ئەدەب هەرێمی نییە و ئەدیب خەڵکی هەموو زەوینە نەک وڵاتێک، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دەربەستی ئەدەبیاتی شارێک و زمانێک نەیەم و پێم گرینگ نەبێت.

سوارە نەجمەدین

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:
**سەباح ئیسماعیل**
ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:
**چنوور نامیق**
chnornamiq@yahoo.com
0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد
هەڵەگری: بۆکان نووری

دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکووک
شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

## پێڕست


دیسانەوە هەڵسانەوەیەکی تر. سەروتار. سەرنووسیار ..... 3

ئازیزان و دۆستان و خوێنەرانی نەوشەفەق. نامەیەکی کراوە. سوارە نەجمەدین ..... 5

نووسین و ئازادی. لێکۆڵینەوە. حەمەسەعید حەسەن ..... 7

زمانی دیالۆگ لە ڕۆماندا. لێکۆڵینەوە. عەبدولڕەحمان مونیف. و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە ..... 11

دەق و کێشەکانی خوێندنەوە. وتار. نەجات نووری ..... 17

ئاراستەکانی گێڕانەوە و نووسین لە چیرۆکی "ئەسپیدیلۆن"دا. لێکۆڵینەوە. نیهاد جامی ..... 23

ئەنتوان چیخۆف گەورەترین نووسەری شانۆی رووسیا. وتار. سوارە کافرۆشی ..... 31

پۆکەر و شکۆی رۆمان. ڕاپۆرتی ئەدەبی. ئا: سەنگەر زراری ..... 36

مارکیز دی ساد. ڕاپۆرتی ئەدەبی. عەبدولقادر جەنابی. و: جومعە جەباری ..... 42

بۆرخیس ژیانی پەناگیری و داهێنان. وتار. محیی عیدان. لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش ..... 51

لەگەڵ ئازاد بەرزنجی. دیمانە. سازدانی : ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 58

شەبەنگی شینی ژمارەکان. شیعر. هاشم سەڕاج ..... 63

کێڵگەی وشەکان. شیعر. بورهان ئەحمەد ..... 67

گەر دەمزانی! شیعر. تەیب جەبار ..... 69

دڵێک پڕ لە باخی گێلاس. شیعر. کەژاڵ ئیبراهیم خدر ..... 71

بۆ تۆ. شیعر. گوڵباخ بەهرامی ..... 75

جانی جانانم وەرە. نامەی شیعری. شیروان ئیبراهیم حەیدەری ..... 78

گەشتێک بەناو وێستگەکانی تەمەندا .شیعر. رووزار ئەحمەد ..... 80

حەڤدە ساڵ لە فەرامۆشی. چیرۆک. گوڵبەن شەریف ..... 83

دوو چاو.. و.. پەیکەرێک. و.. دوو دەست.. چیرۆک. سەبا ئەحمەد ..... 90

ئێوارەیەکیان لە رۆما. چیرۆکی وەرگێڕاو. عەبدولستار ناسر. وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی ..... 99

تۆ لە کوێی خۆشەویستم؟ چیرۆکی وەرگێڕاو. نەجیب مەحفوز. لە عەرەبییەوە: سابیر مەلوول ..... 102

کۆلۆمبرە.چیرۆکی وەرگێڕاو. دینو بوتزاتی. لە فارسییەوە: رۆمان جەبار ..... 104

خوێندنەوەیەک بۆ کورتە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح. خوێندنەوە. لە فارسییەوە: جەبار سابیر ..... 110

مەرگی ژن، مەرگی جوانی. خوێندنەوە. مەحموود نەجمەدین ..... 113

ژنێک بەسەر منارەوە. ڕانان. ڕەمزی زراری ..... 140

سەروتار

# دیسانەوە
# هەڵسانەوەیەکی تر

سەرنووسیار



وا جارێکی تریش کۆواری نەوشەفەق دوای دووجار وەستان هاتە دەرچوون و ئەم دەستە نوێیەش بەهیوایە گەرموگوڕتر و چالاکتر و پتر لە خزمەتی ئەدەبدا بن و بتوانن ئامێزی کۆوارەکە بۆ داهێنەرترین و دەستڕەنگینترین نووسەران والآ بکەن، ئیدی لە هەر کوێیەک بن، هەر لە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە بیگرە تا دەگاتە سەرجەم شارەکانی کوردستانی گەورە و وڵاتانی دنیا.

بواری ئەدەب زۆر لەوە گەورەترە لە سنووری چەند شارێکدا خول بخواتەوە و قەتیس بمێنێ، بۆیە هەر لێرەوە داوا لە سەرجەم نووسەرانی کورد دەکەین (لە هەر کوێیەک بن) ئەم کۆوارە بەموڵکی خۆیان بزانن و بەبەرهەمی نوێی ئەدەبی و پاراو بەزمانی کوردی درێغیمان لەگەڵدا نەکەن.

لە ژمارەکانی بەراییی نەوشەفەقدا مەبەست ئەوە بوو خودان خامە ناسراوەکانی کەرکووک لە کۆوارەکە کۆ بکرێنەوە، پێشوازیی هەموو لایەک لە ئاستی دڵخۆشیدا بوو و شاگەشکەی کردین. وەلێ مخابن وا دەرنەچوو، هێند بەداهێزراوی و سستی و بێگاری ئاسا دەردەچوو، هەر زوو ئەستێرەی کوژایەوە و تروسکەی لێ برا. ئەمە هەمووانی نائومێد و خەمبار کرد، هەرچی نووسەر و ڕۆشنبیری شارەکە و دەرەوەی هەبوون لێی تەکینەوە، وای لێ هات نووسەرانی کۆوارەکە لە پەنجەکانی دەستێک تێ نەدەپەڕین و تەنیا مەبەست دەرچوونی کۆوارەکە بوو و هیچی تر، بەچەندان ناو بەرهەمیان تێدا بڵاو دەکردەوە. ئەگەر یازوخ نەبووایە سەرچاوەیەک لە کەرکووک کوێر دەکرێتەوە، ئەوا دەبوو زوو دابخرایا...

کۆواری نەوشەفەق لە خولی دووەمیدا، واتا لە ژمارە (٤٣)ەوە توانی جێگەی خۆی لە گۆڕەپانی بزاوی ڕۆشنبیریدا بکاتەوە و جگە لەوەی زۆربەی زۆری نووسەرانی کوردی لە گشت لایەکەوە لەخۆ کۆ کردەوە، وەک سەرچاوەیەکی پڕ بایەخی ئەدەبییش سوودی لێ دەبینرا و لە چەندان نامەی ماستەر و دوکتۆرا و لەناو کۆوارەکاندا وەکو سەرچاوەی باوەڕپێکراوی سەرەکی سوودی لێ دەبینرا.

مایەی خۆشحاڵییە بڵێین یەکێک لە شانازییەکانی دەزگای شەفەق لە کەرکووک، وەشاندنی ئەم کۆوارەیە، لەبەرئەوەی بەمە سەلماندی ئەوە کەرکووکە وێڕای هەموو ململانێکان ئامێزی بۆ نووسەرانی شارەکانی تری کوردستان کردووەتەوە و لە خەمی بەرەوپێشبردنی ئەدەب و جوانترکردنی دنیادایە.

دەزگای شەفەق بەردەوام هاوکاری و هاوبەشیی دەزگای ئاراسی لە پشتەوە بووە، بۆیە هەر بەرەو پێش مل دەنێ و گوێش ناداتە ئەوانەی چەمۆڵە لە مانگی چواردە دەنێن. بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێ و ناکرێت بەمەبەستی ڕاگرتنی، بەرم و تیر و کەوان شەڕ لە دژی بەرەوپێشچوونەکانی دەزگاکەمان بکرێت.

ئێمەش وەکو نوێنەری کۆوارێکی تایبەت بەئەدەب شێلگیرانەتر درێژە بەکاری خۆمان دەدەین. ئەوە نووسەرە ڕاستەقینەکانن بڕیار لەسەر سەرکەوتنی کۆوارەکەمان دەدەن و تاقە پێوەریش بۆ سەرکەوتنی کۆوارەکە و بەبا نەچوونی ڕەنجی ئێمە، بەشداریی ئەو قەڵەمە ڕەسەن و بەپێزانەیە.

نامەیەکی کراوە

# ئازیزان و دۆستان و خوێنەرانی نەوشەفەق

سوارە نەجمەدین



خەنیبووم بە بیستنی هەواڵی دەرکردنەوەی کۆواری نەوشەفەق، پیرۆزبایی گەڕێکی نوێی (شەفەق)تان لێ دەکەم، لە ئێستادا ئەمە بە پێویستی دەزانم و داخستنیم لا نەنگی و تاوان بوو، دڵخۆشم بەوەی کەرکووک جارێکی تر بەیانی دەداتەوە.

دۆستانم من لەگەڵ ئەوەدام ئەدەب هەرێمی نییە و ئەدیب خەڵکی هەموو زەوینە نەک وڵاتێک، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دەربەستی ئەدەبیاتی شارێک و زمانێک نەیەم و پێم گرینگ نەبێت، بگرە چۆن هەتاو هەڵم لە دەریا هەڵدەستێنێت، هەوریش هەر کۆمەڵە و بۆ ناوچەیەک دەیکاتە باران، ئەدەبیش هەمان بەرەکەتی بارانە بۆ ناوچە جیاوازەکان، مەبەستیشم لەم قسانەم زیاتر بە خاتری ئەوەیە بە ناوچەگەرێتی لە قەڵەم نەدرێت و تاوانی شارچێتیم نەدرێتە پاڵ.

ئازیزان، دەرچوونەوەی نەوشەفەق، پێویستییە، لەبەرئەوەی ئەو شارە بە تەنیا کۆوارێک تەعبیری

لێ ناکرێت و گزنگ بە تەنیا ناتوانێ دڕ بە تاریکیی شەو بدات، ئەوەی لێرەدا جێگەی ئومێدە هەڵهاتنی ئەم سپێدە نوێیەیە، بەو ئامانجەی ڕۆژێکی پڕ بەرەکەت و بەرهەم بۆ ئەدەبیات دەستەبەر بکات.

ڕاستییەک هەیە لای هەموومان ڕوونە، ئەوەیە کە ئەم شارە نەک بە تەنیا خاوەنی چەندان کەڵەئەدیبی وەک جان دەمۆ و جەلیل قەیسی و سەرگۆن پۆڵس و محێدین زەنگەنە و ڕەفیق حیلمی و تا دواتر بووە، بگرە ژیانی ڕۆژانە لەم شارەدا خامەی دەیان چامە و چیرۆک و ڕۆمانە، کە تەنیا پێویستی بە ئەدیبگەلێکی بێ شومار هەیە تا بینووسینەوە، بە داخەوە ناهەمواری بەدحاڵیبوون وای لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کردووە، کە پێی وا بێت بە تەنیا سیاسەت فریادڕەسە، لە کاتێکدا ئەوەی بە ڕۆمانێک دەکرێت نێزیکە لەوەی کە بە شۆڕشێک دەکرێ، ئەدیبێکی سەرکەوتوو دەتوانێ کاریگەریی زیاتری لە دەیان سەرکردەی سیاسی و سەربازی هەبێ، ئا لێرەوە گرینگیی ئەو ئەرکە گرانە دیار دەکەوێت، کە دەکەوێتە سەر شانی کۆوارێکی ئەدەبی.

هاوڕێیان لێرە و لەوێ زۆر چەمک و دەستەواژەی وەک (نەبوونی ڕۆشنبیر، کوێربوونەوەی گرووپی کەرکووک، وەجاغکوێری و ...) دەبیستین، ئەگەرچی زۆری زیادەڕەوی تێدا دەکرێت و کەمیان لە دڵسۆزییەوە هەڵقوڵاون، بەڵام دەبێت پێکەوە دان بەوەدا بنێین کە بۆشایی گەورەمان هەیە و بە تێکڕایی پڕ دەکرێتەوە، بینینی کەموکوڕییەکان ئەوەندەی هەوڵە بۆ چارەسەر ئەوەندە نەنگی نییە، لەگەڵ ئەوەدام کە دەقی زیندوو ناسنامەی نەتەوە و شارەکەشیەتی، ئەوە "نانی ڕووتە" کە "تەنجە" بەمن دەناسێنێت، نەک سیستەمی حوکمڕانی مەغریب، "کۆلارەباز" و "هەزارخۆری درەوشاوە" کابوڵ بە من دەناسێنن نەک ڕێکخراوی قاعیدە و تاڵیبان، ئەوە ئوسامەیە وێرانی دەکات و ئەوە خالید حوسەینییە بنیاتی دەنێتەوە، جا با لە خۆمان بپرسین کام شاکارانەن ئێمە لای دنیا پێشان دەدەن؟ کام نووسەرەمان دەتوانین تەقینەوە و کارەساتەکانی ئەم شارە بکەین بە شاکارێک و دنیا ناچار بکەین بیخوێنێتەوە؟ دەبێت لە ڕێگەی دەقەکانەوە چاوەکان ڕوو بکەینە خۆمان.

ئازیزان ڕاستە ئێوە لەناو واقیعەکەدان و هەق بە ئێوەیە ڕەخنەی ئەوەم لێ بگرن، کە من لە دوورەوە قسان دەکەم، بەڵام ئەمە ناکاتە بێ ئاگایی من لە بارودۆخەکە، ئێوە لەسەر ئەو کەشتییەن، کە لەناو دەریادایە و هەموو وردەکاریی ئاو دەزانن، بەڵام بەدەر لە ئێوەش گۆشەنیگایەکیش هەیە دەریا دەبینێت، مەبەستم لەو کەسەیە کە لە وشکانییەوە سەیری ئاو دەکات، بۆیە قسەکانم بە تفەنگ نان بە تاریکییەوە ناو مەبەن، لەو باوەڕەدا نیم ڕەخنەکانم شۆڤڵی رووخاندن بن و خۆشم بە ئەندازیاری دروستکردن نازانم، بگرە وەکو ئێوە خۆشحاڵم کرێکاری هەڵچنی دیواری ئەم کۆوارە بم.

بە هیوای سپێدەیەکی نوێ، کە تاریکیی ماوەی کپبوون بیر بباتەوە.

شەوی ٢٠١١/٦/١٥

لێکۆڵینەوە

# نووسین و ئازادی

حەمەسەعید حەسەن

لە ڕوانگەی **(کالڤینۆ)**وە، بۆ ئەوەی نووسینمان بکەوێتە خانەی ئەدەبەوە، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت: لەشسووکی، خێرایی، وردبینی، ڕوونی و فرەلایەنی.[1] ڕەنگە مەبەستی لە لەشسووکی و خێرایی، هەر کورتبڕی بێت. وردبینی دەشێت خۆ لادان بێت لە غەفڵەت و بە ڕوونی نووسینیش، کاتێک دێتە ئاراوە کە خۆمان لە تەمومژی ناپێویست بپارێزین. نووسەر هەیە وشەکانی بە تەمومژ بارگاوی دەکات، هەیە وشەکانی وەک بێچووەمەلی تازەکی سەر لە هێلکە جووقاو، ڕووتوقووتن. فرەلایەنی بریتییە لەوەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجی کێشەکان بدەین و ڕێ بۆ گەشەکردنی بیروڕای جیاواز خۆش بکەین. ڕەنگە ئەمە جوانترین پەیامی ئەدەب بێت.

**ماشیری** پێی وایە، دەقی ئەدەبی، کارێکی تەواوکراوی داخراو نییە، وزەیەکە بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە، تێکستی ئەدەبی یان نییە، یان کە هەبوو، دەرگای بەسەر چەندان مانادا ئاواڵەیە و وەڵامی حازربەدەستی بۆ پرسیاری دێرین پێ نییە. **ئەوانەی لە دەقی ئەدەبیدا بۆ وەڵامێکی کۆنی دیاریکراو دەگەڕێن، هەر لەو ئیسلامییانە دەچن کە هێشتا دیلی نێو ئەشکەوتی ڕابردوون و هەستێکمان لا بەجێ دەهێڵن، نیشتمان لە کنمان لە گۆڕستان بچێت. ئەرکی دەقی ئەدەبی ئەوە نییە، بمانگەیەنێت بە یەقینێکی جێگیر، ئەوەیە ئاسۆی گومانمان ڕووناکتر و بەرینتر بکات.**

لە ئایاری ٢٠٠٢ دا، لە ڕاپرسییەکدا بۆ دیاریکردنی دە شاکاری ئەدەبی، بە درێژایی ئەو مێژووەی دەکەوێتە نێوان (هۆمیرۆس و تۆلستۆی)یەوە، کە گەورەنووسەرانی وەک میلان کوندێرا، کارلۆس فۆینتس، نادین گۆردیمێر و سەلمان ڕوشدی بەشدارییان تێدا کردبوو، دۆن کیخۆتە،




ساتیرەڕۆمانەکەی سێرڤانتێس **(١٥٤٧ – ١٦١٦)** لە شاکارەکانی شەکسپیریش دەنگی زیاتر هێنا. لە ناوەڕاستی ئەپریلی **٢٠٠٥** دا، سەرکۆماری ڤێنزوێللا بڕیاری دا، یەک میلیۆن لە دۆن کیخۆتەی سێرڤانتێس چاپ بکرێت و بە خۆڕایی ببەخشرێتەوە. ٢٣ی ئەپریل کە ڕۆژی کتێبە، ڕۆژی کۆچی دوایی سێرڤانتێسە. دۆن کیخۆتە کە لەسەر ئاستی هەموو زمانەکانی دنیا، جوانترین دەقی ئەدەبییە، لە چوار سەدەی ڕابردوودا، لە ئینجیل زیاتر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم ڕاوەڕێوییەم بۆیە هێنایەوە کە بڵێم: ئەدەبی گاڵتەجاڕی کە منیش لەو بوارەدا هەندێک ئیشم کردووە، باڵاترین جۆری ئەدەبە و ئەگەر کەسانی بێتوانا خۆیان لەو بوارەدا تاقی بکەنەوە، ئەوا لەبری ئەوەی ئەدەبی گاڵتەجاڕی بنووسن، خۆیان دەبن بە مایەی گاڵتەجاڕی.

(دنیا) کتێبێکە، چاوەڕێی کەسێک دەکات، بیخوێنێتەوە، لێکی بداتەوە، کۆدەکانی شی بکاتەوە و مەتەڵەکانی هەڵبهێنێت.) دیکارت چونکە ئەو کتێبەی بە وردی خوێندەوە، ئەوە بۆیە لەسەر ئاستی دنیا، دابڕانێکی لە مێژووی فیکردا هێنایە ئاراوە. **زۆر ڤینم لەو ڕستانەیە کە بە (بێ**

**گومان) دەست پێ دەکەن، ئاخر لە دیکارتەوە فێربووم، هەموو شتێک بخەمە ژێر پرسیار و گومانەوە.** نووسەری داهێنەر ڕێسا دێرینەکانی نووسین ڕەچاو ناکات، هاوزەمان لەگەڵ نووسیندا ڕێسای تازەی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت و بەردەوام خوێنەر دووچاری شۆک دەکات. نووسەر ئەگەر عەودالّی داهێنان بێت، نابێت وابەستە یان پاشکۆ بێت، پێویستە ئازاد بێت، ئازادیی بە مانای خەوبینین بە داهێنانەوە. خەون با لەگەڵ عەقڵانیبووندا ناکۆکیش بێت، ئەو ڕێگەیەیە کە نووسەر ناچارە بیگرێتە بەر، ئاخر لە نێوان مێرگی پاراوی سەوز و دەشتی وشکوبرینگی عەقڵدا، داهێنەر یەکەمیان هەڵدەبژێرێت.

ئەهلی کتێب، بە مانای جوولەکە و گاور دێت، ئەهلی قەڵەم بە مانای نووسەر و شاعیر دێت. یەکەمین پەیڤ کە خودا بە جوبرەئیلدا بۆ پەیامبەری هەنارد، وشەی بخوێنە (إقرأ) بوو، پازدەهەمین وشەی یەکەمین سوورەتیش، قەڵەم بوو، (الذي علم بالقلم.) مەرج نییە هەموو وشەیەک شیاوی خوێندنەوە بێت، مەرج نییە هەموو وشەیەکی جوان بوێر بێت، وەلێ هەموو وشەیەکی بوێر، هەم شیاوی خوێندنەوەیە و هەم جوانیشە. **دەسەڵاتدارانی نادیموکرات، لە وشەی جوانی بوێر دەترسن، نەک لە وشەی دزێوی بێشەرم.** شمشێریش وەک دراو، شتێکی کاتەکییە، ئەوەی بە نەمریی دەمێنێتەوە، پەیڤی جوانە، ئەوە بۆیە ئەوانەی خاوەنی شمشێر و دراون، زەندەقیان لەو خاوەنقەڵەمانە چووە کە وشەی بوێر دەنووسن. گرنگ ئەوە نییە چی دەنووسین، ئەوە گرنگە چۆنی دەنووسین. ئەگەر ئەهلی قەڵەم بین، دەتوانین بە تازەترین شێوە، باسی کۆنترین بابەت بکەین. بابەت گرنگ نییە، ئەوە گرنگە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. (هەنگ و مێرووله هەردووکیان دزی دەکەن، ئەمیان شیلەی گوڵ دەدزێت و دەیکات بە هەنگوین، ئەویان بەدزینی گەنم زەرەر لەم و لەو دەدات.)[٢]

(ماو) گرێی (لۆلیتا)ی هەبوو، پێی خۆش بوو هەمیشە بە لەشکرێک لە کیژی جەحێڵ ئابڵووقە درابێت، گرێی من ئەوەیە، پێم خۆشە هەمیشە وشەی جوان لە سەروەختی سەمادا ببینم. نووسین لە کن من سەمایە، کە هونەرمەندانە دەرەقسم زادەی ئەوەیە، وشەکانم بێجگە لە سانسۆری ویژدانی خۆم، نە هیچ پێوەندێک لاقی بەستوون، نە دەست بە زنجیرن، نە کۆت لە گەردن. نووسین نهێنیی هەبوونی منە و ئازادانە دەنووسم، نە کۆیلەی ئەم دەسەڵاتم، نە گوێڕایەڵی ئەو حیزب، نە دیلی بەرژەوەندیی تایبەتی، ئەوە بۆیە دەربڕینەکانم هێندە کاریگەر و سەرنجڕاکێشن، ئەوە بۆیە زمانم هێندە تیژە. جیاوازیی نێوان نووسەر و هەڵوەڕ ئەوەیە، ئەمیان زمانی تیژە و ئەویان زمانی پیس.

سەرم لێ نەشێواوە، بەوپەڕی هۆشیارییەوە خەریکی ئەوەم، (ڕوومەتی زەوقی گشتی، بدەمە بەر زللەی نووسین.)[٣] منێک کە سەرچڵانە بۆ دەستەبژێر دەنووسم، چاوەڕێی ئەوەیشم بۆ تیری قسەی دزێوی عەوام، ببمە نیشانە و دەیان تاوانم کە هیچ یەکێکیانم نەکردووە، وەپاڵ بدرێت. من فیکرێکی دیاریکراوم پێ نییە، تا بە هۆی وشەوە بەرجەستەی بکەم، من تەنیا پەیڤم پێیە و

کانیاوی بیرم لە ناخی پەیڤەکانمەوە هەڵدەقوڵێت. **بۆ ئەوەی داهێنەر بیت، پێویستە ئازاد بیت، بۆ ئەوەی ئازادیش بیت، پێویستە خۆت سەروەری خودی خۆت بیت. ئەوی کۆیلەی ئەم دەسەڵات یان ئەو حیزب، فلان فیکر یان فیسار ئایین بێت، نە ئازادە و نە داهێنەر.** جیاوازیی سەرەکیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتداری ستەمکار ئەوەیە، ئەمیان خەو بە لەدایکبوونی نەوەیەکەوە دەبینێت کە بە هیچ هێزێک کەوی نەکرێت و ئەویان سەرقاڵی بە مێگەلکردنی خەڵکە.

ئەگەر لە مانای **(ئایرۆنی)**[4] حاڵی نابێت، ئەگەر زاراوەی **(گرۆتێسکەری)**ت[5] نەژنەفتووگە، ئەگەر نازانیت **(پارادۆکس)**[6] چییە، ئەگەر هیچ ئاشنایەتییەکت لەگەڵ کۆمیدیای ڕەشدا نییە، ئەگەر دەرکی پێ ناکەیت، نووسەر لە کام جێدا، بە تەوسەوە دەپەیڤێت، نووسەر لە کوێدا شتێک دەڵێت و دروست مەبەستی پێچەوانەکەیەتی، نووسەر کەنگێ بە دەستی ئەنقەست، لە پێناوی مەبەستێکی جواندا شتەکان دەشوێنێت، کەنگێ گریان لە پێکەنینەکانی دەچۆڕێت، ئەگەر نازانیت گەمەکردن لەگەڵ وشەدا بەری چ دارێکە، بیروڕای خۆت لەسەر نووسینی بنووسی ئەم دێڕانە مەخە ڕوو، ئەگەر نا، دەکەویتە نێو گۆمی غەفڵەتەوە. یەکێک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی کەسایەتیی کورد، قسەکردنە لەسەر بابەتێک کە هیچی لێ نازانێت، ئەوە نەنگی نییە، شارەزای ئەم یان ئەو بوار نەبین، نەنگی ئەوەیە، خۆ لە شتێک هەڵبقورتێنین کە بواری کاری ئێمە نەبێت.

کەس بێ خەوش نییە، منیش خاوەنی گەلێک خەوشم، تاقە خەوشێک کە نیمە، ترسنۆکییە، خاوەنی هەندێک لایەنی ڕووناکیشم، گەشترین لایەنی من، سڵنەکردنەوەیە لە گوتنی ڕاستی. **وشەکانم بە دوو باڵ دەفڕن، باڵی بوێری و باڵی ڕاستگۆیی. وشەکانم ڕووی دەمیان لە مێگەل نییە، بۆ ئەوانە نانووسم کە بڕیاریان داوە تا مردن هەر کۆیلە بن و تەنیا ئەو کاتانە ناویان ببیسترێت کە بە گڕ تریفەی وشەکانی مندا دێنەوە. بۆ ئەوانە نانووسم کە ئەم حیزب یان ئەو فیکر بە پیرۆز دەزانن. نووسینی من بۆ ئەوانەیە کە ئازادیی خودی خۆیان بە لاوە پیرۆزە.** منداڵ لە جەستەی دایکیدا دەخولقێت، نووسینی نووسەری هەقبێژیش لە ڕۆحیدا دروست دەبێت و ئەوەی گوێی پێ نەدات، گوشاری دەرەوەی خودی خۆیەتی. کە دەنووسم قەت مەبەستم ئەوە نییە، ئەم و ئەو بریندار بکەم، ئەگەر کەسێک بە نووسینی من بریندار ببێت، ئەوە هەڵەی من نییە، هی ئەوەیە، گوتنی ڕاستی، نزیکەی هەمیشە، بریندارکەرە.

---

(١) ممدوح عزام، القراءة و الحب ٢٥ يوليو ٢٠١٠ الشرق الأوسط.

(٢) حسين أحمد رسول، سرقات النمل و سرقات النحل، الشرق الأوسط ١٧ مايس ٢٠٠٥ لندن.

(٣) مایاکۆڤسکی.

(4)irony

(5)grotesquerie

(6)paradox

لێکۆڵینەوە

# زمانی دیالۆگ لە ڕۆماندا

عەبدولڕەحمان مونیف

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

یەکێک لەو ململانێیانەی دێتە ڕێی ڕۆماننووس زمانی دیالۆگە: زمان لە هەر ڕۆمانێکدا بێت، بەردی بناغەی ڕۆمانەکەیە و وەک چۆن خوێن لە شادەمارەکاندا ژیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ، بەو جۆرەیش زمان راستگۆیی، سیما و گەشاوەیی بە ڕۆمان دەدا، لە ڕێی زمانەوە سیما و ئادگارەکانی کارەکتەر دروست دەبن و هەڵوێستەکان هێزی قەناعەت پێهێنان لای خوێنەر بەهێز دەکەن، لەبەرئەوەی کارەکتەری ڕۆمان لە میانەی کار و پەرچەکردارەوە دیاری دەکرێ و چەندە ئەو کردەیە راستەوخۆ و بێ شرۆڤە و پاساودانی کار و پەرچەکردارەکە بکرێت، هێندەیش هێزی قەناعەتهێنانی بە خوێنەر زیاتر دەبێ، لەبەرئەوەی خۆی راستگۆیانەتر دەبێت.

لەبەرئەوەی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا، هەر ڕۆمانێک، لە ڕووی پێکهاتە و رۆشنبیری و هەوەس (میزاج)وە فرە و جیاواز و جۆراوجۆرن، دەبێ ئەو فرەیی و جیاوازبوونە لە زمانی ڕۆمانەکەدا کە ئامرازی پێکەوە بەردەوامبوون و پێوەندی و گواستنەوەی هزر و بیر و بۆچوون و خەم و خەونەکانە، رەنگدانەوەی هەبێت. واتە ئێمە لە ڕێی زمانی گوفتار و کردارەکانەوە کارەکتەرەکان دەبینین. لەبەرئەوەی هەر کارەکتەرە و شێوازی قسەکردن و رەفتاری خۆی هەیە و ئەگەر بە بڕێکی کەمیش بێت لە دید و هەڵوێستدا جیاوازییان لەیەک هەیە، دەبێ ئەو جیاوازییەش لە تەعبیرەکاندا دەربکەوێت و گرینگیی زۆری دیالۆگیش هەر لێرەدایە.

ئەوەی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا دەیڵێن گوتارەکانیان و شێوازی گەیاندنی ئەو گوتارانەیە و ئەمەیش وا دەخوازێت ڕۆماننووس زمانی خۆی لە زمانی کارەکەی (ڕۆمانەکەی) جیا بکاتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە دەبێت مەودایەک بخاتە نێوان زمانی خۆی و زمانی کارەکتەرەکانیەوە، بۆ ئەوەی

کارەکتەرەکان نەبنە دەمامکی ئەوەی ڕۆماننووس دەیەوێ. ڕاستە ڕۆماننووس بەوپەڕی وریایی و ئاگایی کارەکتەرەکان دیاری دەکات، زەوینەی هەڵسوکەوت و جووڵەیان لە پانتاییەکی دیاریکراودا بۆ دەڕەخسێنێ، بەڵام هەر هەندەی کارەکتەرەکان لەدایک دەبن و دێنە گۆڕێ و کات و شوێن و بابەت دەستنیشان دەکرێن، ئیتر بەمانایەک لە ماناکان لە ڕۆماننووس سەربەخۆ دەبن و ژیان و بڕیار و ڕێبژاردە و دواجاریش زمانی تایبەتی خۆیان دەبێت و بەو زمان و ڕیتمی دوان و سیمایە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، وەک چۆن منداڵ سیفەت و لەیەکچوونیان لەگەڵ دایک و باوکیان هەیە، بەڵام هەریەکە سەربەخۆیی و شێوازی هەڵسوکەوت نواندنی خۆیان هەیە.. لە ڕۆماندا لە ڕێی زمانەوە کارەکتەرەکان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، دەناسرێنەوە.

بۆیە فرەیی کارەکتەرەکان زمانی ڕۆمان دەسەپێنن، واتە کاتێک هەر کارەکتەرە و دەنگ، شێوە، ڕیتمی قسەکردن و شێوازی خۆی هەیە لە دید و تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی تر و دەوروبەردا.. هەر کات دوو کەس یان زیاتر کەوتنە بەرانبەر یەکتری ئیتر دیالۆگ لەدایک دەبێ و دیالۆگیش لە ڕۆماندا ئەرکی بنچینەیی هەیە، لەبەرئەوەی دواجار دەبێتە خودی کارەکتەرەکە لە ڕووی ئاست و شێوازی بیرکردنەوە و تێوەندەکەی، دەشبێتە وزەی بزوێنەری ڕووداوەکان بەرەوپێش و ئەوەیش یارمەتیدەر دەبێت لە بەرجەستەبوونی هەڵوێستەکان و کامڵبوونیان لە پێناوی بەرجەستەکردنی ژیانێکی ڕاستەقینە یان ئامادەان بەو ژیانە.



ئەمــەیش واتە وشــە لە رۆمــاندا ئــەرکێکی دوالیــزمــەیی دەبینێت، چـونکە هێندەی کـارەکـتـەر بەرجەستە دەکات و سیمای دەداتێ، هێندەیش لەناو ڕەوتی خۆیاندا رووداوەکان بەرەوپێش دەبات. بۆیە وشــە لە رۆمـاندا رۆڵێکی جیـاوازی لە شـیـعردا هەیە، وشـە لە شـیـعردا بە خـۆی و بۆ خـۆی ئامـانجێکی هەیە، واتە بە پلەی یەکەم رۆڵێکی سـتـاتیکیی هەیە بەمـانای مـوزیک و ریتمی فۆرم. لە کـاتێکدا رۆمــان پشت بـەو رۆڵەی وشــە نابەســتـێت، هـەرچەند ئـەگـەر لەناو ڕەوتی خــۆیدا و بۆ ئامـانجـێکی دوورتر بەو جـۆرە هات رێگریی لێ ناکـات. ئامـانجی رۆمـان بنیـاتنانی کـەسـێـتی و رووداوەکانە، بەجۆرێک نموونەگیری ژیان بکەن و ببنە خاوەنی هزری قەناعەت هێنان بە خوێنەر بە بوونی ئەو جـۆرە کەسێتییانە و شـیـمانـەی روودانی هەمان ئەو رووداوانـە لە واقیـعدا . لەبەرئەوەی وشـە لە رۆمـاندا وەک (باختین) دەڵێت "لە میـانەی ئـاراسـتـەگـیریی زیندووییەوە بۆ بابەت دەژی، جـا ئەگەر ئەم ئاراستـەگیرییەمان پشتگوێ خست، ئەو کات لە وشـەکان هچمان بۆ نامێنێتەوە جگە لە تەرمی رووت کـە نە خـۆیان و نە پێگەی کۆمـەڵایەتی و چارەنووسی ژیانیـان دەناسن. کۆڵینەوە لە وشــە لە خـودی وشــەکـەدایە، تا وردبوونەوە لە دەردەســەرییــە دەروونییــەکـان لە دەرەوەی واقیـعی کرداریدا زیندوو بکاتەوە کە دەردەسەرییەکان بۆ ئەو ئاراستە کراوە و مەحکومیشن پێی".

دەسپێک لەم بڕوایەوە بە ئەرکی وشـە لە رۆماندا، یەکێک لەو ململانێیەی رۆمان و رۆمـاننووسی ئێمـە بەرەنگاری دەبـنەوە، چۆنیـەتیی مـامـەڵەکردنە لـەگـەڵ زمـان و چۆنیـەتیی بنیـتنـانی دیالۆگـە لە نێوان کارەکتەرەکاندا .

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە زمـانی عەرەبی بەم دۆخەی ئێستایەوە پێویسـتییەکی زۆری بە ۆرک شـۆپ و کۆشـشـی گـەورە و بەردەوام هـەیە بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەی. دەبێ خـەڵکێکی زۆر لەو ۆرک شــۆپەدا بەشـدار بن تا زمــانەکــەمـان زیندوویی، نەرم و ناسکیی بۆ بگەڕێتــەوە، کــە لە قـۆناغـەکـانی لاوازبوون و دواکەوتندا دووچاری هاتووە. (ئەگـەر نووسـەر بەو شـێـوەیە بۆ زمـانی عـەرەبی بڕوانێت بەو دەوڵەمـەندییەوە، ئـاخۆ دەبێ ئێمـە بۆ پەرەدان و نوێکردنەوەی زمـانی کوردی چی پێویست بێت بیکەین، بـەتایبەتی لەو کەموکورتییە لە بەرچاوەی زمانەکەمان لە ڕووی چەمک و زاراوە نوێ و هـاوچەرخـەکـانەوە لە زانست و بوارەکـانی تردا هەمـانە؟ / وەرگـێـڕ). ئەمـەیش واتە دەبێ بەجـۆرێک کـار بـۆ زمـان و لە زمـاندا بکـەین کە پێـداویسـتـییـە نوێکان دەسـتـەبـەر بکات، بۆیە دەبێ بۆ دەســتــەبەرکـردنی زمـانێکی بەهـێـز کـار لە سێ بـواری دیاردا بکرێت: بـواری رێزمـان و رێنووس، دانانی مــەرج بـۆ وشــە داڕشتن، مـامــەڵەکـردنێکی نوێ و جـیــاواز لە تـەک دیالێکتـە ناوەخۆییەکان.

ئیـشکردن لە بواری رێزمـان و رێنووسـدا بۆ ئەوەیە قسـەکردن بـە زمـان لە مـامـەڵەی رۆژانەدا ئاسانتر و راست و دروستـتر بێت و ئاڵۆزییـەکانی بەردەم فێربوونی بۆ نەوەکان و خـەڵکانی تریش لاببـرێت. دانـانی مــەرجی رێکخــەر بۆ وشــە داڕشتن و لەخـۆگـرتـنی شـتی نوێیش بۆ دابینکردنی زۆرترین چەمک و زاراوە و دەسـتـەواژەیە کە دوا جـار بتـوانرێت بەهۆیانەوە مـامـەڵە لەگـەڵ نوێدا

بکرێت و نووسەران، وەرگێڕەکان ناچار نەبن زۆرترین چەمک و زاراوە و دەستەواژەی بیانی وەک خۆیان بەکار بهێننەوە.. کە بێگومان ئەم دۆخە زمان دەخاتە بەر مەترسیی زۆرەوە.

ئیشکردن لە بواری دیالێکتە نوێکاندا بە شێوازێکی نوێ و جیاواز بۆ سوودوەرگرتنە لە دەوڵەمەندیی ئەو دیالێکتانە و بەکارهێنانی بەشێکیان لە زمانی نووسین و ئاخاوتندا کە زمانی فەرمی بەهێز و دەوڵەمەند دەکەن و کەموکورتییە زۆرەکانی پڕ دەکەنەوە.

ئەگەر هەردوو بواری یەکەم و دووەم دیالۆگێکی بەرفراوان و کراوەیان بوێت لە نێوان شارەزایان و پسپۆڕان، ئێمە لێرەدا زیاتر باس لە بواری سێیەم دەکەین کە ڕۆمان دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکیی تێدا بگێڕێت و ببێتە مەودایەکی زیندوو، لەبەرئەوەی بەرجەستەکردنی کردەییەتی. ڕۆمان لە دیدێکی زیندووەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، واتە هێندەی لە واقیع وەردەگرێت داهاتووش پشتگوێ ناخات، لەبەرئەوەی دەیەوێت ڕاستگۆیانە تەعبیر لە ژیان بکات و زمانیش لە گرینگترین کایە و ڕواڵەتەکانێتی، لەبەرئەوەی جەستە و هاوکات کەرەستەی کارەکەیە و هەر ئەمەیش وا دەکات ڕۆمان لە بواری نموونەوە ئایدیاوە نەک تیۆریزەکردنەوە، جورئەتی هێنانە ئارای دیدێکی نوێ و جیاوازی هەبێت.

ئەو زمانەی لە سەرەتای سەدەوە باو بوو و چەندان ڕۆمانی پێ نووسرایەوە، زمانێکی فشەڵ و زەخرەفەکاری بوو و لە بێژەکاندا کارامەیی تێدا دەنوێنرا. هەرچەند ئەو زمانە ماوەیەکی زۆر کاری پێ کرا، بەڵام دواجار وەکەنار خرا و هەر جۆرە بەراوردکردنێکی ڕستە بێت یان دەستەواژەکانی، جیاوازییەکانی زمانی ئەوسا و ئێستامان بۆ دەردەخات. ئەم حاڵەتەیش بەسەر گێڕانەوە و دیالۆگیشدا بەرجەستە دەبێت، چونکە لە زۆر باردا وەک یەکەی سەربەخۆ ڕوانراوەتە زمان. گێڕەرەوە، واتە نووسەر، هەوڵی داوە لە کاتی هەڵبژاردنی دەستەواژە و دواتر بنیاتنانی ڕستەوە کارامەیی شیعری دەربخات و مەبەستیشی لەوەدا ئەوە بووە بۆ نووسەرانی تر مەعریفە و باڵادەستیی لە زماندا دەربخات، بە چاوپۆشی لە توانای ئەو پیشەیە لە هێنانە مەیدانی کارەکتەر یان ڕووداوگەلێک خوێنی ژیانیان تێدا بگەڕێت.

ئەگەر لەو قۆناغ و سەردەمەدا زمانی گێڕانەوە ئەو سیفەتەی هەبووبێت، لەو ڕۆمانانەدا زمانی دیالۆگ بەهێزتر و ڕوونتریش بووە. ئەو دیالۆگەی لە نێوان کارەکتەرەکاندا دەکرا دیالۆگێکی وشک و ساردوسڕ و ناڕاستگۆیانە بووە، وەک دیالۆگێکی وەرگێڕدراو. هاوکات نادیار و بەجۆرێکیش بووە کە نەیتوانیوە قەناعەتهێنەر بێت بەوەی لە نێوان کەسانی ڕاستەقینەدا گوتراوە. دیالۆگێک بووە لە ژووری پاکژکراودا کراوە و هیچ پێوەندییەکی بە شەقام و جەنجاڵییەکانییەوە نەبووە، لەبەرئەوەی زمانی قسەپێکراو سەرباری ئەوەی لە کتێبە کۆنەکانەوە دەرهێنراوە، پڕ بووە لە پەند و ئامۆژگاری و قسەی نەستەق بۆ جەختکردنەوە لەوەی زمانێکی پێگەیشتووە و هەڵگری پەیامێکی مۆراڵییە.. لە بەرەنجامیشدا نووسەر دەیویست لە میانەی ئەو زمانەوە لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت نەک وردەکاری و ڕاستگۆیی.. ئەمەیش وای کردووە پڕ بێت لە زەخرەفە و ڕازاندنەوە بە

دەستەواژەی قورس و نامۆ کە زرنگەی خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی بە هاوڕێیان و خوێنەرە نیمچە خوێندەوارەکانی خۆی ڕاگەیێنێت کە چۆن گەیشتووەتە لووتکەی زمان و حیکمەت و دانایی!

دواتر ڕۆمانی عەرەبی لەسەر دەستی ڕۆشنگەرانی وەک تەها حوسێن و تۆفیق ئەلحەکیم و مازنی، بە ڕۆمان و نووسینەکانی خۆیان بێت یان وەرگێڕانەکانیان، لە ڕووی ئاست و زمانی سەردەم و هاوچەرخەوە بەتایبەتی لە گێڕانەوەدا، هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە نا. بەڵام دیالۆگ وێڕای ئەوەی ناسکتر و پێشتریش کەوت، نەیتوانی ترپەی راستەقینەی ژیان بگوێزێتەوە، لەبەرئەوەی بۆشاییی نێوان کارەکتەر و زمانەکەیان بە گەورەیی مایەوە، ئەمەیش وای کرد ڕۆماننووس خۆی لە تەعبیرکردنا لە هەست و سۆز و خواستەکانی جێی کارەکتەری گرتەوە.

ئەمە کەمکردنەوە ناگەیەنێت لە ڕۆڵی ڕۆشنگەرانی نوێ و ئەوانەی دوای ئەوان لە پەرەدان بە ڕۆمان، بەڵام ڕۆمان لە قۆناغەگەلێکی دیاریکراودا پێویستیی بە کەسانێک دەبێت تەنیا بۆ ڕۆمان



بچنە خەڵوەتەوە.. ئەوانەی پێوەندییان لەگەڵ ڕۆماندا هاوشێوەی هاوسەرگیریی کاسۆلیکییەکان دەبێت.. نەجیب مەحفوز لەو جۆرە نووسەرانە بوو کە هەر لە سەرەتاوە و بەردەوام خەڵوەتی بۆ ڕۆمان گرت و لە ئەزموونەکانی بەردەوام بوو، لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەت و کارەکتەر و شوێنەوە بێت یان بەشێوازی جووڵاندن و پێشکێشکردنیان بە خوێنەر، بۆیە توانیی دەستکەوتی دیار بۆ ڕۆمانی عەرەبی بەدیبێنێت کە دواتر بووە بنچینە بۆ ڕۆمان و ڕۆماننووسانی دوای خۆی.

لەگەڵ دانان بەو دەستکەوتانەدا، بەڵام ڕۆمانی عەرەبی هێشتا ململانێی زۆری لە پێشدایە، لەوانەیش: دەبێ دیالۆگی کارەکتەرەکان چۆن بەگەڕ بخرێت؟

سروشتی کارەکتەر لە ڕووی ئاست و ڕۆڵیەوە زمانی ڕۆمانەکە دیاری دەکات، هەر ئەمەیش وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە خوێدەواران روو بکەنە ڕۆمان و بە ڕوونی لە خەڵکی خوارەوە دوور کەوتنەوە، ئەویش وای کرد ڕۆمان لە ناوەندێکی بەرتەسکدا بخولێتەوە و بە خودی خۆی چارەسەری بابەتەکان بکات، لەبەرئەوەی زمانی باوی دیالۆگ خۆی سەپاندووە و پانتایی جووڵەی ڕۆماننووسی دیاری کردووە. کاتێکیش ئەو پانتاییە دەبەزێنرێت ئیدی هەنگاوەکانی ڕۆماننووس تێک دەچن و سەراسیمە دەبێت لەوەدا کە چ زمانێکی دیالۆگ بەکار بێنێت.

راستە پەرەسەندنی زمان دەکەوێتە ژێر باری یاسای تایبەتی خۆیەوە و مل بەو فەرمانانە نادات بە دەبێ وابێ و نابێ وابێ لە دەرەوەی ئەو یاسایەوە دەکرێن، لەبەرئەوەی پێویستی و زەرورەت دوو رەگەزی بنچینەیین و ئەزموونگەرییش ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، تا دەگەینە پوختە و بۆزیادکردن و لێ لابردن و هەڵبژاردنی شیمانەکانی بەردەست، بەجۆرێک پەرەسەندنەکە بگاتە وێستەگەیەک تێیدا زمان تۆکمەتر و زیاتر وەڵامدەرەوە بێت. ڕەنگە زمانی ڕۆژنامەنووسی دیارتر و روونتر تەعبیر لەم پەرەسەندنە بکات. ئەگەر بەراوردێکی زمانی ڕۆژنامەنووسی سەرەتای سەدە بەمڕۆمان بکەین، سەرمان لەو جیاوازییە زۆرە سوڕ دەمێنێت. دیارە ئەوەیش لە بەرەنجامی پێویستی و زەرورەتی تایبەتەوە هاتووەتە ئارا، بەتایبەتی کە ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان و لەگەڵ کۆمەڵێک دۆزی زۆر لەیەک جیاوازدا مامەڵە دەکرێت کە لە ڕۆمانیشدا دەبێ هەمان کاری بەردەوام بکرێت، بەتایبەتی لە ڕووی زمانی دیالۆگەوە کە پێویستیی بە هەڵوێستی رەخنەیی و ڕامانی قووڵ دەبێت بۆ ئەوەی ڕۆمان بە کردەیی ببێتە ئاوێنەی سەردەم، لەبەرئەوەی لەو ئاوێنەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئێمە چۆن لە سەدەی بیستەمدا ژیاوین و چۆنیش چووینەتە ناو سەدەی بیست و یەکەوە.

سەرچاوە: عبدالرحمن منیف، رحله ضوء. منشورات المؤسسة العربیة للدراسات والنشر ٢٠٠٢

وتار

# دەق و کێشەکانی خوێندنەوە

نەجات نووری

(عاموس عۆز)ی نووسەری ئیسرائیلی لە کتێبی (چیرۆکێک لە خۆشەویستی و تاریکی)دا لە بەشی پێنجەمدا دێتە سەر  باسی چیرۆک و جۆرەکانی خوێنەر، لەربارەی چیرۆکەکانی ئاوا دەنووسێت (ئەگەرچی دانپیدانانیش نییە هەر چیرۆکێکم نووسیبێت، جۆرێکە لە بیرەوەریی نووسینەوە، هیچ چیرۆکێک نییە جۆرێک نەبێت لە دانپێدانان) لەبارەی خوێنەریش ئاوا دەنووسێ (خوێنەری خراپ بەردەوام دەیەوێ بزانێت، راستەوخۆ و یەکسەر دەیەوێ بزانێت چی راستی لە رووداوەکە قەوماوە، چ چیرۆکێک لە پشتەوەی چیرۆکەکەدا هەیە، مەسەلەکە چییە، کێ دژی کێیە، بەڕاستی کێ لەگەڵ کێدا نووست... خوێنەری ناپەسەند وەک عاشقە شێتەکەیە کە ژنێکی دەکەوێتە بن دەستان و هەموو جلوبەرگەکەی شیتاڵ شیتاڵ دەکات، کە شێتەکە ژنەکەی رووت کردەوە، پێستەکەشی دادەماڵێت و کەوڵی دەکات، بەهێمنی و لەسەرخۆ پێستەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنێت و پەیکەرە ئێسکەکەی ژنەکە لێ دەکاتەوە، کە ئێسکەکانی وردوخاش دەکات، کە گۆشتەکەی هەنجن بەهەنجن دەکات، بەوە دەگاتە لووتکەی رەحەتبوون... خوێنەرە بەدکارەکان دەیانەوێ دۆیستۆیفسکی ناودار و شاناز بە مەیلکردن بە دزی و کوشتنی پیرەکان تاوانبار بکەن....) دەبێت



بڵێم جیاوازی لە نێوان نووسەر و خوێنەردا ئەوەیە نووسەر زۆر کات بەشێک لە دانپێدانانەکانی خۆی دەنووسێت و لەسەر شێوەی چیرۆک دەیانگێڕێتەوە، خوێنەریش ئەوەی لەسەرە لە کاتی خوێندنەوەیاندا پەنا نەباتە بەر ئەوەی بۆچی باش لەو چیرۆکە ناگات، وەڵامەکە ئەوەیە کە نووسەران زۆر کات بە کۆمەڵێک چیرۆک ئەوسا دەتوانن باشتر هەموو دانپیانانەکانی خۆیان بۆ خوێنەران بگێڕنەوە لەسەر شێوەی چیرۆک، هەر ئەمەشە خوێنەر دەبێت چاوەڕوانبێت تا چەند چیرۆکی ئەو نووسەرانە دەخوێنێتەوە ئەگەر لێیان تێگەیشتن ئەوا دەتوانن سوپاسی ئەو نووسەرانە بکەن کە دانپیانانەکانیان لەو چیرۆکانەدا باش نووسیوەتەوە. ئەوەی بۆشاییی نێوان نووسەران و خوێنەر پڕ دەکاتەوە جۆرەکانی گێڕانەوەیە، خوێنەر هەیە لە گێڕانەوەیەکی خراپدا دەقی زۆرباش دەدۆزێتەوە و خوێنەریش هەیە لە گێڕانەوەیەکی زۆر باشدا ناتوانێت دێڕێکی باش بدۆزێتەوە. ئەوە جۆرەکانی خوێنەرن کە ئاوا دەقەکان دەخوێننەوە. لە کوێ ئەدەب هەبوو هەر لەوێش خوێنەر و ئەدیبان دەبن بە دووبەرەوە یان بەدوو گرووپی جیاوازەوە و خاوەنی دەقەکان دەخەنە نێوانی هەڵسەنگاندن و رەخنەکانی خۆیانەوە، بۆیە هیچ کاتێک خاوەنەی دەقەکان نەیانتوانیوە رزگاریانببێت لە دەسەڵاتی غەدرلێکردن یان پیاهەڵدانی خراپەکارانە، لەبەرئەوەی زۆر کات خوێنەر هەیە بڕیاری داوە بەبێ هیچ مەنهەجێک ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە ناوێکی خراپی بەسەردا ببڕێت و وەکو ئەو شێتەی سەرەوە کە عاموس باسی دەکات، ئەو جۆرە خوێنەرانە کاتێک بە ئارەزووی دڵی خۆیان دەگەن و کەیف خۆش دەبن کە دەقێکی باش بکەنە خۆراکی دەروونی نەخۆشیان و ناوێکی خراپی بەسەردا ببڕن (کەم نووسەر)یش هەیە لەناو کورددا لە رووی هەڵسەنگاندنەوە بۆ دەقەکانیان دەستی غەدری لەو جۆرە خوێنەرانە و تا بە رۆشنبیران و ئەدیبانیش دەگات نەگەیشتبێتێ. هەستیش دەکەم ئەوەی زیاتر ئەدەبی



کوردی گەیاندە حالەتی مردن و لەناوبردن ئەو جۆرە خوێنەرە شێت و بەدکارانەن کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بەبێ هیچ مەرجێک دەقەکان بکەنە خۆراکی بێ مەعریفەی خۆیان، لەناو ماڵی زۆربەی زۆری خوێنەران و رۆشنبیرانەوە ئەو جیاوازییانە بۆ خوێندنەوەی دەق ماڵی زۆر ئەدیب و نووسەری بەکاولبوون و زۆر سپارد، کە نەیانتوانی هیچ مانایەک بەدەقەکان بدەن لە رووی فۆرم و زمان و کارەکتەرەکانەوە، هەر ئەوانەش بوونە هۆکاری پێگەیاندنی گەلێک دەقی نابووت و خراپ لەناو کورددا. لێرە پێوەندی باش نادۆزینەوە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، بەشێک لەو خوێنەرانە بەشوێن دەقێکدا دەگەڕێن کە نووسەران بە ئاسانی ماناکانیان پێ بدەن. ئەو خوێنەرانە لەوە ناگەن کە ئەوە وەزیفەی نووسەر نییە کاری لەو جۆرە بۆ خوێنەران جێبەجێ بکات، لێرە دەگەڕێینەوە بۆ توانای ئەو جیاوازییانەی کە نەوەکانی خوێنەر لە ئێستا و پێشوتردا دەقەکانیان پێ دەخۆێندەوە، ئەو جۆرە خوێنەرانەی کە ناتوانن بە قووڵایی دەق بگەن مانایەکی تر بۆ دەقەکان دەدۆزنەوە و لە خۆڕا ئیتر دێن خوێنی نووسەرەکەشی پێوە دەڕژێننە ناو کاسەی بەتاڵی خۆیانەوە. لە ئێستای ناوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردیشدا هێشتا زۆر (ناو) لە خۆڕا لەسەر دەستی ئەو جۆرە خوێنەرە بەدکارانەدا نەبوونەتە هەڵگری ناوێکی بەهەرەمەند و بەسەلیقەیە. بۆ بەرهەمهێنانی دەق. لە کاتێکدا زۆر ناو لەو ناوانە باشتر لە کەسانی تر و و دەقی زۆر باشیشیان هەیە لە رووی زمان و تەکنیک و ناوەڕۆکەوە، کەچی هەردەم دەکەونە بەردەم غەدری ئەو خوێنەرانەی ناتوانن دەقێک بەتەوای بخوێننەوە، ئەمە ئەو شەڕە دێرینەیە کە کەوتووەتە نێوان نووسەر و خوێنەرەوە لێرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانایی دەسەڵاتی ئەو خوێنەرانەی کە هەموو کات لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر خراپتر دەخوێننەوە هەست ناکەن نووسەران باشتر دەنووسن و باشتر دەقەکان بە دەیان پرسیارەوە لە بەردەم خوێنەراندا رادەگرن. ئەوە سەیرە خوێنەر هەیە ئەگەر نووسەرێک لە (رەشەبا)یەکی توند دوا لە چیرۆکێکدا و ئاماژەی بەوەدا کە ئەو رشەبایە لە رۆهەڵاتەوە هەڵدەکات، ئەوا ئەو خوێنەرە هاوار دەکات من کەیفم بەو جۆرە رەشەبایانە نایەت کە لە رۆهەڵاتەوە هەڵدەکات بۆ ئەو نووسەرە لە رەشەبای رۆئاوا نەدواوە. ئەمە دوا کاری ئەو خوێنەرانەیە کە هیچ لە خوێندنەوە نازانن و ماڵی گەلێک خاوەن دەقەکان وێران دەکەن.

بێگومان دەق ئەو کاتانە دەبێتە دەقێکی جیهانی کە خوێنەرانی و ئەدیبانی دنیا لە رێگەی وەرگێڕانەکانەوە ئاشنای بەرهەمی کەسانی تر ببن لەسەر زەوینەکانی تردا، هیچ بەرهەمێک ئەو سنورانەی نەشکاندوە یان نرخی خۆی وەکو پێویست نەزانیوە ئەگەر وەرگێڕان کاری بۆ پەڕینەوەی نەکردبێت لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی تر، گومانم نییە هەر وەک چۆن لە نیشتمانی خۆیدا دەقەکان دابەش بووە بەسەر دوو گرووپی جیاوازدا بۆ رەخنە و هەڵسەنگاندن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر جارێک دەقێک لە دەقە کوردییەکان وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی ئەو خوێنەرانەی یان ئەو رۆشنبیرانەی نازانن دەق بخوێننەوە دەکەونە سووکایەتی پێکردن بە خاوەنی ئەو دەقانە لەبەرئەوەی ئەوان لە دەقەکانیان تێ ناگەن و نایانەوێت ئەو دەقانە وەربگێڕدرێتە سەر هیچ زمانێکی تر ئەم حوکمە قەرەقوشیانە چی دەگەیەنن، هەندێک نووسەر لێرە وای لێ هاتووە ئەگەر دەستی دایە

نووسینی دەقێک دەبێت بچێت پرس بەو جۆرە خوێنەرانە بکات تا دوای تەوابوونی دەقــە کــە ئەوان باش لێی تێ بگەن. دەق هەیە لای زۆر خوێنەری کورد بەتاڵە لە جوانی بەڵام دڵنیـام کاتێک دەق لەو دەقانەی لای ئەو خـوێنەرانە خـراپە دەگـاتە ناوەندێکی پڕ لە دەقی دانسـقـە و مـەزنی وەکو ئینگیلز زمـانەکان، لەو ناوەندە مـەزنەدا لەبەرئەوەی خـوێنـەری جـیـدی و راسـتگۆی تێـدایە چونکە کـار بۆ هەڵسەنگاندن و تێپەڕاندنی دەکرێت لەلای رەخنە گران و خـوێنەرانی ئەو زمـانە زیندووەی دنیـا ئەو دەقـە کوردییـە وەرگــێــردراوانە رەنگە زۆرباش دەنگدانەوەیان هەبێت، گرینگەیە کە ئالێرەوە سەرچاوە دەگرێت دەبێ ئێمە جارێ چاوەڕێ بکەین تا دەقـەکـانی گـەلێک ئەدیبـو رۆشـنبـیـرە باشـەکانی کورد وەردەگێردرێن و دەکەوێتە ناو بەرهەمـە جیـهانیـیـەکانی ترەوە و لەدەست خوێنـەرە بەدکارەکانی ناوەخۆ رزگاریان دەبێ، لێ دەگەڕێین بزانین رەخنەگران و خـوێنەرانی دەرەوەی ئەم سنوورە بچـووکـەی ئێـمـە چی لەسـەر دەقـەکانی کورد دەڵێن، هەرچۆنێک بێت کارکردن بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەدیبانی کورد بۆ سەر زمانە جیاجیاکان نرخی خۆی هەیە و جارێکی تر زیندووبوونەوە دەکـاتـەوە بەبەری دەقـەکـانیـدا و لە نەخـۆشی گـەلێک خوێنەری ناوەخۆ دووریان دەخاتەوە. لەگەڵ ئەو تێبینییەدا کـە دەقــەکــان دەبێ لەلایەن کــەســانی زمـــان زان و بەسەلیقەوە وەربگێڕدرێن تا بەدەردی ئەو دەقانە نەچن کە دەقە مەزنەکانی دنیا بە سەقەتی وەردەگێڕدرێن بۆ سـەر زمانی کوردی و نرخی دەقەکان لای خوێنەرە جیدییەکانی کورد دادەشکێن.

ئەو ناکۆکییانەی بە درێژایی رۆژگارەکانی ناو ئەدیبانی کورد تووشی دەقەکان و خاوەنەکانیان هاتوون، کارێکە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوانیاندا، لێرەیش دوو گرووپ هەن، کە دەبێ پێوەندیی نێزیکی دەق بەرەخنەگرانەی ئەم دوو گرووپەوە جیا بکەینەوە، زۆر کات گرووپی یەکەمیان خۆی لە غەدر و دوور لە میتۆدەکانی رەخنەدا بینیوەتەوە و



پشتیان به وتی وتی و قسەی لابەلا بەستووە نەیانتوانیوە بەهیچ جۆرێک کار لەسەر هەڵسەنگاندنی دەقەکان بکەن وەکو ڕەخنەگر، نموونەیەکم لەلایە کە ناکرێ ناوی بەناو ڕەخنە گرەکە بهێنم، جارێکیان لێم بیست دەیوت (خۆ دەزانم دەقەکانی فلان نووسەر لەو دەقانە ناچێ کە من ناویان دێنم، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی بتەقێنم بەردەوام دەبم لەسەر ئەم جۆرە شتانە) ئەمە ئەو جۆرە نموونەیەیە کە دەکرێ بیکەینە نموونەی زۆرترین ڕەخنەگرانی ناو کورد، ئەم جۆرە کەسانە هەردەم پشتیان بە غەدرلێکردن و هاتوهاوار بەستووە و ویستویانە کە دەقێکی باش بەرهەم دێت ئیتر لە پەنا ئەم جۆرە دەقانەدا وەکو ڕەخنەگر و دۆزەرەوەی تازەترین میتۆدی ڕەخنەی ناو دەربکەن، پشت بەستن بەو ڕەخنانەی کە تاکو ئێستا لە بەرهەمەکانی ئەدیبانی کورد گیراون ئێجگار کە من، دەبێ ئەوە بڵێین نەک نەیانتوانی خوێنەران لە دەقەکان دوور بخەنەوە و بیسەلمێنن کە کارەکانی ئەم نووسەرەرانە چین و چۆن چۆنی ڕەخنەکراون، بەپێچەوانەوە خوێنەران و ڕۆشنبیران لە دوای ئەو ڕەخنانەوە زیاتر ئاشنای هەندێک دەق بوون ئەو ڕەخنەگرانە دەقە خراپەکانیان کردە دەقی باش و خوێنەریشیان بەخۆیانەوە فیردا. دەبێ ئەوەش بڵێم ناکرێ دەق لە ساڵی یەکەمی نووسینیدا یان لەناو نەوەیەکدا لە ڕۆشنبیران و خوێنەران هەڵسەنگاندنی تەواوی بۆ بکرێت و قەتیس بکرێت بۆ باشی و خراپی، دەق لەبەرئەوەی درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات ئەوا نەوەکانی داهاتوو، ڕۆشنبیرانی داهاتوو، باشتر دەتوانن کار لەسەر هەڵسەنگاندن و باش و خراپی دەقەکان بکەن، پشتبەستن بە نەوەیەک لە ڕەخنەگران و خوێنەران بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکان کارێکی شکست خواردووە و ناکرێ بەهیچ جۆرێک دەق لەلای نەوەیەک بڕیاری باش و کوشندەی بەسەردا بدرێت، ئەوەشی لە ئەمڕۆدا دەوترێت بۆ هەڵسەنگاندیی دەقەکان بۆ باشی و خراپی ڕەنگە لە داهاتوودا ببنەوە بەسفر و نەچنە خانەی هیچ جۆرە ڕەخنە و خوێندنەوەیەکەوە. ئەوە گرینگە کە خوێنەر لەوە تێ بگات کە ئەگەر نووسەرێک ڕۆژگارێک لە گورگ دوا ئەوا خاوەنی ئەو دەقە هەڵگری توخمی گورگ نییە و پرسی دڕندەی لە بیر ئەو نووسەردا نییە. ئەو خوێنەرانە کەچی کەمیش بن بەڵام دواجار دەتوانن سەربکەون بەسەر هەموو خوێنەرە خراپەکاندا و دەقەکان لە مردن ڕزگار بکەن.

دەبێ بڵێم دەقە باشەکان هەموو کات دەتوانن کاریگەریی خۆیان لەلای کەسانی تر بەجێ بهێڵن بەخوێنەرە بەدکار و خراپەکانیشەوە، پشتبەستن بەو داوایە کە ئاخۆ نووسینی دەق دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئەو خوێنەرە خراپانە هەبێت بێگومان بەڵێ. من وەکو خۆم وەکو خوێنەرێک زۆر کات بە خوێندنەوەی دەقە خراپەکان فێر بووم کە بەشوێن دەقی باشتردا بگەڕێم و بەئەدبیە جیدییەکان بگەم. ئەو دەقە خراپانە ڕەنگە وەکو خوێنەر نەک وەکو نووسەر کاریگەریی باشیان لەلام بەجێ هێلابێت. مادام هەمووومان کوڕی ئەم ڕۆژگارەین دەقەکان دەبنە هەڵگری جۆرێک لە پرسیار لەلامان و ناشکرێت بڵێم وەکو ئەوان دەنووسم و دەخوێنمەوە، خوێندنەوە لای من لە (دەقێکی خراپ)دا گەڕانە بەشوێن دۆزینەوەی (نیودێڕی باش)ی خاوەن دەقەکەدا کە ئەو نیوە دێڕەشم دۆزییەوە کەواتە خاوەنی ئەو دەقە لە داهاتوودا دەتوانێت باشتر بنووسێت، ئەگەر وا بووایە هەمووومان وەکو یەک دەقمان بخوێندایەتەوە بێگومان هەمووومان دەچوونەوە سەر یەک بیر و بۆچوون

و یەک جۆر نووسین و یەک جۆر بڕیار لە داڕشتنی دەقەکانماندا. ئەو کاتانە یەک جۆر دەق بەرهەم دەهات نەک چەند دەقێک. تێڕوانین و ئایدیای هەموو نووسەرێک لای خوێنەران زۆر جیاوازترە لە یەکتری و قەت ناکرێت دوو نووسەر وەکو یەک بنووسن یان وەکو یەک، یەک دەق بەرهەم بهێنن. بەم جۆرەش خوێنەران ناتوانن وەکو یەک بخوێننەوە، بەڵام لای ئێمە ئەوە سەختە خوێنەرە خراپەکە بەردەرگەی بە هەموو دەقە باشەکان گرتووە. لای ئەو خوێنەرە بەدکارانە گەلێک جار ئەو پرسیارە دەکرێت یان دەنووسرێت ئەم دەقە لە فلان دەق دەچێت، لەبەرئەوەی چەند خوێنەرێک دوای خوێندنەوەیان هەریەک بۆچوونیان هەیە لەسەر ئەو دەقە، لەبەرئەوەی هەردووکیان عاشقیان تێدایە یان سەرباز و جەنەراڵ و باران و لافاویان تێدایە، یان ئەسپ و کۆتر و فریشتەیان تێدایە.. ئەم تێڕامانانە بۆ دەق لای خوێنەرە خراپەکان بۆ جیاوازی دوور و نێزیکی نێوانیان کارێکە قەت بەری پێ ناگرێت لەلایەن نووسەران و خوێنەرانی ترەوە، لەبەرئەوەی ئەوە تێبینییەکانی ئەوانە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکان و هیچ نووسەرێک ناتوانێت بەربەم جۆرە گفتوگۆیانە بگرێت تا ئەوپەڕی خراپیشیان. هەروەک چۆن دەڵێن ئەو دەقانە لە فلان و فلان دەقی کەسانی تر دەچێت یان وەرگیراوە. ئەمە تێبینی و هەڵسەنگاندی ئەو کەسانەیە بۆ دەقەکان لای ئێمە. یان خوێنەرانێکی تر دێن دەڵێن لەژێر کاریگەیی زمان و وێنە و پاڵەوانەکانی ئەدیبانی تردا ئێوە ناتوانن بنووسن. هەموو ئەم بۆچوونانە دەبێ هەڵبگرین بۆ داهاتوو و بزانین کەی کەسانێک دێن بە باشی دەتوانن نووسینی ئەدیبان لەم نەوەیە و نەوەکانی تر بە جیاوازی دەنگەکانەوە لە یەکتری جیا بکەنەوە، رەخنەی جیدی کار بکات لەسەر دەقەکان نەک غەدرلێکردن و توانج و هەڵوێستی خوێنەرە بەدکارەکان.



لێکۆڵینەوە

# ئاراستەکانی گێڕانەوە و نووسین لە چیرۆکی "ئەسپیدیلۆن"دا

نیهاد جامی

ئەگەر چیرۆک بریتی بێت لە گێڕانەوە، ئەی گێڕانەوە وەزیفەی چییە؟ ئاخۆ هەموو ئەوانەی لە ژیاندا دەگێردرێنەوە چیرۆکن؟ ئەی بۆ نابن بە تێکست؟ پێوەندیی نێوان تێکست و ژیان چییە؟ ئاخۆ گێڕانەوە کەناڵی ئەو پێوەندییەیە؟ ئاخۆ ژیان گەڕانە بەدوای گێڕانەوە؟ یا گێڕانەوە ژیان دەگێڕێتەوە؟

پێوەندیی نێوان گێڕانەوە و ژیان بابەتێکە لە ڕووی ستراتیجەوە هەموو کات پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، گێڕانەوە چیرۆکێکمان پێ دەدا، بەڵام هەرچی ژیانە بریتییە لە کۆی پرۆسەی ئەزموونکردن، واتە ناگەیەنێت بەقەد ئەوەی ئەزموون دەکرێت، هەرچەندە ئەو دووانە لە ستراتیجدا یەک دەگرنەوە بەهۆی ئەوەی ئەزموون بنیاتنانی مەعریفەیە بۆ مرۆڤ، وەک چۆن گێڕانەوەش لەناو چیرۆکدا مەعریفەی زهنی بەرهەم دێنێتەوە، ئەو پێوەندییەی دەکەوێتە نێوان گێڕانەوە و ژیان ئەوە ئەزموونی چیرۆکە، ئەو دەمەی گێڕانەوەکان نابنە تێکست، پێوەستە بە ئامادەنەبوونی سیستەمی ئاماژەکاری زمان لە گێڕانەوەدا بەهۆی ئەوەی ئامادەبوون بریتییە لە ئاخاوتن، لە کاتێکدا ئاخاوتن تەنیا لقێکە لەناو زماندا، بۆیە پێوەندیی نێوان تێکست و ژیان نووسینەوەی گێڕانەوەیە، ئەو دەمە دەکەوینە بەردەم ئەو وتەیەی پۆل ریکۆر بەوەی: گەڕانە بەدوای گێڕانەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە گێڕانەوە ژیان دەگێڕێتەوە، بەڵام گێڕانەوەیەک لەناو نووسیندا، ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین لەسەر ئاستی

گـێـڕانـەوە و نووسـین دوو ئاراسـتــە بۆ خــوێندنەوە دەســتنیــشــان بکـەین، کــە لە بنـەڕەتدا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)ی کاروان کاکە سوور.

گێڕانەوە قسـەکردنێکی هاملێتییە کە نەست تێیدا توانای دواندنی هەیە، بەواتای دەبێتـە کـردەیەکی ڕەمـزی بۆ خـسـتنـەڕووی نهـێنیی شـاراوە، ئـەوەش دەسـتنیـشـانکردنی ئەو ستراتیجیەتەی گێڕانەوەیە، گێڕەرەوە وەک هاملێت زهانیەکە تووشی ئەو دۆخە دەروونییە بووە تێـیدا لە ڕێگەی لێکدانـەوەی قسـەکـانی تێ دەگـەین لەوەی لەنـاو مـانا ڕەمـزییـەکـانی کـردەی نەستیداین، گێڕانەوە خولّقاندنی دنیایەکە کە وێنـەی نەستی کارەکتـەرە، ئێمە لە بەردەم تاکە گێڕانەوەیەکداین، کە گێڕانەوەی کارەکتەرە، کـەچی ئێمـە ڕووبەڕووی کۆمـەڵێک دەنگ دەبینەوە، دەنگی کارەکتەرەکانی ناو ژیان کە لە ڕاستیدا دەنگی ئەوان دەنگێکی ڕاستەقینە نییـە، بگرە دەنگی ناو گێڕانەوەیە، گێڕانەوەش دنیای نەستی کارەکتەرە.

لێرەدا گێڕانەوە خۆی هاوواتا دەکاتەوە بە نەسـتی کـارەکتـەر، بـەبێ گێڕانەوە لـەناو ژیانێکی ئاساییداین، ئەوە تێگەیشتنی کارەکتـەرە لەناو تێکستدا وای کردووە ژیان بە جۆرێکی تر ببێت بە گێڕانەوە، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ناو وتـەکـــەی پۆل ڕیکۆر ســـەبارەت بـە گـێـڕانەوە، کـە ژیان گـەڕانـە بەدوای گـــێـــڕانـەوەدا، لەبـەرئـەوەی دنیـــای تێکست و دنیای نەستی کارەکتەر دوو دنیای جیاوازن کە بەریەک دەکەون، ئەو دنیـایەی حەمە عەلی شاسواری تێیدا دەژێت دنـیایەکی تەواو جیاوازە لەو دنیا نەستیسـەی زهانییەک تێیدا لە ڕێگەی گێڕانەوە دەیخولّقێنێ.

> گێڕانەوە قسەکردنێکی هاملێتییە کە نەست تێیدا توانای دواندنی هەیە، بەواتای دەبێتە کردەیەکی ڕەمزی بۆ خستنەڕووی نهێنیی شاراوە.

ئەوەش لە ڕێگەی نووسینەوە گێڕانەوە کارەکتەرێکمـان پێ دەناسـێنێ، لێرەدا ئەو نموونەیەی مـیـشـێل فۆکـۆ وەردەگـرینەوە لـەبارەی حـیکایەتی هـەزار و یـەک شـەوەدا دەڵێت "شـەهرەزاد تا حیکایەتەکە بگێڕێتـەوە بەرەو نهێنی مـەعـریفەمـان دەبات" ئەوە سـەرەتایەکە بۆ تێگەیشتن لە پێوەندیی نێوان گێڕانەوە و نووسـین، دیارە پرسیـارکردن لە نووسـین، پرسیارە لە زانستێکی نوێ لەناو زمـان، تەنیـا ئاخـاوتن نییـە، بگرە وەک پێشـتر ئامـاژەمـان بۆ کـرد ئاخـاوتن بنیـاتێکی ناو زمـانە، بۆیە نووسـین وازهـێنان نییـە لە زمـان، بگرە خـولّقـاندنەوەیەتی، نووسین تێـیدا دەبێتـە گـوتارێک بۆ خـولّقـاندنی جـۆرێک لە کـردەی ئاخـاوتن، کـە هـەوڵی هـەڵوشـاندنەوەی پێـوەندیی زمانەوانی دەدات لەناو دەقی نووسراو.

نووسین هـەڵدەستێ بە نووسینەوەی ئەو پێوەندییـە، ئەوەش گواستنەوەی زمـانە لە دەنگەوە بۆ نووسراو، لەبەرئەوەی نووسـین ئەو سیسـتەمە دەنگییە دەگوازێتە بۆ ناو سیسـتەمێکی عـەقڵانی، گـواسـتنەوەیـەک دەیەوێ ئەو ڕووە نادیارەی نـاو خـود دەربخـات، لە ڕێگەی نووسـینەوەی زمـان شـاراوەکـان دەردەخـات، ئەوەش لای چیـرۆکنووسـەکـەمـان پرۆسـەیەک نییـە بۆ دەسـتکەوتنی

مەعریفە، بگرە قووتبوونەوەیە لەناو بنیاتی زمان، لێرەدا گێڕەرەوە لە کارەکتەری هەزار و یەک شەوە ناچێت وەک فۆکۆ دەڵێت لە ڕێگەی گێڕانەوە مەعریفەمان پێ دەدات، لەبەرئەوەی گێڕەرەوەکەی ئەسپیدیلۆن هەڵدەستی بە گەمەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو بنیاتە لەناو گێڕانەوە، ڕووبەری نووسراو خوڵقاندنی زەوینەیەکە بۆ زمان نەک دەرخستنی ئەو نەزانراوانە بێت کە ئێمە نایزانین، نەزانراو شتێک نییە بێتە ناو نووسین، ئەوە زانراوە نووسین دەباتەوە بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەک یۆتۆپیای زمانە مەحکوومە بە کوشتنی، کوشتنێک کوشتنی جەستە نییە، بگرە کوشتنی ڕابردووی دەرەوەی زمانە، ئەوەش تاوانێکە لەناو نووسیندا پێی هەڵدەستین، کاتێ لە چیرۆکەکەدا کارەکتەرە سەرەکییەکەمان دەبینین لە دەرەوەی ئەو بنیاتانەیە کە فەرمانی پێ دەکەن، ئەو کەسێکە مێژووی بوونی لەناو نووسین دەست پێ دەکات، مێژوویەک خەیاڵ بردنەوەیەتی بۆ دەستپێکردنەوەی بوون بە کوشتن، ئەوەش ڕاکردنیەتی لە ژیان، بۆ ئەوەی نووسین وێنای جیهانێکی تری بۆ بکاتەوە، جیهانێک لە دەرەوەی شکستە خودییەکانی ئەودا دەست پێ بکات.

کارەکتەری ناو تێکستەکە نایەوێ ئەو خەونە بگێڕێتەوە، بگرە ئەوە نووسەرە لە ڕێگەی توانەوەی خۆیەوە دەیەوێ زمان دەقێکی تر بۆ کارەکتەرەکە بنووسێتەوە لە ڕێگەی خەیاڵبردنەوە بۆ جیهانێکی نوێ، بۆیە گێڕانەوە دەیەوێ بگەڕێ بەدوای شوناسی پیاوبوون، ئەو شوناسەی لە واقیعدا هەست دەکات لە دەستی داوە، گێڕانەوە ئاماژەکان دەگۆڕێت، ئاماژە دەنگییەکان ئەوانەی بوونەتە هۆی شکستی خود، نووسین هەموو ئەو جیاوازییانەی دەنگ دەیهێنێت ئەویش توانای خوڵقاندنەوەی هەیە، لەسەر ئەو بنەوایەی کە زمان دەخوڵقێنێت، ئەو زمانەش بەشێکی پێک هاتووە لە گێڕانەوە، بەڵام وەک ئاخاوتن بەشێک نییە لە گێڕەرەوە، بگرە جیا دەبێتەوە لێی.

**تەنیا بە گەڕانەوە بۆ لەدایکبوون دەتوانین زمان بناسین**

گێڕانەوە بۆ کارەکتەرەکەمان دۆزینەوەی حەقیقەتێکە لە پێناو کەسایەتییەکی جیاواز، بۆیە زمان لەناو دەق کارەکتەرێکمان پێشکێش دەکات کارەکتەرێکی خەونبینە هێزی خەونی لە گێڕانەوەدایە، ئەویش یۆتۆپیای زمانە کە وێنای دەق دەکات، زمان دەمانخاتە بەردەم مردن، هەڕەشەی مردن دەگوازێتەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ کوشتن، کوشتن خوڵقاندنی پێوەندییە لە نێوان قەڵەم وچەک، تەنیا لە ڕێگەی پێوەندییەوە زمان دەتوانێ قووڵبوونەوە بۆ ناو خۆی وێنا بکات، لەبەرئەوەی پێوەندیی بەو جەستەیەوە هەیە کە هەڵگریەتی "تۆ بێدەنگ بە بووکە شووشەی ناسک.. ئەگەر باسی مایۆ و ستیانی دایکە قەحپەکەتمان بۆ دەکەیت بیکە، ئەگینا خۆت لە کارێ هەڵمەقورتێنە کە پێوەندیی بە تۆوە نییە.. ئێمە باسی پێوەندیی نێوان قەڵەم و چەک دەکەین نەک هی دایکت و تیاترۆخانە" لا ١٠٦

ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئاخاوتن و نووسراودا هەیە پێوەندییەکە لە دەرەوەی پێویستییەکانی

زمـانـەوەیە و تەنیـا بەپاشـکۆبوونیـەتی، بە پاشکۆ ناوبردنی ئاخـاوتن بە واتای گـەڕانـەوە بۆ لەدایکبوونی زمـان، ئەوەش ئەو ڕووبەڕەیە کە لەناو سیستەمی جیاوازدا کەنـاڵی جیاواز دروست دەکـات، لەبەرئەوەی لەدایکبـوونی زمـان لەدایکبـوونی جـیـاوازییـە، جـیـاوازی لە کـەسـێـتی ترسنۆکێکەوە بۆ پیاوکوژێک، کە خوازیارە بەرامبەرەکەی بکوژێت.

بۆیە تەنیـا بە گـەڕانەوە بۆ لەدایکبـوون دەتوانـین زمـان بناسین، ئەگـەرچی کـارەکـتـەرە سەرەکییەکە چەندە لەناو گێڕانەوە هەڵبستێ بەنووسینەوەی خود، بەڵام ئەو جەستەیەکە ناتوانێ خۆی خاڵی بکاتەوە لە واقیع، لەبەرئەوەی خاوەنی جەستەیەکە هەڵگری یادەوەرییەکی نەخۆشە، یادەوەریش نـاچاری دەکـات پـەنا بەرێتـە بەر خەیاڵکردن، ئەو خەیاڵە بۆ نووسەر نووسینە، نووسین خـوڵقـاندنەوەی مـانایەکی نـوێیە، کە ئامـاژەکـانی دەرەوەی نووسـین لەناو زمـان هـاودژ دەکـاتەوە، بۆیە شکسـتی خـود لەناو گـێـڕانـەوە کـۆتاییی دێت، نووسـین بۆ خـود ئارامگـەیەکـە تێـیدا دڵنـیـایی پێ دەگـەیەنێ، بەمانایەکی تر گێڕانەوەی کارەکتەر دڵنیایی نووسەرە، بۆیە ئەوەی دەبێتە کرانەوەی زمان ئامـاژەکـانی گـێـڕانـەوەیە نەک ئامـاژەکـانی نووسـین، ئەو زللەیەی حـەمە عەلی شـاسواری لە گـازینۆی نووسـەران لێی دەدات، دەبێـتـە ئامـاژەیەک بۆ زمـان، هـەر بۆیە زەمـەنی دەق زەمەنی وێناکردنی پاڵەوانە، زەمەنێک هێلێک بۆ خـۆی بەیان دەکـات، هێلێک خـاڵی نیـیـە لە گومان، گومان لەناو خەیاڵەکانی کارەکتەر کە بۆچی حەمە عـەلی نابێ بە باوکی تا ئەشکەنجەی بدات.



دیستۆفسکی

ئەو حاڵەتە ماسۆشییەی کارەکتەر پێوەندیی بەو ڕابردووەوە هەیە کە دەیەوێ لەناو خەیاڵ لێی دەرباز بێت، ئەو حـالـەتە هاملێتییـە ڕزگـاربوونە لـە گوناهێکی ئەنتۆلۆجیانـەی مرۆڤ، هاملێت دەیەوێ لە تارماییەکە دەربازی بێت، لەبەرئەوەی ئەو تـارماییە هەوڵێکە بۆ ناسینی ڕابردوو بۆ ڕزگاربوونیش دەبێت حـەقیقـەت ئاشکرا بکات، کارەکتەرەکەی ناو ئەسـپیدیلۆن ئەویش گرفتی لەگەڵ ڕابردوو هەیە، بەڵام ئەگەر هاملێت لە ڕێگەی واقیعەوە حـەقیقـەت ئاشکرا دەکات، ئەوا گـێـڕەرەوەکـەی کـاروان کـاکـەسـوور لە ڕێگەی خـەیاڵەوە دەیەوێ بگاتە حـەقـیـقـەت، لـەناو ئەو خەیاڵەش خەون بەوە دەبینێتەوە کە ئەو دیسان ئەشکەنجە بدرێتەوە، خەیاڵی گێڕانەوەش ترس و

گومانی بۆ دروست دەکاتەوە ئەوەش ڕزگار نەبوونە لەو حاڵەتە بەوەی ئاخۆ حەمە عەلی بە دایکی ڕازی دەبێت.

زمانی گێڕەرەوە لەناو ئەو خەونەدا دەیەوێ جیاکاریی تەمەن لە نێوان حەمە عەلی و دایکدا بکات، جیاکاریی تەمەن کە دایک چەند ساڵێک لەو گەورەترە، ئەوە سەرەتای جیاوازییە لای ئەو گومانی ڕازینەبوونی حەمە عەلی دەردەخات، ئەگەرچی "دایکم دەست بەخۆیدا دەهێنێت و کەشخەیە، بەڵام حەمە عەلی ئەوەندە سەری قاڵە، ناپەرژێت لە ئاوێنەشدا سەیری خۆی بکات.. دەموچاوی ترشاو.. قژی بژ و ئاڵۆزکاو.. چاوی پیس و ڕیپۆقاوی" لا ١١٩

زمان ناتوانێ چارەسەری جیاوازی بکات، لەبەرئەوەی پێوەندیی بەدوو ئاستی بیرکردنەوە هەیە، بیرکردنەوەیەک لە کۆتاییدا دەردەکەوێت، بۆیە لەناو زماندا کارەکتەر پێشبینی دەکات کە هەموو شتێک بڕاوەتەوە.. حەمە عەلی دەبێ بە باوکی، هەر لە سەرەتاوە ماسۆشیەتی کوڕ لەناو زمان دەردەکەوێت، باوکی تازە باوکی ناو گێڕانەوە بۆی هەیە هەموو شتەکانی زەوت بکات، هەموو ئەوانەی ئەو بڕوای پێیانە.. خەونیان پێوە دەبینێ.. داهێنەرانی ناو ئەدەب و فەلسەفە، ئیلیۆت ئەو شاعیرەی کارەکتەرەکەمان خەونی پێوە دەبینێ، کاتی کاتێ گێڕانەوە حەمە عەلی دێنێتە ماڵەوە و دەیکاتە مێردی دایکی، دەیەوێ لەو شاعیرەوە دەست پێ بکات "بۆت هەیە ئەو وێنە گەورەیەی (ئیلیۆت) بە لەقە لەتوکوت کەیت.. هی (جیمس جۆیس) بە کەللە وردوخاش کەیت ئەوەی (دستۆفسکی) بەمیز بشۆیت.. هی (مارسیل بڕۆست) بخەیتە تەنەکە خۆڵەکەی بەردەرگە.. کتێبی (زەردەشت ئاوا دەدوا)ی نیتچە و (مێژووی سێکس)ی میشێل فۆکۆ و (جیاوازی و دووبارە)ی ژیل دۆلۆز..." لا ١٢٠

> زمان ناتوانێ چارەسەری جیاوازی بکا ، لەبەرئەوەی پێوەندیی بەدوو ئاستی بیرکردنەوە هەیە، بیرکردنەوەیەک لە کۆتاییدا دەردەکەوێت

لەوێشەوە ئەو مافەی پێ دەدات هێرشەکانی بگوازێتەوە بۆ ناو تێکستە کوردییەکان، پێی دەڵێ بۆت هەیە "دیوانی خانی و نالی بکەیت بە فڕفڕۆکە، چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بکەیت بە سفرەی نانخواردن.. بەکورتی ماڵی خۆتە.. خۆت باوک و خۆت خاوەن ماڵ" لا١٢١

بۆ ئەوەی هەست بکات کەشێک لە ئارادایە بۆ خوڵقاندنی شەڕ، شەڕێک کۆتایی بە بێدەنگی دێنێ، چونکە ئەگەر لە دەرەوەی نووسین بێدەنگ دەبێت، کاتێ زللەی لێ دەدرێ، ئەوا لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارە لەناو نووسین بێدەنگ نابێت، زمان بێدەنگی دەشکێنێت.. شکاندنی بێدەنگی لە ئارەزووی ماسۆشییانەی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە هاتووە، کە حەز بە لێدانی خۆی دەکات و ڕقی لە بەزەییە، بگرە نایەوێ باوک بەزەیی پێی بێتەوە، بەڵام گێڕانەوە لە دوا جاردا گومانێکی ترمان لا دروست دەکات، کە ئەوە شەڕی وەهمیی گێڕانەوەی کارەکتەرە، وەهمێک نەک گێڕانەوە توانای نییە ئەو کارە بکات، بگرە ئەو خواستەی کارەکتەر

هەیەتی خواستێکە بەپێچەوانەی ئەو دەکەوێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەکەوێتە قووڵبوونەوەی ئەو گرێیەی کە کۆمەڵگە شووکردنەوەی دایکی بە ناپیاوی ئەو دەگەڕێننەوە. گێڕانەوە توانای خوڵقاندنی گومانی هەیە و دەتوانێ لەناو دەهلیزەکانی خۆیدا دەسخەڕۆمان بکات، بەوەش خەیاڵبردنەوەی کارەکتەر لە ڕزگاربوون لە خودی تێکشکاوی خۆی دەبێت بە خوڵقێنەری زەمەنی جیاواز لەناو تێکست، ئەوەش خاڵی نییە لە گومان.. گومانکردن لە پێوەندیی حەمە عەلی بە دایک.. کە پێوەندییەکە لەخۆڕا سەری هەڵنەداوە، پێوەندییەکە لە ڕێگەی ئەو نامەیە دروست نەبووە کە ئەو بۆ حەمە عەلی نارد، ئەو نامەیە هیچ شتێکی ئەوتۆی لە ژیانیان نەگۆڕی کە ببێتە هۆی خوازبێنی، هێندەی پێوەندییەکە لە دەرەوەی ئاگاییەکانی کارەکتەرەوە بوونی هەیە "دەزانی پەخشە باوەڕم نەدەکرد ئاوا ڕۆژێ لە ڕۆژان وا دیواری ماڵێ کۆمان کاتەوە و ئاوا منداڵی خۆمان ببینین؟ ئاواتەکانی مرۆڤ کەم و زۆر بەدی دێن حەمەم، بەڵام لەسەر حیسابی تەمەن، کوا ئەو دانیشتنەمان چەند ساڵ لەمەوبەر بووایە" لا ١٢٧


مارسیل برۆست

کۆچی ئەو پێوەندییە جگە لە قووڵبوونەوەی خود لەناو ئاماژەکانی زمان شتێکی تر نییە، زاڵە کە ئاماژەی دنیایەک دەخوڵقێنێ، دنیای کارەکتەرەکان، لە بە ئاگاهاتنەوە.. ئەوە حەمە عەلی نییە کارەکتەرە سەرەکییەکەمان دەیکوژێت، بگرە دەنگی دایک یۆتۆپیای کوڕ دەکوژێت، کاتێ قسە لە شووکردنی بە حەمە عەلی دەکات، هەموو گومانەکان دەباتەوە ناو ڕووی نادیاری زمان، کە نووسین گەمەیەکی زمانەوانییە "کەست نەدۆزییەوە حەمە عەلی چڵکن نەبێت..!؟ چۆنت بیر کەوتەوە!؟" جا خۆ دەبێ هەموو ڕۆژێ شەڕمان بێت..!؟" لا ١٦٢

گەمەی زمانەوانی گەمەیەکە لەناو نووسین دەیەوێ مانای نەدۆزراوە ئاشکرا بکات، هەوڵی دۆزینەوەی پرسیار بدات، بۆ ئەوەش کارەکتەرەکەمان دەیەوێ لەناو زماندا لە ڕێگەی گێڕانەوە شەڕێک بەرپا بکات، شەڕی کوڕێکی ترسنۆک، شەڕێک کە تۆڵەکردنەوە نییە لە چوونە باوەشی دایک، لەبەرئەوەی خۆی نامەی نووسی بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە بخوڵقێنێت، بەڵکو شەڕکردنی لەسەر ئارەزووی ململانێیە بۆ تۆڵەکردنەوە لە واقیع، کەچی گەمەی زمان لەوێوە دەست پێ دەکات، کاتێ حەمە عەلی بەپێچەوانەی ئەو حەزەی کوڕەکە ڕەفتار دەکات، ئەو هەوڵە ترسنۆکانەی کارەکتەر شکستێکی تری لەناو دروست دەکات،

شکستی بەرەنجامەکانی گێڕانەوە کە ڕۆیشتن لەگەڵ گێڕانەوە ناتوانێ ئاسوودەی بکات، نەک هەر ئەوە گێڕانەوە تەواو پێچەوانەی ئەو واقیعە دەخولقێنێتەوە، حەمە عەلی نەک هەر تەواو لەو گەمەیەدا پێچەوانەی ئەخلاقی خۆی ڕەفتار دەکات، ئەو گەمەیە حەمە عەلی دەکوژێت، مردنی حەمە عەلی مردنێکی ناو یادەوەریی کارەکتەر نییە، بگرە مردنێکە زمان لە چوونە ناو سەمتەکانی مەبەستیەتی، لەبەرئەوەی ئەو مردنە دەبێتە هۆی خولقاندنی پرسیار، پرسیار لە ناسینی ئەو پیاوانەی کە تەرمەکەی دەبەنە دەرەوە "بەڕاست ئەوانە کێ بوون؟! پیاوی گەڕەک نەبوون.. لە کوێ ئێمەیان دەناسی" لا ١٣٥

پرسیار لە ناسینی پیاوەکان دەڕواتە سەر پرسیار لە ناسینی حەمە عەلی، تەرمی ئەو بردرایە کوێ؟ بۆ گۆڕستان؟ ئەگەر تەرمەکەی لە گۆڕستانە ئەی بۆچی دایک سەردانی ناکات؟ ئەو پرسیارە گومان دروست دەکات، گومان لە دایک، ئاخۆ دەبێ وەک تەختی نووستنەکە پیاوەکان نەیانسووتاندبێت، ئەگەرچی ناتوانێ گومان لە خۆشەویستییان بکات، ئەو گەمەیە لە ڕێگەی پرسیاری (کێ کوشتی!؟ دایکم بوو!؟) دوو ئاراستە دەخاتە ناو گریمانی مردن، ئەگەرچی گێڕانەوە لە کوشتنی ئەو پیاوە مەبەستی نییە بزانێ ئەو چۆن مرد، بگرە دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو مردنەوە بەرەو پرسیاری یادەوەریی بگەڕێتەوە، بچێتەوە ناو ڕابردووی کارەکتەر، بەو ڕابردووە بدوێت کە شیعری تێدا نووسی و کەس قبووڵی شیعرەکانی نەکرد.


ئیلیۆت

گێڕانەوە زیاد لەوە دەیەوێ گومان دروست بکات تا تەواو کارەکتەری چیرۆکەکە بەختەوەر بکات، دایک کوڕەکەی بە (ئەسپیدیلۆن) ناو دەبات، ئەو گیاندارە ئەفسانەییە ئاوییەی لە نەهەنگ گەورەترە، گەورەکردنی قەبارەی کارەکتەر گەمەیەکی زمانەوانیی ترە، تا لەو گەمەیەدا شکستەکانی کارەکتەر بگۆڕدرێت، ئەوەش خەونی سەرەکییەتی، خەونی بە ئەسپیدیلۆن دایک پێشنیازی دەکات، کە لە بنەواوە ئارەزوویەکی کوڕەکەیەتی.

نووسین لە ڕێگەی دەمامکەوە هەڵدەستێ بە پرۆسەی سازدانی گەمەیەک، گەمەیەک گێڕانەوە نوێنەرایەتیی دەکات، کە توانای خولقاندنی گومانی هەیە، ئەو گومانەی پرسیاری کوشتن دەگۆڕێت بۆ پیلانی دایک لەگەڵ ئەو پیاوانەی تەرمەکەی دەبەنە دەرەوە، دوای حەوت ساڵ مێزێک بۆ ماسی خواردن کۆیان دەکاتەوە، ئەو داوەتکردنە بۆ خۆی گومانکردنە لە دایک، ئەو ژنەی ئەو چوار پیاوەی دەسخەڕۆ دا تا حەمە عەلی بکوژن و لە ستایشی ئەو کوشتنەش، هەریەکەیان بۆ دایک دەتوانێ ببێت بە حەمە عەلی، ئەوەش گومانکردنە لە پاکیزەیی دایک، کە پرسیار لە کوشتنی حەمە عەلی دەبێ بە پرسیار لە ڕووداوگەلێک کە چواردە ساڵ دەخایەنێت، ئەوسا

حەقیقەتی تاوانەکە ئاشکرا دەبێت، کاتێک پیاوەکان ئەو تەختە نووستنە گەورەیە دێننە ژوورەوە کە دایک کڕیویەتی، ئەوەش حەوت ساڵ بەسەر ماسی خواردنەکە تێ پەڕیوە، بەدوای چواردە ساڵ چاوەڕوانی ئەوسا دایک ئەو مافەیان پێ دەدات تەختی نووستنێک هەموویان کۆ بکاتەوە، ئەوەش دەبێتە پرسیار لەو سیستەمە ئەخلاقییەی ماڵ کە دایک بەڕێوەی دەبات "ئەم چوار پیاوە لەم ماڵە دەمێننەوە؟! لەگەڵ ئێمە دەژین؟! لە ژوورەکەی دایکم دەنوون؟! هەر بەو جلە پیس و پۆخڵانە و دەنوون؟! ژنێ بۆ چوار پیاو؟!" ل١٥٢

ئەو پرسیارانە ناتوانن بوێری ئەوەی لا دروست بکەن کە دایک بکوژێت، ئەو چەندە بەدوای وێنەی بوون بگەڕێت، ئەو وێنەیەی کە لەو ڕاڤە کۆمەڵایەتییە لەسەر شەرەف کۆ دەبێتەوە، بەڵام کاتێ لە چوونە ناو زمانی خەونەوە دەکەوێتە بەردەم ئەو شوناسەوە بێدەنگە، بێدەنگی ئەو وا دەکات، برا بچووکەکەی کوڕە شەرعییەکەی حەمە عەلی، ئەو دایک بکوژێت، دواتر چوار دۆستەکەی دایک بۆ تۆڵەکردنەوە دێن ئەو بکوژن، ئەگەرچی لەو کوشتنە دەرباز دەبێ، بۆ شوێنێکی تر سەری خۆی هەڵدەگرێ، کە شار بەتەواوی گۆڕاوە و هەموو بە گۆزەفرۆشتنەوە خەریکن، ئەوەش بۆ ئەو دەبێ بە پرسیارکردن لە یادەوەریی، پێوەندیی یادەوەری بە (شوێن) و (گێڕانەوە) و جەستەکانی تری ماڵ، سێ پێوەندیی سەرەکین کە پرسیاریان ئاراستە دەکات، شارێک کە قەڵاکەی دەکەن بە گۆزە و گۆزە دەبێ بە وێنەی شار، وێنەیەک پێوەندیی بە گێڕانەوەی نێوان دایک و کوڕە، ئەو وێنەیەی دایک بە کوڕی دا، وێنەیەکە لە بنەواوە هەستکردنە بە شکستێک هێندەی ڕووخانی قەڵا لەیەکەوە نێزیکن، ئەوەش لەناو زهنییەتی کارەکتەر دەشوبهێنرێت بە وێنەی ئەسپیدیلۆن، چونکە ئەوەی "هەمان بوو.. نەمان بوو شارێ، ئەویش لەسەر پشتی (ئەسپیدیلۆن) دامەزرا بوو.. (ئەسپیدیلۆن) خۆی جولاندوو ورد و درشتی نوقم کرد. ئێمەی گۆزەفرۆش ماینەوە (گۆزە، گۆزە، گۆزە) لە تینوانا خنکام تۆزێ ئاوم بدەنێ (گۆزە، گۆزە، گۆزە) مردن و ئابڕووچوونە من لە شاری گۆزەدا لە تینواندا بخنکێم" ل ١٦١

ئەوەش گەمەیەکی زمانەوانی نووسەرە، کە لە ڕێگەی دایکەوە هەموو خەیاڵەکانی کارەکتەر دەکوژێت و لەناو زەمەنی گێڕانەوە بەئاگای دێنێت، لەو گەمە زمانەوانییەی کە شوێن بە دەلالەتەکان دەگۆڕێت، لە ڕێگەی دەمامکێکەوە کە نووسەر بە نووسینی داوە.

وتار

# ئەنتوان چیخۆف
# گەورەترین نووسەری شانۆی رووسیا

سواره کافرۆشی

ئەنتوان پاڤیلۆڤ چیخۆف (١٨٦٠- ١٩٠٤)، نووسەری کورتەچیرۆک و شانۆ بووە، لە دیارترین نووسینەکانی (سێ خوشکەکە و باخی گێلاس و لالۆ ڤانیا و مەلی دەریا)یە.

لە پاش مردنی زۆرێک چیرۆک و شانۆگەری لە پاش بەجێ ماون، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت نموونەیەکن بۆ چیرۆک و شانۆگەری لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمە بێجگە لەوەی کە بۆ زمانە زیندووەکانی دنیا وەردەگێردرێن و جێی بایەخن، زۆربەی شانۆگەرییەکانی تا ئێستاش لەسەر شانۆکان لە ڕیزی دەرهێنەرە دیارەکانی جیهان نمایش دەکرێ.

چیخۆف چیرۆکەکانی بەشێوەیەکی سادە داڕشتووە، ئەو لە تەمەنی بیست و شەشساڵیدا ٤٠٠ کورتەچیرۆکی هەبووە، بووە تارماییەکی بەردەوامی نووسین بۆ ماوەی ٥٠ ساڵی دواتر.

هیچ کات چیخۆف خۆی بە نووسینەکانی هەڵنەدەکێشا و هیچ کات خۆی بە گەورە نەدەزانی بەرامبەر بەوەی نووسیویەتی، ڕۆژێک هاوڕێیەکی لێی دەپرسێ کە چۆن بابەتی چیرۆکەکانی هەڵدەبژێرێ. چیخۆف سیگارەکەی لەناو تەپڵەکەکەی بەردەمی دانا و وتی: بەرامبەر ئەم تەپڵەکە دادەنیشم و ڕۆژی دواتر چیرۆکەکەم ئامادەیە بۆ چاپ!.

چیخۆف یەکێک بووە لەوانەی توانیویەتی بابەتی چیرۆکەکەی بەخێراترین کات بنووسێ جا چیرۆکەکە هەر بابەتێک لە خۆی بگرێ، بەشێوەیەک پڕ ماناترین و هونەریترین چیرۆک بێ.

چیخۆف لە سەرەتای ژیانی نووسەر نەبووە، ئەو کاتەی دەچێتە مۆسکۆ بۆ خوێندنی پزیشکی، نووسین پیشەیەک بووە بۆ بژێوی ژیانی، تا وای لێ هات ئەو ڕۆژنامەیەی کە نووسینەکانی تێدا



ئەنتوان پاڤیلۆڤ چیخۆف (١٨٦٠- ١٩٠٤)

بڵاو دەکردەوە جێگەی نەما بۆ چیرۆکەکانی کە بەش بکا بۆ بڵاوکردنەوە.

زۆرێک لە چیرۆکەکانی باس لە ژیانی پێش شەڕ دەکەن لە ڕووسیادا، هەروەکو چۆن شانۆگەرییەکانیشی باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی ناو ڕووسیا دەکەن.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە و جێی سەرنجە کە پێویستە یەکێک لە پیەسە شانۆییەکانی شیتەڵ بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش شانۆگەریی (مەلی دەریا)، یان (باڵندەی دەریا) بە نموونە وەردەگرین.

(مەلی دەریا) ڕەمزێکە بەکار هاتووە بۆ ناونیشانی ئەم پیەسە شانۆییە و لە هەمان کاتدا بابەتێکی درامی سایکۆلۆجی ئاڵۆزی پێ داوە.

مەلی دەریا یەکێکە لەو پیەسە شانۆییانەی کە زۆر بابەت لەناو خۆیدا هەڵدەگرێ، لەلایەکەوە باس لە ژیانی ڕۆژانەی ناو خێزانێک دەکات کە دایک هەڵسوڕێنەری ئەم خێزانەیە و زۆرجار بەسەر ژیانی کەسەکانی دەوروبەری خۆیشیدا زاڵە.

لەلایەکی ترەوە باس لە ژیانی هونەرمەندێکی عاشق، نووسەرێکی لاو، کە دەیەوێ شانۆیەکی تازە، شێوەیەکی نوێ بخولقێنێ و بەڵام دووچاری زۆر شکست و ڕەخنەی بەرامبەرەکەی دەبێ.

تریبلیف پاڵەوانی شانۆگەرییەکەیە کوڕێکی گەنجە، دەرهێنەری شانۆ و چیرۆکنووسە.

نینا ئەکتەرێکی شانۆییە، خۆشەویستی تریبلیف

ئەرکادینا دایکی تریبلیف و ئەکتەرێکی شانۆیی کۆنخوازە.

تریگۆرین نووسەر و خۆشەویستی ئەرکادینا.

سۆرین خاڵی تریبلیف و برا گەورەی ئەرکادینا، خانەنشینی دادگە.

## چیرۆکی شانۆگەرییەکە

شانۆگەریی مەلی دەریا وەکو هەموو شانۆگەرییەکانی تری چیخۆف پڕە لە ڕووداوی واقیعی ژیانی ئاسایی کە لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی ڕووسیادا باو بووە، کاتێک مرۆڤ شانۆگەرییەکی وەک مەلی دەریا دەخوێنێتەوە هەست بەبوونی خۆی دەکات و لەناو ئەو پیەسەدا خۆی دەدۆزێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی نووسینەکانی چیخۆف لە هەر شوێنێکی جیهاندا بخوێنرێتەوە یان نمایش بکرێ مرۆڤ بوونی خۆی دەبینێ لەناو ئەو نمایشە یان پیەسە.

ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە لە ئاواییی سۆرین لە گوندێکی نێزیک مۆسکۆدا ڕوو دەدەن، سەرەتای دەستپێکردنی شانۆگەرییەکە لەوێوەیە کە تریبلیف خۆی ئامادە دەکات بۆ نمایشکردنی شانۆگەرییەک کە چاوەڕێی هاتنی نینا و دەرکەوتنی مانگەشەو دەکەن، کە نمایشەکەیان لەسەر شانۆیەکە کە تریبلیف لە باخچەکەی خۆیان بنیاتی ناوە کە دەڕوانێ بەسەر دەریاچەکەدا، دوای

دەرکــەوتنی نینا ئامـــادە دەبن بۆ نمایش، پەردە لادەبرێ و نمایش دەست پێ دەکـــات هەر لە سـەرەتاوە ئەرکادینا وەک گاڵتەیەک سـەیری نمایشـەکە دەکات و قسـە دەکات ئەمە دەبێتە هۆی شکانی هەستی تریبلیف و وا دەکات نمایش ڕابگرێت.

پاش ئەوەی تریبلیف ئەوێ بەجێ دەهێڵێ و نینا لەسـەر شـانۆ دێتە خـوارەوە ئەرکـادینا، نینا بە تریگۆرین دەناسێنێ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکادینا هەمـوو کات باس لە گەنجی و جوانی خۆی دەکات و بەردەوام خۆی دەڕازێنێتەوە بەڵام ڕووداوەکان بەجۆرێکی تر دەکەونەوە بەوەی تریگۆرین بە نینا سەرسام دەبێ و ئەم سەرسامبوونەشش وا دەکات لە دواییدا نینا بکات بە هاوسـەری.

ڕووداوەکان تەنگژەیەکی زۆر لە خۆی دەگرێ لە نێوان پاڵەوانی شـانۆگـەرییـەکە کـە تریبلیـفە لەگـەڵ ئەرکـادینـای دایکی، ئـەم تەنگژانـە هـەندێک جـار ئەوەندە گـرژ دەبن دەبێ بـە دەمـەقـاڵێ و شـەڕێکی بێ ئابڕووی نێوان دایک و کوڕ:

ئەرکادینا: تۆ چێژ لەوە دەبینی کە ئازاری من بدەی، من ڕێز لەو پیاوە دەگرم، تکاشم وایە لە بەرچاوی من قسەی سووکی پێ مەڵێ.

تریبلـیف: بەڵام من هیچ ڕیزی ناگرم، تۆ دەتـەوێ لە منی بکەی بـەبلیـمـەت، بە داخـەوە من نازانم درۆ بکەم چیرۆکەکانیشیم بە دڵ نییە.

ئەرکـادینا: ئەمـە بەخـیلییـە، ئەوانەی کـە بێ بەهـرەن بەڵام وا خـۆیان پێـشـان دەدەن کـە بەهرەدارن، هیـچیـان بۆ نامێنێتـەوە ئـەوە نەبێ خـەوش لە بەهرەداری ڕاسـتـەقینە دەدۆزنەوە، ئەوە ئاو بە دڵاکردنێکی بێهوودەیە.

تریبلـیف: (بەگاڵتـە پێکردنەوە) بەهرەداری ڕاسـتـەقینە، (تووڕە دەبـێ) ئەگـەر ڕاسـتیـتـان دەوێ من لـە هـەمـــووتان بـەهرەدارترم، (شـــاشـــەکـــە لەســـەری دەکـــاتـەوە) ئێـــوە کـەســـانێکی ڕۆتینین، دەمـێکە باڵتـان بـەســەر هونەردا گـرتووە، هـەرچی خـۆتان نـەیکـەن بـە ڕاســـــتی نـازانن، لـەبـەرئـەوە هـەر بـەهـرەیـەکی نـوێ پـەیدا بـێ دەیچـەوسـێننەوە و دەیخنکێنن، مـن دان بە ئێوەدا نـانێم، دان بە تۆش و ئەویشـدا نانێم.

ئەرکادینا: بەرەڵڵایت!

تریبلیف: بڕۆ بۆ سـەر شانۆ جوانەکەت، شانۆییە پیس و زوخـاوەکانت پێشکێش بکە کە هیچ سوودێکیان نییە.

ئەرکادینا: هـەرگیـز لەو شـانۆییـیـانەدا تەمـسیلم نەکردووە، لێم گـەڕێ تۆ تـەنانـەت ناتوانی دوو پەردەی هیـچوپووچیش بنووسی... تۆ کـەسـێکی بیرتـەسکی تۆ گـەنەی بەسـەر خـەڵکی ترەوە دەژی.

تریبلیف: هـەی چرووک.

ئەمــە شـــەڕێکی نـەبڕاوەی نـێــوان ئەم دوو نەوەیـەیە، نـەوەی کــۆن و نـەوەی نـوێ، نەوەی کــۆن نووسـینەکانی خـۆیان هـونەرەکانی سـەردەمی خـۆیان بە دڵە و هـەرشـتێک ئەوان نـەیکەن بە هەڵەی دەزانن، نەوەی کۆن نووسـەری خۆیان بەرز دەنرخێنن و نەوەی نوێ بە نەزان دادەنێن.

هەمـوو ئەم نـاکۆکـیـیـانـە بەردەوام دەبێ بەشـێـوەیەک قـووڵ دەبێـتـەوە تەنـانەت تریبلـیف رق لە خۆشەویستەکەی دایکیشی هەڵدەگرێ و نایەوێ چارەی ببینێ.

تا ئەو کـاتـەی کـە نینا و تریگۆرین بـەیەک دەگــەن نینا خــۆشــەویســتی تریبلیف تریگۆرین خۆشـەویستی ئەرکادینا، تریگۆرین کابرایەکی ژنـانییە و حـەز لە نینا دەکات، تریگۆرینی نووسـەر، نووسەرێک زۆربەی کاتەکانی بەڕاوەماسییەوە خـەریکە ئەوەندە بەناوبانگە چیی تر نایەوێ خۆی بە ناوبـانگەوە خــەریک بکات، نینایـەکی تازە پێگەیشــتــووی وێڵی نـاوبانگ، بۆ نـاوبانگ بـەدوای ئەم نووســەرەدا وێڵ دەبێ و خـۆی دەداتە دەسـتی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە تریبلیف هەڵدێ و دوور دەکـەوێتـەوە، ئاکـام لەگـەڵ تریگۆرین ژیانی هـاوسـەری پێک دێنن، بەڵام تـریگۆرین بـەجـێـی دەهێـڵـێ و بەدوای رابواردنی خـۆی دەکـەوێ، دوا جـار نینای نازدار خـۆشــەویسـتی تـریبلیـف دێت و مــاڵئـاوایی لە تریبلیف دەکات، بەوەی جارێکی تر نایبـینـێ، لەم دوا دیمەنە هەمـوو شـتـەکان ئاشکرا دەبن، دوا جار تریبلیف دەبێ بە نووسـەرێکی بەنـاوبانگ و نیناش بە ئەکتـەر، دوای ئەوەی زۆرێک لەگەڵ نینا دەڵێت کـە نەروات، بەڵام نینا کـەللەڕەقە و خـۆشـەویسـتـەکەی بۆ هـەتاهەتا بەجێ دێڵـێت، لەم دوا ساتانە تریبلیف باڵندەیەکی کوژراو دەهێنێت، نینا دەڵێ:

نینا: من باڵندەی دەریام؟!.. نا نەخێر مەبەستم ئەوە نەبوو، من بەیانی دەبێ بچم بۆ بێڵتز لەوێ لەگەڵ جووتیاران ژیانێکی ناخۆش ببەمە سەر.

تریبلیف: نەخێر نینا دەتوانی نەڕۆی، لێرە ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەین.

نینا: گالیسکەکە لە بەردەگە چاوەڕێیە مەیە بۆ خواحافیزی بەتەنیا دەڕۆم.(دەڕوات)

تریبلیف: نینا.. نینا.. نینا

بۆیە تریبلیف ئەم ژیانەی خۆی بە ڕەوا نازانێت و لە ئاکامیشدا خۆی دەکوژێ.


سەرچاوەکان:

١- شانۆگەریی مەلی دەریا، نووسینی چیخۆف، وەرگێڕانی عوسمان چێوار، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٠.

٢- نمایشی شـانۆگەریی مەلی دەریا، پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، هەولێر ٢٠٠٥، لە دەرهێنانی گۆران ساڵح.

٣- ماڵپەڕی وێکیپیدیا.

# پۆکەر و شکۆی ڕۆمان

ئا: سەنگەر زراری

ڕۆژی (٢٠١١/٣/١٤) خولی چوارەمی خەڵاتی پۆکەری عەرەبیی ناسراو بە (خەڵاتی جیهانی بۆ ڕۆمانی عەرەبی) بە هاوبەشی درایە هەر یەکە لە ڕۆماننووسی مەغریبی (محەمەد ئەلئەشعەری) و خانمە ڕۆماننووسی سعودی (ڕەجا عالم). ئەم بابەتە ناساندنێکە بۆ خەڵاتی پۆکەری عەرەبی و براوەکانی لە خولی یەکەمەوە تا ئێستا.

دوای خەڵاتی (نۆبڵ) کە خەڵاتێکی ساڵانەی گرینگی ئەدەبییە و لەسەر ئاستی جیهان دەدرێتە یەکێک لە باشترین کارە ئەدەبییەکانی جیهانی و زیاتریش ڕۆمان، خەڵاتی پۆکەر دووەم خەڵاتی گرینگە لە جیهان و تەنیا ڕۆمان دەگرێتەوە.

(خەڵاتی پۆکەر) جگە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بە هاوکاری (دامەزراوەی ئیمارات) و (پەیمانگەی وایدینفیڵد بۆ دیالۆگی ستراتیجی) کۆپییەکەی گواسترایەوە بۆ ناو دنیای ڕۆشنبیریی عەرەبی و ساڵانە دەدرێتە باشترین ڕۆمانی عەرەبی، لێرەدا تیشکێک دەخەینە سەر ئەم خەڵاتە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و گرینگییەکەی.

### خەڵاتی پۆکەر

خەڵاتی پۆکەر یەکێکە لە گرینگترین خەڵاتە ئەدەبییەکان کە تایبەتە بە ڕۆمانی ئینگلیزی و بە ڕاستگۆیی دابەش دەکرێت، ئەم خەڵاتە لە ساڵی (١٩٦٨) دامەزراوە و دەدرێتە ڕۆمانێک کە نووسەرەکەی بەریتانی، یان هاووڵاتیی کۆماری ئێرلەندا، یان هاووڵاتیی یەکێک لە وڵاتانی

کۆمۆنویڵس بێت (کۆمۆنویڵس: یەکەتییەکە لە (٥٣) وڵات پێک هاتووە، زمانی فەرمی یەکەتییەکە ئینگلیزییە).

ئەندامانی لیژنەی دادوەریی خەڵاتی پۆکەر، لە دەستەبژێرێکی دیاری رەخنەگر و نووسەر و ئەکادیمی پێک دێت، بۆ ئەوەش کە خەڵاتەکە راستگۆیی خۆی لەدەست نەدات و شکۆی خۆی بپارێزێ و ئاستی دانەبەزێت، هەموو ساڵێک لیژنەی دادوەری دەگۆڕدرێت.

خەڵاتی پۆکەر دوو خەڵاتی تری جیهانیی لێ دەبێتەوە کە بریتین لە (خەڵاتی پۆکەری رووسی) کە لە ساڵی (١٩٩٢) دامەزراوە و (خەڵاتی کاین بۆ ئەدەبی ئەفریقی) کە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دامەزراوە.

### خەڵاتی پۆکەری عەرەبی

ئەم خەڵاتە وەکو کۆپییەکی خەڵاتە ئینگلیزییەکە، لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٧) لە ئەبوزەبی پایتەختی ئیماراتی عەرەبی، بەناوی (خەڵاتی جیهانی بۆ رۆمانی عەرەبی) دامەزرا، ئەویش بە هاریکاریی نێوان (دامەزراوەی پۆکەر) و (دامەزراوەی ئیمارات) و (پەیمانگەی وایدینفیلد بۆ دیالۆگی ستراتیجی).

(دامەزراوەی ئیمارات) کە رۆڵی سەرەکیی هەیە لە گواستنەوەی ئەم خەڵاتە بۆ دنیای رۆشنبیریی عەرەبی، یەکێکە لە دیارترین دامەزراوە خێرخوازییەکانی ئیمارات و لە ساڵی (٢٠٠٥)دا دامەزراوە، لە ناوەخۆی ئیمارات و دەرەوە چالاکییەکانی ئەنجام دەدات و گرینگی بە پرۆژەی رۆشنبیری و گەشەپێدانی زانستی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەدات، گرینگیدانەکانی ئەم دامەزراوەیە چوار تەوەری سەرەکین کە ئەمانەن: رۆشنبیری و هونەر، فێرکردن، لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ژینگەیی.

(خەڵاتی پۆکەر) تەنیا رۆمان دەگرێتەوە، لە سەرەتادا لەناو ئەو رۆمانانەی کاندید کراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، شەش دانەیان هەڵدەبژێردرێت و لە لیستێکدا بەناوی (لیستی کورت) بڵاو

دەکرێتەوە، پاشان لەناو ئەوانیشدا براوەی یەکەم هەڵدەبژێردرێت.

هەر یەکە لەو ڕۆمانانەی لە لیستی کورت ناویان دەردەچێت، دە هەزار دۆلاریان وەک خەڵات پێ دەدرێت، جگە لە براوەی یەکەم کە پەنجا هەزار دۆلاری پێ دەدرێت.

## مەرجەکانی پاڵاوتن

سەبارەت بە مەرجەکانی وەرگرتنی ڕۆمانەکان، هەموو ساڵێک لیژنەی دادوەری ئەم خەڵاتە، پێشوەخت چەند مەرجێک رادەگەیەنێت بۆ کاندیدکردنی ڕۆمانەکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، ئەم مەرجانەش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و هەندێکیشیان ساڵانە دووبارە دەبنەوە، ئەمانەی خوارەوە مەرجەکانی کاندیدکردنی دوا خولن، کە خولی چوارەمی ساڵی (٢٠١١) بوو:

– ئەم خەڵاتە تایبەتە بە ڕۆمانی ئەدەبی و ژانرەکانی تری وەکو شیعر و چیرۆک ناگرێتەوە.

– ڕۆماننووس خۆی ناتوانێ خۆی کاندید بکات، بگرە دەزگای بڵاوکەرەوەی ڕۆمانەکە، بە پرس و را و بەرەزامەندی ڕۆماننووس، ڕۆمانەکە کاندید دەکات.

– تەنیا ئەو ڕۆمانانە دەگرێتەوە کە بە زمانی عەرەبی دەردەچن.

– دەبێ ڕۆماننووسەکە خۆی لە ژیاندا مابێ.

– دەستنووس وەرناگیرێ و هەر ڕۆماننووسێکیش دەتوانێ تەنیا بە یەک ڕۆمان بەشدار بێت.

– پێویستە ئەو ڕۆمانەی کاندید دەکرێت، لە شوێنی بڵاوکردنەوەیدا، مافی خاوەندارێتیی فیکری و یاسای چاپەمەنییەکان و بڵاوکردنەوەی پێشێل نەکردبێت.

– هەر دەزگایەکی بڵاوکردنەوە، مافی ئەوەی هەیە سێ ڕۆمان لە نێوان مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٩) و تەمووزی ساڵی (٢٠١٠) پێشنیاز بکات کە لەلایەن ئەم دەزگایەوە بڵاو کرابێتەوە.

– پێویستە حەوت دانە لە ڕۆمانەکە، لەگەڵ فۆرمی پاڵاوتن، بۆ (جومانە حەداد) بنێردرێت کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری خەڵاتەکەیە.

– لیژنەی دادوەری دەتوانێ ئەگەر بە پێویستی زانی، بانگهێشتی ڕۆمانێک بکات و کاندیدی بکات کە لەلایەن هیچ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەوە کاندید نەکرابێت.

– دوا مۆڵەت بۆ پێشکێشکردن، (٣٠)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٠)یە.

– هیچ دانەیەک لەو ڕۆمانانەی بۆ لیژنەکە نێردراون، نانێردرێنەوە بۆ دەزگای بڵاوکردنەوەکە.

– هەر ڕۆماننووسێک کە خەڵاتەکە بەدەست دێنێ، یان دەگاتە لیستی کۆتایی، دەتوانێ لە خولەکانی داهاتوودا دووبارە بە ڕۆمانی تر بەشداری لە وەرگرتنی ئەم خەڵاتەدا بکات.

– هیچ ڕۆمانێک وەرناگیرێت کە لە خولەکانی پێشتر پاڵێورابێت.

- دەستەی کارگێڕی خەڵاتەکە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لیژنەی دادوەری و ئەمیندارە نهێنییەکان، مافی ئەوەی هەیە هەر ڕۆمانێک ڕەت بکاتەوە کە لەگەڵ مەرجەکان و بارودۆخی پاڵاوتنەکەی و مەرجەکانی شایستەیی و وادەی دیاریکراو کە لە سەرەوە دیاری کراوە نەگونجێ.

- بڕیاری لیژنەی دادوەری لەسەر دیاریکردنی (ڕۆمانی براوە)، یەکلاییکەرەوەیە و قابیلی ڕەخنەلێگرتن نییە.

- هەموو پاڵاوتن و ڕاسپاردەیەک بە ڕێگای نهێنی ئەنجام دەدرێت.

- براوەی یەکەم و نووسەرانی لیستی کورت، پێویستە لەسەریان لەو ساتەوەی کارەکانیان دەپاڵێورێت، ڕازی بن لەسەر بەشداریکردن لە چەند چالاکییەک و گەڕان و بەدیارکەوتن لەو ڕاگەیاندنانەی کە پێوەستن بە خەڵاتەکە، چ لە جیهانی عەرەبی بێت یان لە دەرەوەی جیهانی عەرەبی.

**خولەکان و براوەکانی خەڵاتی پۆکەری عەرەبی**

تا ئێستا ئەم خەڵاتە چوار خولی لێ دابەش کراوە، لێرەدا ئاماژە بە ناوی براوەکانی هەر چوار خولەکە و بەناوی ئەوانەش دەکەین ناویان لە (لیستی کورت)دا دەرچووە.

**خولی یەکەم، ساڵی (٢٠٠٨):**




لە خولی یەکەمدا ڕۆماننووسی میسری (بەها تاهیر) بە ڕۆمانی (مێرگی ئاوابوون- واحە الغروب) خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا.

ئەوانەی لە لیستی کورتیش خەڵاتیان پێ درا ئەمانە بوون.

- خالید خەلیفە (سووریا) بۆ ڕۆمانی (مدیح الكراهیه).

- جبور ئەلدوەیهی (لبنان) بۆ ڕۆمانی (مطر حزیران).

- مەکاوی سەعید (میسر) بۆ ڕۆمانی (تغریدة البجعة).

- ئەلیاس فەرکوح (ئوردن) بۆ ڕۆمانی (أرض الیمبوس).

- مەی مونسی (لوبنان) بۆ ڕۆمانی (أنتعل الغبار وأمشی).

**خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٩):**




لەم خولەشدا ڕۆماننووسێکی تری میسری خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا، ئەویش (یوسف زێدان) بوو بۆ ڕۆمانی (عەزازیل).

ئەوانەی لە لیستی کورتیش خەڵاتیان پێ درا ئەمانە بوون.

– محەمەد بەساتی (میسر) بۆ رۆمانی (جوع).

– فەواز حەداد (سووریا)، بۆ رۆمانی (المترجم الخائن).

– حەبیب سالمی (تونس)، بۆ رۆمانی (روائح ماری کلیر).

– ئەنعام کچەچی (عێراق)، بۆ رۆمانی (الحفیدە المریکیە).

– ئیبراهیم نەسروڵلا (فەلەستین)، بۆ رۆمانی (زمن الخیول البیضاء).

**خولی سێیەم (٢٠١٠).**




لەم خولەدا رۆماننووسی سعوودی (عەبدە خال) خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا بۆ رۆمانی (بەتوندی دەهاوێژێ – ترمی بشرر).

ئەوانەی لە لیستی کورتیش خەڵاتیان پێ درا ئەمانە بوون.

– روبعی مەدهون بۆ رۆمانی (السیدە من تل أبیب).

– محەمەد مونسی قەندیل بۆ رۆمانی (یوم غائم في البر الغربي).

– روبەیع جابر بۆ رۆمانی (أمریکا).

– جەمال ناجی (عندما تشیخ الذئاب).

– مەنسوورە عیزەدین بۆ رۆمانی (وراء الفردوس).

**خولی چوارەم (٢٠١١).**




لەم خولەدا بەپێچەوانەی خولەکانی تر، خەڵاتەکە لە جیاتی یەک رۆماننووس، بە هاوبەشی درایە دوو رۆماننووس کە ئەوانیش برێتی بوون لە (رەجا عالم)ی سعوودی بۆ رۆمانی (طوق الحمام)ە و (محەمەد ئەشعەری)ی مەغریبی بۆ رۆمانی (القوس والفراشة).

ئەوانەی لە لیستی کورتیش خەڵاتیان پێ درا ئەمانە بوون.

– میرال تەحاوی (میسر) بۆ رۆمانی (بروکلین هایتس).

– خالید بڕی بۆ رۆمانی (رقصە شرقیە).

– بنسالم حەمیش (مەغریب) بۆ رۆمانی (معذبتی).

– ئەمیر تاج سڕ (سودان) بۆ رۆمانی (صائد الیرقات).

سەرۆکی لیژنەی دادوەری ئەمساڵی خەڵاتەکە شاعیر و رەخنەگری عێراقی (فازل عەزاوی) بوو، عەزاوی لەبارەی رۆمانە براوەکان گوتی: هەردوو رۆمانە براوەکە، داهێنانی جوانن و بەشێوەیەکی عەقڵانی پرسە هەستیارەکانی ئێستای رۆهەڵاتی ناوەڕاست دەخەنە روو، ئەو پرسانەی لەسەر

لافیتەی خۆپێشاندەرانی ئەم دواییە دەبینرێن و هەموو وڵاتانی عەرەبییان هەژاندووە و داوای گۆڕان دەکەن.

فازڵ عەزاوی گوتیشی: بۆ هەڵسانگاندنی کارەکان، تەنیا بەهای ئەدەبیی ڕۆمانەکە کراوەتە پێوەر بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئاین و ڕەگەز و وڵات و تەمەن.

جگە لە فازڵ عەزاوی لیژنەکە لەمانە پێک هاتبوو:

– لێکۆڵەر و ڕەخنەگری بەحرەینی مونیرە فازڵ.

– وەرگێڕ و ڕەخنەگری ئیتاڵی ئیزابێلا کامیرا داڤلیتۆ.

– نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەردەنی ئەمجەد ناسر.

– ڕەخنەگری مەغریبی سەعید یەقتین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەخشینی ئەم خەڵاتە لە سەرەتاوە لە ڕەخنە بەدەر نەبووە، بەتایبەتیش ئەمساڵ کە خەڵاتەکە بە هاوبەشی درایە دوو کەس. لەم بارەیەوە ڕەخنەگری میسری جابر عسفور ڕەخنەی لەو هاوبەشییە گرت و گوتی: بەخشینی ئەم خەڵاتە بە هاوبەشی بە دوو ڕۆماننووس، لە بەهای خەڵاتەکە کەم دەکاتەوە".

گوتیشی: ئەگەر ئەو شەش ڕۆمانەی لە لیستی کورت ناویان دەرچووبوو هەمووشیان شایانی وەرگرتنی خەڵاتەکە بن، بەڵام پێویستە لەناویاندا تەنیا یەکێک وەک براوەی یەکەم دەستنیشان بکرێت.

ڕەخنەکان لەسەر ئەم خەڵاتە چەندە زۆر بن، بەوە کەم ناکاتەوە کە بەخشینی ئەم خەڵاتە، شکۆدانانە بۆ ژانرێکی گرینگی وەکو ڕۆمان، کە دەتوانێ ببێتە ئاوێنەی کۆمەڵگەکان.

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم ماڵپەڕانەی ئینتەرنێت وەرگیراوە:

http://www.alriyadh.com –

http://www.albabtainprize.org

http://karimroyal.jeun.fr

http://ar.wikipedia.org

http://news.maktoob.com

http://www.alapn.com

sangarzrary@gmail.com

رِاپۆرتی ئەدەبی

# ماركیز دی ساد
# له ئەجێندای خەڵكانی خواپەرستەوە بۆ هەوادارانی هونەرەكەی

عەبدولقادر جەنابی

و: جومعە جەباری

## پێشەكیی وەرگێڕ

"جیهانی دی ساد، جیهانی ئەو زیندانەیە، كە خۆی بڕیاری دا تێیدا بمێنێتەوە، لە بریی ئەوەی دەست لە هزر و راكانی خۆی هەڵگرێت. جیهانەكەی جیهانێكی داخراو بوو، بریتۆن بەوە وەسفی كردووە كە: "دوای هاندەری یەكەم: بلیمەتی. هاندەرێكی تری خەیاڵە". بەڵام كەچی گەورەترین كەس لە لێبووردەییدا ناتوانێت مافی دادگە رەت بكاتەوە لەدادگەدانی كەسێكی وەك ماركیز دی ساد، كە خوانەناسی بڵاو دەكاتەوە، چونكە ئەو كەسایەتییەك بوو ئەدەبی سادیی بڵاو كردەوە.. سەدەی هەژدەم سەدەی سەرهەڵدانی رووناكبیران و لیبراڵییەت بوو، كەچی نەیتوانی هزرەكانی دی ساد قبووڵ بكات، تەنانەت ئەو هزر و ئەدەبەی ئەو بۆ ماوەی ٢ سەدە شاردرایەوە، دەبا چاوەڕێی سەرهەڵدانی سوورياليیەت بكات، ئەوەبوو نووسینەكانی توانییان زۆربەی نووسەرانی سەدەی بیستەم سەرسام بكەن، بەتایبەت سوورياليیەكان".

***

دوای ئەوەی چەند پسپۆڕێك (ناوی خۆیان ئاشكرا نەكرد) بەدوای نووسینەكانی ماركیز دی ساد لە ئینتەرنێتدا گەڕان، لە چەند بابەتێكی كورت زیاتر هیچی تریان نەدۆزییەوە، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ناوی بەسەر هەر كارێكی توندوتیژیی سێكسی و دڕندەیی لە سەدەی بیستدا،



**له بێدەنگیی یاساکاندا کاره گەورەکان لەدایک دەبن.**

تەنانەت باسنەکردنی لە سایتە ئەکادیمییەکان و ئەدەبی کلاسیکیی فرەنساییدا زۆر بەلایانەوە سەیر بوو، وەک بڵێی رەقیبێکی بەسەردا سەپێنراوە. هاوکات نووسینەکانی مارکیز دەستەبەرە و تەنانەت بە چاپی میللیش لە هەموو شوێنێکی فرەنسادا دەفرۆشرێت.. بۆیە داکۆکیکارانی هزری مارکیز بڕیاریان دا، رووپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بەنووسینەکانی ئەو دروست بکەن، لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم: لەبەر چێژوەرگرتنی خوێنەران بەجوانیی شێوازی زمانەوانی و پەخشانە تژەکانی بەرەزمی هەستی و جەستەیی. دووەم: بۆ هۆشیارکردنەوەی پێوەنداران بەپێویستیی جیاکردنەوەی هزری لە هەموو ئەو ئەدەبانەی بە ئەدەبی "سادی" ناوبراون، تەنانەت دی ساد خۆی لە نامەیەکیدا ئەم مەبەستەی روون کردەوە: "بەڵێ، من گوناهکارییەکانم کردووە، بەنووسینیش خەیاڵی هەموو ئەو شتانەم کرد، کە لەم بوارەدا خەیاڵی بۆ دەکرێ، بەڵام بێگومان هەموو خەیاڵەکانم نەکردە کردار و هەرگیزیش نایکەم. من زیناکارم، بەڵام من تاوانکار و بکوژ نیم".

بێگومان هەروەک خاتوو "کلویە دیلیس" لە کتێبەکەیدا "چاوخشاندنێکی تر بۆ دی ساد و خۆشەویستکردنی بۆ کچانی ئەمڕۆ" جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی دی ساد : "وەک تاکێک سێکسیی لەگەڵ منداڵدا نەکردووە و هانی ئەو کارەشی نەداوە، ئەو وەکو لویس کارۆلە بانگی

کچانی نەکردووە بۆ راکردن بەدوای کەروێشکەکانی ئەودیوی خۆدیکەکە".

ئەو ڕووپەڕە ئەلیکترۆنییە دروست کرا بۆ ئەوەی زۆرترین نووسینەکانی ئەوی تێدا بێت و بەخۆڕاییش بخوێنرێنەوە، تەنیا ئەو بابەتانە نەبێت، کە دیمەنی توندوتیژیی زۆر سەختی تێدایە، ناهێڵرێت ببینرێت تەنیا لەلایەن خوێنەری هۆشمەندەوە، هەروەها سایتەکە فەرهەنگێکی تێدایە بۆ واتا و گوزارشتەکانی هزری دی ساد، لەگەڵ ژیاننامەی مارکیز بەپێی ساڵەکانی ژیانی و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەری ئەنجام دراون.

***

ئەم گەڕاندنەوەی ڕێزە بۆ مارکیز، کە هاوشانی تەکنۆلۆجیای ئەلیکترۆنیی سەردەمە، کە "گیوم ئەپولێنێر" لەبارەیەوە گوتوویەتی: "ئەو ئازادترین عەقڵە"، ئەمە داوەتێکە بۆ پێویستکردنی خوێندنەوەی نووسینەکانی مارکیز بەشێوەیەکی رەخنەیی و جیاکەرەوە لە دەقێکدا، لە نێوان جیهانی ناوەوەی ئاماژە سێکسییەکان و نواندنە کردارییەکەی، لە نێوان پەخشانێک وشەکانی عەشقبازی دەکەن و جەستەیەک گلگۆی حەزە شاراوەکانی خۆی دەردەهاوێژێ. ئەو شتەی ناهێڵێ دی ساد بخوێنینەوە، ئەوەیە، خودی خۆمان بەڕووتی پێشان دەدات و "عەزیا" شاراوەکانی ناخمان جۆش دەدات، بۆیە ترسێک لە جێبەجێکردنی ئەو ئاوەزە شاراوانەمان دەمانگرێت، زۆرجاریش خوێندنەوەکانمان بۆی؛ هانمان دەدات بۆ هەستکردن بەوەی ئاوەزی پاڵەوانەکانی هەمان ئاوەزە شاراوەکانی ئێمەیە. جا لەبەرئەوەی هەموو خۆشییەکی مرۆڤ، هەروەک دی ساد دەڵێ "لە خەیاڵکردندایە" بۆیە خامەکەی لە ناخی ئەو خۆشییەی هەڵدەگوزی، بەزمانێکی گێڕانەوەی ئازاد لە هەموو یاساکانی: ئەخلاقی، ژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لە وەحشییەتە شاراوەکەی، ژیانێک زۆرجار لە گورگەخەوانە و، ورێنەیەکی کاتیدا تێیدا دەژین. چەند قووڵ ببینەوە لەگەڵ خوێندنی



کارەکانی دی سادا، ئەوەندەی تر بەپلیکانێکانی بیرەوەریماندا ڕۆ دەچینە خوارێ، تا خۆمان لەنێو ئەشکەوتی قەدەغەکراوەکاندا دەبینینەوە، کە لەوێدا ئاوەزە بێ ئاگاکانمان نوستووە و، لە هەستانیشی شەرم دەمانگرێت، ئەویش هەڵناستێ تەنیا لەگەڵ ئاژەڵییە سێکسییەکەیدا نەبێ، ئیرۆسییەتە زاڵ و رەهاکەی، کە ملکەچی تاقە شەرعێکمان دەکات، ئەویش سروشتە. بەڵێ، دی

ساد بخوێنەوە، دەگەڕێیتەوە شوێنی لەدایکبوونت: سروشت.

***

دەبێ ئەم مارکیزە کێ بێت، کە ناوی بوو بەسیفەتێک بۆ هەموو توندوتیژی و خوێناو و ئازار؟ ئەی بۆ کارەکانی تا ئەمڕۆ بوون بەجێگەی سەرنج و گفتوگۆ، لە نێوان ئەوانەی بڵاوکردنەوەیان رەت دەکردەوە و ئەوانەی داکۆکییان لێی دەکرد؟ لەوەتەی سوورپالییەکان دۆزییانەوە و باسیان کرد، مۆریس هاینەش پێشکێشی خوێنەرانی کرد و شاعیر گیلبیرت لیلیش باسی هەموو لایەنەکانی ژیانی کرد و، چەندان کەسی تریش باسیان لەسەری کردووە، کەچی هێشتا کەسانێک هەن هەر دەیانەوێ بچووکی بکەنەوە و تەنیا وەک نووسەرێکی خراپەکار و سێکسباز و کافر نیشانی بدەن، نەک وەک نووسەرێکی رووناکبیر، کە بەو رۆمانە "کوفرانەی" توانی ئاماژە بۆ گرینگی خەیاڵ و جورئەت بکات لە دەربڕینی ئەو شتانەی دەبێت باس نەکرێن.

## ژیانی مارکیز دی ساد

ئەدوناسیا ئەلفۆنس فرانسوا ناسراو بە دی ساد، لە ٨ ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٤٠ز لە هۆتێلی (گۆندی) لە پاریس لەدایک بوو. خانەوادەکەی لە تەمەنی ٤ ساڵیدا بۆ لای پوورەکانی لە ئەلبرۆفانس ناردوویانە، بۆ ئەوەی لەوێ فێری خوێندن ببێت، بەتایبەتی مامی دی ساد، کە زانا و خوانەناس بوو. لە ساڵی ١٧٥٠ دەگەڕێتەوە پاریس بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی لە کۆلێجی لویس لگراند، لە ساڵی ١٧٥٤ لە قوتابخانەی "شیڤۆ ـــ لیجیر" وەردەگیرێت، کە تەنیا منداڵی خانەوادە ئوستوقراتی و مێژوودارەکان وەردەگرێت. لە ساڵی ١٧٥٥ دەبێتە مولازم لە فەوجی پیادەی پاشا. لە نێوان ساڵانی ١٧٥٧ـــ١٧٦٣ لە زۆربەی هەڵمەتەکانی شەڕی حەفت ساڵدا بەشداری دەکات و چەند پلەیەکی سەربازی بەدەست دێنێت. لە ١٧٦٣ هاوسەرکاری لەگەڵ رینیە بیلجی دومنتری دەبەستێت، هەر لە هەمان ساڵدا دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر ژنهێنانی، مارکیز یەکەم کردەوەی کوفری خۆی لە خانوویەکی بچووکی نێزیک پاریس ئەنجام دەدات، کە بەبۆنەیەوە چەند هەفتەیەک لە گرتووخانەی فنسان دەگیرێت و دواتر دەنێردرێتە نۆرماندی بۆ ئەوەی لەوێدا بەدەسبەسەری ژیان بباتە سەر. لە ساڵی ١٧٦٤دا لە شوێنی بابی دایدەنێن بە پلەی مولازمی یەکەم لە هەرێمی پاریس. بەم بۆنەیەوە وتارێک لە پەرلەمانی شاری دیجۆن پێشکێش دەکات، هاوکات زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ کچە ئەکتەرەکاندا بەسەر دەبرد، بەڵام یەکێک لەو کارە ئابڕووبەرانەی لە مێژوویدا نووسرایەوە، ئەوە بوو لە رۆژێکی جەژنی سەری ساڵی ١٧٦٨ کچێک بەناوی روس کێلر دەگرێت و بەقامچی لێی دەدات و کاری سێکسیی لەگەڵدا دەکات. سەرەڕای ئەوەی کچەکە لەبەر حەیای خۆی داواکارییەکەی لە دادگە کێشایەوە، بەڵام یاسا دی سادی بە ١٠٠ جونەیە سزا دا، دانیشتنی بەزۆری لە قەڵاکەی لە لاکۆست بەسەریدا سەپاند، بەڵام دی ساد لە ساڵی ١٧٩٦ بەرەو هۆڵەندا بەڕێ کەوت، لەوێ یەکەم کتێبی خۆی بڵاو کردەوە بەناوی "گەشتێک



بەناو هۆڵەندا لەسەر شێوەی نامەدا" لە ئابی ساڵی ١٧٧١دا بەهۆی قەرزارییەکی زۆرەوە بەند دەکرێ، لە ساڵی ١٧٧٢ پێوەندی لەگەڵ خوشکێکی قەشەدا بەناوی ئان خرۆسپێر دادەنێ، لە ٢٧ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بۆ دووەمین جار لە مارسیلیا حەیای دەچێ: سێکسبازیی خۆی لەگەڵ خزمەتکارەکەی و چوار سۆزانیدا کردووە، دەڵێن گوایە ئەو شەوە، شەوی سوور و سێکسبازییەکی تەواو بووە: لێدان بەقامچی، سێکسکردن لە پێش و پاش، نێربازی و خواردنەوەی بێهۆشکەرێکی زۆر، بەشێوەیەکی وا سۆزانییەکان وایان زانیوە دەرمانخوارد کراون، بۆیە شکات لە خۆی و خزمەتکارەکەی دەکەن، بەڵام مارکیز لەگەڵ لاتۆری خزمەتکارەکەی و براژنەکەی بەرەو ئیتاڵیا هەڵدێ، لە ٣ ی ئەیلوولدا سزای مردن بەسەر خۆی و خزمەتکارەکەیدا بەشێوەیەکی غیابی دەدرێت، لە ساڵی ١٧٧٥ زنجیرەیەک لە تاوانە حەیابەرەکانی بەنهێنی بڵاو دەبێتەوە، لەنێویاندا سێکسکردنی لەگەڵ خزمەتکارە پیاو و ئافرەتەکانی لە قەلاکەی لە شاری لاکۆست. هەر لەو ساڵەدا "گەشتێک لەنێو ئیتاڵیا یاخۆ ئەتروحاتی کۆنی مێژوویی و سیاسی و فەلسەفی سەبارەت بە شاری فلۆرنس، رۆما و ناپۆلی" نووسی. لە ساڵی ١٧٧٧ دی ساد بۆ دیدەنیی دایکە نەخۆشەکەی دەگەڕێتەوە، لەوێ دەسگیر دەکرێ و لە گرتووخانەی فنسان بەند دەکرێ، بەڵام حوکمی پەرلەمانی ئێکس لەو ساڵەدا بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە دی ساد هەڵدێ، بەڵام هەڵهاتنەکەی تەنیا ٣٩ رۆژ بەردەوام دەبێت، ئەمجارەیان بۆ ١٢ ساڵ لە گرتیگەدا دەمێنێتەوە. لەناو ئەو گرتیگەیەدا نووسینە سەرکێشییەکانی دەس پێ دەکات، لەوێ مەزنترین بەرهەمەکانی خۆی دەنووسێتەوە، کە دەبنە هۆی بەناوبانگبوونی، لەوانەش: "ئاخاوتنێک لە نێوان کاهینێک و کەسێک لە گیانەلادا" لە تەمووزی ١٧٨٢، ئەم کارەی لەسەر شێوەی شانۆگەری نەنووسیوەتەوە، بەڵام زۆر نێزیکە لێیەوە، دی ساد ویستی لە دەقێکی فەلسەفیدا هەموو هزرە کوفرەکانی خۆی بنووسێتەوە، ئاخاوتنەکەیشی وەک مێزگردێکی فەلسەفییانەیە، فەلسەفەی دی ساد بەشێوازە گشتگیر و ئاراستەکراوەکەیەوە، تێیدا هەڵوێستی سادی لە ئاست تاوانکاری و تێکداندا روون دەکاتەوە، کە وای دادەنێت، گوایە دوو هۆکاری یاریدەری پێویستن بۆ بەدیهێنانی "سروشت". دەقە شانۆییەکە لە نێوان کەسێکە حوکمی لەداردانی بەسەردا سەپێنراوە، کاهینێکە هاتووە ئەم پیاوە گومڕایە بگەڕێنێتەوە رێگەی راست و

تۆبە بکات لە تاوانەکانی، پێش ئەوەی بچێتە بەردەستی خوا.

بەڵام پیاوە حوکمدراوەکە، لە هیچ لەو تاوانانەی کردوویەتی پەشیمان نابێتەوە، کاهینەکە بانگ دەکات و پێی دەڵێت: "ئەی پیاوچاک واز بێنە لەو قسە ئامادەکراوانەت، کڵاوەکەی سەرت فڕێ بدە، پیاوبە، مرۆڤێکی بێ ترس و بێ پاڕانەوەبە، خواکەت و دینەکەت لە بیر بکە، چونکە هیچ سوودێکی نییە تەنیا زاڵکردنی پیاوێک بەسەر پیاوێکی تردا نەبێ، بیرۆکەی بوونی ئەو دنیا لە مێشکت دەربکە، چونکە ئەو دنیا نییە، بەڵام چێژی خۆشیی خۆت بهێڵەوە و، هەوڵیش بدە خەڵکانی تر لەم جیهانەدا دڵخۆش بکەی، چونکە سروشت هیچ شێوازێکی ترت ناداتێ لەوە زیاتر، بۆ ئەوەی بوونی خۆت بسەپێنیت و ماوەکەی درێژتر بکەیتەوە، ئەی هاوڕێم ئەزانی چێژە هەتککارییەکان خۆشەویستترین دەسکەوتەکانم بوون، هەتا ماوم دەیپەرستم، حەزیشم دەکرد دواساتەکانم لە باوەشی ئەودا بێت، ئەوا کۆتاییم نێزیک بووەتەوە و، لە ژوورەکەی ئەودیو شەش ئافرەتی لێیە لە ئاسۆی بەیان جوانترن و چاوەڕێن، من بۆ ساتێکی وا هەڵم گرتبوون، هەستە لەگەڵم بەشداریی ئەو خۆشییەم ببە، چێژ لە منیش وەرگرە، ئامێزیش لەوان بدە، لەو خورافاتەت باشترە، لە کاتی باوەش لێدانیشت بۆ ساتێک هەوڵ بدە بیروباوەڕە مونافیقەکانت لە بیر بکەی".




لە ساڵی ١٧٨٢دا ڕەشنووسی یەکەمی بۆ ڕۆمانێکی نووسییەوە، کە وروژێنەرترین ڕۆمانەکانێتی لە ڕووی قەبووڵنەکردنیەوە لەلایەن سروشتی مرۆڤایەتیمانەوە: "١٢٠ ڕۆژ لە سادووم یاخۆ فێرگەی تاوانکردن" باس لە چوار نەخۆشیی دەروونی دەکات ٤٢ کەس لە قەڵایەکدا بەند دەکەن و، جۆران شێوازی ئازار و ئەشکەنجەی سێکسییان لەگەڵدا ئەنجام دەدەن، ئەم ڕۆمانە بابەتی دوا فیلمی دەرهێنەری ئیتاڵیایی پاولۆ بازۆلینی بوو. کاتێک دی ساد لە ساڵی ١٧٨٤دا گواسترایەوە بۆ گرتیگەی باستیل دووبارە ڕۆمانەکەی داڕشتەوە.

لە ساڵی ١٧٨٥دا هێڵە سەرەکییەکانی ڕۆمانی "ئەلین و فالکور" ی نووسییەوە، لە ساڵی ١٧٨٧دا توانی بە ١٦ ڕۆژ کۆتا بەنووسینی ڕۆمانی "بێ نەوایی داوێنپاکی" بهێنێت. ساڵی ١٧٨٨ ڕۆمانی "یوجینی دی فارفال"ی ناسراو بە "تاوانەکانی خۆشەویستی" نووسییەوە، کە دوو کورتە چیرۆکن، یەکێکیان باسی باوکێک دەکات حەز لە کچەکەی خۆی دەکات و هەڵی دەخەڵەتێنێت، ئەوی تریان باس لە ئافرەتێکی داماو دەکات کاری

سێکسی لەگەڵ برا و کوڕ و باوکی خۆیدا ئەنجام دەدات و دایکیشی دەگەیەنێتە پەتی سێدارە.

لە چواری تەمووزی ساڵی ١٧٨٩ دی ساد لە پەنجەرەی زیندانەکەیەوە پیادەکانی سەر شەقام هان دەدات بۆ یاخیبوون، بۆیە دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی شارنتۆن. لە چواردەی هەمان مانگدا زیندانی باستیل داگیر دەکرێت و لە ٢ ی ئاداری ١٧٩٠دا دی ساد ئازاد دەکرێت. لە ٩ ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا هاوسەرەکەی مافی تەڵاقی خۆی لێ وەردەگرێت، دی سادیش بڕیار دەدات شان بەشانی شۆڕشگێڕانی ناوچەی لوبیک کۆشش بکات. لە ساڵی ١٧٩١ بابەتی "وتاری هاووڵاتییەکی پاریسی بۆ شای فرەنسییەکان" ی بڵاو کردەوە و، شانۆگەرییەکی خۆی بەناوی "کاریگەرییەکانی زندیقێک" پێشکێش کرد، بەڵام لە ساڵی ١٧٩٢ شانۆگەریی دووەمی بەناوی "هەڵخەڵەتێنەر" دووچاری شکستێکی گەورە بوو. لە هەمان ساڵدا قەڵای لاکۆست تاڵان کرا. دوای کۆششێکی زۆری لەگەڵ تیپی لوبیکی شۆڕشگێڕدا توانی پلە و پایەی بەرز وەدەست بێنێت، تا لە ساڵی ١٧٩٣ توانی ببێت بەسەرکردەی ئەو تیپە. بەڵام لە ٨ ی کانوونی یەکەم بەتاوانی ئینتیمای بۆ موعتەدیلەکان دەسگیر کرا.

لە ٢٧ی تەمووزی ساڵی ١٧٩٤ بڕیاری لەداردانی دەرچوو، بەڵام خۆشبەختانە لە ڕۆژی پاشی دەسەڵاتی ڕۆبسپێر ڕووخا و لە ١٥ی تشرینی یەکەم لە زیندان بەردرا. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٧٩٥ ڕۆمانەکەی تری بەناوی "فەلسەفە لە خەڵوەتگەدا" بڵاو کردەوە، کە باس لە کچێکی ڕواڵ و سادە دەکات ناوی "یۆجین"ـە، دایکی دەیباتە کۆشکێک خاوەنەکەی سێ کەسی خوانەناسن، بۆ ئەوەی پەروەردەی بکەن پەروەردەیەکی سێکسی و، فێری هەموو جۆرە هونەرەکانی سێکسکردنی بکەن، کەسایەتیی "دۆلمانسیە" کە کەسایەتییەکی زاڵە بەسەر ئەوانی تردا، یۆجین فێر دەکات، کە هەموو چەمکەکانی: ئەخلاق، ئاین و، بەزەیی: تەنیا چەمکی پڕوپووچ و بێ واتان و تەگەرەن لە پێش تاکە ئامانجی بوونی مرۆڤایەتی، کە چێژە، بۆیە "پێویستە لەسەر کچی جوان خۆی بەهیچ شتێکی ترەوە خەریک نەکات تەنیا گانکردن نەبێت، هاوکات نابێت بهێڵێت منداڵی ببێت". دی ساد ئەم ڕۆمانەی خۆی پێشکێشی "هەموو کەسێکی شەبەق کرد و لە گشت جۆرە تەمەنەکان" داوای لە هەموو کچێک کرد یۆجینی بکەن بەنموونەی خۆیان بۆ دەسکەوتنی چێژ لە ژیانیاندا و، گەنجانیش بکەونە ژێر کاریگەریی ڕێنوێنییەکانی دۆلمانسیە و هەموو واز لەو ڕێنوێنییە پووچانە بهێنن، کە خێزان لە ناخیاندا ڕواندوویەتی.

لەم ڕۆمانەدا دی ساد فەسڵێکی تەرخان کردووە بۆ هاندانی فەرەنسایییەکان بۆ "بەرەنگاربوونەوەیەکی توندی ئاین و قەشە تاوانبارەکانی" ناونیشانیشی بۆ ئەم فەسڵە دانا، کە لە دواییدا بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە فەرەنسایییەکان زۆر بەکاریان دەهێنا وەک نامیلکەیەکی ڕادیکالی دژ بە کڵێسا و دەوڵەت: "ئەی فەرەنسایییەکان، ئەگەر دەتانەوێ ببن بەکۆمار دەبێ کۆششێکی تر بکەن" لە ڕاستیدا ناونیشانی ڕۆمانەکە "فەلسەفە لە خەڵوەتگەدا"یە، کە گوزارشت لە دوو چەمک دەکات: گوتاری فەلسەفی و سیاسی و دژ بۆ ڕەوشت لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو

مومارەسە سێکسییانەی کچە ڕواڵ یۆجینی تووشی دەبێ: خەڵوەتگەیەکە کەوتووەتە نێوان ژووری تەرخانکراو بۆ نیکاح و هۆڵی گفتوگۆ. بوونی ئەم دوو جەمسەرە لە ڕۆمانی "فەلسەفە لە خەڵوەتگەدا" دەلالەتی جیهانبینییەکی مەجازیی قووڵە ڕەنگە کردەوەی سێکسیی توندوتیژ، کە ڕۆمانەکەی جۆش داوە بیشارێتەوە: ئەوەی دی ساد دەیەوێت بیخاتە ڕوو، ئەوەیە هەموو ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئازادیی جەستەیی لەگەڵیدا هاوتەریبە.

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٧٩٦ قەڵای لاکۆست فرۆشرا. لە ساڵی ١٧٩٩ ڕۆمانەکەی "جۆستین یاخۆ لە جیاتییەکانی داوێنپاکی" بڵاو کردەوە، دوای ئەویش ڕۆمانی "چیرۆکی جولێت، خوشکەکەی" ئەم دوو ڕۆمانەش یەکیان ئەوی تریان تەواو دەکات: جولێت ڕاستەوخۆ ڕێگەی داوێنپیسی دەگرێتە بەر بەبێ هەستکردن بەتاوان، بگرە بەدوای چێژدا دەگەڕا بەهەر نرخێک بێت، بەڵام جۆستین بەپێچەوانەوە ڕێگەی داوێنپاکیی هەڵبژارد، بەڵام دووچاری داوێنپیسییەکی زۆر سەخت بوو لەگەڵ پیاوانێک خۆیان بەداوێنپاک دادەنا، کەچی بەهەموو شێوازەکان داوێنپیسیی لەگەڵدا دەکەن، تەنانەت لەلایەن ئەو قەشانەی هاتوچۆیانی دەکرد لە کڵێسا وەک گەڕانێک بەدوای داوێنپاکیدا، کەچی فێڵیان لێی دەکرد و لەگەڵیدا ڕایان دەبوارد.

پاش چەند ساڵێک دی ساد خۆی لەبارێکی ناهەمواردا بینییەوە، بۆیە ناچار بوو لە شانۆی ڤێرسایدا کار بکات. لە ٦ ی ئاداری ١٨٠١ بۆ جاری شەشەم زیندانی کرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە کارەکانی لێرە و لەوێ بەدیار دەکەوتنەوە، وەک "تاوانەکانی خۆشەویستی". لە ١٤ی ئاداری ١٨٠٣ دوای ئەوەی پاسەوانەکان بۆیان دەرکەوت مارکیز موغازەلەی چەند زیندانییەکی گەنج دەکات، گواستیانەوە بۆ گرتیگەی سان بیج، کە گرتیگەیەکی ترسناک و تاریک بوو، بەڵام دوای واسیدەی خزمەکانی دەگوازرێتەوە بۆ شێتخانەی شارنتۆن. لەوێ ڕۆمانی "ڕۆژگارەکانی فلۆرییل یاخۆ سروشتی ڕووت" تەواو دەکات، بەڵام پۆلیس دەست بەسەر ڕەشنووسەکەیدا دەگرێت و دەیسووتێنێت. لە ٢ ی ئابی ١٨٠٨ بەرپرسی نەخۆشخانەکە ڕاپۆرتێک سەبارەت بەمارکیز ڕەوانەی وەزیری ناوەخۆ دەکات، تێیدا باسی مەترسییەکانی بوونی دی ساد لەو نەخۆشخانەیەدا دەکات و، درێژەی دەداتێ و دەڵێت: "دی ساد شێت نییە. تەنیا شێتیی ئەو بێ ئیمانییەکەیەتی... هەروەها دەنگۆیەک هەیە گوایە لەناو نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ ئافرەتێکدا ژیان دەباتە سەر بەبیانووی ئەوەی گوایە کچێتی". هاوکات ئەو بەرپرسە داوا لە وەزیر دەکات ئەو شانۆیەی مارکیز لەناو نەخۆشخانەکەدا دروستی کردووە بیڕووخێنێت، چونکە "ترسناکە بۆ نەخۆشەکان" و، دەلیڤەیەکە بۆ گواستنەوەی بیرە ڕووخێنەرەکانی، بۆیە پێویستە ئەم کەسە بۆ گرتیگەیەک یاخۆ قەڵایەک بگوازرێتەوە.

سەرەڕای واسیدەکردنی بەڕێوەبەری شارینتۆن بۆ دی ساد، تاکو بیگوازێتەوە بۆ گرتیگەی Ham. بەڵام دوای هەموو هەوڵەکانی بەڕێوەبەرەکە و خێزانەکەی و گواستنەوەی بۆ ١٥ی ئاداری ١٨٠٩ دوا دەخات. لە ١٨ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا وەزیری ناوەخۆ بڕیارێکی توند دژی دی

ساد دەردەکات، تێیدا دەڵێت: "هەرچی سەبارەت بە دی سادە.. دووچاری ترسناکترین باری شێتبوون بووە، هەر کۆنتاکتێک لە نێوان ئەو و نەخۆشەکانی تردا؛ ترسناکیی بێ چاکبوونەوەی بەدواوەیە. نووسینەکانیشی هیچ لە ڕەفتارەکانی کەمتر نین لە ترسناکیدا. بۆیە بڕیارم دا بگوازرێتەوە ژوورێکی بەتەنیا تاکو هیچ کۆنتاکتێکی لەگەڵ کەسانی تردا نەبێت... گرتنەبەری ڕێنوێنیی ئاگەداربوونیش ئەوەیە نەهێڵن قەڵەم و کاغەز و حوبر بگاتە دەستی، بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەری شێتخانەکە". بەم شێوەیە بەرپرسانی وڵات ڕەفتارێکی توند لەگەڵ مارکیزدا دەگرنە بەر، تەنانەت (ناپلیۆن)یش بڕیار دەدات لە شەماعییەی شارینتۆن بمێنێتەوە. ئەوەی توندییەکە دژی زیاتر دەکات دەرچوونی چەند چاپێک بەنهێنی لە کتێبەکەی "جۆستین" کە وای لە دی ساد کرد بڵێت کە ئەو نووسەری ئەو کتێبە نییە. دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨١٣ بڕیاری قەدەغەکردنی نمایشەکانی نواندنەکانی شێتخانەکە دەرچوو، تەندروستیی مارکیز بەرەو خراپبوون دەچوو، بەبێ ئەوەی چارەسەرییەکان هیچ سوودێکی پێ بگەیەنن.

بەم شێوەیە ئەم ڕۆحە ئازادە زۆربەی ژیانی لە زینداندا بەسەر برد، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٦٣ دەسگیرکردنی دەستی پێ کرد و بۆ ٢٧ ساڵ بەشێوەیەکی پچڕپچڕ زیندانی کرا و دابەشبوو بەسەر ٣ سیستەمی سیاسیی جیاواز و ١١ گرتیگەدا و، دوا شوێنیشی شەماعییە بوو، هەر لەوێش لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٨١٤ کۆتا بەژیانی هات، یان بەهۆی قەتیسبوونی خوێن لە سینگدا یاخۆ بەهۆی بەرزبوونەوەی گەرمیی گەنگەری، بڕیاری پزیشکانی ئەوسا تەواوی هۆی مردنەکەیان دەستنیشان نەکرد، ئەویش وەسێتنامەیەکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت تێیدا داوا دەکات بەهیچ شێوەیەک لە دوای خۆی تابووتەکەی نەکرێتەوە و، دوای مردنی بۆ ماوەی ٤٨ سەعات لەناو تابووتێکی کراوەدا لە ژوورەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، دوای ئەوە دابخرێت و، لە موڵکی خۆی لە مالیسۆنی نێزیک ئیبیرۆن بنێژرێت. بەڵام دەسەڵاتداران لە گۆڕستانی شارنتۆن بەهەمان داوونەریتی خۆیان ناشتییان، کە دی ساد دژی ئەو داوونەریتە بوو.

***

هەندێ لە وتەکانی مارکیز دی ساد:

– تاکو واتای داوێنپاکی بزانین دەبێ یەکەم جار خۆمان داوێنپیسی بکەین.

– چێژی خۆشی لە ئاوەز و هەیەجاندایە، تاوانکارییش تاکە ڕێگەیە بۆ هەیەجان، هەرچی کرداری باشە تەنیا بارێکی سستی و پشووە، ناتگەیەنێتە باری خۆشی.

– لە بێدەنگیی یاساکاندا کارە گەورەکان لەدایک دەبن.

سەرچاوە: سایتی ئیلاف

وتار

# بۆرخیس
# ژیانی پەناگیری و داهێنان


محیی عیدان

لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش


شاعیری ناوداری ئەرجەنتینی (خۆرخی لویس بۆرخیس) لە کتێبخانەکەی باوکیدا کە پزیشکێکی نیمچە دەوڵەمەند بوو، زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکانی مرۆڤایەتی ناسی، خوێندنەوەی ئەو هەموو شاکارە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە گەشەپێدانی بەهرەی شیعری و پەرەسەندنی هەستی جوانکارییەکەی، بۆرخیس زۆربەی کاتی منداڵیی خۆی لە کتێبخانە گەورەکەی باوکی لەگەڵ خوێندنەوەی هەموو جۆرە کتێبێکی مێژوویی و چیرۆک و داستان و فەلسەفەدا بردە سەر، بێجگە لە شیعری جیهانی کە زۆر حەزی لێ دەکرد، لەو کتێبانەی کە زۆر بەپەرۆشەوە خوێندویەتییەوە و بایەخی پێ داوە کتێبی (هەزار و یەک شەوە) بوو، کە حیکایەتە جوان و ئەفسانەئامێزەکانی خەیاڵیان ورووژاند، ئەم کتێبە کاردانەوەیەکی ئەکتیڤی هەبوو لەسەر گۆڕینی بیر و بۆچوونە نێگەتیڤەکانی سەبارەت بە ڕۆهەڵات، ئەمە وای کرد هەستێت بەخوێندنەوەی هەموو ئەو کتێبانەی کە لەبارەی ژیاری گەلان و ئەفسانەکانی ڕۆهەڵات نووسراون، بۆرخیس بەتەواوی سەرسامی حیکایەتەکانی شەهرەزاد بووبوو، کەوا توانی بووی بەیەکجاری شەپۆلی تووڕەبوون و شاڵاوی تۆڵەسەندنەوە لە ناخی شەهرەیاردا ڕاگرێ، کە خیانەتی یەکێک لەو سەدان ژنەی کە هەیبوو لە ناخیدا بەرپای کردبوو، بەقورسیش هەستی بریندار کردبوو، سەبارەت بەمنداڵی خۆی و ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە کتێبی هەزار و یەک شەوە لەسەر ناخی جێی هێڵابوو بۆرخیس دەڵێت: منداڵیم هەمووی بەکتێبخانە گەورەکەی باوکمدا تێپەڕی، باوکم لە خوێندنەوەی هیچ کتێبێکدا ڕێگر نەبوو لە بەردەممدا، تەنانەت ئەو کتێبانەش کە بۆ تەمەنی من نەدەگونجان، من کتێبی هەزار و یەک شەوەم لەمسەرەوە تا ئەو سەر خوێندەوە، بەمەش ئەفسونگیری خۆی کردم، دوایش بۆم دەرکەوت


"منداڵیم هەمووی
بەکتێبخانە
گەورەکەی
باوکمدا تێپەڕی،
باوکم لە
خوێندنەوەی هیچ
کتێبێکدا ڕێگر
نەبوو لە بەردەممدا"

من هەرگیز لەو کتێبخانەیە نەهاتومەتەدەر..

بۆرخیس بڕیاری نەدابوو ببێت بەهۆزانڤان یان ڕۆمـاننووس، وەلێ گیانی گۆرانیبێژێکی گەڕۆک کە لە ناخیدا بوو، لەگەڵ ژیانی گۆشەگیری و ترسی لەدەستدانی چاوەکانی کەوا ڕۆژ بەڕۆژ کزتر دەبوو وای لێ کرد شیـعر بهۆنێتەوە، ئەمەش وەک خۆشنودییەک لە بەرانبەر ئەو خـەمۆکییەی کەگەمارۆی دابوو، تا ڕادەیەکیش بێتاقەتی کردبوو، بۆرخیس ئەگەر گۆرانی بزانیبایە ئەوە دەبوو بەگۆرانیبێژێکی گەڕۆکی وەک تۆربادۆکان و شیعرەکانی خۆی بەگۆرانی دەگوتەوە، ئەو بەردەوام قسەیەکی ستیفنونی دووپات دەکردەوە کە دەیگوت (من بۆ ئەوە نەخوڵقاوم ببم بەشاعیر) من تەنیا ئەدەبدۆستێکی گەڕۆکم و قسە دەکەم، گۆرانی ناڵێم... ئەم لێبووردنەم لێ قبوڵ بفەرموون لەبەر خـاتری بووکی شـیـعـر، لەبەرئەوەی من حـەز ناکـەم بێم لە بەردەم خـەڵکێکدا کـە سـەبارەت بەگۆرانیوتن بیر و بۆچونێکیان هەیە داوایان لێ بکەم وا گریمانە بکەن کەوا من هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا ناکەم.

بۆرخیس لە پەناگیرییەکەیدا گەورەترین شت کە دڵتەنگی دەکرد و ئەزیەتی دەدا ئەوە بوو کە بیتوانیبایە لەو شارانەدا کە لەبارەیان خوێندیبەتیەوە بگەڕێ و شیعر بهۆنێتەوە، وەک لەندەن و پاریس و بەرلین و ڕۆمـا و ئەسـینا و مـەدرید، سـەرنجـامـیش هـەروا دەرچوو، بۆرخـیس ئەو ئەدەبدۆسـتـە گـەڕۆکـەبوو کـە لە جـادەکـانی ئەو شـارانەدا شـیـعـری دەوتەوە، باوکی هەمـوو پێداویستییەکی بۆ هەموار کرد، ئەوە بوو ناردی بۆ جنێف تا لە یەکێک لە قوتابخانەکانیدا وانە بخوێنێ و ئامـادەیی تەواو کات، دواتریش زمـان و ئەدەبی ئینگلیزی بخوێنێ، بەتایبەتی شیعر، نیـشـتـەجـێـبوونی لە سـویسـرا سـەرەتایەک بوو بۆ گـەڕان و پیـاسـەکـردن بەزۆربەی شـارە بەناوبانگەکانی ئەوروپادا، لەم چوارچێوەیەشدا سەردانی پاریس و بەرلین و ڕۆما و لەندەنی کرد، فێری زمانی ئەڵمانی و فرەنسی بوو، بێجگە لە زمانی ئینگلیزی کە خوێندبووی، زمانی ئیسپانی دایک کە قسەی پێ دەکرد کارئاسانیی زۆری بۆ کرد تا پێوەندی بکات بەنێوەندی ڕۆشنبیری ئیسپانیاوە، ئەمەش وای کرد بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئیسپانیا بمێنێتەوە، بەتایبەتی لە مەدرید، لەوێش پێوەندی کرد بە (رافائیل کانسینۆس ئسینس) کە گەورەترین پێشەنگی ئەدەبی ئسپانی بوو، بەیەکێک لە دامـەزرێنەرانی مـەزهەبی ( لەودیو سنوورەوە) دەهـاتە ئەژمـاردن، ئەم مـەزهەبە لایەنگر و پشتیوانێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٢٠ بیرۆکەی یاخیبوون و شۆڕشی ڕەهای لە دژی تەواوی ئەو میتۆد و شێوازە ئەدەبییانەی کەوا لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا بڵاو بوون بەرپا کرد، پێـشـەنگکاران و بـانگەوازچیـانی مـەزهەبی لەودیـو سنورەوە (ultraismo) زۆربەیان گـەنجگەلێکی تووڕەبوون، کە هەستی نائومێدی و بێزاربوون لە سـمبولی بزووتنەوەی ئەدەبی ئیسپانی و بەرهەمەکانیان زاڵ بووبوو بەسەریاندا، لەم بوارەشدا هێرشیان کردە سەر چەندان ئەدیب و شـاعیر و فـەیلەسـووفی ناسـراوی وەک ڕۆبن داریوو مـیکیل ئەنا مـۆنۆ کـە فەیلەسووفێکی بوونگەرابوو، لەگەڵ هەردوو برای شاعیر ئەنتۆنیو و مانۆیل مانتشادۆ. بیرس دی

ئایلا تاقـە کەسێک بوو کە لە ڕەخنەی ئەم پۆلە گەنجـە تووڕەیە کە لایەنگیری مـەزهـەبی (لەودیو سنوورەوە) بوون قـورتاری بوو. کاتێک سـاڵی ١٩٢١ بۆرخـیس گەڕایـەوە بۆ وڵاتەکەی ئەرجـەنتین لەگەڵ خـۆیدا یەکێک لە گرینگترین چەمکەکانی ئەم مەزهـەبەی بردەوە ئەویش (تازەکردنەوە بوو تا ئەوپەڕی سنوور)، هـەندێ لە ڕەخنـەگران لە شیـعر و چیرۆکەکانیدا تێیبنی ئەوەیان کرد کەوا ئەم بەرهـەمانە بەروبوومی مەزهـەبی (لەودیـو سنوورەوەن) بۆرخیس شیعر و چیرۆکەکانی لە کۆوارێکدا بڵاو دەکـردەوە کـە خـۆی و چەند هـاوڕێیـەکی دایـان مـەزراندبوو، ئەم کـۆوارەش تەنیـا دوو سـاڵ بەردەوام بوو، سـاڵی(١٩٢٢و١٩٢٣) دوای ئەمـە ئینجـا رۆژنامـەیەکی ئەدەبی بـەناونیـشـانی (ئێمـە nosotros) دەرکـرد، ئەم رۆژنامـەیـە زۆر بەردەوام نەبوو داخـرا، دوای ئەمـەش بـۆرخـیس لەگـەڵ چەند کەسێکدا بەشدارییی کرد لە دامەزراندنی کۆوارێکدا بەناوی (مارتین فییرۆ martin fierro ) ئەم کـۆوارە بـەپێـچـەوانەی ئەوانـەی پێش خـۆیەوە مـاوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، ئەم کـۆوارە لە چوارچێوەی وتار و شیعرەکانییەوە کاریگەری هـەبوو لەسـەر رۆژنامە و کۆوارەکانی تر، خەڵک ناوی (خـۆرخـی لویس بۆرخـیس)یان دەنـاسی، وەلێ بۆ ئـەوەی جـێگەی خـۆی وەک هـۆزانـڤـانێکی چاک بسـەپێنێ، یەکەمین دیوانە شیـعری خۆی بـەناوی (حەماسـەتی بۆینس ئاریس)ەوە چاپ کـرد، دوای ئەم دیوانە خوێنەران و ڕەخنەگران وەک گەورەترین بەهرەی شیعری کە لە مێژووی ئەرجەنتیندا تا ئەو رۆژە سەری هەڵدابێت تەماشای بۆرخیسـیان دەکرد، دوای ئەمە بەماوەیەکی کەم دووەم دیوانی خـۆی بەناوی (ڕووی مـانگ) چاپ کرد، ئەم دیوانە چامـەیـەکی تێدابوو بەناوی (جـەنـەڕاڵ کـیرۆجا بەعـارەبانـە دەڕوات بۆ مـردن) دیوانەکـەشـی بەم چامـەیە نـاسـرا، کـە زۆربـەی خـوێنەرانی پێی سەرسام بوون و ئەزبەریان کردبوو، تەنانەت کاردانەوەی گەشتە زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئەرجـەنتین بەئیسـپانی قسـەیان دەکـرد، (لەژێر ئاسـۆیەکی سامـاڵدا، بێ ئەوەی هـەست بـەتینوێتی بکات ڕێ دەکـات، مـانگیش لـەبەر سـەرمـای بـەیانیدا دەلەرزێ، کـێڵگە پان و بـەرینەکە لە برسـانا بەفەوتـان چووە، عەرەبانەکە هـەروەک جاڵجـاڵۆکەیەکی هـەژار دەلەرییـەوە، لە ژانی هـەڵزنان هـاواری دەکـرد، لەناو هـاتوهـاواری عـارەبانەیەکی گـەورەی قـورسی پانوپۆڕی جـەنـازەئامـێـزدا، کـە چوار ئەسـپی داپۆشـراو بەڕەنگی ڕەشی پرسـەکار ڕای دەکێشـێ، ئەویش لەگەڵ خـۆیدا شـەش ترس و ئازایەتییەکی ڕابوو ڕادەکێشێ، بەسەر پشتی ئەسپەکانیشەوە پیاوێکی ئەسـمەر سواربووە، چەند دڵخـۆشـە کە بەعـارەبانە بۆ مـردن دەچێت! ئەم پیـاوە کـیرۆجـایە دەیەوێ بەناو شـەش یـان حـەوت پاسـەوانی کوژراودا بچێتە نـاو ئاگرەوە، ئـەمە گەمـەیەکی قـورتوبەییـە گاڵتە و درێوی پێوە دیارە، کیرۆجا بەخۆی وت: کێ دەتوانێ بەسـەر هـەناومدا زاڵ بێت؟).

هونەری داهێنانی بۆرخیس:

داهێنان لەلای بۆرخیس جۆراوجۆر بوو، تەنیـا بەشیـعرەوە نەوەسـتـا، بگرە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هـەر دیوانە شیعرێکیدا کۆمەڵێ پەخشـانی کورتیشی بڵاو دەکردەوە، ناوەڕۆکی حیکایەتەکان هێما

ئامێزبوون، پڕیش بوون لە حیکمەت و پەند و وتەی بەنرخ و ئاکاری پەروەردانەی مانادار، بۆرخیس ئەمانەی بەشێوازێکی شاعیری وا ناسک دەنووسی بووبوونە جێگەی دڵخۆشی خەڵک و بۆیەکتریان دەگێڕایەوە، تەنانەت (رامۆن جۆمێس دی لاسیرنا) کە شاعیرێکی هاوزەمانی بۆرخیس بوو، لاسایی بۆرخیسی دەکردەوە لە گێڕانەوەی ئەو حیکایەتانەی کەوا مەدلول و ئاماژە و پەندی تێدابوو، هەروەها بۆرخیس زۆر بایەخی بەئەفسانە و خورافات دەدا و لە شیعر و حیکایەتەکانیدا بەرجەستەی دەکرد، هەروەها داستانە شیعرێکی لەبارەی بنیاتنان و مێژوو چۆنیەتیی بوونی بۆینس ئایریس بەپایتەخت نووسی، ئەمەش وەک داستانە شیعرێکی هونەری بەرز سەیر کرا، کەوا لەلایەن هۆزانڤانێکی داهێنەری وەک بۆرخیسەوە نووسراوە (بەرەو ئەم رووباری خەونانە و ئەم رۆخ و لە بەپیتە، پەرچەمەکان هاتن تا نیشتمانێکم بۆ بنیاتنێن، تێپەڕین بەسەر ڕووپەڕی ئاودا، ڕێ پێشاندەرن بەڕەنگی ئاڵووالآیانەوە، لە نێوان سەوزەڵانی پێچ پێچی رۆخەکە و شەپۆلە خەڵەتێنەرەکاندا، ئەگەر بەوردی سەیری دۆخەکە بکەین دەڵێین رووبارەکە ڕەنگی شین بووە، لەبەرئەوەی ڕەگی لە ئاسمانەوەیە، لەسەر ڕووبەری ئەستێرەیەکی سوور دەبریسکێتەوە، تا ببێتە هێمایەک بۆ سەر ئەو شوێنەی کە خوان دیاس و هندییە سوورەکان پێکەوە سێوێکی گەورەیان لەبەربەیان و لەژێر باراندا بەچاوێکی خەواڵووەوە خوارد)...

بۆرخیس وێڕای نووسینی کورتەچیرۆک و پەخشان و پەند، بۆ ئەوە لەدایک بووبوو تا ئەبەد شاعیر بێت، سەبارەت بەنەنووسینی رۆمانیش دەڵێت (ناتوانم، من تەمبەڵم، رۆمانیش ماندووبوونێکی زۆری دەوێت... ئینجا ئێمە ئەوە دەنووسین کە لە توانامانداییە، گرینگ ئەوەیە نووسەر لەوەی کە دەینوسێ چوار پێنج لاپەڕەیەکی بۆ بمێنێتەوە). بۆرخیس زۆرترین دیوانە شیعری بەچاپ گەیاند لەگەڵ کۆمەڵێ کۆچیرۆک و حیکایەت و ئەفسانەدا، هەروەها کۆمەڵێ شێوازو ڕێگەی نوێی بۆ نووسین داهێنا وەک (حیکایەت لە حیکایەتدا، چیرۆکی فەلسەفی، وتارە چیرۆک، پەخشان بەهەموو شێوەکانی، گەمەی هەرمان و کات، تێهەڵکێشکردنی خەون و واقیع، ئاوێنەی گۆڕانکار، وێڵگەی یۆتۆبیا، لەگەڵ دەستهەڵبەستکردنی چیرۆکی گەمەئامێز لەبارەی کەسانی تر، بەبێ بەهانەی جوانکاری، وەک خۆی دەیگوت) لە بواری شیعر و پەخشانە شیعردا بۆرخیس کۆشیعری (پڵنگی خەونی) بەچاپ گەیاند (لە منالیمدا گڕکانێک بووم لە پڵنگپەرستی: نەک پڵنگی بازوو بەقەوزەی ئەمازۆن و دوورگەی کچانی سەرئاو کەوتووی رووباری "ئەلبارنا" بگرە پڵنگی پاشای ئاسیایی خەتخەت، کە هیچ کەسێک ناوێرێ ڕووبەڕووی ببێتەوە جگە لە شەڕوانی سەر پشتی فیل ....) وەلێ لە پەخشانە شیعری (دالیا ئلینا سان مارکۆ) لە هەمان کۆشیعردا بۆرخیس ویستی بزانێ مرۆڤ بۆچی دەڵێت بەدوعا " خواحافیز" (جارێکیان لە سووچێکدا وتمان خواحافیز، لە شۆستەکەی بەرانبەرەوە پێچم کردەوە، تا تەماشایەک بکەم، بینیم تۆش هەروەها ئیشارەم بۆ دەکەی، نێوانمان رووبارێک بوو لە بنیادەم و عەرەبانە، لە نیوەڕۆیەکی سادەوساکارا، کاتی ئەوە هاتووە بزانم لەسەر رۆخی (ئاشرون)ی دڵتەنگ، بێجگە لە نشوستی شتێکی تر هەیە

یان نییە؟ جارێکی تر یەکمان نەبینییەوە، پاش ساڵێک من مردبووم) بۆرخیس ڕووداوە مێژووییەکانی لە شیعرەکانیدا تەوزیف دەکرد، هەروەک لە چامەی ( پیلاندا) کردی، کە باس لە کوشتنی یولیۆس قەیسەر دەکا، ئەم مەوزوعەشی لە شێکسپیرەوە بەهەمان ناوەوە خواست (بۆ ئەوەی قەیسەر بەتەواوەتی بترسێ، هاوەڵەکانی پاڵیاندا تا بکەوێ بەسەر دەستوپێی پەیکەرەکەی بنحنادا، پەنجەرەی ئارامگرتن کەمەنکێشی کرد، بەڵام لە نێوان شیفرە و شێوەکاندا ڕوومەتی مرسیس جینیوس بروتسی خزمەتکار دەدۆزێتەوە، کە لەوانەیە کوڕیشی بێت، لەوێندەرێ لە بەرگری کەوت و وتی: تەنانەت تۆش کوڕەکەم!) .

چەند پارچە شیعرێک لە دیوانی (خود و ئەوانی تر).

١-بۆ خوێنەرەکەم:
گەردوون وەک تۆ ئەی (برتس) لێڵە،
هەر دەچیتە ناو ئەو تاریکییەوە کە لە بۆسەدایە بۆت،
وابەستە بەسنووری کاتی کۆچکردنت،
بەهەستەکانت دەزانی ئێستا تۆ مردووی.

٢-گوڵێک
(ئەمە دوا چامە بوو کە بۆرخیس نووسی)
گوڵێک:
گوڵێک لە پشتی شیعرەکانمەوەیە هەڵناوەرێ،
گوڵێکی تەواو و دەسکدار،
گوڵێک لە باخچە ڕەشەکە، لە قووڵاییی شەوێکمدا
گوڵی کام باخچەیە ئەی شەو.
لە چامەی (هەستکردن بەخۆشەویستی)
چ سۆزدارییەک لە نیگاکانتدا نییە، برۆکانت جوانن هەروەکو جەژن،
نەلاشەی گڕگرتووت، کە هێشتا مەتەڵێکی مناڵانە و سامانێکە،
هیچم پێ نابەخشێ لە ژیانت، ڕۆچووە لە وشەکان و بێدەنگییەکاندا،
هەر دەبێت وەک بەخشین گیراو بێت،
بینینی نووستنت لە وریایی باسکمدا شاردراوەتەوە.

بۆرخیس شیعری چوارینەشی نووسیووە، بەمەش ئەو بیرۆکە رەسەنەی سەلماند کە دەیەویست بیگەیەنێتە خوێنەر: (کتێب خەڵک دایناێ، بەڵکو ڕۆژگار و ڕووداو دای دەنێن، زەمانە دەینووسێ وەک خۆمان دەڵێین، زەوی دەینووسێ وەک جوگرافیناسەکان دەیڵێن).

بۆرخیس جۆرە چامەیەکی نووسی کە تێیدا پشتی بەشێوازی چوارینە دەبەست، ئەمەش وەک پەرچەکردارێک بەرانبەر بەو داستانەی کە شاعیری ئیتالّی (لوجی ئەریوستۆ/ ١٤٧٤-١٥٣٣) نووسیبووی کە بۆرخیس زۆر پێی سەرسام بوو، ئەو لەو شیعرەیدا باسی ئەو ململانێیە چەکدارییەی کردبوو کە لە نێوان عەبدولڕەحمان ئەلغافقی کە لە رۆئاوا ناسراوبوو بە(ئیگرامانتی) و شارلمان پاشای فرەنسا، چامەکەی بۆرخیس بەم چوارینە جوانە کۆتایی دێت کە دەڵێت:

کتێبێک بێدەنگ، تێپەڕی بەبەرهەیوانێکی چۆڵدا

چون گەشتیارێک بەنێو زەمەنێکی لێڵدا

گوزەری کرد گڵۆپەکان و ساتەکانی ئەم شەوگارە تاریکە بەشوێنیدا

هەروەها ژیانیشم لەم خەونە خێرایەدا

ساڵی ١٩٦٨ بۆرخیس بەتەواوەتی بینینی لەدەست دا، ئەم کوێربوونەشی وەک خەڵاتێک بوو بۆی لەگەڵ ئەو دامەزراندنەیدا وەک رازگری کتێبخانەی نیشتمانی کەوا زیاتر لە (٨٠٠,٠٠٠) کتێبی تێدابوو، لە چامەی (لە ستایشی سێبەردا) دەڵێت (ئەم نیمچە سێبەرە، هێواش و لەسەرخۆیە، هیچ ژان ناکات، دەخزێ بەسەر لاپاڵێکی نەرمدا، هەر دەڵێی ئەزەلە) بۆرخیس رێز و ئیحترامی هەموو کەسێکی بەدەست هێنابوو، تەنانەت لایەنگرانی دیکتاتۆری ئەرجەنتینی فاشستیش (خوان بیرۆن) کە زۆر دوژمنی بۆرخیس بوو، بیرۆن زۆر لە رۆشنبیران دەترسا بەتایبەتی شاعیران، بیرۆن وەک زۆربەی نازی و فاشییەکان رقێکی سەیری لە هەموو رۆشنبیران بوو، ئەی ئەوە نەبوو گۆبلزی بەرپرسی پڕوپاگەندەی هیتلەر دەیگوت هەرجارەی لە بەردەممدا ناوی هەر رۆشنبیرێکی دیموکراتیخواز یان کۆمەنیستێک دەهێنن دەست دەبەم بۆ مشتووی دەمانچەکەم، خوان بیرۆنیش بەهەمان شێوە لە بۆرخیس دەترسا، بۆیە بڕیاری گواستنەوەی لە رازگری کتێبخانەوەدا بۆ وەزیفەیەکی تر کە هیچ پێوەندییەکی بەرۆشنبیرییەوە نەبوو، هەڵوێستی بۆرخیس لەبارەی دیکتاتۆری فاشی (بیرۆن) جێگەی ستایشی هەموو چین و توێژەکانی ئەرجەنتین بوو، بۆرخیسی شاعیر و ئینسان ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەک ئاشتەوایی لەگەڵ فاشیست و رێژیمی بیرۆنیدا بکات، بەتایبەتی ژنەکەی بیرۆن ئیزابیلا کە سەماچی مەلهە هەرزانباکان بوو بەپاڵپشتی بزووتنەوەی بیرۆنیەوە دەسەڵاتی گرتبووە دەست، بۆرخیس ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی بەدرێژایی هەشتا ساڵ ژیانێکی پڕ لە مانا و داهێنان ژیا (سەیری ڕومەتم کە، ناوم لەوانەبوو کە ببێ" هەروەها ناوی خۆمم نابوو "هیچ کەسێک" و" زۆر درەنگ کەوتم " و" خواحافیز".

ژێدەر: رۆژنامەی الاتحاد، ژمارە (٢٣٣٤) ٢٠١٠/٢/١٥

دیمانە

ئازاد بەرزنجی:

# وەرگێڕان سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی دەقێکە لە سیستەمێکی زمانەوانی و کولتووریی تردا

سازدانی : ئەردەڵان عەبدوڵڵا

یەکێک لەو نووسەرانەی بەردەوام گرینگی بەهونەری وەرگێڕان دەدا و لەم بوارەدا چەندان کاری ناوازەی وەرگێڕاوە، چ لە فارسی، یا عەرەبی، یا ئینگلیزییەوە بووبێت. پتریش کار لەسەر وەرگێڕانی ڕۆمان دەکات و تا ئێستا بەدەیان ڕۆمانی کردووە بەکوردی. ئەو سەبارەت بەوەرگێڕان ڕای وایە جوانترکردنی دەقەکە گرینگە نەک بەتەنیا پرۆسەی وەرگێڕانەکە، دەڵێت "حەز دەکەم لە وەرگێڕاندا خائینێکی جوان بم، نەک ئەمینێکی ناشرین". ئەو بەمەبەستی کردنەوەی پەنجەرەیەک بەڕووی داهێنان و ئەدەبی میللەتانی تردا کاری وەرگێڕان ئەنجام دەدات.

* لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتاندا دەڵێن، کورد  هیچ بیرمەندی نییە. پێتان وا نییە کەمێک توندڕەویتان لەم بۆچوونەتان کردبێت؟

– ئەمە کەوتووەتە سەر ئەوەی کە چۆن دەڕوانینە کەسی بیرمەند و چۆن لە چەمکی بیرمەند دەگەین. مەرج نییە هەر کەسێک خۆی لە قەرەی مەسەلە فیکرییەکان دا؛ بتوانین بە بیرمەند ناوی بەرین، یان هەر کەسێک دوو سێ بابەتی فیکری و لێکۆڵینەوەی فیکریی نووسی پێی بڵێین بیرمەند. بیرمەند کەسێکە خاوەنی میتۆدێکی دیاریکراوی خۆیەتی و لە ڕێی ئەو میتۆدەوە گوتاری فیکری بەرهەم دێنێت. گوتارێک کە کاریگەریی دیاری لەسەر ڕەوتی فیکری و ڕۆشنبیریی



من بۆ خۆم هەر لە سەرەتای ژیانی خوێندنەوە و
نووسینمەوە؛ هەم بایەخم بەبواری ئەدەب داوە و هەم بواری
فیکریش. بۆیە ئەو پێوەندییەم بەو دوو دنیایەوە لە کاری
وەرگێڕانمدا ڕەنگی داوەتەوە

کۆمەڵگەکەی دەبێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە دنیای ڕۆشنبیریی خۆمان پێم وا نییە ئێمە خاوەنی ئەم جۆرە بیرمەندە بین. بەڵێ، نکوولّی لەوە ناکرێ کە لە مێژووی ئێمەدا کەسانێک هەبوون ناوبەناو هەندێ مەسەلەی فیکرییان ورووژاندووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی بەرهەمهێنانی گوتاری فیکری لای ئەوانە و لە باشترین حاڵەتدا لە قسەکردن لەسەر هەندێ دیاردە و خستنەڕووی هەندێ ڕەخنە و گفتوگۆ لەسەر هەندێ مەسەلە تێپەڕی نەکردووە.

* ئێوە دەڵێن، کورد بە درێژایی چەندان سەدە لە بواری فیکردا بێدەنگ بووە. ئاخۆ بوونی ئەم هەموو بزاڤە ئاینی مەزهەبییەی کە لە کوردستاندا هەیە، کە هەر یەکەیان خاوەنی تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان بۆ ژیان، نیشانەی بوونی بزاڤی فکری ناگەیەنێت؟

– قسەکردنی من قسەکردن نەبووە لەسەر عەقڵی دینی لای کورد، بگرە قسەکردن بووە لەسەر عەقڵی فەلسەفی و عەقڵی زانستی. بەڵام تەنانەت لە بواری فیکری دینیشدا با تەماشا بکەین و بپرسین فەرموو ئێمە چەند کەسی وەکو عەبدولکەریم سرووش و عەلی شەریعەتی و فلان و فیسارمان هەیە؟ بەشێکی زۆری ئەو بزاڤە ئاینی و مەزهەبیانەی لە کوردستاندا هەبوون و هەن لەناو ڕەحمی ئاینی ئیسلامەوە هاتوونەتە دەرێ، کە لە بنەڕەتدا ئاینێکی سەر بە نەتەوەی عەرەبە و لە ڕێی فتوحات و دەعوەوە بەناو میللەتانی تری غەیرە عەرەبدا بڵاو بووەتەوە و کۆی ئەو مەسەلانەش کە بوونەتە تەوەری ئەو بزاڤە ئاینی و مەزهەبییانە لەو مەسەلانە دەرناچن، کە لە دەقی کتێبی پیرۆزی موسڵمانانىدا خراونەتە ڕوو. ئێمە نابێ بزاڤی فیکرییش لەو بزاڤە ئاینی و مەزهەبییانەدا کورت بکەینەوە.

* نووسەری فرەنسی جۆرج ستاینەر دەڵێت: تێگەیشتن، مانای سەرەکی وەرگێڕانە. بیرمەندی فرەنسیش پۆل ریکۆر دەڵێت: کاری وەرگێڕان نێزیککردنەوەی خوێنەرە لە نووسەر، یان بەپێچەوانەوە. ئاخۆ ئێوە چۆن پێناسەی وەرگێڕان دەکەن؟

– وەک لە زۆر شوێندا وتوومە، وەرگێڕان سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی دەقێکە لە سیستەمێکی زمانەوانی و کولتووریی تردا. هەڵبەت ئەم خوڵقاندنەوەیەش زەحمەتە کوتومت وەک ئەسڵەکە بێت، بەڕای من نابێ واش بێت. ئەوەی داوای ئەم کوتومتییە دەکات لە گەوهەری پرۆسەی وەرگێڕان و هونەری وەرگێڕان تێ ناگات. دەقێک کە لە کولتوورێکی دیاریکراودا بەرهەم دەهێنرێ، ڕەهەند و دەلالەتی تایبەتیی خۆی هەیە و کاریگەریی لەناو کۆنتێکستی ڕۆشنبیریی ئەو کولتوورەدا جیاوازە لە ڕەهەند و دەلالەتەکانی هەمان دەق لەناو کۆنتێکستی ڕۆشنبیریی ئەو کولتوورەی تردا کە دەقەکەی بۆ وەرگێڕدراوە. هەڵبەت لێرەدا دەبێ جیاوازی لە نێوان وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان و دەقە فیکری و فەلسەفی و زانستییەکاندا بکەین. لە حاڵەتی دەقە ئەدەبییەکانی بۆ نموونە وەکو

چیرۆک و ڕۆماندا؛ ئەوا گەیاندنی مانا چەند گرینگە هێندەش خولْقاندنەوەی لایەنی ئیستاتیکیی دەقەکە گرینگە. بەلاّم ئەمە بۆ کارێکی فیکری جیاوازە لە وەرگێڕانی کارێکی فیکریدا، هێندەی گەیاندنی مانا و چەمکەکانی گرینگە، هێندە فۆرمەکە گرینگ نییە، مەگەر لە هەندێ حالّەتی تایبەتیدا نەبێت؛ بۆ نموونە کارێکی وەکو" زەردەشت بەم جۆرە ئاخافت"ی نیچە، کە ئەگەرچی کارێکی فەلسەفییە؛ بەلاّم فۆرمێکی ئەدەبیی بەخۆیەوە گرتووە و خولْقاندنەوەی ئەو زمانە سیحرییە هەروا سانا نییە.

* ئێوە دەڵێن پێویستە گرینگی بەوەرگێڕانی کاری فکری و فەلسەفی بدەین. ئاخۆ ئەمە زوڵمێک نییە لە ئەدەب؟

– من وەختێ جەخت لەسەر گرینگیی وەرگێڕانی کارە فیکری و فەلسەفییەکان دەکەمەوە؛ ئەمە بەو مانایە نایەت  کە وەرگێڕانی کارە ئەدەبییەکانم بەلاوە گرینگ نییە. هەر بۆ سەلماندنی ئەمەش؛ بەشێکی زۆری وەرگێڕانەکانی خۆم کاری ئەدەبین (ڕۆمان، چیرۆک، شیعر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی... هتد.) بەلاّم ئەو ڕایەی من لەوێوە سەرچاوەی  گرتووە کە بۆ فەراهەمکردنی زەوینەیەکی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی فیکر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پێویستمان بە کتێبخانەیەکی وا هەیە، کە سەرچاوەکانی فیکر و فەلسەفەی مێژووی مرۆڤایەتیی بە زمانی کوردی تێدا بێت. ئەمەش بەمانای فەرامۆشکردنی دنیای ئەدەب نییە.

* ئێوە لە هەردوو بواری ئەدەب و فیکردا کتێبتان وەرگێڕاوە. ئاخۆ باشتر نییە تەنیا لەسەر ژانری ئەدەبی کاری وەرگێڕان بکەی؟

– پێم وا نییە ڕێگرێک هەبێت لە بەردەمی وەرگێڕێکدا ناچاری بکات بەتەنیا لە یەک ژانردا کاری وەرگێڕان ئەنجام بدات؛ تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێ ئەو وەرگێڕە لەو بوارەدا باکگراوندێکی هەبێت و لە ئاستی وەرگێڕانی ئەو کارەدا بێت، ئیدی کارەکە ئەدەبی بێت یان فیکری.
من بۆ خۆم هەر لە سەرەتای ژیانی خوێندنەوە و نووسینمەوە؛ هەم بایەخم بەبواری ئەدەب داوە و هەم بواری فیکریش. بۆیە ئەو پێوەندییەم بەو دوو دنیایەوە لە کاری وەرگێڕانمدا ڕەنگی داوەتەوە. بەلاّم من لافی ئەوە لێ نادەم کە لەو دوو بوارەدا چەند سەرکەوتووم و ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ ڕەخنەگر و بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم.

* لە سەرەتادا خەریکی وەرگێڕانی ئەدەبی ئەوروپایی بوون ، بەلاّم لە دوا بەرهەمتاندا، بەرەو دواین شوێنی رۆهەلاّت "ئەفغانستان" گەڕاونەتەوە. هۆکاری ئەم  گۆڕانە چییە؟

– ڕاستییەکەی من دنیای ئەدەب بەدنیا ڕاستەقینەکەی ئادەمیزاد دەزانم. بەو مانایەی لە ئەدەبدا مرۆڤ وەکو خۆی بەگۆشت و خوێنەوە دەبینین لە ململانێیدا لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خۆیدا،

لەگەڵ دەسەلات و داوونەریتەکانی کۆمەڵگەدا، لەگەڵ هێزە مادی و میتافیزیکییەکاندا. واتە مرۆڤ لەناو دنیای ئەدەبدا بوونەوەرێکی زیت و زیندووترە و گەلێ غەم و کێشەی هاوبەشیش هەن، کە ئادەمیزادەکان لە زۆر شوێنی ئەم گۆی زەوییەدا پێکەوە دەبەستنەوە. هەڵوێستی ئینسان بەرامبەر بەخۆشەویستی، بەرامبەر بەمردن، بەرامبەر بەدەسەلات و دیکتاتۆری، بەرامبەر زۆر شتی تر لە زۆربەی پنتەکانی ئەم جیهانەدا نێزیکن لەیەکەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێت کە هانی دابم هەر دەقێک (جا ئیدی ئەورووپی بووبێت یان ڕۆهەلاتی) بەڕوحی ئادەمییانەم ئاشنا بووبێت؛ هەڵی بژێرم و تەرجەمەی بکەم بۆ کوردی. لە ئەدەبی ئەورووپیدا نموونەی زۆر لەو ئەدەبە ئینسانییە هەیە، وەک چۆن لە ئەدەبی ڕۆهەلاتیشدا. سەبارەت بە دوابەرهەمیشم کە وەرگێڕانی (هەزار خۆری درەوشاوە)ی خالید حوسێنی بوو؛ وەختێ ڕۆمانەکەم خوێندەوە، هەستم کرد نموونەی ئەو مریەم و لەیلایانەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەم نین، کە بوونەتە قوربانیی دەست داوونەریت و هەوا و هەوەسی پەتریاک و پیاوسالارەکان، ئەمە جگە لە لێکچوونی کۆمەڵێک بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و هێزە توندڕەوە دژ بەیەکەکان و هتد...لە نێوان کۆمەڵگەی ئەفغانی و کۆمەڵگەی کوردیدا. هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ بڵێم کە نوقڵێتێکی تری ئەفغانیشم تەرجەمە کردووە ئامادەی چاپە، بەناوی (خاک و خۆڵەمێش) کە لە نووسینی (عەتیق ڕەحیمی)یە.
بەلام ئەم ڕووکردنەی ئەم ماوەیەم لە ئەدەبی ئەفغانی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پشتم کردبێتە ئەدەبی ئەورووپایی، نەخێر. هەر بۆ نموونەش لە ئێستادا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی (سامۆییل بێکیت)م کە ناوی (مالون دەمرێت)ە. یان دەشێ سبەینێ دەقێکی تری ئەورووپایی سەرنجم بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و بیکەم بەکوردی.

* لە سەرەتای نووسینتاندا کۆمەڵێک کورتە چیرۆکتان نووسی و پاش ئەوە وازتان هێنا. ئاخۆ هۆکاری ئەم وازهێنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە بواری وەرگێڕاندا سەرکەوتوو بوون و لە ئەدەبدا سەرکەوتوو نەبوون؟

- لە نەوەدەکاندا چەند کورتە چیرۆکێکی خۆم بەچاپ گەیاند بەناوی (تەرمی نەناسێک). سەبارەت بەوەی کە ئەو چیرۆکانە تا چەند سەرکەوتوون یان سەرکەوتوو نین؛ دیسانەوە ئەوە دەدەمەوە دەست ڕەخنەگران و خوێنەران. بەلام لێتی ناشارمەوە کە بەردەوام نەبوونم لەسەر نووسینی چیرۆک بۆ دوو هۆ دەگێڕمەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە هەست دەکەم وەرگێڕان پانتاییەکی زیاتری لە ژیانمدا داگیر کردووە و وەختێکی زۆری بردووم و تازە ناشتوانم دەسبەرداری بم و چەند بە زەروورەتێکی کولتووری و ڕۆشنبیریی دەزانم، هێندەش بە زەروورەتێکی ڕوحی بۆ خۆم. دووەم هۆ ئەوەیە کە من نامەوێ لە هیچ کارێکدا زۆر لە خۆم بکەم. نامەوێ هەر لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم نووسیوە؛ ئیتر بەسەر خۆمدا فەرزی بکەم کە دەبێ لە چیرۆکنووسیندا بەردەوام بم. دەشێ سبەینێ هەوڵی تری لەو جۆرەم هەبێت؛ بەلام مەرجیش نییە. دەنا من سکێچ و بیرۆکەی کۆمەڵێک چیرۆکی تریشم هەن، بەلام کارم تێدا نەکردوون و هەروا جێم هێشتوون.

شیعر

# شەبەنگی شینی ژمارەکان

هاشم سەڕاج

١-٢

٣٤٠

دەمرم

و

لە

بونیادی شینی

گەوهەری جوانیت

ناگەم!




٣٤١

موبتەلای

سەوزە زیوی پەرشی

ڕوخساری ئاڵتم

دەڵێی

گڵۆپێکی شینی

شاراوەی

سوبحانییە

لە پڕێکا

دەدرەوشێ

و
لەگەڵ
لەنجەی
خەندەی سپی
و
گەمەی
نیگای زەیتوونیت
دەروونم
خاپوور دەکا!

٣٤٢



جارێ
چێژ
لە
شەراب و میوەی شین
و
کراسی کەسکی تاریکت
وەردەگرم
دواتر
ئاماژەکانی
ڕووناکیی ڕوخسار
و
هێمای
چاوە زەردەکان
و
خڕیی
بەهێکانت
لێک دەدەمەوە !

٣٤٣

ئەی جوانی
وەرە

نێو
جەستەی زمان
با
شیعرم
شین بچێتەوە!

٣٤٤
سپی لە ڕەش جوانتر نییە
ڕەشیش هەروەتر
سەیری
ئەو شۆخە
شینپۆشە
لە کتێبفرۆشییەکی
سارددا
بەدوای عەتری سپی
و
شیعری گەرمدا
دەگەڕێ
و
لە جوانییان
ڕەش دەچێتەوە!



٣٤٥
شێتی
جوانییە جیاوازەکانی
جەستەتم
گیانت
خاوەندی
چ
جۆرە
جیاوازییەکی
شینە!

٣٤٦

شـین
لەگەل ئەوەی ڕەنگە ژمارە و ئاوازیشە
شـین
هەم ڕەنگ و عەترە هەم  ژمارە و ئاواز
من
بەعەتری ئاوازی ژمارەی ڕەنگت
مەست و حەیرانم!

٣٤٧

من
له ماڵی
شـین و بێدەنگی
زماندا
نیشتەجێم
تۆ
له کۆشکی
کەسک و بەژاوەژاوی
مەلەکووت!



٣٤٨

ساردیی لەشت
ئاگرێکی شینە
له کحول
گەرمیی گیانت
سەهۆڵبەندانێکی زەرد
له کبریت!

شیعر

# کێڵگەی وشەکان

بورهان ئەحمەد




گۆڕستان،
یادەوەری قاسەیە
گیرفان،
یاداشتنامەی زێرابە
***
کورسی،
باسک و مەچەکی کڕنۆشە
پێ و پلی سستییە
لەنێو زەلکاوی تەمەڵی
***
قەرەوێڵە،
باپیرە گەورەی
سەرینی پاڵدانەوەیە
لەژێر ڕەونەقی
پا و پووزی
خۆرێکی ڕەشی شێدار
***

قەڵەم،
قۆڵی دووربینە
بۆ بووژانەوەی مانگ
لە شەوێکی ڕووناکدا
***
نووسین،
گۆڕینی دیکۆری سینەیە
لە بانیژەی هەستدا
لادانی پەردەیە
لەسەر شانۆی مێشک
***
ڕێگای دوور
خەیاڵی دەوێ
باڵابەرز،
باخێک هەنجیری شیلەدار
بەری هێرشی زەردەواڵەی گرتووە
کۆڵانی پێچاوپێچ
ئەوسەری دەگاتە
ئەندێشەی قووڵی فەنتازیا
***
سفرەی پڕ
لە دەرەوەی ماڵ
ئاژاوەی نیشتمانە
ئاژاوەیەک دۆست لەگەڵ ئاشتی
ئاشتییەک نەگونجاو لەگەڵ ئازادی
ئازادییەک زویر لەگەڵ هەمووان
هەمووانێک ناتەبا بەیەکتر
ناکۆک بەرانبەر بە وتنەکانی دوێنێ
دەستەمۆ بەحیکایەتەکانی
سەدەیەک پێش ئێستا



شیعر

# گەر دەمزانی!

تەیب جەبار

گەر دەمزانی!
ئەم بەهارە،
داستانی سەوزایی نانووسرێتەوە،
ئەنجوومەنی باڵای بارانم،
هەڵدەوەشاند.
گەر دەمزانی!
ئەم هاوینە،
ڕووبەری گەرما ناپێورێ،
بەڕێوەبەری خۆرەتاوم..
دەدا بە دادگا.
گەر دەمزانی!
ئەم پایزە،
دووکەڵی هەڵوەرین..
دارستان داناپۆشێ،
باخەوانی خەزانم،



خانەنشین دەکرد.
گەر دەمزانی!
ئەم زستانە،
دەستنووسی بەفر چاپ ناکرێ،
دەزگای چاپ و پەخشی هەورم..
دادەخست.
گەردەمزانی!
ئەم وەرزە،
شیعر لەگەڵ..
بەشە خۆراکدا نادرێ،
چەکی ڕەوانبێژی..
پڕ وشەی گڕدارم،
بەسەر شاعیراندا..
دابەش دەکرد و پەلاماری..
وەزارەتی بازرگانیمان دەدا.

مایس ۲۰۱۱



شیعر

# دڵێک پڕ لە باخی گێلاس

کەژاڵ ئیبراهیم خدر



١

ئێوارەیەک کەوتمە نێو ڕۆحی
شەرابی دڵێکی تەنها و
عەرشی عەشقێکی پڕ لە زەردەخەنە
لەگەڵ وەرزی ئاو و گەڵا و ئەستێرەکان
تیکەڵاوی بۆنی وەرزی
شەپۆلی باران و
سەمای مەرگی غەمگینی ئێواران و
بۆنی نەغمەی چەپکێ
پەڕەی گوڵێکی ژاکاوی
پڕ لە ئەسرینی دڵڕەقی و
شەپۆلێک لە خەیاڵی مەستی
لێوانلێو لە سپێدەی هەڵمژینی
خەیاڵ و خولیای دڵێکی تینوو؟!
خەمناک بەشکۆفەی وەرینی گوڵ
تاڤگەیەکت لە بارانی سەمای بەفر
بەجریوەی کەرنەڤاڵی چۆلەکەیەکدا بۆ ناردم

تاکو نیگایەک لە باخچەی خۆشەویستی
بە دارگێلاس و سنەوبەری ڕۆحمدا
بەسەر نەرمە بارانی تەڕبوونی دڵمدا
بەسادەیی پەخش کات و
وەک مانگێکی پڕ لە فرمێسکی
جەستەی دڵی ڕێبوارێکی ماندوو
پەنجەرەیەک لە ڕووناکی
ببەخشییە چڵە ڕەیحانەیەک
بۆنی غەریبی و ڕۆحی گەڵاڕێزانی
ساباتی هەستی لێ بێت

٢
کە نائومێد بووم لە دەرگای بێدەنگی و
هەڵوەرینی پەڕەی گەڵاکانی
وەرزی تۆراوی سێبەری
گوڵ و ئەستێرە و
زایەڵەی تینوویەتی درەخت و
ئاوێنەی بەجێماوی وەرزی دابڕان
بوومە شەونمی باڵدارێکی تەریو و
چاوەکانم دوا سەفەری
غوربەتی تاریکیی ڕۆژگاری لێ دەتکا و
ڕەنگم پەنجەرەی توولە ڕێگاکانی
چرکەی کووخە بەجێماوەکانی
شەپۆلی باران و دڵی ئاهەنگە مەستەکانی
وەرینی گەڵا و ئاوی دەنووسییەوە



٣
کە ئێواران و شەوانی نائومێدی
پەرچەمی سووری ئاسمانی دڵمی داپۆشی
خونچەی سێبەری گوڵی بەهار
شەرمی لە باخچەی شەتڵی
وەرینی گەڵا دەکرد و

باڵندەی چاوەکانت
بووە پەیکەری مۆمێک
لە مەستی و بەخشندەیی

٤
کە نائومێدی ڕووی تێ کردم
سینەت بووە ئارەزووی بەفری ڕۆحم و
باخی میوەی گوڵەگەنمێکی
پڕ لە سەمای شەراب و
خەونی چیمەنی چرکەیەکی پڕ لە نەغمە و
بەتاڵەکانی سنەوبەری قژت داتپۆشیم
چرپەی لێوت بۆنی گوڵی
تێکئاڵانی سێوی گرتوو
سەوزیی شانەی چاوەکانت
بوونە مانگەشەوی دوا هەناسەی
پڕ غوربەتی تیشکی هەست و
گزنگێک لە گەڵای شەونمی داباراند



٥
کە نائومێد بووم
لە پشت سێبەری هیوای گوڵێکەوە
لە پشت سێبەری شەکەتی
هەتاوی بەیانییەکەوە
کە سیمای ڕوخساری بۆنی
کەناری خەونێکی ڕووتی
لێ دەچۆڕا
تۆ بەدەست تاڵە ئاڵۆزکاوەکانی
پەرچەمت گوڵاو پرژێن کرد
تاکو باخچەیەک لە تریفەی
تاڵی ماچی مانگەشەو
بکەینە باخێک لە دەریای
تەنهایی و بێدەنگی و

بەسەر شەپۆلی خامۆشیدا
چرۆیەک لە گوڵی سێو
بەرین بۆ چرینی گۆرانییەک
کە ئاوێزانی شەرمی یەکتر بن

٦
کە هەستم کرد پڕ دەبێت
لە وەرزی بەهاری باران و
مەستی تریفەی بەربەیان و
گوڵی باخچەی تەمەنی خۆشەویستی
بەدرێژاییی شەو دەبوویتە ئەستێرە و
تۆ لەناو سنگمدا دەخەوتی



٧
کە خەم وەکو تەرزە باری
تۆ پێکەنینت کرد بەسەما
چاوم بووە ئاسمانی ڕێت
بەختەوەریت کردە
کەشتییەکی گۆمی ئاسوودەی بزە و خەندە
دەی گوڵی پڕ باخی گێلاسی
ئاگری خۆشەویستی و پەنجەرەی
بەهەشتی ڕووناکی
لەناو باوەشما تێر بخەوە
تا سەرخەوێکی ئەبەدی
بیر لە گزنگی سپێدەیەکی
وەنەوشەیی بکەوە
بیر لە شەکەتی ماندووبوونی
ترپەی تێکەڵاوی عاشق بکەوە
تاکو ببنە پەرژینێک
بۆ ئاوێزانی یەکتری و
چرینی نەغمەیەک لە گۆرانی
بۆ ئاسوودەبوونی یەکتری

شیعر

# بۆ تۆ

گوڵباخ بەهرامی

که ئێواره ئەڕژێته تەنیاییمەوه،
سینگم بە عەتری باران ئەپێچمەوه و
لە هەیوانی پەپوولەدا
چاوەڕێی هاتنت دەکەم.
بێ تۆ ......
وەک ڕۆحی پوولەکەیی زەریا
لە فەلسەفەی ئەوینی ماسی
بەتاڵ ئەبمەوه،
پڕ ئەبم لە لەزەتی دووبارەبوونەوەی ماچ و
ئەفیونە ئاڵەکانی ژوان،
سەفەرێک ئەکەم
نە پێناسەیەکی شەرمن بێ بۆ بەهار و
نە ترازانی لێو بێ
لە ئەڵقە بەتاڵەکانی نەفەس
سەفەرم باڵێکە پەمەیی
تەنیا هەڵفڕین نەبێ



هەموو وانەیەکی قەدەری لەبەرە و
تەنیا دۆڕان نەبێ
هەموو کڵاوێکی نابەڵەدی تاوانی لەسەرە،
سەفەرم گرژ داگەڕانی بارانێکی دوودانگە
خاوبوونەوەی هەورەکان ئەژمێرێ و
لە خوناوی چاوی عەشقەوە
ئاورێک لە مردنم ئەداتەوە!
گەر پایز حیکایەت لە ئێسکە ڕزیوەکانی تەمەن ئەکات!
من ڕۆمانی هەموو پایزە دۆڕاوەکانم لەبەرە.
گەر هەڵوەرین پرسیاری بێ وەڵامی پەپوولەیە
ئەڕژێتە ناخی بەرائەتەوە!
من بەخاچی تەماشاتەوە هەڵواسرام.
ماچ – چەندە بەرینە بۆ پەڕینەوە لەگومان و
دەریا– چەندە عاشقە بۆ سەرخۆشبوون لە بەرائەت.
من کفرێکی نابەڵەدم
گەر بەخاڵی دەستپێکی نەفەستم نەسپێری
ئەتەقێمەوە
من ئاشنای ڕێگە لوولەکانی"با"م
گەر فریای باڵەکانم نەکەوی
لە بیابانی سووری مەنفادا ئەنیشمەوە!
کاڵبوونەوەم لە تابووتی مردنێکی ترا
حەشار ئەدەم!
با پرچەکانیشم تەڕونمی گوناح دایان پۆشێ،
با پڵتۆکی فریشتە خومارەکانی قیامەتیش
ڕۆحی دۆڕاوم بخەنە بازنەی دوا پرسیارەوە!
من گومان لە عاشقبوونی خۆم ئەکەم
کاتێ کە بەژنم بە درەختێکەوە نووسا و
ژنیەتییم لە ڕۆحی گەڵاکانەوە هەڵوەرین.
خۆزگەم بە تۆ حەیاتم!
خۆزگەم بە تۆ!



کە بۆ هیچ پرسیارێک
نابیتە ئەڵقەی گومان و
بۆ هیچ رووتبوونەوەیەک
نابیتە گوناح،
شەرم لە سێبەری خۆت ناکەیت و
لە پەنای پەنجەکانتا
پەنجەرەیەک هەیە بۆ تازەبوونەوە
مەودایەک هەیە بۆ عاشقبوون.
ئەوەی لە زاری من بەرئەبێتەوە
نوغرۆبوونە لە فەوتانا و
ئەوەی بەپەناما رەت ئەبێ
تەرمی سەرگەردانیی ئازارەکانمە.
ئەشێ من
هەر لە ئاوە تینووەکانی ڕوخساری شەونمێک بچم
دەمەو کاڵبوونەوەی رەنگە ئاڵەکانی باران
لە گەردنی ئارامیی ئێوارەیەک دا
ئاوێزانت ئەبم و
وەک هەڵمێکی مەیلەو عەشق
خۆم لە لێوارەکانی ئاوێتەبووندا
ئەپێچمەوە.



**نامەی شیعری**

# جانی جانانم وەرە

**شیروان ئیبراهیم حەیدەری**

من لە بێدەنگیی تۆ تێ دەگەم و لە کپیی تۆ دەڕوانم و لە مەنگی روانینی تۆ حەیرانم .. من لە ڕازی نیاز و لە هەناسەی بەجێماو و لە هەنیسکی خنکاودا خۆم ون دەکەم بەبێدەنگی لە سکونەتی زەنەی ئاوی نێو ئەشکەوتەکان خۆم تەڕ دەکەم.. من بەدوای هەنگاوەکانی شوێن پێی خۆم دەگەڕێم،کەچی گوێم لە چپەی پەنجەی پێی تۆیە بەسەر بەردەبازەکان بازبازێن دەکا..



من بەدوای کوخی لمینی خۆم دەگەڕێم کەچی گوێم لە هەواری تاسەی غوربەتی تۆیە غوربەتێک لەناوماندا تاشە بەردی دڵمان تەڕ دەکاتەوە بە شنەی خۆی ئەو ساتەی کەس کەسی کەس نییە و دەستی کەس برینی کەس تیمار ناکا...

.... ئازیز مەجنوون نەگەیشتە کەسی خۆی و پەنای بۆ لەیلا برد

...(شەم) لە تاوی وەلیدا پەنای بۆ شەو و ئێوارە برد.......

جانی جانانم وەرە ئەو زامەی لە دڵی من دەڕوا بە دڵی تۆش تێ دەپەرێ

ئەو جۆگەی کە لە بەر رۆحی تۆ گوزر دەکاماڵی من پڕ دەکات لەو هەنارانەی کە بەدەستی با دەکەونە خوار....

جانی جانانم وەرە ئێمە هەموومان لەو باڵندانە دەچین کە بەسەر کەفی دەریاوە مردوون تۆ بۆ دڵی خۆت دەگری ئێمەش لەناو گریانەکانی تۆدا بۆ

بۆ کەژاوەی مەرگی خۆمان دەگرین
چ خزینێکە شیعر ساتێک لە بەردەم کەنارییەکدا دەوەستین و قوڵپ دەدەین
لەناو کیفی تۆدا مۆزارتم بینی سوژدەی بۆ خاڵیقی وجود دەبرد و
لە سێبەری روحی تۆدا فروخم بینی بەتەنیا لەژێر باران سەمای لە دەوری کائینات دەکرد
فروخ تەنیاتر بوو لە وەرزێکی سارد
سێوەکەم لە بەرگی کتێبەکە دەفڕاند دەمگوت: سەردەمی سێو بەسەرچوو
ئەنوەری مونەوەر دەهات و دەیوت سەردەمی سێو نەما ئێستا دڵمان بۆ خۆی سێوێکی دزراوی دەستی قەدەرە....
من دەموت: لە جیاتی ئەو سێوە فوو لە پشکۆی نێو سینەم بکە بەشیعریی بمکە ئاو بە شعرێکی تر غەرقی ناو رەگەکانی خۆتم کە، ڕەگی تۆ ناخی لە ئاسمانە و گەلاکانیشی لەسەر زەوی...
ببوورە کە گوێم لە دڵی تۆ گرت وام زانی گوێ لە دڵی خۆم دەگرم
دڵی تۆ نیلە بە درێژایی بەنێو روحی هەمووماندا دەڕوات
دڵی ئێمەش پرژەی تۆ دەنووسێتەوە
کیفەکەت دانێ  تاکو ئەو سەحرای وجودە بە خەبەری هاتنی تۆ بەخەبەر بێت
با ڵندەکانت بکە دیاریی حەوشەکەم
جانی جانانم وەرە
تاوەکو لە گەنمی روحی من بخۆن
جانی جانانم وەرە
لەسەر پشتی ماینێکی کەحیل وەرە
بەزینی زین وەرە
کە سەحەر داهات  ئەوە سەحەرەت بۆ دەڵێم
ئەوە سەحەرە وەرە
ئەوە سەحەرە توخوا وەرە
ئەوە سەحەرە...

تێبینی: ئەوە نامەیەکی شیعرییە لە نیوەشەوێکی حەزیندا نووسراوە.

sherwan79 @ hotmail. com

شیعر

# گەشتێک بەناو وێستگەکانی تەمەندا

روزار ئەحمەد

پەتایەکی تری کولێرا بەڕێوەیە
گوڵەکان پێشبینی خەزانێکی ناوەخت ئەکەن
وەرزەکان کورت دەبنەوە
تەمەن دەبێتە ساتێک و
عاتیفە دەسڕێتەوە
وەرزی عاشقان ئاوا دەبێ و
ئەم جارە خۆر لە بیانیانەوە هەڵنایەت
دابڕان دەبێتە عادەت و
عاشقان گوڵی خیانەت
لە سینەی یەکتر دەدەن
پەیامی ئاسمانەکان دەگوڕدرێ و
سەکۆی مزگەوتەکان دەبێتە گۆڕەپانێک
بۆ لەخشتەدانی یەکتری و
جەنگە خوێناوییەکان
روو دەکەینە جوانترین پۆشاک و
لە جەژنەکانا لەبەری دەکەین



بەدەستێکمان ماچ
بەدەستەکەی ترمان
کۆکتێلەکانی ژەهر دەبەخشینە یەکتری
خیابان و گەڵاکانی پایز
لە بێ شوێن پێی عاشقان کاڵ دەبنەوە
ئەمەندە قەوانی ئەویندارى دەگۆڕینەوە بۆ یەکتری
هەموو گۆرانییەکان چێژی مردنمان دەدەنێ
مردن قەت نایەت
جوانترین وەعد و ژوانمان
دەکەینە قوربانی سۆزانییەک
کە هیچ لە ماناکانی عاتیفە و
ساتەکانی توانەوەی روح نازانێ
ئای لەو ڕۆژانەی کە کەسمان یەکتر ناناسێ و
نازناوی خۆمان لە بیر دەکەین
ئەو ساتانە ئەمەندە ڕەش دەبینەوە
لە بەردەم چایخانەکەی کوڵنازدا
تەنانەت بەڕێبواریش سڵاو لە یەکتری ناکەین

مەردان بێ ناز لە بەردەم پەیکەرە کاڵبووەکەی خۆی ڕادەوەستێ و
دەیەوێت سۆراغی (فاتیمە)ی هەردی و
(تەنکە)ی حوسێن بکا و
نازانێ نامەکانی خۆشەویستی و
دەستەسڕی یارەکان و قەڵەمی بن باخەڵی سوفییەکان
لە جەژنی لەدایکبوونی SMS دا سڕانەوە,
پەتایەکی تری کولێرا بەڕێوەیە
تاوەکو بپەڕینەوە
دەبێ لە بەردەرگای ماڵەکانمانەوە دەست پێ بکەین
دەستی منداڵەکان
لەقرتاندنی گوڵەکان رزگار کەین و
لە پەیڤەکانی ماڵی پەپوولەیان هەڵواسین

بگەڕێینەوە بۆ یەکەم ژوان
کە بەئەمانەتەوە وەک بڵێی
هەریەکە و لە بەردەم خواوەندێکا ڕەقیبێکمان هەیە
بۆ تاوان و سزاکانی یەکتری
بۆ ئەو ساتانەی کە من تاڵێک لە قژەکەتم
لە جزدانەکەمدا وەک (موجیزە) هەڵدەگرت و
تۆش دەستەسرە ئەفسووناوییەکەم کە من لە یەکەم دێوەرەم کڕی و
بەتەلگرافی دەستی بەرائەتی دراوسێکەمانا بۆم ناردی و
وەک دوعایەک دەتشاردەوە....
پەتایەکی تری کولێرا بەڕێوەیە
نامۆ... نامۆ... ڕەجاڵ... ڕەجاڵ
جلکی ڕەبەنەکان دەپۆشین
خواحافیز مەملەکەتەکانی (تەجریدە)
لە ڕۆح، لە سۆز، لە عاتیفە
سەردەمێکی تری کولێرا بەڕێوەیە





چیرۆک

# حەڤدە ساڵ لە فەرامۆشی

گوڵبەن شەریف

ماڵی ئێمە لە ناوەندی ئەو ڕیزە ماڵەیە کە لەوبەرەوە سەربازەکان بێدەربەستانە تەقە دەکەن و ماڵەکانی بەرامبەریان وەکو دوژمنێکی سەرسەختیان بەر ڕێژنەی گوللە دەدەن. ئێمەش بەپەلە لە سەربانەوە ئاودیوی ماڵەکەی پشتەوە بووین. پاش هەشت مانگ، لەگەڵ باوکم گەڕامەوە ماڵەوە، هەموو شتەکان یان دزرابوون یان شکێندراو و شێوێندرابوون، باوکم بەپەلە بۆ ژوورەکەی خۆی چوو، بەو ئومێدەی یادگارییەکانی دەست بکەوێتەوە، کە برێتیبوون لە (کامێرایەکی فەوری و دوو ئەلبوومی وێنە)، لەوێ هەستم کرد باوکم لە دڵەوە گریا. ئیدی هەردووکمان بەناو خەراباتی ئەو ماڵە ناو خاوپوورەدا

دەسووڕاینەوە، وەختێک نێزیکی پلیکانەکانی سەربان بووینەوە، لە جێی خۆم وشک بووم، پێش چاوم تاریک بوو و لەخۆ چووم!.

چەند بەپەرۆشەوە تەماشایان دەکردم، وایان دەزانی من ئەو کەسە چاوەڕوانکراوەم، هەر بەبینینم زمانیان دەبەسترا، بەڵام هەموو جارێ لە نیوەی ڕێگەدا دەگەڕامەوە و ئەوانم لە چاوەڕوانیدا بەجێ دەهێشت. ئەوان حەڤدە ساڵە لەو چاوەڕوانییە بێزار نەبوون، هەر بەتەمای من لەوێ مابوونەوە، نازانم چۆن چاوەڕوانی نەیتواندوونەتەوە، ئاخر چاوەڕوانی وەکو گڕی مۆم وایە، ورده ورده دەتپووکێنێتەوە. من نەمدەزانی ئەوان چۆن دەژین یان چۆن ئێستا لەوێ ماون، نەک هەر ئەوە بگرە شوێن و کەلبەرەکانی ئەوانیشم نەدەزانی. داخۆ ئێستا چۆن گوزەر دەکەن؟، ئاخۆ ئەوان بەوردەکاری بێزارکەری ژیانیان ڕازین؟ ئا... بەڕاست، خۆ من ئەسڵەن نازانم ئەوان چین!، ئادەمیزادن یان گیانەوەری ترن، بۆیەش نازانم کێن ئەوانەی چاوەڕوانی من دەکەن، ئەمە گریمان ئەگەر چاوەڕوانی کەسانێک یان گیانەوەرانێک یان هەر شتێکی تر لە ئارادا بێت. . .

هەرچەند بەبیرم دەهاتنەوە ئەوەندەی نەمابوو مێشکم بتەقێ، دەشڵەژام و خۆم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، من لە تەمەنی منداڵیمدا زۆر شتم لەدەست دابوو، بەڵام ئەوانەی کە ئێستا ورد ورد بەدەمارەکانی مێشکمدا هەڵدەگڕان شتانێکی تر بوون، دەمزانی زۆر ئازیز و ڕۆژانێک جێی ئەوپەڕی متمانەم بوون یان من جێی متمانەی ئەوان بووم، فەرامۆشییەکی لە ناکاو وای کردبوو کە ئەوانم بۆ بەرجەستە نەکرێتەوە، جاری وا هەبوو زۆر پاڵەپەستۆم دەخستە سەر بیرکردنەوەم، بەڵام تێکەڵەیەک لە ڕەنگی زەرد و سوور و سپی و سەوز زیاتر هیچ شتێکی ترم بۆ ڕوون نەدەبووەوە، تێکەڵەیەک وەکو پەلکەزێرینەی بەهارێکی دڵگیری پڕ لە گوڵ و سەوزایی، پڕ لە بۆنی خۆشیی ئەو خونچە گوڵانەی کە تازە دەپشکوتن، ئیدی هەر بەو بیرکردنەوانەوە خەوم لێ دەکەوت.

عیرفانە فیسقەی دراوسێمان کوڕی پیاوێکی هەیکەل زلی چوارشانە بوو، ئەگەر قەسابیت بکردایە پازدە بیست عیرفانی لێ دەردەچوو، بەڵام وەختێک کە قسەی دەکرد دەتزانی نیو عیرفانیشی لێ دەرناچێ، دەنگێکی ناسکی ژن ئاسا و بەکارهێنانی وشەی منداڵانە و هەڵسوکەوتی هەرزەکارانەی، ئەو کەسایەتییە لاوازەی پێ داوە، وەکو عیرفانی کوڕی باسی کرد: ئەو تاقە کوڕی دایک و باوکێکی لاواز و بێتاقەت و ماندووی ڕۆژگار بوو، هێند ئەو هەیکەلە زلەیان بەناز و فیز گەورە کردبوو تەنانەت تا عیرفانی کوڕیشی گەورە بوو ئەوان هەر وەکو منداڵە بەنازەکەی خۆیان تەماشایان دەکرد. ڕۆژگار ئەو دایک و باوکەی لێ سەند و ئەمیش هەر بەو منداڵییە مایەوە، عیرفانە فیسقە هێند پوشت و ناجسن بوو قاقا پێ دەکەنی و دەیگوت نازانم چۆن فێربوو تا منی ببێت!، هەر خۆشی وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت لەوانەیە دایکم زیرەک بووبێ.

ئەرێ بەڕاست من بۆچی باسی عیرفان دەکەم؟، عیرفانە فیسقە و باوکی چ پێوەندییان بەچیرۆکەکەی منەوە هەیە؟، ئاخر من هەر کاتێ بیر لە چاوەڕوانییەکانی ئەوان دەکەمەوە، ئەم عیرفانە و باوکیم بەبیر دێتەوە، ئیتر سەرەتای بیرکردنەوەکەم لێ دەئاڵۆسکێ و بۆم شی نابێتەوە، لەبەرئەوەی وەختێ عیرفانە فیسقەم بەبیر دێتەوە بەدەست خۆم نییە دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای ئەو

ساڵەی کە باوکی عیرفان سەرباز بوو، ڕۆژێکی زستانی پڕ باران؛ کوتوپڕ سەیارەی پۆلیس و تاکسییەک کە تابوتێکی داپۆشراو بەئاڵای عێراقی بەسەر پشتەوەبوو، هێواش هێواش خزانە کۆڵانەکەمان و لە بەردەم ماڵی عیرفانە فیسقە ڕاوەستان. باشە ئەی من بەو بارانە چیم دەکرد لە دەرەوە؟، بڕوا بکەن من خۆشم نازانم بۆچی پێنج دەقیقە پێش ئەوە هاتمە دەرەوە و لەبەر ئەو بارانە ڕاوەستام، ڕەنگە هەر بۆ ئەوە بووبێت ئەو دیمەنە ببینم، یان هەر هەڵەشەیی و نارەحەتیی منداڵی بووبێت، ئیدی نازانم، من لەوێ بووم و تەواو. . . پۆلیسەکە لە دەرگەی دا، دایکی عیرفان و عیرفان پێکەوە هاتنە دەرەوە، هەر ئەوەندەی پۆلیسە تەڕبووەکە دەمی هەڵێنا و شەهیدبوونی باوکی عیرفانی پێ گوتن، دایکی عیرفان ڕاستەوخۆ لە پێش دەرگاکە بوورایەوە و کەوتە زەوی، عیرفانیش وەکو مریشکی سەربڕاو بەناو قوڕولیتەی ئەو کۆڵانە هەڵدەبەزییەوە و بەدەوری تاکسییەکەوە دەخولایەوە و هاواری دەکرد. . باوکە. . . باوکە. . . باوکە هاوڕێکەم. . باوکە هاوڕێکەم. . وڵامم بدەوە. . توخوا وەڵامم بدەوە. من لە جێی خۆم سڕ بووم. . وەکو ئەوەی لەناو بەفرا نوقووم بووبێتم و توانای بزاوتنم نەمابێت، بەڵام دەمزانی ڕوومەتەکانم بەفرمێسکی چاوەکانم گەرم دەبنەوە، ئاخر من قەت شتی وەهام نەبینیبوو، بەتایبەتی لە عیرفانە فیسقە، ئەو دیمەنە زۆر کاریگەریی لەسەر بەجێ هێشتم، تا ئەم ساتەش کە بەبیرم دێتەوە وا دەزانم هەر ئێستا ڕووی داوە.

پاش ئەوە چی؟. بۆ هەردەم عیرفانم بەجلێکی خاوێنەوە نەبینییەوە، هەر ئەو قوڕاوەی وا بۆ باوکی کردی بەسەری خۆیدا بۆ ئەبەد پێوەی لکا، وەکو دەبغبوونی کراسێکی سپی بە مەرەکەبێکی ڕەش، بەسەدان جۆری فاسی ئەسڵی ئەو کاتە و دەیان سابوونی ڕەقی حەلەب و بەنزینی مومتازی تکریتیش خاوێن نەبووەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەهامەتی و قوڕبەسەری ئەو فیسقەیە زیاتر و زیاتر دەبوو، من لەنێزیکەوە عیرفانە فیسقەم دەناسی، زۆرجار کە دەچوومە ماڵیان، دایکیم بەجلێکی ڕەشەوە دەبینی و وڕێنەی دەکرد. . . دەیگوت: باوکی عیرفان. . . باوکی عیرفان، ڕۆڵەکەم، ئاخر من خۆم گەورەم کردی، چۆن؟ ئاخر چۆن لەدەستم دەرچووی؟ ئەمجا بزەیەکی دەکرد و دەیگوت دەزانم. . دەزانم چوویتە سەفەرێکی دوور و درێژ و ئیتر نایەیتەوە، بەڵام قەیناکە. . تۆ لەوێ بەئیسراحەت دانیشە و چاوەڕوانبە، من خۆم هەر دێم بۆ لات. ئەو وشەی چاوەڕوانییە پێوەندیی بەباسەکەمەوە هەیە، بۆیە چەندان ساڵە ئەم ڕووداوە منی سەرقاڵ کردووە، دڵم خۆش بوو کوتە پێوەندییەکم بەچاوەڕوانیی ئەوانەوە بینییەوە، بەڵام ئەو چاوەڕێیەی دایکی عیرفان دە ساڵ زیاتری پێ چوو. مانای چییە؟، دەشێ ئەوانیش دە ساڵ بێت لە چاوەڕوانی مێشکی پووچ و فەرامۆشکەری مندا بن؟، بەڕاستی پێکەنینم بەخۆم دێ، خەریکە لە بیرم بچێ نەوەک دە ساڵە بگرە ئەوە حەڤدە ساڵە من خەون دەبینم و ئەوانەی کە نایانامسم و نازانم چین، چاوەڕوانی من دەکەن.

عیرفانە فیسقە لە پاش مردنی دایکی لەسەر ئەو مووچەی شەهیدانەی باوکی دەژیا، ڕۆژێک ئەویشیان بڕی، گوایە پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە باوکی عیرفان لەبەرەی شەڕدا نەکوژراوە، بگرە لە کاتی هەڵاتندا پێکراوە!، بەڵگەش بۆ ئەمە جێی ئەو فیشەکانەیە کەوا بەر پشتی کەوتبوون.

عیرفان زۆر هەڵچوو و فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتنە خوارەوە و گوتی: بەخوا من بەچاوی خۆم بینیم ئەفسەرێکی خۆیان باوکمی لە پشتەوە پێکا، دەنا باوکم هەروەکو منداڵێک دەچووە پێشەوە، ئەسڵەن هەر نەیدەزانی شەڕ مانای مردن و لەناوچوونە. جارێکی تر عیرفانە فیسقە پێی گوتم مەسەلەکە پێکرانی باوکم لە پشتەوە یان لە پێشەوە نییە، بگرە پێکرانی لە پشتەوەی زمانەکەیەتی کە جیایە لە زمانی دەوڵەت. ئیدی ناچار دەستی دایە ئیشکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی، ئیش نەما ئەم کوڕە ملی پێوە نەنا و نەیکات، هەر لە کرێکارییەوە تا دەگاتە قاچاغچێتی، بەڵام بێ سوود و دەست بەتاڵ دەگەڕایەوە ماڵی باوکە هاوڕێیەکەی و لە قوژبنێکا تێر دەگریا و کوڵی خۆی دادەمرکاندەوە، تا وای لێ هات رۆژ تا ئێوارە بەجلی قوڕاوییەوە، برسی و تینوو ئەمسەر و ئەوسەری شاری تەی دەکرد، هەندێ جار وام دەزانی دەفڕێ، باسی پێنج دەقەی پێش ئێستای ئەوپەڕی شاری بۆ دەکردم، بەچاوی خۆی رووداوێکی دڵتەزێنی بینیوە و هەر لەوێوە بەگریانەوە هاتووەتەوە، هەموو کات پێی دەگوتم من چاوەڕانی ئەو رۆژە دەکەم کە دنیا بەیەکجار لەناو بچێ، بە بۆچوونی خۆی ژیان بۆ ئەو هیچ مانایەکی نییە جگە لە عەزاب و دەردیسەری نەبێ. دەمگوت تۆش لە چاوەڕوانییدا دەژی؟، دەیگوت بۆ وا دەزانی چ نەگبەتێکی ئەم وڵاتە پیسە هەیە لە چاوەڕوانیی شتێکی ئەفسانەییدا نەژی؟. گوتم عیرفان ئەم قسەیە زۆر نوێیە لە کوێ فێریان بووی؟، دەستی گرتم و گوتی وەرە تەماشا کە، دەرگەی ژوورێکی کردەوە، بەڕاستی کە بینیم واقم وڕما، بە سەدان کتێبی جۆراوجۆر، زۆر بەرێکی لەناو ئەو هەموو رەفەی سەر دیوارەکاندا سەفت کرابوون!، لەگەڵ ئەوەی زۆر هامووشۆی ماڵیانم دەکرد، بەڵام هیچ کاتێک ئەو ژوورەم نەبینیبوو، لەسەرووی هەموویانەوە تەنیا یەک کتێبی سەوزی کاڵ، بێکەس لەناو رەفێکی چۆڵوهۆڵ دانرابوو، هێنامە خوارەوە و لاپەڕەی یەکەمم هەڵدایەوە نووسرابوو (کورد و کوردستان، جلد ۱-۲-۳، ۱۳۵۰هجری ۱۹۳۱ .میلادی)، لەپشتی ئەو لاپەڕەیەوەش وێنەی هێرودوتێکی نوێم بینی لە ژێرەوەی نووسرابوو (محمد امین زکی بگ)، دەستەکانم بێ ویستی خۆم لەرزیان گرت، وەکو ئەوەی کێشێکی زۆر زۆر قورس لەسەر دەستەکانمدا بن، هەستم دەکرد شمشێر دەستەکانم دەبڕێ و سیخۆش هەلاهەلام دەکات، بەپەلە دام خست و لە جێگەی خۆی دام نایەوە. رووم کردە عیرفان و بەزەردەخەنەیەکەوە گوتم فیسقە ئەمەشت هەیە من نایزانم؟. گوتی من نیمە. . هەموو ئەمە هی باپیرم بووە و منیش چەند ساڵێکە شەوانە لێرە دادەنیشم و خەریکی خوێندنەوەی ئەم کتێبانەم. هەر لەناو ژوورەکە قەفەسێکی گەورەی بەتاڵی لێ بوو، سەیر دەهاتە پێش چاوم، لە جێی ئەوەی بەتێلی باریک تەلبەند کرابێ بە شیشی ئەستووری کۆنکریت پێشەکەی هەڵچنرابوو!، بۆ ساتێک گومانی ئەوەم کرد باپیرەی عیرفان باوکی عیرفانی لەوێ بەخاوەن کردبێت، یان باوکی عیرفان . . . عیرفانە فیسقەی لەوێ زیندانی کردبێت، نازانم من وا تێ گەیشتبووم قەبارەی ئەو قەفەسە لەگەڵ کەسەکانی نێویدا بچووک و گەورە دەبێتەوە، بەڵام ئەم گومانانەم هەڵەبوون، لەبەرئەوەی باوکی عیرفان وەکو دەزانن منداڵێکی گەورە بوو، ئەمەش رێی تێ نەدەچوو عیرفانە فیسقەی زیندانی کردبێت، گومانێکی تریشم ئەوە بوو کە دەشێ داپیرەی عیرفان، باپیرە و باوکی

عیرفانیشی زیندانی کردبێت، پاشان دایکی عیرفان هەر هەموویانی تێدا زیندانی دەکرد. بۆ ساتێک وا هەستم کرد دایکم چەند جارێک لەو قەفەسە زیندانیی کردووم، ئیدی هەستەکانم وورووژاندمیان بۆ ئەوەی لەبەر خۆمەوە بڵێم (دایک هەموومان زیندانی دەکات). عیرفان گوتی: چیت گوت؟، تەماشایەکیم کرد و گوتم هیچ. لەبەرئەوەی قەفەسەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، پرسیارم لێ کرد، گوتی نازانم لەوەتەی من چاوم کردووەتەوە هەر لەوێ بووە.

ئێستا دوای حەڤدە ساڵ و پاش ئەو هەموو بیرکردنەوەیەم، دوو شتم لە بەرچاو گرتووە، یەکەم چاوەڕوانی عیرفان بۆ نغرۆبوونی بەیەکجای هەموو دنیا و چاوەڕانیی دە ساڵەی دایکی عیرفان بۆ سەفەرەکەی، دووەم ئەو قەفەسە بەتاڵەی ژووری کتێبخانەکەی باپیری.

باشە با دیسان بگەڕێمەوە. . . ئەرێ بەڕاست من بۆ کێ ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە؟ (بۆ تۆی مێشک پووچی فەرامۆشکەر)، باشە بۆ توورە دەبی خۆ من هیچم نەوتووە. . . (ئاخر دەبێ دیسانەوە بگەڕێیتەوە، ئەوان چاوەڕوانی دەستی تۆن)، باشە من چۆن دەتوانم بگەڕێمەوە، خۆ ئامێرێکی ئەفسانەییی گەڕانەوەی عومری نایەنم و بگەڕێمەوە تا بزانم ئەوانەی کە نازانم چین، بۆ لە چاوەڕوانیی مندان. . . ؟، (نەخێر هیچ ئامێرێکت پێویست نییە تەنیا ئەو مێشکە پووچەت نەبێ)، دەزانی چییە من هەر ئێستا دەخەوم و با ئەوانیش لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا بن، (ڕاوەستە، بۆ پێت وایە تا ئێستا لە بێداریدا بیرت کردووەتەوە؟، ئەگەر بۆ جارێکیش بتتوانیبایە، ئێستا ئەوان لە نێوان فڕین و نیشتنەوەدا نەمابوون!، بەڵکو ڕوحی سوور و زەرد و سپی و سەوزی ئەوان لە ئازادییا بوو)؟. چی؟ من هێشتا خەوتووم؟.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ عیرفانە فیسقەم نەبینییەوە، پاشان چوار جار بەجلکە قوڕاوییەکانییەوە بینیمەوە، کە هەر جارە و بە کارتۆنێکی داپۆشراوی کونکونەوە بەپەلە دەچووە ژوورەوە، دەمویست ڕای گرم و پرسیاری لێ بکەم، ڕێگەی نەدەدا و بێ ئەوەی ڕاوەستێ دەیگوت ئیشێکی بەپەلەم هەیە، تا نەخنکاون با بگەمە ماڵەوە!. بەهاوارەوە دەمگوت فیسقە چی نەخنکێ ڕاوەستە؟، هەر بەدەم ڕێگەوە بەهاوارەوە دەیگوت دوایی دوایی.

ئێستا لە بیرکردنەوەمدا شتێکی تریش بەناوی خنکان هاتە ئاراوە،

واتە چاوەڕوانی، قەفەس، خنکان. . . زۆر نێزیک بوومەتەوە، بەڵام لە چی؟. ئەو چییەی کە حەڤدە ساڵە منی سەرقاڵی خۆی کردووە. خەون دەبینم. . . هەر چەند مانگێ جارێک هەمان خەون دەبینمەوە، خەونێک تەواو بێزاری کردووم، کە دڵنیام لە فەرامۆشکردنی بیرەوەرییەکانمەوە هەڵقووڵاوە و دەشزانم تا پەی تەواویان پێ نەبەم، ئەوانە. . ئەو گیانلەبەرانەی کە نازانم ئادەمیزادن یان چین؟، ئازاد نابن. خەونێکی بێ کلیل و بەڵگە، کە نامباتەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، ئەوەندە دەزانم لەسەر خانووە کۆنەکەمانم، سەردەمانێک دراوسێی ماڵی عیرفانە فیسقە بووین، شەوە و چاو چاو نابینێ، ئەو ژوورەی کە بۆ کەرەستەی خراپبوو و زیادەی ماڵەوە لەسەربان دروست کراوە و بەچینکۆ داپۆشراوە، غەرقی تاریکی بووە، قوفڵی دەرگەکەی ژەنگی

هەڵداوە، لە ژوورەوە دەنگی نووزەنووزی چەند کەسێک یان چەند گیانلەبەرێکی تری جگە لە مرۆڤ دەبیستم و داوای یارمەتی دەکەن، پەشۆکاوم نازانم چی بکەم، هەر بەدەوروخولی خۆمدا دەسووڕێمەوە و هیچم لەدەست نایە، دەشزانم پڕبەدڵ دەمەوێ فریای ئەو دەنگانە بکەوم کە لە مێشکمدا نامۆ نین، بەڵام فەرامۆشیم ئەوپەڕی دەسەڵاتی بەکار هێناوە تا نەگەمە ئاستانەی یەکەم جاری ئەو دەنگ و نووزانە، لەپڕێکدا لەتەنیشت ژوورەکەوە کە بە ستارەی سەربانیماڵی دراوسێکەمانەوەیە، رووناکی مانگ وەکو تیشکی بلاجکتۆرێ دادەکشێ، عیرفان لەودیوی ستارەکەوە سەر دەردێنێ و بەهاوارەوە دەڵێ بۆ خاتری خوا فریایان بکەوە هەر لە تینوێتیدا خنکان!. ئەوەندەی یەک و دوو عیرفان دیار نامێنێ، منیش بەپەلە بەرەو خوارەوە دێم تا شتێک بکەم.

حەڤدە ساڵە ئا لێرە بەئاگا دێمەوە!، سەرم دەسووڕێ و دەمەوێ بڕشێمەوە، ئارەقەیەکی زۆر دەکەم، پاشان ساردییەکی بەفر ئاسا هەموو لەشم ئەتەنێ و دانەچۆقەم پێ دەکەوێ، پاش ماوەیەک ئاسایی دەبمەوە و ئەوەی کە بۆم دەمێنێتەوە تەنیا سەرئێشەیەکی کەمی چەند ڕۆژییە و هیچی تر.

پاش دوو مانگ لەوەی عیرفانە فیسقە بەجێی هێشتم و گوتی دوای دوای، ئێوارەیەکی سەرەتای بەهار بوو، لە دەرگە درا، عیرفان بوو، گوتی وەرە ئیشم پێتە. . . گوتم باشە فیسقە ئەوە دوو مانگە من ناتبینم، پێم ناڵێی تۆ لە کوێ بووی؟. گوتی ئەوە گرینگ نییە تۆ وەرە. منیش بەدوای کەوتم، چووینە ماڵی ئەوان، لەوێشەوە بۆ ژووری کتێبخانەکە، هەر کە چووینە ژوورەوە بوو بەجریوە جریوەی باڵندە، من دێم داخورپام، تەماشام کرد قەفەسە بەتاڵەکە هەشت باڵندەی تێدایە، هەر جووتێکیان لە ڕەنگێک، گوتم عیرفان ئەم باڵندانە چین؟ بۆ لێرەن؟. گوتی ئەمانە جوانترین باڵندەن بەلای منەوە، ئەمانە چوار ڕەنگن، لەناو ڕەنگەکانی تر هەڵم بژاردوون، بۆ ئەوەی ڕەشیم لە بیر بەرنەوە، ژیان بەم ڕەنگانەوە جوانن. گوتم دەی باشە کەوابێ ئێستا ناتەوێ هەموو دنیا بەیەکجار لەناو بچێ؟. گوتی ئیتر ناچارم بمەوێ، ئەم ڕەنگانە هیچیان بۆ نەکردووم، هەر لەبەر ئەوەیشە تۆم هێناوەتە ئێرە تا لەگەڵ خۆت بیانبەی. گوتم بۆ فیسقە بۆ؟. گوتی هەموو ژیانم لە پێش چاو رەش بووە، من دەڕۆم چیی تر نامبینیتەوە، تکا دەکەم ئەم باڵندانە فەرامۆش مەکە. هەر هەموویانی کردە ناو کارتۆنێکی کون کونەوە و دایە دەستم.

بۆ بەیانی زوو دایک و باوکم بەوە ئاگەدار بوونەوە، پرسییان، ئەو باڵندانەم لە کوێ هێناوە؟، منیش هەر زۆر بەسادەییەکەوە گوتم ئەوە عیرفانە فیسقەی دراوسێمان دوێنێ ئێوارە لە ماڵی خۆیان دایپێم و گوتی ئیتر من دەڕۆم و چیی تر نامبینیتەوە. دایکم و باوکم هەروا چاویان زەق کردبووەوە و بەسەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکردم، منیش ئەو تێڕوانینەی ئەوانم زۆر بەلاوە سەیربوو!، هەندێ سەرم جوڵاندەوە و گوتم چییە؟، دایکم گوتی کوڕم تۆ شێت بووی؟. بۆ دایکە چی بووە؟. کوڕم ئەو عیرفانە فیسقەیەی کە تۆ باسی دەکەی کوا لە کوێیە؟. گوتم ئێستا نازانم ئەو گوتی دەڕۆم. دایکم قووڵ تەماشای کردم و گوتی کوڕم درۆیەک بکە رێی تێ بچێ. گوتم دایکە

درۆی چی من بەڕاستی راستمە. دایکم گوێیەکی گرتم و رای کێشام بەرەو دەرگەی حەوشە، باوکیشم بەدوامانەوە، لە دەرەوە لە پێش ماڵی عیرفان رای گرتم و گوتی کوڕم خۆ کوێراییت دانەهاتووە، ئەم ماڵە دوازدە ساڵە چۆڵوهۆڵە و کەسی تێدا ناژیَ!، ئەو فیسقەیەی وا تۆش باسی دەکەی هەر ئەو رۆژەی کەوا باوکە منداڵ ئاساکەی خوای لیَ خۆش بیَ بەشەهیدی هێنایانەوە کەوتە ژێر ئەو تاکسییەوەی وا تابووتەکەی باوکی هەڵگرتبوو و مرد!. من هەر کە ئەو قەسەیەم گویَ لیَ بوو راستەوخۆ لەخۆچووم وەکو ئەو رۆژەی کە عیرفانە فیسقە وەکو مریشکی سەربڕاو بەدەوری تاکسییەکەدا هەڵدەبەزییەوە. کە چاوم هەڵهێنایەوە روخسارم بەو پریشکە ئاوانەی کە باوکم پڕژاندبوویە سەروچاوم تەڕبووبوو، بیَ ئەوەی هیچ بڵێم باوکم گوتی کوڕم دڵنیای عیرفان گوتی ئیتر من نابینیتەوە؟. گوتم بەڵیَ باوکە دڵنیام. باوکم بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی باشە کوڕم دە هەستە ماڵێک بۆ باڵندەکان دروست بکە.

ئەمشەو سەری ساڵی حەڤدەمین ساڵە و بەسەدان کیلۆمەتر لە خانووە کۆنەکەمانەوە دوورم، لە خەوێکی خۆشدا، بۆ جاریَ نازانم چەندەم هەمان خەون یەخەی گرتمەوە، وەختیَ رووناکی مانگ وەکو تیشکی بلاجکتۆریَ داکشا، عیرفانە فیسقەی دراوسێمان سەری لە ستارەکەی ماڵی خۆیانەوە بەرز کردەوە و بەهاوارەوە گوتی بۆ خاتری خوا فریایان بکەوە هەر لە تونیان خنکان!، ئەوەندەی یەک و دوو عیرفان دیار نەما، منیش بەپەلە بەرەو خوارەوە هاتم تا شتێک بکەم، کە گەیشتمە خوارەوە هەر لەناو حەوشەکە سۆندەی ئاوەکەم راکێشا و بەپلیکانەکاندا ویستم سەرکەوم، لە یەکەم پەیژە هەستێکم راگرت و گەڕامەوە، قووڵ تەماشای ژێر پلیکانەکەم کرد، بەبیرم هاتەوە باوکم پێی گوتم لەویَ ماڵێک بۆ باڵندەکان چاک بکەم، بینیم سیمی قەفەسەکەیان دڕاوە و باڵندەکان لە شوێنی خۆیان رەق هەڵگەڕابوون، فرمێسک بەچاوەکانمدا هاتنە خوارەوە، هەر لەو ساتەدا نووزەکانی ناو ژوورەکەی سەرەوە بوون بەجریوە و چپین بەگوێچکەکانمدا، بیَ راوەستان سۆندەی ئاوەکەم راکێشا و بەپەلە چوومە سەرەوە، قوفڵە ژەنگنەکەی ژوورەکە شکێندرابوو، کە تەماشای ستارەکەم کرد، عیرفانە فیسقە چەکوشێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، ئاوەکەم بردە ژوورەوە و هەرچی کۆنە قاپ و گڵاسی نایلۆن و مەتارە کۆنەی ژوورەکە هەیە پڕ پڕ ئاوم کردن، بێچووە باڵندەکان بەتامەزرۆییەوە دابارینە سەر ئاوەکان، هێواش هێواش بیَ ئەوەی باڵندەکان هەست بەهیچ ترسێک بکەن، پاشەوپاش لە ژوورەکە دەرچوومە دەرەوە، سەرم بەرز کردەوە و تەماشای ستارەکەم کرد، عیرفان بەهەردوو دەستی چەکوشەکەی بەرەو ئاسمان راگرتبوو، گوتم عیرفان گیان دەستت بێنە خوارەوە ئیتر ئەوان لە چاوەڕاوانی دەرچوون، بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەوە سەری بەملا و ئەولادا هێنا و دەستی نەهێنایە خوارەوە.

وەختیَ بەئاگا هاتمەوە نیوەشەوە و رووناکیی مانگ تەواوی ئاسمانی پێش چاوی منی رووناک کردووەتەوە، چاوەڕوان بووم دیسانەوە ئارەقە و سەرسووڕان و رشانەوەکەم بۆ بێتەوە، بەڵام وانەبوو. . لەوپەڕی ئاسوودەیی دەروونیدا بووم، لەبەرئەوەی هەموو شتێکم بۆ شی بووەوە.

چیرۆک



# دوو چاو.. و..
# پەیکەرێک. و.. دوو دەست..

سەبا ئەحمەد

لە گەورەترین بەخششەکانی خوا بەمرۆڤی داوە جەستەی ژنە.. بەو هەموو نارێکی و نەسازییەوە هێندە شیرینە کەس ناتوانێ لە گەڕان بەشوێن جوانی لەو شازیانەدا بێ نیاز بێت.... ئەو دەمەی پەیمانی خۆت دا و دوا بە دوای خیانەتی دایکت لە هەموو دڵسۆزییەکانی باوکت سەری خۆت هەڵگرت و بەرەو مەملەکەتێک ڕۆشتی ئەو مەخلوقە خیانەتکارانەی تێدا نەبێ... دایکت لای تۆ نمونەی هەموو پاکی و جوانییەک بوو.. ئەو دەمەی کە تۆ بەنهێنی حەزی ئەوت زانی لەگەڵ

پیاوێکی تردا چەند بێ دەربەستانە ڕووبەڕووت وەستا و وتی: (ئەگەر ڕاستت دەوێ.. ئەوەی لات بووەتە خیانەتکار و ناشیرینی باوکی ڕاستەقینەی خۆتە.. ئەو پیاوەی کە ناوەکەیت هەڵگرتووە نە لە نێزیک و نەلە دوور نابێتە باوکت.. ئەو جگە لە خانوویەکی کاولە و دارتوویەک و دارگوێزێکی بالآبەرز و دارهەنجیرێک کە هەرسێکیان زڕ و بێ بەربوون.. هیچی دیکەی نەبوو..ئێوارەیەک کەمن کرامە بوک و گوازرامەوە بۆ ئەم ماڵە هەروەک ئێستا وابوو... نەهیچی زیاد کردووە نەکەم.. تەنیا قەدی دارەکان کەمێک ئەستور بوون، پاش چەند ساڵێک لە بێ بەربوونی شتەکان گلەییم هەبوو، بەڵام ئەو هەرگیز گوێی بۆ ڕازێکم شل نەکرد.. ئەو پیاوێک بوو بۆ خۆشەویستی دەژیا و گەمەی بە بەروبووم دەهات.. منیش ژنێک چاو خاڵی لە جوانی هەردەم شتەکانم بە پڕی دەویست.. ئەوە خاڵی جودایی ئێمە بوو.. هەردەم نەیگەیاندینە یەکتر.. ئەو هێندە بەدیتنی جوانییەکان مەست بوو نیو هێندە مەیلی دەست لێدانی نەدەکرد.. بۆ نموونە... ئەم مەمکانەی من خوا بەقودرەت و توانای خۆی بەوپەڕیی کەماڵەوە خەلقی کردوون و هاوتایان نییە.. ئەو هەرگیز جارێک لە مشتی نەگرتن.. تەنیا دەیتوانی بە چاو لەزەت بەرێ.. نهێنیی جوانییەکان لای ئەو بەلەمسێک بەتاڵ دەبوونەوە.. ئەمەش بۆ من لە نێوان جوانی و دزێویدا وەک یەک بوون.. کە هەرگیز سەرپەنجەیەکی بە جەستەمدا نەخشان. کوڕم: ژن دەرک بە جوانی ناکات، ئەو هێندە ئازاری دەستی پیاوانی دەوێ خۆشەویستی و نەرمونیانیی ناوێ. تۆ بزانە پیاوە توندوتیژەکانی سەر زەوی زۆرترین عاشقیان هەبووە. بەپێچەوانەی ئەو هونەرمەند و شێوەکارانەی لە هەموو کەس زیاتر جوانی دەبینن.. هێندە لۆمەم مەکە کەس زیانی لەمەدا نەکردووە.. تۆ خاوەنی باوکێکی من بۆم هەڵبژاردی، پیاوێک بەنهێنی و بە ئاشکرا شانازیم پێوە دەکرد.. جەنەراڵێک کە لە شەڕدا بە فەرمانێکی ئەو هەزاران مرۆڤ دەبوونە قوربانی هەموو کات ئالوودە بوو بە بۆنی خوێن و باروت و شەهوەت.. سێ بۆن کە ژنە جەربەزەکانی دنیا ئەوانەی خاوەنی جەستەیەکی جوان و یاخین دەیانەوێ لە ئامێزی ئەو بۆنەدا ببن بە ئاو.. و.. دەستەمۆ بن

بەڵام باوکت بەدرێژاییی هەزاران شەو لە ساڵانی پێکەوەبوونمان.. بەتایبەتی شەوانی مانگەشەو.. ڕووتی دەکردمەوە وەک پەیکەرێک دەیوەستاندم و بە چاوەکانی دەکەوتە سەیرکردنم.. دەیان شەو لە سەرەتای ئێوارەوە بە هەر چوار وەرزە دای دەنام و دەکەوتە تێڕوانینم.. دەبوو لە بەر سەرما و گەرمای ئەو شەوانەدا هاوسەنگی جەستەم ڕابگرم و بۆ ساتێک نەجوڵێمەوە.. تا ئەو لە ئەندێشە و تێڕوانینەکانی دانەبڕم.. دواجاریش کە گزنگی دەدا پارچەیەک قوماشی لێوە دەئالآندم و تەنیا یەک ماچی لەسەر چالآیی نێوان سنگ و گەردنم یا لای چەپی پشتم بەجێ دەهێشت.. بەو ماچە دەیبردم تا سنووری ئیشتیاق و بەجێی دەهێشتم.. لەسەر سنووری سووتاندا وێڵی دەکردم، ئەمەش ئەستەمە بۆ ژنێک ئەو هەموو ساڵە بەرگەی بگرێت، ئەو شارەزای هەموو کردەوەیەکی من بوو لەگەڵ جەنەراڵدا ..هێندە ورد چاوی لە جەستەم دەبڕی ئاستەمترین جێ پەنجەی لەسەر خۆی گوتەنی (جەستە شووشەییەکەم) دەخوێندەوە.. بە تەوسێکەوە دەیوت: (دزێک پەنجەی لە

شووشەکانی جوانی داوە، نەخشی پەنجەکانی تا هەنووکەش بەجێ ماون، بۆ خۆت وا باشترە ئەو شـووشـانە بـە پاکی ڕابگری... هەوڵ بـدە بەرلەوەی دەرک بە حـەز بکەیت.. هەست بەجوانـی بکە.. بگەڕێوە بەناخی خۆتدا ئەو دەم تێ دەگەیت تێڕوانین چەند شیرینترە لە لێکخشـان.. لە تێڕوانیندا جـار لـە دوای جـار مـەودای خـەیاڵ و خـەون فـراوانتـر دەبێت و لە لێکخـشـانـدا هەمـوو خـەیاڵە شیرینەکان دەبنە دەنکە شقارتە و دوای جارێک هەڵبوون دەبنـە سوتووی بێکەڵک و فڕێ دەدرێن... ئەو دەمـەی هەوسـاریی حەز شل دەبێ جوانییەکان دەچنە ژێر پێ.. ئەو جـوانییـانـەی بەدرێژاییی چەندان سـاڵیش لە ئەندێشـەدا وێنەیان کێشـراوە لە حـەزدا سیـحریان بەتاڵ دەبێتـەوە. مروڤ بۆ ئەوە خـولقاوە، یا دەرکی جـوانی بکا یا دەرکی حـەز. ئەوەی ماناکـانی چاو و ڕوحـە مرۆڤـە قوڵەکان لێی حاڵی دەبن.. بەپێچەوانەی زۆینەی خەڵک ڕاوچیی لەزەتەکانن..)... منیش بەدەر نیم لەو خەڵکە هێندە بەرگەم گرت.. هەرگیز لە لۆمەی کەسیش نەترسـاوم پەشیـمانیش ناتوانێ ئەو لەزەتانەم بۆ هەردەم بسڕێتەوە ڕابـردوویان شیـرین کـردم، ئەمە دوا بڕیاری منە، ئـەو لە پێش چاوی مندا دەیان ژنـی بەڕووتی ڕادەگرت و دەکـەوتە تیـڕوانین و وردبوونەوە و سـەرنجدانیـان و لە پاشـاندا بە هـەمـوو هەسـتی خـۆیەوە دەکـەوتە دروسـتکردنـی پەیکەرەکـانیـان، ئەو چەندان جار لـە کـاتـی مـاچکـردنـی چالاّیی گەردنی ژنەکاندا بزەی بۆ من کردووە و بەچاوی مۆڵەتی ڕەزامـەندیی لێ خـواسـتـووم و دوا بەدوای ڕۆشـتنی ئەوان تەنیا هێندەی دەوت: (ئەوە هونەرە وا دەکات من لەو جـەستـانە ورد ببمـەوە لە تاشینی پەیکەری ئەواندا من تەنیـا کـرێکارێکی بێ هەسـتم و کۆپی جـەسـتەی ئەوان دەکـەم.. تۆ هێندە چاوەکـانت پڕ کـردووم ئەسـتـەمـە بتـوانم هەرگـیـز ژنێکی تر بە دیقـەتەوە ببـینـم.. من لە قسەکانی دڵنیابووم، لەبەرئەوەی زۆر بەسـانایی دەیتوانی دەستبەرداری سـەرجەم پەیکەرەکان بێت، تەنیا پەیکەرە بێ سـەرەکانی من نەبێت بەلایەوە ئەستەم بوو یەک دانەشیان لێ بفرۆشێت.. گەرچی چەند قات پارەی زیادەیان دەدایە...

کـوڕم.. خـولیـاکـانی نـاو سـەری وێڵگەڕێکی وەکـو ئـەو بۆ من نەیاندەکـردە هیچ، لەبـەرئەوەی دەمخواست ژنێکی ئاسایی بم لە تەنیشت پیاوێکی ئـاساییترەوە.. ئەفسوس قوڵی نیگاکانی ئەو هیـچی نەدەخـسـتـە سـەر حـەزەکانی من بۆ مـاڵداری و منداڵێکی شیـرین، دواجـار تۆش لەدایک بوویت. هەرگیز نەیهێشت بۆ ساتێک گۆشت بکەم و مەمکەکانم لە دەمت بنێم.. لەبەرئەوە نەبوو کە تۆ کوڕی ئەو نیت ئەو هەرگیـز لۆمـەی منی نەدەکرد، لەبەرئەوەی خۆشـەویسـتیم خراپەکانیشـمی شـــیـــرین کـــردبوو لـە بەرچاووی.. بگرە تۆی بەشـــیـــاوی هیـچ شـــتـــێکی من نەدەزانـی.. ئەوە کـارەسـاتـاویترین بۆچوونەکـانی ئەو بوو کـە هەردەم وەک جـەسـتـەیەکی پیـرۆز لێی دەڕوانیم کـە شـــایانی پـەرستن بێت نـەک لەزەت لێـــبـــردن.. کـــوڕم دەزانم تۆ ئێـــســـتـــا دەپرســـیـت (ئەی بۆ هاوسـەرگیریت لەگەڵ کرد..؟! کە پێشـتر دەتناسی و خۆشـەویستت بوو؟) ئەوەش هـۆکاری خۆی هـەبوو. سـەردەمـەکە سـەردەمی قـەیرانی سـۆز بوو کـەسێ نەبوو بتـوانی سـاتێ دڵتی بۆ بکەیتـەوە و گوێت لێ بگرێ.. ئەوە بوو منی بە سـۆزەییی ئەو خەڵەتاند و ئەویش بە عەشقی مـن.. کە بۆ سـاتێک

ئاسوودەی نەکردین.. چونکە هەرگیز خواستەکانمان هاوتەریب نەبوون، تۆ سەربەستی چ جۆرە بڕیارێک دەدەیت، کاممان بە گوناهکار و هۆکاری خراپەکاری دەزانیت، بەڵام دڵنیام تۆش دڵت بۆ خەیاڵەکانی ئەو دەسوتێت و من بەگوناهبار دەزانیت.. ڕۆژێک دێت خۆت دەبیتە دادوەر و پارێزگاری لەو هەڵوێستانەی من دەکەیت.. دڵنیا دەبی مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەمەڕەنگە.. تەنیا خوا دەزانێت لەم مەخلوقە پڕ سەمەرەیەدا چ جۆرە نهێنییەکی داناوە.. تەنانەت مرۆڤەکانی تریش هەرگیز پەی پێ نابەن و دەرکی ناکەن.. مرۆڤ ئۆقیانوسێکە بەهیچ ژێر دەریاییەک ناتوانی نهینییەکانی ناوەوەی دەربهێنی گەر خۆی نەیەوێت نهێنیەکانی وەک بوونەوەرە مردووەکان لە بێکەڵکیدا فڕێ نەداتە دەرەوە.. تۆ هەرگیز خۆت سەرقاڵی ژیانی ڕابردووی ئێمە مەکە، ئێمە قۆناغێک بوو بڕیمان.. بێمانایە جارێکی تر لە زەمەنێکی تردا بۆ نهێنییەکانی ڕابردوو بگەڕێیت.. ئەوە ئیشی ئەو مێژوونووسانەیە بە خەیاڵی خۆیان دەیانەوێ بە دەزووی درۆ سەردەم و قۆناغەکان بدورن بەیەکەوە.. ئەوە کارێکی ئەستەم و نەکردەیە.. کە با هەڵی کرد گەرد و خۆڵی ئەو قۆناغەش دەبات و خاکی مەملەکەتێکی تر دێنێت و دەیبارێنێت.. ئەوەی ئێستا بۆ تۆ گرینگە ئەوەیە کوڕێکی جوان و بەهێز و تۆکمە و خاوەن ناوبانگی باوکێکی کە هەموو کەس دەیناسێ و کەس نەهاتووە بەدوای ناسنامەی ڕاستەقینەی تۆدا بگەڕێ، تۆش تا پێت دەکرێ ڕێز لەو ناوە بگرە کە بووەتە پاشگری ناوەکەت.. هەر هیچ نەبێ خۆشەویستیی ناو خەڵکی پێ داوی.. نهێنییەکانی منیش بپارێزە کە سەرجەم ناوبانگی تۆی پاراستووە.. ئاشکراکردنی نهێنییەک لەوانەی من هەرەسهێنانی هەموو شتەکانی تۆیە.. بۆیە گەر دەزانی ناتوانی زمانت بگری هەوڵ بدە ژێیەکانی گەرووت بپسێنی تا بۆ ئەبەد سەرت لە ئاشوبی قسە بپارێزی و نهێنییەکانیش هەر دیزە بە دەرخۆنە بێ...

ئەو کە لە قسەکانی بووەوە ڕۆشتە ژوورەوە و کەوتە هەڵگێڕانەوەی ئەو پەڕە و دەسنووسانەی کە لەناو تاکێکی کەنتۆرەکەدا هەڵگیرابوون.. هەرگیز بە بوونیانم نەزانی بوو، ئەو کاتە زانیم دایکم ئۆقیانووسێکی پڕ نهێنییە.. ڕەنگە ڕابردووی بووبێتە گیاندارێکی مردارەوەبوو.. بۆیە فڕێیان دەداتە دەرەوە.. دوای ئەو هەموو ساڵە سیحری زانینیان بەتاڵ بووەتەوە... لە پەنجەرەکەوە بەنهێنی بۆم ڕوانی.. بەناو پەڕە و وێنە و دەسنووسەکاندا دەگەڕا.. هەر کامیانی ئەدی لێیان ورد دەبوویەوە و دەکەوتە هەڵڕژاندنی فرمێسک.. هێندە دڵم بۆی سووتا حەزم دەکرد توانای لێبووردنم هەبووایە و توند لە باوەشم گرتایە و سەریم بخستایەتە سەر دڵم و بۆنم بە قژەکانییەوە بکردایە، بەڵام بیرکردنەوە لە ناپاکییەکانی بەرامبەر بە باوکم.. نازانم ئەو پیاوەی ناوەکەیم هەڵگرتووە.. دەبووە ڕێگر و جاری واش هەبوو لە دەروونی خۆمدا بڕیاری لە سێدارەدانیم دەردەکرد، بەڵام دەستم تێی نەدەچوو، لەبەرئەوەی دەمزانی ئەو بەڕاستی و بەبێ هیچ نیازێک منی خۆش دەوێ.. لە هەر پیاوێک کەوتبمەوە بۆ ئەو هەر یەک کەسم، لاکەی ترم گرینگە.. دادوەری لە نێوان فەنتازیاکانی پیاوێک و حەزە ناسکەکانی ژنێکدا ئەستەم بوو.. گیانی هەموو دادوەرییەکی لە مندا

دەکوشت. چەندان جار بڕیاری ئەوەم دا سەرم لەم ئاژاوانە بە فیشەکێک خاڵی کەمەوە.. کەچی حەزی زانینی پاشماوەی ڕووداوەکان ڕێگرم بوون. هیچ شتێک وەک فزوولیەکانی زانینی پاشماوەی ڕووداوەکان تەمەنی مرۆڤ درێژ ناکاتەوە.. گەر ژیانی هیچ شتێکی مانا داریشی تێدا نەبێ بۆی.. ئەوەش هۆکاری ترسنۆکییەکانی من بوو.. دواجار دەرگەی ژوورەکەم ترازاند و بەبێ سڵاو خۆم گەیاندە لای دایکم و بەسەر کاغەز و وێنەکاندا خۆم نوشتاندەوە، بەبێ هیچ پۆزش هێنانەوەیەک.. چاوم بەچەندان وێنەی جەنەراڵ کەوت و هەر جارە و بەجۆرە جلوبەرگێکەوە.. جارێک بەبەرگی پڕ لە پۆز و لووتبەرزیی سەربازییەوە لە یەکێکی تردا شەرواڵ و چۆغە و جارێک بەمرادخانییەوە و یەکێکیشیان بەبیجامەی ناوماڵەوە و لە یەکێکی کەیاندا بەسنگە توکاوییەکەیەوە بەڕووتی کە بۆ من مایەی بێز لێهاتنەوە بوو.. دایکم ئاماژەی بۆ وێنەکان کرد و وتی: (ئەوە باوکی ڕاستەقینەی خۆتە.. ئەوە ئەو پیاوەیە بەقەد تاڵی توکەکانی سەرسنگی ژنانی لەناو جێی مێردەکانیاندا گەوزاندووە.. جەنەراڵ پیاوێک بوو لە منداڵییەوە بەردەوام سرک و یاخی، لە مێردمنداڵیدا سنووری هەموو شەرمەکانی شکاند و بەبێ سڵکردنەوە خۆی لە ئۆقیانووسی حەزەکانی جەستەی ژندا غەرق کرد.. ئەو شەوانە بەسەرخۆشی کاتێک لە هەموو حەزەکانی خاڵی دەبوویەوە و دەکەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی سەردەمی مێردمنداڵی.. کە پڕبوون لە حەزی شێتانە و چۆن بەو هەموو برسێتییەوە لە جەستەی ژنانی نواڕیوە و چۆن هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو ژنانەی داوە کە زۆرجار لە تەمەنی دایکی نێزیک کەوتوونەتەوە.. ئەو پەسەندترین پیاوێک بوو تەنیا بۆ لەزەت بردن و لەزەت بەخشین بە جەستەی ژن خولقابوو.. گشت قۆناغەکان شانبەشانی شارەزابوونی لە هونەرەکانی شەڕدا لە هونەری ڕامکردنی ژنانیشدا شارەزا بووبوو..

دەیگێڕایەوە کە جەنەراڵ هێشتا تەمەنی دوازدە ساڵان بووە دڵی دەچێتە سەر گەورەکچێکی گەڕەکی خۆیان و هەموو بزە و ڕووخۆشییەکانی ئەو بە حەز دەخوێنێتەوە چەندان شەو بیر لەو بزە و نیگایانەی دەکاتەوە و بە مەیل بۆ خۆی تێی دەگا وا هەست دەکا ئەویش ئاگری خۆشەویستی ئەم دەیسووتێنێ و خۆی لادەبێتە شاپیاوی باوەشی ژنان.. لەناو خەیاڵە ئارەز،وانییەکانیدا دەشێت ئەمی منداڵ بتوانێت ئەو جەستەی چەندان شەو بەخەیاڵ لە ئامێزی دەگرێت لە واقیعیشدا بۆی فەراهەم بێت... تا ڕۆژێک کچە دەبینێ و بێدەربەستانە بە هێما و ئاماژە داوای ئەوەی لێ دەکات پێکەوە بچنە خانوویەکی چۆڵەوە کە لەو نێزیکانەدا بووە.. کچەش لە مەبەستی دەگات و لە تووڕەییدا ئاگر لە خوێنی بەردەبێ و بەدوو چاوی پڕ لە ڕقەوە ڕووبەڕووی دەچێت.. ئەمیش کە نیازی کچە و تووڕەییەکانی دەخوێنێتەوە بە پەلە ڕادەکا و ئەو ناوە بەجێ دەهێڵێت، بەڵام هەرگیز ئەو تاسەیە لە بیر ناکات کە گەورە بێت و بەوپەڕی هێزەوە باوەش بە قەدی باریکی ئەو کچەدا بکات و بەدڵ بینوسێنێ بە خۆیەوە.. ئەو خەیاڵەکانی هێندە سەرکێشن کە هیچ ئەسپێکی شێت ناتوانێ بە هاوشانیدا بگات و هیچ مەیتەرێکی عاقڵیش ناتوانێ دەستەمۆی بکات.. ئەم خۆدانە دەست حەزەی بە جۆرێک بێ سنوور دەبێ هەر ژنێک بیەوێ دەتوانێ گەمە بەحەزەکانی بکات و

ئەویش بەبێ بیرکردنەوە دەیکاتە ئەو مەعشوقەی چەندان شەو پێیانەوە دەستپەڕ لێ دەدات.. بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی موراهیقێک وەک ڕاکردن بەدوای سەرابدا وایە. ئەو دەمەی دەگاتە چواردە ساڵان حەزی دەچێتە سەر دایکی هاوڕێکەی کە ژنێکی سوور و سپی و خڕپن دەبێت و بەمەمکە گەورەکانی و سمتە خڕەکەیەوە سەرجەم هۆش و ئاوەزی ئەم دەسرێتەوە و دەیکاتە پارچەیەک پشکۆی حەزێکی داگیرساو و بۆ ساتێکیش ناتوانێ لە هاوڕێکەی دابڕێت و بەردەوام لە ماڵیاندا خۆی مات دەکات.. لە هۆشی خۆیدا بۆ هەلێک دەگەڕێت بتوانێت بەحەزەکانی بگات.. دایکی هاوڕێکەی بیری بۆ ئەمە ناچێت کە ئەم چۆن بیری لێ دەکاتەوە.. تا جارێک هەرچی دەکات دەستی بەچلێکی ئەو مێوە ناگات کە بە تووەکەیانەوە ئاڵاوە تا گەڵاکانی لێ بکاتەوە، ناچار دەبێت هانا بۆ ئەم دەبات هاوکاری بکات.. ئەمیش وەک سەدەیەک بێت چاوەڕێی ئەم هەلەی کردبێت پەلامار دەدات و دەستێکی دەخشێنێ بەسەر ئەو دەستەیدا کە مێوەکەی گرتووە، ئەو دەستەکەی تری لە کەمەری وەردەدا و لە دواوە بەجۆرێک خۆی پێوە دەنوسێنێ کە هەست بە گەرمیی لەشی دەکات.. ژنەش هەست بەنیازەکەی دەکات و خۆی لە باوەشی ڕادەپسکێنێ و بەبێ ئەوەی وشەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە تەنیا بەئاماژەی چاو تێی دەگەیەنێت چەند تووڕە و بێزارە لەو کارەی.. دوای ئەو جارەش هەرگیز نە بەرز و نزمی و گەرمی لەشی ئەو ژنە و نەچاوە پڕلۆمە و ڕقەکانی لەیاد ناکات، بەڵام ئەمانە تەنیا دوو ڕووداون لە مێردمنداڵی ئەو پیاوەدا لە نێوان هەزاران خەون و خەیاڵی ناو سەریدا... کە بەتەواوی پێگەشت ئەوەی بەلایەوە ئاسان بوو دەستگرتن و بوو بەسەر دڵ و جەستەی ژناندا.. دەیان جار بە ئۆتۆمۆبێلە سەربازییەکەی ژنی هاوڕێ نێزیکەکانی بردووەتە باخ و.. دەشت و.. کێوەکانی.. قەراغ شار، بەلایەوە لە هەموویان گرینگتر ژنێک بوو.. من زۆر ڕقم لێی دەبوویەوە، لەبەرئەوەی هەستم دەکرد لە هەموویان زیاتر مەیلی ئەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەش ئاگری غیرەی لەمن بەردەدا لە ڕۆژێکی بەهاری باراناویدا بەجلی شەنگی کوردییەوە دەیخاتە پێشی ئۆتۆمۆبێلە کەی و بێ دەربەست لە چاوی خەڵکی بەرەو دەرەوەی شار دەڕۆن.. ڕێگە خۆڵەکان بە بارانەکە خوسابوونەوە و خلیسک بووبون.. ماشینەکە لە دەستی وەردەگرێت و لە بەرزاییی گردێکەوە خەریک دەبێ بکەونە خوارەوە هەر بەموعجیزە دەوەستێتەوە خۆی گوتەنی (خودا نەیویست بە ئابڕوچوونەوە بمرم..).. دوای ماوەیەک پاڵنان و خوسان و هیلاکبوون.. ئۆتۆمۆبێلەکە دەهێننەوە سەر ڕێگەی خۆی.. لە بری ئەوەی ترس حەزەکانیان لە بیر باتەوە کوشندانەتر باوەش بە ژنەکە دەکات و هەست دەکات تەنیا لەبەر ئەو ساتە حەزە نەمردووە و ماوە و دەیەوێت لەدەستی خۆی نەدات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیاوی ناو شەرگەکان وەک پیاوی ناو پێخەفی ژنە ناودارەکانیش ناو دەردەکات.

کوڕم شانازییە بۆ ژنێک بتوانێت لەگەڵ جەنەراڵێکدا بخەوێت کە جێگەی سەدان ژنی تاقی کردبێتەوە و لەناو هەمووشیاندا لە بەر دڵی تۆ بپارێتەوە بۆ ئامێزێک... بەقوربانی تۆبێت.. ئەوانە شتانێکن تەنیا ژن لێیان حاڵی دەبێ، تۆ نازانی گەر کچان بزانن تۆ کوڕی جەنەراڵیت دەبنە خاکی

ژێرپێت تەنیا بۆ ئەوەی شەوێکیان لەگەڵ بەسەر بەریت.. دنیای پڕسیحر و جادووی ژنان ئاوایە کوڕم. ئازیزم: مرۆڤ هەیە بەردەوام پشکۆیەکی گڕگرتووی حەزەکانە و یەکێکیش کانیاوی سۆزێکی سازگارە زۆر دەگمەنە هەموو کەسەکان لەم هەستانەدا بەهێندەی یەکتریان بەشدرابێ.. دەبێ هەستەکان جیاوازبن بەقەد ژمارەی مرۆڤەکانی سەرزەوی.. جا چ ژن بێت یا پیاو، جەنەراڵ لەو پیاوانە بوو بەردەوام پشکۆیەکی گڕگرتووی حەزبوو. تا زیاتر ئاشنا بووایە لەگەڵ جەستەدا پتر بڵێسەی دەسەند.. بەپێچەوانەی باوکتەوە.. تا زیاتر لێم وردبووایەتەوە کانیاوی سۆزی عەشقی سازگارتر و فێنکتر دەبوو...ڕوحی منیش هەموو کات لە گەمەیەکی سەیری نێوان ئەم دوو هەستەدا بوو.. ساتێ بە حەز داخ دەبوو دەفڕی بۆ ئاسمان.. ساتێکیش بەسۆز هێندە فێنک دەبوویەوە بەرەو ئاسمان دەفڕی.. هەر یەکێک لەم ئاسمانانە مانایەکیان هەبوو.. ئەستەمە تێکەڵکردنیان، تەنیا هێندە جیاوازییان هەیە.. لە یەکەمیاندا جەستە لە گڕدا ئاسوودە دەبێت و لە دووەمیاندا هزر لە سۆزدا ئۆقرە دەگرێ.. تۆ تێ ناگەی دڵی من.. کەس لە دەرەوەی کارەساتەکان لە هیچ حاڵی نابێ تا خۆی نەبێتە بوکەڵەی ناو کایەکان... ئەو دەم دەزانێ مرۆڤ چ بوونەوەرێکی دەستەپاچە و بێ ئیرادەیە.. لە کۆڕژنی گریانی دا.. منیش لە ترسی ئەوەی نەوەک سۆزی ئەو ساتەم وام لێ بکات لە هەموو خراپەکانی خۆشبم ملی ڕێگەم گرتە بەر و بەرەو ژوورەکەی باوکم نازانم... ئەو پیاوەی زۆرترین کات لە تەنیشتیەوە ژیام... بە ئەسپایی دەرگەی ژوورەکەم کردەوە.. کەوتمە ناو مەملەکەتێکی سەیرەوە خۆمم لەناو ئەو هەموو پەیکەرە جوانانەدا بزر کرد.. سەیرم لێ هات چۆن توانیویەتی بەو هەموو وردییە ئەو هەموو جوانیە بخولقێنێت.. سەرجەمیان پەیکەری ژن بوون بە هەموو قەد و قامەتێکەوە بەگشت قەبارەکان.. جەستەی باریک ناسک و ڕێک.. قەڵەو خرپن و نەرم.. مەمکی سیس و شل.. مەمکی خڕ و نەرم.. مەمکی توند و نەبزێو.. مەمکی درێژکۆڵەی شۆڕ.. مەمکێکی سیحری کە بە فویەک خڕ و گرمۆڵە دەبن و بە پەنجەیەکیش خاو دەبنەوە و واز لە سەرکێشی دەهێنن و دەڕژێنە ناو پەنجەکانەوە.. سنگی نەرم و مەمکی قەڵەو.. ناوقەدی باریک و ڕێک و ناوقەدی قەڵەو و ورگی خڕ و جەستەی پڕبەرزی و نزمی.. ڕانی ڕێک و ساف و درێژ.. ڕانی ئەستووری لە سەرەوە هەڵتۆقیوو.. باریک و درێژ.. کە هەر یەکێک لەمانە دارای کۆمەڵێک جوانی بوون هەر یەکێکیانی لە ویست و حەزەکانی کەسێکدا بەدی دەکرد کە پەسەندی کردبوون.. کە هەر یەکێکیان دارای جوانییەکی تایبەت بوون.. پەیکەری هەمەڕەنگ هەر یەکێکیان پەلی دەگرتی بەرەو دنیایەکی دوور.. لەناو پەیکەرەکاندا هەستم کرد خەریکە حەزەکانم لەگەڵ ئەم بەردوو بۆرەک و گەچانەدا دەورووژێت.. دانم بە قسەکانی دایکمدا نا.. حەزەکان هەموو کات سەرکێشانەتر پەلی مرۆڤەکان دەگرن بۆ ئامێزی خۆیان.

لەناو پەیکەرەکاندا لە هەمووان سەرنجڕاکێشتر پەیکەرەکەی دایکم بوو.. بەکەمترین تێڕوانین دەتناسییەوە بە بە باڵای بەرز و ناوقەدی باریک و سمتی خڕ و ئەو مەمکانەی وەک دەستی نزایان بۆ ئاسمان بەرز کردبێتەوە بەپێچەوانەی زۆربەی مەمکەکانی تر سەریان نەوی دەکرد.. وەک

کەروێشکی خرپن و ترسنۆک خۆیان گرمۆڵە کردبوو.. ئەمان یاخییانە چاویان لە ئاسمان بڕی بوو.. ناوکێک هێندە شیرین نەخشەی کێشرابوو کەس نەبوو پڕ بەدڵ خولیای دەست لێخشانێکی نەکات.. دوو ڕانی ئەستوری درێژ و گۆشتن و ئەژنۆیەکی سافی بێ گرێ و پاوپوزێکی بازنەیی و پێیەکانی بچووک و پەنجەکانی کورت و شیرین بوو.. هێندە جوان ئافرێنرابوو گومانێکی لای کەس نەهێشتبوویەوە کە دان نەنێت بە هونەری ڕوانینی ئەودا.. بە ئاشکرا دەتزانی ئەوە جوانی ئەوە هەموو ئیرادەیەکی لەمسی تێدا کوشتووە.. هەرچەندە دایکم ئەو هەستەی دەبەست بە ئەو کاتەی لەژێر ئەشکەنجەی زیندانەدا ئەندامەکەی لەدەست داوە و بۆ قەرەبووکردنەوەی سەرجەم خواست و حەزەکانی لە نیگاکانیدا کۆ کردووەتەوە.. تەنیا لەو ڕێگەیەشەوە توانی بووی لەگەڵ سەرجەم ئەو ژنانەدا بێت کە عاشقی و نیگا و پەنجە پرهونەرەکەی بن و بە دەیان کاتژمێر لە بەردەمیدا بە ڕووتی دەوەستن لەسەر خواستی ئەو.. دواجاریش تەنیا بە ماچێک لە چالاییی گەردن و شانی چەپیان لە دواوە ڕەوانەیان بکاتەوە.. ئەو هێندە نیگاکانی بە پڕ لە خواستییەوە لەو جەستانە دەگرت کەس زاتی ئەوەی نەبوو لەوە زیاتری لێ بخوازێت کە خۆی دەیکات.. پیاوێک هێندەی هەموو دنیا هونەرمەند و بەقەد پیاوانی دنیاش بەغیرەت و لە نیگاشدا بێ شەرمترین.. کەچی هەرگیز ئەو سنوورانەی نەشکاند.. کە بۆ لەزەت کێشابوونی... ئەمەش وای لەو ژنانە دەکرد کە بەدنیایەک حەز و ئارەزووەوە دەچوونە خزمەتی و بەدەمی پڕ جنێو و جەستەی گڕگرتووی حەزەوە بێنە دەرەوە و تا ماڵی خۆیان تف و جنێو ڕۆکەن، بەڵام ئەو جار دوای جار بێ نیازانەتر لەو جەستانە ورد دەبوویەوە... لۆمە و تانە و سەرزەنشتەکان نەیانتوانی تووڕەییی حەزی ئەو بجووڵێنن گەر بۆ پەنجە لێخشانێکیش بێت.. شەو لە دوای شەو بە ئاسوودانەتر دەچویە ناو پێخەفەکەی و هەرزوو دەستەملانی خەوێکی قووڵ دەبوو.. پاش ساتێک لە خەودا دەکەوتە ورێنەکردن لەگەڵ کەسانی ناو خەوەکانی.. زۆربەی شەوەکان بە زمانی شاعیرانە دایکمی دەدواند و ئەو ووشانەی کە لە ڕۆژدا لەبەر شەرم بوو یا بۆ پارێزگاری لە غرورەکانی خۆی حەشاری ئەدان ئەوتەوە... دەیان شەو دایکم بەدیار ورێنە کانییەوە دانیشتووە و بەوپەڕی عەشقەوە گوێی لێ گرتووە و گریاوە.. هەموو کات سەری لە نهێنی ئەو عەشقە قووڵەی دەرنەکرد کە نەیتوانی لە پیرۆزی فریشتەیەکەوە دا گرێتە ئاستی مرۆڤێک گەر بۆ ساتێکیش بێت، بۆیە ئەستەم بوو بڕواکردن بەو چیرۆکە دروست کراوەی دایکم بۆ بێگوناهکردنی خۆی لە ئاست ناپاکییەکانی بەرامبەر ئەو هەمووعەشقە...

ئەو شەوەی باوکم بڕیار دەدات بمرێ.. یەکێکە لە درێژترین و تەڕوتوشترین شەوەکانی ساڵ.. شەوی یەڵدا، بەو هەموو تاریکی و نوتەکییە دەچێتە ژووری پەیکەرەکان و لەوێدا پتر لە چل مۆم هەڵدەکات و لەبەردەم پەیکەرەکەی دایکمدا دەوەستێ ودەستێکی پێدا دەخشێنێ و دەڵێ: (خوا.. من دەترسم ئەم هەموو جوانییە کە لەم دروستکراوەتا هەیە ئەبەدی نەبێ و بەرەو پیری و خەزان بچێت.. بەرگەی هەموو شتێ دەگرم ئەمەیان نا.. دەبوو ئەم بوونەوەرەت بۆ هەردەم لەو تەمەنەدا

بهێشتایەتەوە.. تا وەک نموونەی دەستکردەکانت لە جوانیدا تەماشا بکرایە.. کە دەزانم هیچ کەسێک بەلای تۆوە گرینگ نییە ئەم ترسە من دەکوژێت.. ئەی خوا.. ئەم هەموو جوانییە چییە تۆ خولقاندت چۆن بوو بەم جوانییە ئەم جادووەم لێ کرا کە هێزی لە گیان و جەستەمدا کوشت و وای لێ کردم کە جوانییەکانی هیچ دروستکراوێکی تۆ نەبینم.. چ سیحرێک بوو ئەم عەشقە و هەرگیز بۆ ساتێک لێم نەبوویەوە و ڕێی نەدام ئاسایی بژیم.. دەرک بەجوانییەکانی تۆ بکەم.. جوانی ئەم دەستکردەت هێندە فریودەر بوو کە من نەتوانم جوانییەکانی خالقەکەی ببینم.. چاوانێک هێندە بێدەسەلاتانە بەو بوونەوەرەدا ئەبلەق بوون ئەستەمە بتوانن جوانی گەورەتر ببینن و خۆیان لەدەست نەدەن.. بمبەخشە خوای من بمبورە ئەمشەو من بەناسکترین شێوە گیان دەدەم لەناو ئەم هەموو پەیکەرانەدا دەمرم و چاوم بەتەنیا پڕە لە یەکێکیان.. چ فێڵێکە ئەم جوانییە.. چ داوێکە ئەم عەشقە تۆ لەناو مرۆڤدا دات ناوە.. گەر تووشی مرۆڤ هات ئەستەمە ببێتەوە بەخۆی.. دەبێتە هەزاران بوونەوەری تر و نابێتەوە بە مرۆڤ.. بمبورە ئەم مردنە لە بێ دەستەلاتیمدایە.. لە خاڵی نەبوونەوەمدایە لەو جووانیانە و ڕاکردنە لەو هەستانە.. ئیلاهی بە گەورەیی عەشقت منی بچووک ببەخشە کە ناتوانم عەشقی گەورەت بدۆزمەوە.

لەناو سندووقێکی بچووکدا دەرزییەکی درێژ و باریک دەردەهێنێت.. بە قایمی لەسەر سنگی بە ئاراستەی دڵی گڕگرتووی دەیچەقێنێت.. تا لەناو سنگیدا بۆ هەردەم جێگیری دەکات.. و هاوار دەکات.. دڵم ماڵی جوانییەکە ناهێڵم ئەو جوانییە بەهێزی گوللەیەک هەڵتەکێت.. یا گڕی ئاگرێ هەڵی قرچێنێ.. ماڵی ناسکی ئەو دەرزییەکی پێویستە تا بتوانێ جێگەی هەناسەیەکی مردن بکاتەوە بۆ من.. ماڵی هەمیشەیی بێت بۆ ئەو.. تا خاڵی بێ لە من و سیخناخ بێت لە ئەو.. دەمەوێت بمرم و بەمردوویش ڕوخسارم هێندە ناشیرین نەبێ کە چاوە پڕ نازەکانی ئەو نەتوانێ لە دواساتدا پێمدا بڕوانن.. هێواش.. هێواش.. وەک گەڵایەکی پایز لەو شەوی یەڵدایەدا دەکەوێتە بن دارەکانی حەوشەکەیان.. ئەویش شل دەبێ و دەکەوێت... چل مۆمی هەڵکراویش بەدیار پەیکەرەکانەوە تا بەری بەیانی دەسووتێن و وردە وردە تاکوتەرا وەک ساڵەکانی تەمەنی ئەو گیان دەدەنە تاریکی.. ئەو مرد و چیی تر کەسێ نەبوو ڕێز لە جوانییەکانی جەستەی دایکم بگرێ و بەپیرۆزی تەماشایان بکات..چیی تر جەنەراڵیش گۆڕەپانەکەی بۆ چۆڵ بوو دەرنەکەوتەوە.. ئەو بەردەوام لەناو ململانێکاندا دەژیا.. ئەمیش بۆ ڕەونەقی ئەو ساڵانەی کە لە نێوان ئەو دوو دنیایەدا بەسەری بردبوون بەردەوام دەگریا.. وەک تەنیاترین بێوەژن.. لە ژیاندا مابوویەوە هەرگیز بڕوای نەدەکرد ئەو کە وەک پەرستراوێک بوو لە ڕابردوودا هەنوکە وەک کۆیلە بژی....

دواجار هەر من مامەوە و هەرگیز نەمزانی کوردی ڕاستەقینەی کامیانم.. ئەو جەنەراڵەی لەبەر منداڵە زۆر و پژاوەکانی لە سەرتا سەری وڵاتدا نەیدەپەرژایە سەرم و لە ئامێزی نەگرتم جارێک... یا کوڕی ئەو هونەرمەندەی کە چاوەکانی پڕ بوون لە نیگاری ژنێک و بێ ئەرزشانە بەهەموو شتەکانی ناو بوونیدا دەڕوانی جگە لەو...

چیرۆکی وەرگێڕاو

# ئێوارەیەکیان لە رۆما

عەبدولستار ناسر

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی



له ته‌نیشت ڕێستورانتی (ئوستریا مارجوتا) له ڕۆما له ئاوێنه‌که‌ی به‌رامبه‌رم دیار بوو، که برسیه‌تی چۆن هیلاکی کردووم، ته‌نیا سێ هه‌زار لیره‌ی ئیتاڵیشم له به‌رکدا بوو، به‌و پاره‌یه‌ش تێر نه‌ده‌بووم، یه‌ک هه‌نگاو له من دوور گیتارژه‌نێک موزیکای ده‌به‌خشییه شه‌قامه‌که و هه‌موو لایه‌کیش به‌ناز و به‌خۆشییه‌وه پاره‌یان بۆ له کاسکێته‌که‌ی داده‌نا، سه‌ره‌تا من وام زانی ئه‌و نابینایه و بیرم له‌وه کرده‌وه به‌شی تێربوونه‌که‌م پاره‌ی لێ بدزم.

تازه ڕۆژئاوا بووبوو زۆری نه‌مابوو له حه‌ژمه‌تا بگریم، له قاوه‌خانه‌که خۆم مات کردبوو پاره‌ی یه‌ک قاوه‌شم پێ نه‌بوو، وه‌ک جاران چاوانم له‌وه ده‌گێڕا دووباره گه‌شتیارێکی عێراقیم لێ هه‌ڵکه‌وێت و پاره‌ی چایه‌که‌م بدات، ئه‌وانه یه‌کێک له‌وانه‌ی پاره‌یان پێیه و یه‌کێکیان ده‌وێت نه‌وایه‌ک و گۆشه‌یه‌کی هه‌وسیان بۆ بدۆزێته‌وه، ئه‌وان زۆرجار به‌په‌رۆشه‌وه له پێناوێک ده‌گه‌ڕان، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌و جۆره که‌سانه ته‌نیا خه‌می سێکس و مه‌شروبیان هه‌بوو، چاوه‌ڕوان بووم یه‌کێک له‌وانه‌م لێ په‌یدا بێت وه‌ک هه‌موو ڕۆژێ ڕزگارم بکات و پاره‌ی قاوه‌خانه‌که‌ی (بارهاری)م بۆ وێر بکات.

***

من تازه هاتووم و ناتوانم بگه‌ڕێمه‌وه به‌غدا، وا پێنج ساڵه له‌و شاره جوانه ده‌ژیم، ره‌نگه چیی تر نه‌توانم به‌و شێوه‌یه لێره له شه‌قامی (فیتوریو فینیتو) ببینێمه‌وه، چۆن بژیم له ژوورێک ده‌خه‌وم ته‌ژی مشک و جوورجه، هه‌موو ده‌مێ باڵه‌خانه‌که ئه‌گه‌ری ڕمانی هه‌یه، ره‌نگه شه‌وێکیان بکه‌ومه بن که‌لاوه‌که‌وه و بمرم. ئه‌وه‌نده‌ی لێره کاریشم کردبێت له ڕێستورانته‌کان قاپ و مه‌نجه‌ڵه‌م شووشتووه، به‌ڵام وا گرانیی بازاڕه‌که نان و خواردنم لێ حه‌رام ده‌کات، هه‌موو شته‌کان به‌ر په‌تای گرانی که‌وتن، میوه و سه‌وزه و گۆشت و شه‌راب و ماسییه‌کان، ئه‌وه دوو ساڵه تامی ئه‌و خواردنانه‌م له بیر نه‌ماوه و تامم نه‌کردوون. کێ بڕوا ده‌کات منی لات و به‌ڵه‌نگازی ئیمڕۆ ڕۆژانێک و پێش پێنج ساڵ له هوتێلی (ئاکسلسیوشر) وه‌ک ئیمپراتۆرێک دابه‌زیبووم، ڕۆژانه سه‌د هه‌زار لیره‌م ته‌نیا شاباش ده‌دایه سێرفیسه‌کان، له ده‌رچوونه‌کانم و گه‌ڕانه‌وه‌کانمدا پاره‌م بۆیان هه‌ڵده‌ڕشت.

***

ئیمڕۆش وا من له پێش ڕێستورانتی ئوستریا مارجوتا راوه‌ستاوم و زۆرم نه‌ماوه له برسانه بمرم، ئه‌و پاره‌یه‌ی له به‌غدا له‌گه‌ڵ خۆمدا هێنابووم ته‌واو بوون، پاره‌ی خانووه‌که‌م هه‌موو خوارد، پاره‌ی فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێله‌که‌شم خوارد، هه‌مووم به پلیتی فرۆکه و ترێن و پاپۆڕه‌کان خه‌رج کرد، زۆرم پاره له‌سه‌ر هه‌وه‌سه‌کانم هه‌ڵڕشت، ئه‌وانه که‌سی وه‌ک منی شێت و ده‌ستبڵاویان نه‌دیبوو. ئه‌و ئێواره‌یه من که‌سێک نادۆزمه‌وه، ئای ئیمڕۆ که ڕۆژێکی بێ هیوایی و تاریکه، ئه‌گه‌ر پاره‌که‌ش به‌یه‌ک نان بده‌م له چایه‌کی هه‌ڵبێنم، ئه‌وه‌ش ته‌واو ده‌بێت. که‌م که‌س هه‌یه وه‌ک من شاره‌زای شاره‌کانی فلۆره‌نسا و میلانۆ و ڤینیسیا بێت، ئینجا له‌و شارانه‌وه بڕیار بدات بگه‌ڕێته‌وه ناو گه‌رمایی شاره‌که‌ی خۆی. من گۆڕاوم شه‌یدای باران و سه‌رما و ده‌ریا و زستانم، جارێکی تر له‌و

گەرمستانەی خۆمان ناحەوێمەوە، ئەوەی جارێک سواری جندۆلەکانی ناو رووبارەکان بووبێت و بەناو ئاوی رووباری (ئارنۆ)ی فلۆرەنسا رۆیشتبێت و لەگەڵ سروەدا لە ڤینیسیا لەناو ئاوەکە مەست بووبیت، چاوی بە کاتدرائییەی میلانۆ کەوتبێت، بڕوا ناکەم بیر لە گەڕانەوەی بەغدا بکاتەوە، کە تێدا بەردەوام لە مانگی تەمووزدا هاواری ترس و تۆقاندنی تێدایە و نیگەرانییش لە دەرگەی هەمووماڵێک دەدات.

رەنگە من درۆ لەگەڵ خۆشم بکەم، ئاوەکەی دیجلەش وەک رووباری ئارنۆ سروەکەی شیرینە، هۆرەکان (عمارە)ش مەیدانی سەمایە و مزگەوتەکانیش وەک کاتدرائییەکان نازدارن، بەڵام سۆزم بۆیان دەجوڵێتەوە لە گریان دەترسم، لە گریانەکەی ئەوێندەرێ دەترسێم!

ئەو ئێوارەیە من بەهێمنی دەرۆیشتم و برسییەتی و خەمی نەبوونی کرێی ژوورە مشت جوورجەکەش هاوشانم بوو، من برسییەتی لەگەڵ ژیانمدا بووە، لەولاشەوە بەردەوام رێبوارەکان بۆ گیتارژەنەکە پارەیان بۆ لە کەسکێتەکە دەهاوێشت، من بینیم ئەو سێ جارە پارەکە کۆ دەکاتەوە و لە گیرفانی پاڵتۆکەی دەکات، ئەو کارامەیە و چاک دەژەنێت، بۆ منیش وەک ئەو ژەنیارێک نەدەبووم...؟

لەبەرخۆمەوە پرسیم، ئەو ژەنیارە کە چاویلکەی رەشی لە چاودایە، بێگومان نابینایە، با بەنەرمی دەستێک بۆ پارەکانی پێشی درێژ بکەم و تەنیا ٥ هەزار لیرەیەک بدزم. ئەو پارەیە بفرێنم و بچمە کۆڵانێکی تر، بەڵام من دزی نازانم، هەرگیز دزیشم نەکردووە، تازە ئەو رەوشتەش فێر نابم، ناکرێ من دزی بکەم، دیارە دزیکردنیش شارەزایی دەوێت...؟!

کە برسییەتی تەنگاوی کردم، دەستم بەنەرمی بۆ کاسکێتەکەی ئەو برد، ئەگەر وا نەکەم لەسەر شۆستەکە لار دەبمەوە و دەمرم، لەو دەمانەدا ژەنیارەکە هەستی بە ژانەکەم کردبوو، بەزمانی عەرەبی هاتە قسەکردن و وتی:

بەیانیش وەرەوە، رۆژانە وەرە، ئێواران وەرە و تا خوا دەرگەیەکمان لێ دەکاتەوە و دەگەڕێینەوە وڵاتە داماوەکەمان، هەموومان دەگەڕێینەوە عێراق.

تێبینی:

* دە ساڵە پارەی یورۆ لە جیاتی لیرە لە ئیتاڵیا بەکار دێت، بۆیە دیارە کەوا رووداوی چیرۆکەکە کۆنە. (وەرگێڕ)

ئەو چیرۆکە لە لاپەرە عەرەبییەکانی ناو نێتەوە وەرگێڕاوە.

چیرۆکی وەرگێڕاو

# تۆ لە کوێی خۆشەویستم؟

نەجیب مەحفوز

لە عەرەبییەوە: سابیر مەلوول



لەودیو پەنجەرەیەکی شیشدارەوە دادەنیشێ و زەق زەق لە هیچ دەنۆڕێ، سەری سەرێکی بچووکی رووتاوە، نیگایەکی بێ واتای قەتیس، تاو ناتاوێکیش ورتەیەکی لێوە دێ: تۆ لە کوێی خۆشەویستم لە دوورەوە ورد و زەریف هەموو هەڵسوکەوتێکی دەخەینە ژێر چاودێری و بەسیلەی چاو نیگەی تێ دەگرین تووڕەی ناکەین، نایوروژێنین ئاخر وشیارییان پێ داوین سەر نەخەینە سەری و توخنی نەکەوین، بە چرپە دەڵێین: تۆ تەماشای ئەو چاوانەی

– ئەم نیگایە چی تێدایە؟

– کورە شێتە شێت.

جاران وێڵ و سەرگەردان دەبینرا کڕ و مات و خامۆش... دەیانبینی بە پەرۆشەوە دوای ژنێکی موحەجەبە دەکەوت و رێگەی لێ دەگرت خەڵکیش دەهاتن دەکەوتنە نێوانەوە و ژنەکەیان لە دەستی قوتار دەکرد...

دەڵێن کچێکی شۆخ و شەنگی لە خەودا بینیوە و عاشق و شێت و شەیدای بووە، دەڵێن خەونەکە جار لە دوای جار دووبارە دەبێتەوە ئەویش هەڵدەستێ بەدوای کچەکەدا دەگەڕێت، لە هیچ کوێدا ناگیرسێتەوە هەموو کوچە و کۆڵانەکان تەی دەکات، لە هیچ کوێدا کچەکە نابینێتەوە، ئاگری تێ بەردەبێ و ئۆقرەی لێ دەبڕێ و دەست دەکات بە پەلاماردانی ژنان، هەوڵ دەدات چارشێوەیەکەیان لەسەر داماڵێ.

لەبەر هەندێ جنێو دەخوات، تێهەڵدان دەخوات، توندوتیژی بەرامبەر دەنوێن سوودی نییە، بێگیانی دەکەن کەڵکی نییە.

کەسوکارەکەی دێنە سەر ئەو باوەڕە کە دەستیان لێوەشاندووە و تێک چووە، دەیبەنە سەر مەرقەد و گڵکۆی پیاوچاکان سوودی نییە، دەیبەنە لای شێخ و موشایەخەکان دادی نادا و چاک نابێتەوە، ئەو جار بەباوکی دەڵێن: شێتخانە و نەخۆشخانە بۆ ئەمانە کراوە وەرە پیاوی چاک بە و بیدە دەستی خوا.

بەڵام باوکی لەم ژوورەدا حەپسی دەکات و پەنجەرەکەی بە میلە و شیشی ئاسن دەتەنێ، بەرۆژ لەودیو پەنجەرەکەوە کڕوشکە دەکا و زەق زەق لە هیچ دەنۆڕێ... بەرەبەرە تەمەنی هەڵدەکشێ و تاو ناتاوێکیش ورتەیەکی لێوە دێ: تۆ لە کوێی خۆشەویستم؟

سەرچاوە: نجیب محفوظ. حکایات حارتنا

چیرۆکی وەرگێڕاو

# كۆلۆمبره

دینو بوتزاتی

لە فارسییەوە: ڕۆمان جەبار



وەختێ ستیفانۆ ڕۆی بووە دوازدە ساڵ، داوای لە باوکی کرد، کە ناخودای دەریا و خاوەنی کەشتییەکی چارۆکەداری جوان بوو، تا وەک دیارییەک لەگەڵ خۆی بیبات بۆ دەریا.

وتی: «کە گەورە بووم دەمەوێ وەک تۆ بڕۆم بۆ دەریا و تەنانەت فەرماندەیی کەشتی لە کەشتییەکەی تۆ جوانتر و گەورەتریش بکەم.»

باوکی وەڵامی دایەوە: «خوا پشت و پەنات بێت کوڕم.» و لەوێوە کە دەبوو کەشتییەکەی ئەو ڕۆژە بکەوێتە ڕێ، کوڕەکەی لەگەڵ خۆی برد.

ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆش بوو و دەریا ئارام بوو. ستیفانۆ کە قەت سواری کەشتی نەبووبوو، شادومانانە لەسەر پشتی کەشتییەکە بەملا و

ئەولادا دەڕۆی و چاوی دەبڕییە شەکانەوەی تێکچڕژاوی چارۆکەکە و لە هەر دەرگەیەکەوە پرسیاری لە دەریاگەڕان دەکرد و ئەوانیش هەموو روونکردنەوەکانیان بە پێکەنینەوە دەدایێ.

کوڕە هەر کە گەیشتە دواوەی کەشتییەکە، کنجکاو و وەستا بۆ سەیرکردنی شتانێک کە بە مەودای دووسەد مەتری، هاوڕێک لەگەڵ شەقارێک کە کەشتییەکە لەسەر ئاوەکە دروستی دەکرد، بە نۆرە سەری لە ئاوەکە دەهێنایە دەرێ.

لەگەڵ ئەوەی کەشتییەکە بە بایەک کە لە دواوە دەهات، بەرەو پێش دەچوو، بەڵام ئەو شتە بەردەوام مەودای خۆی دەپاراست. ئەگەرچی ستیفانۆ لە ناوەرۆکی ئەم شتە حاڵی نەدەبوو، بەڵام شتێکی وەسف نەکراو هەبوو بەردەوام ئەوی بەرەو خۆی کێش دەکرد.

باوکی چوون ستیفانۆی لەو دەوروبەرە نەبینی، دوای ئەوەی بە هاواری بێ ئاکام بانگی کرد، لە ژووری فەرمانەکە هاتە خوارێ تا بە دوایدا بگەڕێ.

دواجار گاڤێک کە ئەوی لەو سەری کەشتییەکەوە بینی وەستاوە و لە شەپۆلەکان راماوە، پرسی: «رەپ و راست لەوێ وەستاوی چی دەکەیت؟»

«بابە وەرە سەیری ئێرە بکە.»

بابە چوو تا ئەویش سەیری ئەو لایە بکات کە کوڕەکە پێشانی دەدا. بەڵام نەیتوانی شتێک ببینێ.

وتی: «شتێکی رەشە کە جارجار سەر لە ئاوەکە دەردەهێنێ و بە دواماندا دێت.»

بابە وتی: «سەرباری ئەوەی تەمەنم چل ساڵە، هەست دەکەم هێشتا چاوم تیژە. بەڵام ئەسڵەن هیچ نابینم.»

بەڵام لەوێوە کە کوڕە پێداگری کرد، چوو و دووربینەکەی هەڵگرت و سەیری شەقاری دوای کەشتییەکەی کرد و کەوتە گەڕان. ستیفانۆ ئەوی بینی رەنگی پەڕیوە.

«چییە؟ بۆچی رەنگت پەڕیوە؟»

ناخودا تۆقیو: «ئەی خۆزگە گوێم بە قسەکەت نەدایە. من ئێستا لە حاڵی تۆ دەترسم. ئەو شتەی تۆ دەیبینی و سەری لە ئاوەکە دەردەهێنێ و دوامان دەکەوێ، شتێک نییە. ئەوە کۆلۆمبرەیە. ماسییەک کە دەریاگەڕان لە هەر دەریایەکی دنیادا لە هەر شتێ زیاتر لێی دەترسن. کۆسەیەکی ترسناک و پەنهان، لە مرۆڤ زیرەکتر. بە دەلیلێک قوربانییەکەی هەڵدەبژێرێ کەس سەری لێ دەرناکات. کاتێکیش هەڵی بژارد، ساڵیانی ساڵ، بۆ هەموو تەمەنی دوای دەکەوێ تا بتوانێ بیخوات. بەڵام سەیروسەمەرە ئەمەیە کە کەس ناتوانێ بیبینێ، ئیلا خودی قوربانی و خەڵکە هاوخوێنەکەی.»

«ئەمە پرسێک نییە؟»

«نا. من قەت نەمبینی بوو. بەڵام لە قسەگەڵێک کە هەموو جارێ دەمبیست، زوو ناسیمەوە. ئەو قەپۆزی گامێشە، ئەو زارەی دەیکاتەوە و دای دەخات، ئەو ددانە ترسناکانە، ستیفانۆ گومانی تێدا نییە کە بەدبەختانە کۆلۆمبرە تۆی هەڵبژاردووە و هەر کاتێ بچییە دەریاوە، دەستت لێ هەڵناگرێ. گوێ بگرە چی دەڵێم: ئێستا زوو دەگەڕێینەوە وشکانی، تۆ دادەبەزی و ئیتر بە هیچ کلۆجێ لە کەنارەکە جیا نابیتەوە. دەبێت بەڵێنم بدەیتێ. کاری دەریا بە کەڵکی تۆ نایات کوڕەکەم. دەبێ دەستی لێ هەڵبگری. تۆ دەتوانی لەسەر وشکانی دەوڵەمەند ببیت.»

کە ئەمەی وت، بێوچان فەرمانەکەی سووڕاند، گەڕایەوە بەندەرەکە و بەو بیانووەی کتوپڕ حاڵی خراپ بووە کوڕەکەی دابەزاند. ئەوسا بێ ئەو دووبارە کەوتەوە ڕێ.

کوڕە کە بە قووڵی نیگەران بووبوو، لە کەنارەکە مایەوە. تا ئەوەی سەری ستوونی کەشتییەکەی لەوسەری ئاسۆوە ونبوو. دەریا لەوسەری ئەسکەلەکە کە بەندەرەکەی دادەخست، تەواو کشومات بوو. بەڵام وەختێ ستیفانۆ سەیری کرد، توانی سەیری خاڵێکی ڕەش بکات کە بە نۆرە سەری لە ئاوەکە دەردەهێنا: کۆلۆمبرە" ئەو" بوو کە سەرسەخت لە چاوەڕوانیدا، ئارام ئارام بە هەموو لایەکدا دەگەڕا.

لەو ساتە بەدواوە بەهەر فێڵ و کەڵەکێک بووە کوڕە لە بیرکردنەوە لە دەریا دوور کەوتەوە. باوکەکە ئەوی نارد بۆ شارێکی سەدان کیلۆمەتر دوور لە دەریا تا بخوێنێ. ستیفانۆ کە حەواسی ڕۆیشتبوو بۆ دەورووبەرێکی تازە، ئیتر بۆ ماوەیەک نەکەوتەوە بیری ئەو خێوە دەریاییە. سەرباری ئەمەیش بۆ پشووی هاوین گەڕایەوە ماڵێ و هەر کە بۆ خولەکێ سەرقاڵ بوو، یەکەمین کارێک کە کردی، تێی تەقاند بۆ ئەوسەری ئەسکەلەکە تا ئاوێکی بە سەروگوێلاکی دا، ئەگەرچی ئەم کارەی بە بێهوودە دەزانی. کۆلۆمبرە، تەنانەت ئەگەر چیرۆکێک کە باوکی بۆی گێڕایەوە، ڕاست دەبوو، بێگومان دوای ئەم هەموو ماوەیە گەمارۆدان، چاوپۆشی کردبوو.

بەڵام ستیفانۆ، بە دڵێکەوە کە ترپەی دەهات، لەوێ وشک بوو. بە مەودای دووسەد مەترێک لە ئەسکەلەکەوە، لە ناوەڕاستی دەریاکەدا، ماسیی شووم بە ئارامی دەگەڕا و جارجارێ قەپۆزیشی لە ئاوەکە دەهێنایە دەرێ و بەرەو وشکانی دەڕۆی، وەک بڵێی بە تامەزرۆییەوە سەیری دەکرد کە ئاخۆ ستیفانۆ ڕۆی دواجار دێت یا نا.

بەم جۆرە، بیری ئەو بوونەوەرە ترسناکە کە شەو و ڕۆژی بە چاوەڕانیی ئەوەوە بەسەر دەبرد، بۆ ستیفانۆ شێوەی عەزابی شاراوەی بەخۆوە گرت. تەنانەت لە شارە دوورەکانیش بۆی دەهاتە پێش نیوەشەوان بە نائارامییەوە لە خەو ڕابچڵەکێ. ئەو لە ئاسایشدا بوو، بەڵێ، ئەوی بە سەدان کیلۆمەتر لە کۆلۆمبرەکە جیا دەکردەوە. سەرباری ئەمەیش ئەو دەیزانی کە کۆسە لەوسەری چیاکان، لەوسەری دارستانەکە و لەوسەری دەشتەکان چاوەڕوانی ئەوە و ئەگەر بگوازێتەوە بۆ دوورترین خاڵی وشکانیش، دیسان کۆلۆمبرە بە عینادییەکی شکست نەهاتوو کە لە بەردەست

چارەنووسدایە، لە پانایی نێزیکترین دەریا خۆی لە بۆسە ناوە.

ستیفانۆ کە کوڕێکی مکوڕ و لێهاتوو بوو، بەسەرکەوتوویی بەردەوامی دا بە خوێندنەکەی و هەر کە پێی نایە قۆناغێکی تری ژیانەوە و بۆ خۆی بووە پیاوێکی تەواو و کارێکی ڕێکوپێکی ئابڕووداری لە شوێنێکی بازرگانی ئەو شارەدا پەیدا کرد. هاوکات باوکیشی بە نەخۆشی مرد و کەشتییە زۆر جوانەکەی، کە گەیشتبووە بێوەژنەکەی دایکی فرۆشرا و کوڕە هەندێک میراتی بەرکەوت. کار، هاوڕێیەتی، رابواردن و یەکەمین عەشق: ئیتر ستیفانۆ سەرگەرمی ژیانی خۆی بوو. سەرباری ئەمەیش، بیرکردنەوە لە کۆلۆمبرە وەک خەیاڵێکی ناخۆش و هاوکات خۆشیش ئازاری دەدا و بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە بری ئەوەی لەناو بچێت، وەک بڵێی کرێتتر دەبوو.

شادییەکانی ژیانێکی پڕ هەوڵوتەقەلا، ئاسوودە و ئارامییەکی زۆرە. بەڵام ڕاکێشەری مەترسی، لەوە زیاترە. ستیفانۆ هەر کە بووە بیست و دوو ساڵ، خواحافیزی لە هاوڕێیانی شارەکەی کرد، دەستی لە کارەکەی هەڵگرت، گەڕایەوە مەفتەنەکەی و ئەوەی بە دایکی گەیاند کە خۆی یەکلایی کردووەتەوە لەسەر پیشەکەی باوکی. دایکی کە قەت ستیفانۆ لەبارەی ماسییە کۆسە ئاڵۆزەکەوە هیچی پێ نەوتبوو، بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لە بڕیارەکەی کرد. بوونی کوڕێک کە دەریای جێ هێشتبوو و ڕووی کردبووە شار، هەردەم وەک ناپاکییەک بوو لە دڵیدا بە سوونەتەکانی خێزان.

ستیفانۆ بە پێشاندانی تواناکانی دەریاگەڕی و بەرگری لە بەرامبەر سەختییەکان، بە ڕوحێکی بێباکەوە، کەوتە گەڕان بە دەریاکاندا. دەریاکانی تەی دەکرد و تەی دەکرد و کۆلۆمبرەکەیش شەو و ڕۆژ، لەگەڵ هەڵچوون و داچوونی دەریا، بە دوای کەشتییەکەی ئەودا دەڕۆی. ستیفانۆ دەیزانی کە کۆسەکە، بەدبەختی و مەحکومەیەتی ئەوە و ڕەنگیشە بەم هۆیەوە بێ کە توانای هەڵاتنی نەبێ لە دەستی. جگە لەو کەس لەسەر پشتی کەشتییەکە خێوەکەی نەدەبینی.

هەندێک کات بە پێشاندانی شەقاری ئاوەکە لە هاوڕێکانی دەپرسی: «لەولایەوە هیچ نابینی؟»

«نا، ئەسڵەن هیچ نابینم. مەگەر بۆچی؟»

«نازانم. واهاتە بەرچاوم.....»

ئەوانیش بە پێکەنینەوە بە تەختەکەیان دەکێشا و دەیانوت: «نەکا کۆلۆمبرەت بینی بێت؟»

«بۆچی پێ دەکەنن؟ بۆچی بە تەختەکە دەکێشن؟»

«چوون کۆلۆمبرە ئاژەڵێکە ڕابردووی نییە. ئەگەر دوای ئەم کەشتییە بکەوێت، واتا دوای یەکێک لە ئێمە کەوتووە.»

بەڵام ستیفانۆ گوێی پێ نەدەدا. هەڕەشەیەکی بەردەوام کە بە دوایەوە بوو، تەنانەت وا دەهاتە بەرچاو کە ویستی ئەو، حەزی ئەو بۆ دەریا و ئازایەتی ئەو لە کاتژمێرەکانی نەبەرد و مەترسیدا چەند بەرامبەر دەکات.

بە کەمە سەرمایەیەک کە لە باوکییەوە بۆی مابووەوە، هەر کە هەستی کرد بەسەر کارەکەدا زاڵە، بە ڕێکەوتن لەگەڵ هاوبەشێکدا کەشتییەکی بچووکی باری کڕی. دواتریش تەنیا بووە خاوەنی و پاشان بە لوتفی چەند بارێکی پڕ قازانج، توانی کەشتییەکی هەڵمی چاک بکڕێت و بەرەو ڕێگەی دەسەڵاتخوازانەتر کەوتە ڕێ. بەڵام سەرکەوتن و پارەوپوول نەیانتوانی ئەو نیگەرانییە هەمیشەییە لە زەینی دەربکات. لەلایەکی تریشەوە ئەو هەرگیز لە بیری ئەوەدا نەبووە کەشتییەکەی بفرۆشێت و بگەڕێتەوە سەر وشکایی و دەست بۆ کاری تر بەرێ.

تەنیا بیری ئەو دەریاگەڕی و دەریاگەڕی بوو. لە دوای سەفەری تووڵانی هەر کە پێی دەگەیشتەوە وشکانی، یەکسەر وەسوەسەی دووبارە کەوتنەوە ڕێ، دەکەوتەوە گیانی. دەیزانی کۆلۆمبرە لە دەریادا چاوەڕوانی بوو. کۆلۆمبرە بەرامبەری نابوودی بوو. بەڵام کارێکی لە دەست نەدەهات و ئەنگێزەیەکی دەستەمۆ نەبوو بێوچان ئەوی لە ئوقیانووسێکەوە بەرەو ئوقیانووسێکی تر دەبرد.

تا ئەمەی کە ڕۆژێک ستیفانۆ هەستی کرد کە ئیتر پیر بووە، زۆر پیر. کەسیش لە دەورووبەرەکەی عەقڵیان قبووڵی نەدەکرد کە بۆچی مرۆڤێکی دەوڵەمەندی وەک ئەو دواجار دەستی لەم ژیانە پڕ مەشەقەتەی دەریا هەڵنەدەگرت. پیر و سەخت خەفەتبار. چوون تەواوی ژیانی لە هەڵاتنێکی شێت ئاسای دەریا خەرج کردبوو، تا لە دەست دوژمن هەڵبێت. بەڵام بۆ ئەو، ڕاکێشەری ترس، بەردەوام لە شادییەکانی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بە هێزتر بووە.

شەوێکیان لە کاتێکدا کە کەشتییە زۆر جوانەکەی لە پانتاییی بەندەری مەفتەنەکەی لەنگەری گرتبوو، هەستی کرد کە زەمانی مەرگی گەیشتووە. هەر بۆیە بانگی مەلەوانی دووەمی کرد کە زۆر پشتی پێ دەبەست و فەرمانی پێ کرد دژی کارێک نەوەستێتەوە کە ئەو دەیکرد. ئەویش پەیمانی شەرەفی دا.

ستیفانۆ هەر کە دڵنیا بوو، حیکایەتی کۆلۆمبرەکەی بۆ مەلەوانی دووەم ئاشکرا کرد کە نێزیکەی پەنجا ساڵ بێ ئەنجام دوای ئەو کەوتووە، کە ترساو و تۆقیو گوێی بۆ گرتبوو.

وتی: «بە وەفادارییەک کە لە بە ماریفەتترین هاوڕێیش ناوەشێتەوە، لەمسەر بۆ ئەوسەری دنیا منی بەڕێ کرد. ئێستا ئیتر من خەریکم دەمرم. ئیتر ئەویش دەبێ زۆر پیر و ماندوو بووبێت. من ناتوانم بێ وەفا بم بەرامبەری.»

ئەمەی وت و بڕیاری ڕۆیشتنی دا. فەرمانی دا بەلەمێک هەڵدەنە دەریاکەوە و دوای ئەوەی نێزەیەکی هەڵگرت سواری بەلەمەکەی بوو.

ڕای گەیاند: «ئێستا دەڕۆمە شەڕی ئەو. کاری ڕاست ئەمەیە نائومێدی نەکەم. بەڵام هەموو هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ و شەڕی لەگەڵ دەکەم.»

بە چەند جووڵەیەک مەحکەمی سەوڵەکە لە تەختی کەشتییەکە دوور کەوتەوە. کرێکاران و

مەلەوانان بینییان کە لە کۆتاییی ئارامی دەریای پانوپۆڕ لە سێبەری شەودا، ون دەبێت. مانگی چواردە لە ئاسمان دەدرەوشایەوە.

پێوستی زۆری بە هەوڵ و کۆشش نەبوو. کتوپڕ لبۆزی ترسناکی کۆلۆمبرە لە کەنار بەلەمەکەوە لە ئاوەکە هاتە دەرێ.

ستیفانۆ وتی: «دوا جار هاتمە بەردەمت. ئێستا ئەوە من و ئەمەیش تۆ!» و بە چڕبوونەوە لەسەر پاشماوەی هێزەکەی، نێزەکەی بەرز کردەوە تا تێی سرەوێنێ.

کۆلۆمبرە بە دەنگێکی پاڕانەوە ئامێز ناڵاندی: «ئۆه چەند ڕێگەیەکی دوور و درێژم بۆ دۆزینەوەت تەی کرد. منیش لە ماندوویەتیدا داغان بووم. چەندە منت ناچاری مەلە کرد. تۆیش هەر رات دەکرد و رات دەکرد و هەرگیز تێ نەدەگەیشتی.»

ستیفانۆ یەکسەر وتی: «مەگەر چۆن؟»

«چوون تەواوی دنیا بە شوێنتدا نەهاتم تا بەو جۆرەی تۆ بیرت دەکردەوە بتخۆم. لەلایەن پاشای دەریاوە تەنیا ئەوەم پێ سپێردرابوو تا ئەمەت بدەمێ.»

کۆسە زمانی هێنایە دەرێ و گۆیەکی چکۆلەی گوڵەی ئەستێرەی پێشکێشی پیرە دەریاگەڕ کرد.

ستیفانۆ خستییە بەینی پەنجەکانییەوە و سەیری کرد. مرواریەکی زۆر گەورە بوو. یەکسەر مرواری ناسراوی دەریای ناسییەوە کە بەخت و سەروەت و عەشق و ئارامیی دەدایە خاوەنەکەی. بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بووبوو.

لە کاتێکدا کە بە خەمەوە سەری بادەدا وتی: «ئەفسوس! شتەکان چەندە لە ناوەختدا روو دەدەن. من توانیم ژیانم بە با بدەم و ژیانی تۆیش.»

کۆلۆمبرە وەڵامی دایەوە: «خوات لەگەڵ پیاوی بێچارە.» و بۆ هەردەم لە ئاوی رەشدا نووقم بوو.

دوای دوو مانگ، شەپۆلەکان، بەلەمێکی بچووکیان کێشایە کەنارە بەردینەکە. چەند ماسیگرێکی کنجوکۆڵ بینییان و چوونە پێشێ لێی. لە بەلەمە چکۆلەکەدا، ئێسکێکی بچووک هەبوو کە هێشتا دانیشتبوو و بەردێکی خڕی لە نێوان ئێسکی پەنجەکانیدا دەگوشی.

کۆلۆمبرە ماسییەکی زۆر گەورەیە، کە بینینی مرۆڤ دەترسێنێ و زۆر دەگمەنە. بە پێی دەریا و خەڵکانێک کە لە کەنارەکاندا دەژین، بۆ ناوی کۆلۆمبرە، کاهلوبرها، کالونگا، کالو، بالو، چالونگ، گرا ناو دەنرێت. سروشتزانەکان یەکجارەکی ئەوە رەت دەکەنەوە. تەنانەت هەندێک جەخت دەکەنەوە کە بوونی نییە.

سەرچاوە: کولومبره و پنجاه داستان دیگر، دینو بوتزاتی، ترجمه محسن ابراهیم، چاپ دوم ١٣٨٧، نشر مرکز.

# خوێندنەوەیەک
# بۆ کورتە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح

سروش عەلیزادە

لە فارسییەوە: جەبار سابیر



ئارام کاکەی فەلاح

سرووش عەلیزادە لەدایکبووی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە باکووری ئێرانە. چیرۆک و فیلمنامەنووسە و لە زۆربەی ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانی ئێران بەرهەمی بڵاو بووەتەوە. هەروەها ڕەخنە لەسەر شانۆ و چیرۆک دەنووسێ و بۆ چەند ساڵ پێشینەی پەیامنێری لە ڕۆژنامەکانیشی بووە. بەرەندەی هەوڵی چەن کۆڕ و بەڕێوبەری چەندان کۆڕی تری ئەدەبی لە ئێران بووە. داوەری دەوری کۆتاییی کۆڕی ڕۆمانی جیاکاری ساڵ و داوەر لە چەن کۆڕی پارێزگاش لە چالاکییەکانی تری ئەوە. عەلیزادە ئەمە یەکەم جاریەتی کە لەسەر چیرۆکی کوردی وتاری نووسیوە.

سەختە بتەوێ لەمەڕ نووسەرێکەوە بنووسی کە ژمارەیەکی کەم لە چیرۆکەکانی وەرگێڕدرابێت بۆ فارسی و لەمەیش خراپتر بتەوێ بڕیار لەبارەی کارەکانییەوە بدەیت. لە ڕێگەی بابەکسەحرا نەوەردەوە ئاشنای چیرۆکەکانی ئارام بووم، کە کۆمەڵێکی لێ وەرگێڕاون.

هەوڵی ئەم نووسینە ئەمەیە بە خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (دیلی دەنگەکان) لە کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکراوەی (بلیتێک بۆ جەهەنەم) و ئاوڕدانەوەیەک لە چیرۆکی (باوکی تەلەفۆنی) ئەم نووسەرە، کەمێک باسی ئەم چیرۆکنووسە بکەم.

ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکەکانیدا باوەڕی بە کەرامەتی مرۆیی هەیە. مرۆڤی چیرۆکەکانی ئەو لە ئەستێرەی ترەوە پێ ناخەنە پانتاییی چیرۆکەکانییەوە. مرۆڤگەلێکن بە تەواوی خەسڵەتی مرۆیی دەوروبەری ئێمە. بەڵام بە خەسڵەتی تایبەت بە خۆی. پەند و ئامۆژگاری لە چیرۆکەکانیدا هەیە بەڵام نەک بەشێوەیەک کە وەرگر بێتاقەت نەکات، بەڵکو بیرکردنەوەی بە وتەی فۆلکلۆری و هاوبەشی خەڵکی کوردستان و ئارەزوو و ئومێد و نائومێدییەکانی ئەم خەڵکە بەیان دەکات کە پەراگەندەی چەندان وڵاتن و بە تەکنیکێکی هونەری چیرۆکنووسین و زمانێک کە شیعر نییە، بەڵام تۆنێکی پڕ هەستی هەیە.

لە چیرۆکی دیلی دەنگەکاندا خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دەنگ دەبێتەوە کە لە نێوان کچ و باوکێکدا دەگۆڕدرێتەوە. دەنگگەلێک کە لەگەڵ چیرۆکەکەدا پێوەندییان دروست کردووە و وێنەیەک لە واقیعییەت دروست دەکەن.

لە کورتە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەدا کە من بینیومە، ئاسایی دوو یا چەند گێڕەرەوە دەکەونە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە و ئەم گێڕەرەوانە شێوە دەدەنە کەسێتییەکانی تری ئەم چیرۆکانەیش.

(مەرجانە) کەسێتی کچەپاڵەوانی ئەم چیرۆکە و یەکێ لە گێڕەرەوەکانی ئەم چیرۆکە (دیلی دەنگەکان) لە بەشی یەکەمدا کە باوکی دەدوێنێ بەشێوەیەک هەموو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و وەسفی شوێن و ئەو کەسانە دەکات کە ڕۆڵی سەرەکییان لەم چیرۆکەدا هەیە.

خودی (مەرجانە)  باوکی کە گێڕەرەوەیەکی تری چیرۆکەکەیە و تازە هۆشی هاتووەتەوە بەر کە دایکی مردووە، بەڵام ئامادەیییەکی بەردەوام و کاریگەریی هەیە و کابرای مەست کە کەمتەرخەمانە بووەتە هۆی پێکدادانەکە و بەڵای ناوەتەوە.

لە ڕووی ئەسڵ و واقعییەتەوە لەم چیرۆکەدا ئەوە قبووڵ دەکرێت کە باوک تازە هۆشی هاتووەتەوە بەر، سەرەتا کابرا زۆر کەم دەنگی کچەکەی ببیستێ ئەویش بە دەلیلی بیرچوونەوە بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمۆبیلەکەوە و لە زەینی داوە وەڵامی بداتەوە، بەڵام بەردەوامیدانی زەینییەتی باوکەکە و قسە بەردەوامەکانی لەلایەن کچەکەیەوە، قابیلی قبوڵ نییە و نووسەر بە ئاگایی لەم بابەتە کە لە جیاکاری نێوان چیرۆک و حیکایەتەکەوەیە لەملا و ئەولای چیرۆکەکەدا ئەم بابەتە

تەرح دەکات، کە دەنگگەلێک لە زەینی باوک و کچەکەدا بە شێوەی جۆراوجۆر شەپۆل دەدات و بەردەوامە و دەگۆڕێت بەشێوەیەک پەرچکردنەوەی جۆرە پێوەندییەکی بەهەست لە نێوان ئەو دووەدا، هەوڵ دەدا وەسفی واقیعییەتی چیرۆکەکە بکات.

هەرچەندە ئەم نووسەرە باوەڕی وایە ئەگەر تەکنیک لە چیرۆکدا باش چارەسەر نەکرێت و ئاشکرا بێت و نقورچ لە خوێنەر بگرێت تەکنیکێکی سەرکەوتوو نییە.

نووسەر لە گۆڕینی ئەتمۆسفیری گێڕانەوە و هەڵسووڕانی گێڕەرەوەکاندا زاڵە و لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا خوێنەر لەگەڵ خۆی پەلکێش دەکات. کەسێتییەکان وردە وردە لە چیرۆکەکانیدا شێوە دەگرن و و ڕۆڵ دەگێڕن.



وردە گێڕانەوەی ناو چیرۆکەکانی کە زۆرجار چیرۆکی منداڵانە، هەمان ئەو چیرۆکانەیە کە دایە گەورەکانی کورد لە بری لایلایە بە گوێی نەوەکانیاندا دەیچرن، بەڵام لەبارەی ماناوە بەیانکەری سەرگەرمی ئەم نەتەوە پارچە پارچەیەیە لە روانگەی جوگرافیاوە. چیرۆکی (مێرووله و کەروێشک) لە باوکی تەلەفۆنی و جەژنی لەدایکبوونی پێنج ساڵەی کچی چیرۆکەکان لە چیرۆکی دیلی دەنگەکان ئەم قسەیەمان پشتراست دەکاتەوە.

خاڵی لووتکەی ئەم چیرۆکە داوای بەخشینی کابرای مەستە لەلایەن کچەی داخداری دایکییەوە، بەرامبەر بە باوکی تازە هۆش هاتووەوە و وردە گێڕانەوەی تری کچی حیکایەتەکان تەواوکەری ئەمەیە کە دەبێ تاوان و هەڵە داپۆشی و بیبەخشی و گەشە بە جۆرە ئومێدێک بدەیت کە گوایە باوەڕی خودی نووسەر بێ ڕاستەوخۆ وتن.

ئومێدی ئەوە هەیە، کە بە هەوڵی زیاتری بابەک سەحرا نەوەردی وەرگێڕی چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح، هەرچی زووترە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە بە هەموو فارسی زمانانی دنیا بناسرێت.

# مەرگی ژن، مەرگی جوانی

## خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمەکانی

# شێرزاد حەسەن

مەحموود نەجمەدین

کۆی ئەزموونی شێرزاد حەسەن ئیشکردنە لە کولتوور و نەریتی کوردی. حیکایەتی عەشق و یاخیبوونی مرۆڤ دەگێڕێتەوە. ئیشکردنە لەسەر حەرامکراوەکان. سێ کوچکەی حەرام: ئاین و سێکس و سیاسەت یاخۆ دەسەڵات. حیکایەتی ئەو عاشقانە دەگێڕێتەوە، کە لە خێڵ و بنەماڵە یاخی دەبن و لە پێناوی عەشقدا خۆیان دەکەن بەقوربانی. حەرامکراوێکی تر کە پاڵەوانەکانی شێرزاد حەسەن پەی پێ دەبەن هەڵگەڕانەوەی مرۆڤی یاخییە لە ئاین و پەیبردنە بە پرسیارە حەرامکراوەکان و شکاندنی سنووری ئاینە. حەرامکراوێکی تر هەڵگەڕانەوەی پاڵەوانەکانە لە دەسەڵاتی باوک و دەسەڵاتی خێڵ و دەسەڵاتی ئاغا. ئەزموونی شێرزاد حەسەن حیکایەتی یاخیبوونە لە کولتوور و نەریت و خێڵ، ململانێی نەوەکان و شەڕی باوک و نەوەکان و شەڕی مرۆڤی هۆشیار و عەقڵی چەقبەستووی و خورافیپەرست لە ئەزموونی شێرزاد حەسەندا گرینگی پێدراوە و بەچیرۆک شۆڕشێکی لە بەرانبەر خێڵ و نەریتی خێڵەکی و کولتووری ڕۆهەڵاتی و ئاینی بەرپا کردووە. ژن لە ئەزموونی شێرزاددا هەردەم قوربانییە، نێچیرێکە لە بەردەم مەترسی تیری پیاواندا. روحێکی چەوساوەیە. یاخیبوونێکی تری پاڵەوانەکان یاخیبوونە لە سیستەمی پەروەردە، پەروەردەی ماڵ و قوتابخانە کە هاوشێوەی زیندانن و پاڵەوانەکان لێی هەڵدێن. لە کۆی ئەزموونی ئەم نووسەرەدا دەرک بە یاخیبوونی مرۆڤ دەکەین. وێنەیەکی تری ئەزموونی شێرزاد حەسەن وێنەی دەروونە ماندووەکانە، ئیشکردنە لە گرێی دەروونی و سایکۆلۆجیای مرۆڤەکان. سایکۆلۆجیای پیاوە نەخۆشەکان و باوکە دڕندەکان و ژنانی بەستەزمان و ترسی مرۆڤەکان لە خورافیات. مەملەکەتی حیکایەتەکانی شێرزاد حەسەن مەملەکەتی تراجیدیا و عەزابە سەختەکانی

مـرۆڤـە، حـیکایەتخـوانی چیـرۆکی ژنانی چارەڕەشی ئەم نیـشتـمـانەیە. شـێـرزاد حـەسـەن چیرۆکنووسی گرێ دەروونییەکانە و مامۆستای حیکایەتە سایکۆلۆجییەکانە و یەکێک لە رۆشنبیرە هەرە دیارەکانی نێوەندی رۆشنبیری کوردی، شێرزاد حەسەن چیرۆکنووسی حەفتاکانی ئەدەبی کوردییە و تا ئەمرۆش بەردەوامە و دوایین بەرهەمی رۆمانی ژنێک بەسەر منارەوە لەم رۆژانەدا بڵاو بووەوە. جگە لە رۆمـان و چیـرۆک چەندان وتار و لێکۆڵینەوە و شـیـعـری نووسـیـوە و چەند بەرهەمـێکی جـیـهـانیـشی لە ئینگلیـزییـەوە وەرگێـڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی لەوانە (رۆمـان- شـانۆگـەری- نووسـینی سـۆل بێلۆ/ پەڕبەسـەر- شـانۆگـەری - ناسنیل هـوسـورن/ چۆن دەبیت بەباشترین هاوڕێی خۆت - دەروونناسی - گفتوگۆی دوو دەروونناس/ مەرگی شالیر- شانۆنامە - ولیـەم شـێکسـپـیر/ جـەنگاوەری رۆشنایی- پاولۆکـۆیلۆ/ فـریشـتـەیەک لە بابل - نووسـینی فـریدریش دێرنمات) ئەمـانە و چەند کـتێـبێکی تر، کـە شـێـرزاد حـەسـەن لە ئینگلیـزییـەوە وەری گێڕاون. **رۆمانی ژنێک بەسەر منارەوە**

ئەم رۆمانە تازەترین بەرهەمی شێرزاد حەسەنە دوای ساڵانێک لە بێدەنگی رۆمانی ژنێک بەسەر منارەوە دێتە بەرهەم، کە یەکێ لە باشترین ئەو رۆمانانەیە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاو بوونەتەوە. ناوەڕۆکی رۆمـانەکـە بەسـەر چەند حـیکایەتێکدا دابەش دەبێت، حـیکایەتی ژنێکی تەنیـا لـەناو کۆمـەڵگەیەکی زمـان نـاشـیرینـدا، زمـانێک چەشنی چەقۆ تیـژە بۆ بریندارکردنی هەست و ناخی شادی. حیکایەتی شارستانیەتی شار و کەلەپوور و حیکایەتی شۆڕش و هاتنی شۆڕشگێڕەکان بۆ شار و دەسەڵاتگرتنەدەست. تەواوی رووداوەکانی ئەم رۆمانە، کە رووداوی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە سـاڵانی بـەر لە راپەرینەوە دەست پێ دەکـات تا رۆژگاری دوای راپەڕین و سـەردەمـی دەسـەڵاتی کوردی.

شـادی ئەو بێوەژنە سـەربەست و ئازایەیە دوای مـردنی هۆمـەری مێردی، کە شۆڕشگێڕێک بووە لە سـەردەمی شـاخـدا وەک بێـوەژنێکی تـەنیا شـۆڕشـێک بەرپا دەکات لـە دژی خـێـڵ و بنەمـاڵە و دەسـەڵات، شـادی هـونەرمـەندە و پەیمانگەی هونەرەجـوانەکـانی تەواو کـردووە و بە هـونەرەکـەی گوزارشت لە ئازارەکان دەکات. بەردەوام سکێچی ئەو منارەیە دەکێشێ کە بەرانبەر ماڵەکەیەتی و هاوکات وێنەی ئەو باڵندانە دەکێشێ کە هۆمەر راوی کردوون و بەر لە هۆمەریش عاشقی بەهرامی خـاڵۆزای بـووە و وێنەی ئەو پەپـوولانەی کـێـشـاوە کـە بەهـرام راوی کـردوون. شـەڕی شـادی وەک بێوەژنێکی یاخی لەگەڵ ئەو خەڵکەدایە کە زمانیان بۆ ناشیرینکردنی ئەو وەک مار وایە. زمانێک لە رابردوودا پاڵەپەستۆیان لە شـادی کردووە تا شـوو بکات و گومـانیـان لە شـوونەکـردنی دەکرد و هـەرچی شـادیش بوو پێشتـر عـەشقی بەهرام بووە و بەهرامی خـاڵۆزای کردوویەتی بەژن و بەرەو هـەندەران سەفەری کردووە. بەهرام دەڕوات هـەرگیز لێی ناپرسێت. ئیدی شـادی وەک کچێکی بێبن لە دوای چارەسـەرێک دەگەڕێ. تا لەو عـەیب و ئابڕووچوونـە رزگاری ببێت و سـەرئەنجام هـۆمـەر دەدۆزێتەوە و هۆمەر ئەو پیاوەیە کە عاشقی شادی بووە و بەهەموو شتێک رازییە، هەر بۆیە شادی

لە نیەتی هۆمەر دڵنیا دەبێت و ئەو نهێنییەی لادەدرکێنێ و هۆمەریش نایدرکێنێ و دەبیاتە ژێرگڵەوە، هۆمەر پیاوێکە لە رابردوودا پێشمەرگە بووە و هەر لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ هەمووی راو کردووە، پیاوی کوشتووە و ژنی سۆزانی کوشتووە و راوی ئاژەڵ و باڵندەی کردووە، بەڵام کاتێک شادی دەناسێت و عاشقی دەبێت سەرلەبەر ژیانی دەگۆڕێت و دەبێت بە پیاوێکی ناسک و عاشقێکی جوان. هەمو شتێک لە پێناوی شادیدا دەکات. بەڵام ئەمە خۆشبەختییەکی کاتییە و لە بەختی شادی هۆمەر دەمرێت، هۆی مردنەکەشی حیکایەتی ژەهراویبوونێتی لە سەردەمی شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا . ژنێکی سیخور لە رێگەی خواردنەوە ژەهرخواردیان دەکات. لە دوای مردنی هۆمەرەوە شادی وەک بێوەژنێک دەکەوێتە بەر نەشتەری زمانی شار و خەڵک و خزم و خێڵ. لێرەوە نووسەر چیرۆکی کۆمەڵگەیەکی نەریتخواز و خێڵکی دەگێڕێتەوە، کە چۆن بوختان و قسەی ناشیرین بۆ شادی هەڵدەبەستن. زمانێک کە دەروونی شادی ماندوو دەکات و شەقارشەقاری دەکات و هەرچی شادییە بێ خەمە و بەردەوامە لەسەر هەوڵەکانی و وێنەی منارەکە دەکێشێ وەک کەلەپورێکی دێرین و هەرچی خەڵک و دەسەڵاتدارانی شارەکەیە دەیانەوێت منارەکە بڕووخێنن و ئەوەی کە رێگرە شادییە. شادی بەبێ گوێدانە قسەی خەڵکی بەردەوامە لەسەر تێکۆشان و هەوڵەکانی و هەڕەشەی باوک و براکانی نایترسێنن. بەردەوامە لەسەر وێنەکێشان و وێنەی منارەکە و وێنەی پەپوولەکانی بەهرام کە راوی کردووە و وێنەی نێچیرەکانی هۆمەر دەکێشێ. بەهرام سەرباری ئەوەی زوڵمی لێ کردووە هێشتا تاوانباری دەکات و بوونی شادی لە ماڵێکی چۆڵدا بەلای بەهرامەوە شوورەییە بۆیە داوای لێ دەکات شووی پێ بکات و شادیش لە



وەلامـدا دەڵێ درەنگ گـەڕایتـەوە بەهرام، شـادی وەک بێـوەژنێکی تەنیـا و بێـپـشت و پـەنا دژی سیستـەمێک، دەسـەلاتێک، کۆمەڵگەیەک دەوەسـتێتەوە. کۆمەڵگەیەک ڕێگرن لە بەردەم ئازادییەکانی شادی و مافی هەڵبـژاردنی ژیان بەویستی خۆی. شادی بێوەژنێکە چاوی پیاوانی شاری لەسەرە و ئەم ژنە سیـمبولی قوربانییـە لە نێوان حەز و خولیـای پیاواندا. هاوکات جیـاواز لە ژنانی تری ڕۆمـانـەکـانی شـێـرزاد، ژنێکی ئازا و چاونـەترسـە و بـەتەنیـا بـەرەو ڕووی خـێڵ و دەسـەلاتداران ڕاوەسـتـاوەتـەوە و داکـۆکی لە منارەیەک دەکـات. ئەم ڕۆمـانە چیـرۆکی شـەڕی نەریتـخـواز و سنوورشکێنەکان. شەڕی شادی و بنەماڵەیە. حیکایەتێکی تری ئەم ڕۆمانە حیکایەتی ڕووخاندنی بیناسازی و شارستانیەتی شارە، دەسەلات دەیەوێت منارەیەک و شوێنێکی کەلەپووری کاول بکات و بیکات بە بازاڕ و دووکان و هەرچی شـادییـە وەک بێوەژنـێک بەرەو ڕووی ئەو کارە وەسـتـاوەتەوە. شـێـرزاد حـەسـەن لە حـیکایەتی هۆمـەر و شـادییـەوە ڕەخنە لە دەسـەلات دەگرێت و حـیکایەتی شـۆڕشی شـاخ و دەسـەلاتی شـۆڕشگێـڕان لـە شـار لە دوای ڕاپەڕین دەگـێـڕێتـەوە. حـیکایەتی دەوڵەمـەندبوونـیـان دەگـێـڕێتـەوە. حـیکایەتی بازرگـانی و داگـیرکـردنی کـەلەپـووری ولات لەلایەن دەسـەلاتەوە دەگێڕێتەوە. شادی سەربـاری ئەوەی داکۆکی لە خـۆی دەکات و داکۆکی لە منارەیەک دەکـات کـە کـەلەپووری ولاتـە، شـادی لە یـەک کـاتدا دوو دوژمنی هـەیە شـەڕی شـادی لەگـەڵ دەسـەلاتداران و خێڵ و بنـەماڵەیە لـە پێناوی مافی خـۆی و پارێزگاری لە منارەیەک. ئەوەی شـادی دەیکات شـۆڕشـێکی گەورەیە. ئەوە خـەونی شـێرزاد حـەسـەنی نووسـەرە بۆ بەقارەمـانبـوونی ژنانی بەدبەخت. کە لە دێرزەمانەوە ڕوحێکی بێدەنگبوون لە ئاستی ئەو زوڵم و ستەمەی لێیان دەکرێت.

دیالۆگەکانی ئەم ڕۆمانە لەبارەی عەشق و شـۆڕش و دابڕانی مرۆڤەکانەوەیە. دیالۆگی هـۆمەر و شـادی و گـەڕانەوە بـۆ ڕابردوو و بۆ شـۆڕشی شـاخ. دیـالۆگی شـادی بـەهرام دیالۆگی دابڕان و گازندەی شادی و بەهرامە.

تەواوی ڕووداوەکـانی ئەم ڕۆمـانە لە ڕۆژێکدا دەگێڕدرێتـەوە و هـەرچی ڕووداوەکـانە لە ڕابردوودا ڕووی داوە و گـێـڕانەوەکـان دەگـەڕێنەوە بـۆ ڕابردوویەکی سـی سـاڵە. گـێـڕانەوەیـەکی بەردەوام. نووسـەر لەم ڕۆمـانەدا گرینگییـەکی زۆری بـەگێڕانەوە داوە و وەسـفی کـەمـتر تێدایە. بەشـی هـەرە زۆری ڕۆمانەکە دیالۆگ و گێڕانەوەیە. شوێن لەم ڕۆمانەدا شارە و بەشێکی ڕۆمانەکەش حیکایەتی شارستانیـەتی شار و ڕوداوەکانی شارە و هاوکات شوێنی تر هـەیە بەشـێکی حیکایەتەکان لەو باخ و بێستـانەدا ڕوو دەدەن، کە شـادی و هۆمەر و براکـانی شـادی تێیدا ڕاویان کردووە. بەلام لەگەڵ بوونی ئەو شـوێنانەشـدا شوێنێک هـەیە ئەویش ڕوحی شـادییە وەک شـوێنێکی نەبینراو کە هـەمـوو حیکایـەتەکانی لێوە دێنـە دەرەوە. کۆی ڕووداوەکان پێوەندییـان بەشـادییـەوە هـەیـە، شـادی وەکو درەخـتێک وایە کـە تـەواوی ڕووداوەکـانـی ناو ڕۆمـانـەکە لق و چڵـی ئەو درەخـتـەیە، بەشـێکـی تری حیکایـەتەکان لەبارەی دنیـای ژنانەوەیە وەک خەتەنەکردنی ژنان و سـووڕی مـانگانە و بێبنکردنی کچـان، بەتایبـەت لە دوای ڕاپەڕینەوە لەلایەن کاربەدەسـتانەوە و پاشان پینەکردن و چارسـەرکردنی

ئەو کچانە تا وەکو کچ شوو بکەن. نووسەر لەم رۆمانەشدا بەهەمان شێوەی بەرهەمەکانی تری ئیشی لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی و حاڵەتی دەروونی مرۆڤەکان و عەشق و کولتوور کردووە. بەڵام ئەوەی کە جیاوازە گێڕانەوەی حیکایەتی شارستانیی شار و تێکەڵکردنی رووداوەکان بە کرداری دەسەڵاتی کوردی لە دوای راپەڕین. ناوەڕۆکی رۆمانەکە و رووداوەکانی لە دوو بەش پێک دێ و بەشی یەکەمی رۆمانەکە لەژێر ناوی بەیانی – نیوەڕۆ دایە و بەشی دووەمی لەژێر ناوی نیوەڕۆ– ئێوارە دایە.

شێرزاد حەسەن لەم رۆمانەدا لەبارەی راوەوە دەدوێت وەک خولیایەکی پیاوانە. شادی عاشقی بەهرام بووە، کە راوچیی پەپوولەکان بووە و بەهرام لە دوای ئەوەی دەستی لەو نێچیرە گیر دەبێت دوای بێبنکردنی دەستی لێ بەردەدات و بەرەو ئەوروپا سەفەر دەکات، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە کچێکی بێ بن کردووە لە کۆمەڵگەیەکدا، کە ئەو کارە خراپترین و مەترسیدارترین کارە. راوچیی دووەم هۆمەرە، هۆمەر بۆ شادی دڵ نەرمترین راوچییە و ئەو پێشمەرگە دێرینەیە کە عاشقی شادی بووە و عەیب و عاری بێبنبوونی دەپۆشێ. شادی وەکو ئەو پەپوولە و کوکوختییانە هەموو کات لە بەردەم مەترسیی راوچییەکاندایە. ئەو راوچییە سمێڵ بابڕانە خەون بەشادییەوە دەبینن و هەرچی شادییە خەون بە منارەی دێرینی شارەوە دەبینێ. کۆی رۆمانەکە ململانێی خێڵەکی و مرۆڤی عاشق و یاخییە. ململانیی دەسەڵات و بێوەژنێکە، کە باوەشی بە منارەیەکدا کردووە و مەرگی خۆی و منارەکەی بەیەکەوە گرێ داوە.

## کۆمەڵە چیرۆکی گوڵی رەش

چیرۆکی گوڵی رەش، چیرۆکی عەشق و خۆشەویستیی نێوان کوڕ و کچێکە لە رابردوودا رووی داوە، کوڕێکی هەژار و کچێکی دەوڵەمەند. حەمە ئەو کوڕەیە کە عاشقی هێرۆیە، بەڵام کولتوورو داوونەریت ئەو عەشقەی گەمارۆ داوە، هێرۆ و حەمە لە منداڵیدا زۆر بەئاسانی دەیانتوانی بەیەکەوە دانیشن، قسە بکەن، یاری بکەن، وەلێ لەگەڵ گەورەبوونیان دیواری شەرەف لە نێوانیان دروست دەکرێت. نووسەر لەم چیرۆکەدا کاری لەسەر حەرام کراوەکان کردووە، عەشق عەیبە، شوورەییە، حەمە کوڕی پیاوێکی هەژارە وماڵەکەی ئەوان تەنیا خانوویەکە لەو کۆڵانەدا کاول و داتەپیو، خانوویەکی هەژارانە لە کۆڵانی دەوڵەمەندان، لەم چیرۆکەدا عەشقی حەمە و هێرۆ بوونی هەیە و هاوکات وێنەیەکی ململانێی هەژاران و دەوڵەمەندەکان هەیە، هەموو کۆڵان قەڵس و تووڕەن لە بوونی ئەو خانووە شڕەی ماڵی حەمە، باوکی حەمە ململانێ لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا دەکات و بڕیاری داوە ئەو خانووە نەفرۆشێ و هەتا هەتایە وەک دوومەڵ لەسەر دڵی دەوڵەمەندەکان بێت، هەرچی حەمەشە ململانێ لەگەڵ داوونەریت و کولتووری دواکەوتوودا دەکات و ململانێ لەگەڵ دەوڵەمەندان دەکات و هەرگیز کۆڵ نادات لە عەشقی هێرۆی کچە دەوڵەمەند و بەحەزرەتەوە لە بەرانبەر ماڵی هێرۆدا راوەستاوە و چاوەڕوانی هێرۆ دەکات تا بێتە بەر پەنجەرە و بەلەکۆنە.

بابەتی سەرەکیی ئەم چیرۆکە عەشقی نێوان کوڕ و کچێکە هەریەکەیان لە چینێکن، کچی دەوڵەمەند و کوڕی هەژار، هاوکات چیرۆکی ململانێی چینی هەژار و دەوڵەمەندە، خانوویەکی کۆن و کەلاوەیەکی ناشیرین بووەتە هۆی بێزاریی گەڕەکی ئەرستۆکراتەکان و هەرچی دەوڵەمەندەکانە بەبوونیماڵی حەمە لەو کۆڵانە وەڕسن، ئەم کێشەی ململانێی هەژاران و خاوەن سامانەکان، ململانێیەکی لەمێژینەیە و هەموو کات خاوەن سامان و ئاغا و پوولدارەکان لە هەوڵی سەرکوتکردنی هەژاراندا بوون و ئەوان ئاغا و سەردار و نەجیبزادە بوون و هەژاران وەک قەرەج و نانەجیب سەیر کراون، نووسەر هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا نیگاری شۆڕشی هەژاران دەکێشێ و دەڵێت ئەگەر هەژاران دوومەڵ بن ئەوا رۆژێک دێت هەموو ئەو دوومەڵانە دەتەقن و دنیای خواپێدراوان لەناو کێم و خوێندا نوقم دەبێت، ئەم ململانێیە، ململانێی یەک سەردەم نییە، ململانێی رابردووە و ململانێی ئێستا و داهاتووشە، بەردەوام ناعەدالەتی و نایەکسانی دوو چین دروست دەکات، چینی هەژار و چینی دەوڵەمەند، ئیدی شتێک نامێنێتەوە بەناوی چینی ناوەندەوە. لە وڵاتانی رۆهەڵات و هەموو ئەو وڵاتانەی، کە دەسەڵات تێیدا سیستەمێکی پاشایەتی هەیە و ناوی کۆماریی لە خۆی ناوە. ئەم دەسەڵاتدارانە ئیش لەسەر دروستکردنی چینی دەوڵەمەند دەکەن و لە بەرانبەردا چینی هەژار دروست دەبێت. دەسەڵاتی گەندەڵ و بێ ئەزموون و دیکتاتۆر دەوڵەمەندی خوێنمژ و بێ بەزەیی دروست دەکات و دەوڵەمەندێک دروست دەکات، کە بازرگانی بەهەژارانەوە دەکەن و ئیدی چینی هەژار بەردەوام لە زیادبووندا دەبێت و سەرئەنجام وەک دوومەڵ دەتەقن و دەسەڵات و خاوەن سامان لەناو کێم و خوێندا ون دەکەن، نووسەر لەم چیرۆکەدا باسی ئەو شەڕە دەکات، شەڕی چینەکان و زۆربوونی چینی هەژار و ئازاردانی هەژاران لەلایەن خاوەن سامانە دەسەڵاتدارەکان، لەم چیرۆکەدا ئیش لەسەر دوو بابەتی حەرامکراو کراوە. بابەتی دەسەڵات و دەسەڵاتی خاوەن سامان و ئاغا کە خۆیان بەنەجیبزادە دەزانن و هاوکات بابەتی عەشق لە نێوان هێرۆ و حەمەدا کە دیسانەوە ئەمیش لە حەرامکراوەکانە، هێرۆی کچە دەوڵەمەند روحی لەلای حەمەیە و لەلای ژیانی هەژارانە و کولتووری ئاغا و خانەدانەکان رێگەی ئەو عەشقەی لێ دەگرێت، ئەم چیرۆکە رەگەزی مانەوەی تێدایە، لەبەرئەوەی نووسەر ئیشی لەسەر ئەو بابەتانە کردووە، کە گرفتی هەموو سەردەمێکن، گێڕەرەوە مرۆڤێکی عاشقە دڵی پڕە لەگریی عەشق بەکرانەوەی پەنجەرەی مەعشوقەکەی، هەموو ئەو ئازارانەی دەڕەوێتەوە و نەمەعشوق دێتە بەرپەنجەرە و نە حەمە دەتوانێ وەکو منداڵی باز بدا بۆ ماڵی هێرۆ و سەیری گوڵەکان و هێرۆ بکات، ئیدی گەورە بووە و دەبێت سنوور پارێز بێت.

ململانێی سەرەکیی ئەم چیرۆکە ململانێی هەژار و دەوڵەمەندە، ماڵی حەمە کۆنترین ماڵی ئەو کۆڵانەیە، بەڵام لەبەرئەوەی هەژاران وەک قەرەج سەیر دەکرێن، وەک غەریبەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و دەیانەوێت لەو کۆڵانە وەدەریان نێن، حەمە لە دایکی دەپرسێ بۆ هەژارین، بۆ خوا بەهەژاری دروستی کردین و ئەمانە و چەندان پرسیاری حەرامکراو کە سەرئەنجام دایکی توورە

دەبێت و لێی دەدات، پرسیارکردن لەمەڕ کاری خوا حەرامە، یاساغە، مکیاجی کچان حەرامە، قسەکردن لە بەردەم باوکان و گەورەکاندا حەرامە، ترس، شەرم، عەیبە هەموو ئەمانە ئازاری دەدەن و هەموو ئەمانە دیوارن لە نێوان حەمە و هێرۆدا. لەم چیرۆکەدا دوو شوێن هەیە ماڵی حەمە وەک ماڵی هەژاران، ماڵی هێرۆ وەک ماڵی دەوڵەمەندان، دوو سەردەم هەیە، سەردەمی منداڵیی حەمە و هێرۆ و سەردەمی گەورەبوونی هەردووکیان.

ئەمە دوو سەردەمی جیاوازە و لەیەک ناچن، زەمەنی عەشق و منداڵی و سەردەمی شەرم و ترس و عەیبە و دابڕانی عاشقان لە چیرۆکی گوناهی سپیدا، نووسەر لەبارەی لەدایکبوونی چیرۆکەوە دەدوێت و باسی ئەو هەست و ئیلهامە دەکات کە چیرۆک دەئافرێنێ، لەدایکبوونی چیرۆکێک لە منداڵدانی چیرۆکێکی ترەوە و لەبارەی ئەزموونی خۆی دەدوێت، کە چۆن چیرۆکەکانی لەدایک دەبن و کارەساتە بچووکەکان چۆن هەستی دەبزوێنن بۆ نووسینی چیرۆک، وەک خۆی دەڵێ لەناو مەرگی ئەو هەزاران هەزار مرۆڤەی سەرزەمین من سەرقاڵی نووسینەوەی چیرۆکی مەرگی ریشۆڵەیەکم، ئەم چیرۆکە، چیرۆکی چیرۆکێکی ترە، ئەم چیرۆکە ئیشکردنە لە مەئلوف و نامەئلوفدا، حیکایەت واقیعێکە جیاواز لە واقیعی ژیان و هاوکات لە میحنەتی واقیعی ژیانەوە هەڵدەقوڵێت و تێکستێکی ئەدەبی لێ دێتە بەرهەم. چیرۆکی گوناهی سپی چیرۆکی گلەیی و سکاڵای پاڵەوانی چیرۆکی ریشۆڵەیە، بایز و هەمین سکاڵایان لە نووسەر هەیە لەسەر ئەوەی کە شتە تایبەت و نهێنییەکانی ئەوانی کردووە بەچیرۆک، لەم چیرۆکەدا گەڕانەوەیەک هەیە بۆ لای چیرۆکی ریشۆڵە لە رابردوودا و هاوکات هەوڵی نووسەر بۆ لەدایکبوونی چیرۆکێکی ترە، گفتوگۆی نووسەر و بایز لەبارەی چیرۆکی ریشۆڵەیە، بابەتی چیرۆکەکە سکاڵای بایز و هەمینە لەسەر ئەوەی کە شتە تایبەتییەکانیان کراوە بەچیرۆک و داکۆکی نووسەر هەر ئەوەیە دەڵێت ئەو چیرۆکە خەیاڵە و پێوەندیی بەئێوەوە نییە، دیوی پشتەوەی ئەم گفتوگۆیە ململانێی مەئلوف و نامەئلوفە. گفتوگۆی بایز و نووسەر، گفتوگۆیەکە لەسەر چیرۆکی ریشۆڵە، نووسەر داکۆکی لەسەر بوونی خەیاڵ دەکات لەم چیرۆکەدا و بایز پاڵەوانی چیرۆکی ریشۆڵە چیرۆکەکە بەچیرۆکی واقیعی ژیانی خۆی دەزانێ و نووسەر سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو چیرۆکە خەیاڵە.

هەرچی بایز و هەمینە سکاڵای ئابڕووبردنیان هەیە و لایان وایە کە نووسەر ئابڕووی بردوون، هەرچی نووسەرە ململانێی ئەوە دەکات کە ئەوە چیرۆکی ژیانی ئەوان نییە و خەیاڵە، لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە ئەم ئەزموونە هاوکێشەی مەئلوف و نامەئلوفە لە چیرۆکی شێرزاد حەسەندا، نووسەر هەموو کات کاری لەسەر رەدووکەوتن و عەشق و رێگرانی عەشق و عاشقە یاخییەکان کردووە و هەموو ئەو چیرۆکانەش رەنگ و بۆنی دنیای واقیعی کوردییە، بەڵام ئەو وەرگرتنە وەک هاوکێشەیەکی کیمیایی وایە و دەگۆڕێت و بارگاوی دەبێت بەخەیاڵ و کراسی ئەدەب دەپۆشێ و لە چیرۆکێکی سادە و ساکارەوە دەبێت بەچیرۆکێکی پڕاوپڕ لە تەکنیک و شێوازی ئەدەبی و زمانی چیرۆک و پڕ لە فەنتازیا و مەجاز و لێرەوە ئەوە روون دەبێتەوە، کە

جیاوازی نێوان ڕۆمان و مێژوو ئەوەیە، کە مێژوو حیکایەتە بچووک و لاوەکییەکان فەرامۆش دەکات. چیرۆک گرینگی بەحیکایەتە لاوەکییەکان دەدات و زۆرجار چیرۆک پێش ڕووداوەکانی واقیع دەکەوێت، ئەگەر تەکنیکی گێڕانەوە و زمانی وەسفی و مەجاز و فەنتازیا لە چیرۆک دەربکەین چی دەمێنێتەوە؟ مێژوو ئەو حیکایەتەیە کە ڕووی داوە و ئەدەب ئەو حیکایەتەیە کە دەشێ ڕووبدات. چیرۆکی گوناهی سپی ململانێی نێوان خەیاڵ و واقیعە، ململانێی مەئلوف و نامەئلوفی چیرۆکەکان.

چیرۆکی من و قاله و سەگەکەی پاڤلۆف، چیرۆکێکی دەروونییە و حیکایەتی شیکاری دەروونی پاڵەوانێکە سەرقاڵی نامەی ماستەرە و بەهۆی سەرخۆشێکەوە ناتوانێ نامەی ماستەرەکەی تەواو بکات ئەو سەرخۆشەی کە هەموو شەوێ پێڵاوەکانی دادەکەند، شەوێک پێڵاوی پێی چەپی داناکەنێ و ئیدی پاڵەوان تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەبێت و بەهۆی دانەکەندنی پێڵاوی چەپی، ناتوانێ نامەی ماستەرەکەی تەواو بکات، لەو گرفتە دەروونییەوە پاڵەوان تووشی دڵشکان دەبێت. پاشان پاڵەوان باسی یەکەم ناسینی خۆی و کتێبێکی فرۆید دەکات و ئیدی لەو کاتەوە خولیای فرۆید دەبێت و چیرۆکەکەش بەئاراستەیەکی دەروونیدا دەڕوات و باسی نووسەر و ئەدیبە نەخۆشەکان دەکات، کە نەخۆشی دەروونییان هەبووە. پاڵەوان تووشی حاڵەتێکی دەروونی بووە و لە بەرانبەر ژناندا هەست بەشەرم دەکات و ناتوانێ رازی دڵی خۆی بۆ ژنان و کچان باس بکات و شەرم دەکات لە کچان، نووسەر هەموو کات لە چیرۆکەکانیدا گرینگی بەو حیکایەتانە دەدات، کە لەمەڕ عەشق و شەرمی مرۆڤەکان دەدوێن و حیکایەتی شەرم و شکستی عەشق و دابڕاینی کوڕان و کچان دەدوێت، بەشێکی تری ئەم چیرۆکە لەبارەی پەروەردەی خوێندنگایە و لەبارەی شێوازی مامەڵەی مامۆستایە لەگەڵ خوێندکاردا و لەبارەی مامەڵەی ناتەندروستی مامۆستا و قوتابی دەدوێت، مامەڵەی تێهەڵدان و سووکایەتیکردن بەقوتابی کە مۆدیلێکی ساڵانی هەشتاکان بووە، نووسەر لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێک ڕووداو باس دەکات و سەرجەمیان بەیەکەوە گرێ دەداتەوە و هەموو ئەو ڕووداوانەی ناو چیرۆکەکە خزمەت بەلایەنی سایکۆلۆجیی چیرۆکەکە دەکەن و ڕووداوی سەرەکیی چیرۆکەکە کێشەی نامەی ماستەرەکەیە و پاڵەوان وا ڕاهاتووە، کە هەموو شەوێ گوێی لە دەنگی پێڵاوی ئەو پیاوە سەرخۆشە بێت و شەوێک کابرای سەرخۆش تاکێ لە پێڵاوەکانی داناکەنێ و ئیدی نامەی ماستەرەکەی ڕادەوەستێنێ و ناتوانێ تەواوی بکات و هەرچی چیرۆکی ژیانی پاڵەوانەکە هەیە لەم چیرۆکەدا باس دەکرێت، شووکردنی مەعشوقەکەی و گەڕانەوە بۆ منداڵی و سەردەمی خوێندنی قوتابخانە و ئازاردانی لەلایەن مامۆستاکانەوە و شەرمکردنی لە کچان و شەرمکردن لە گفتوگۆی ڕەگەزی مێیینە و سەرەنجام پاڵەوانی چیرۆکەکە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەبێ،

لە چیرۆکی ڕەنگاڵەدا باسی پاڵەوانێک دەکات. کە قوتابی هونەرە و عاشقە و هەژاری وای لێ کردووە، کە دەست لە عاشقەکەی هەڵبگرێ. حەسەنی کوڕە هەژار عاشقی مریەمە و هەژاری و

هونەر ڕێگری لە عەشقەکەی دەکەن، چیرۆکی عەشقی حەسەن و مریەم چیرۆکی ململانێی عەشقە لەگەڵ داوونەریت و ململانێی هەژارانە لەگەڵ خاوەن سامان، ململانێی عەشقە لەگەڵ کچانی نێو کۆشکە گەورەکاندا.

لە چیرۆکی مریەمدا باس لە کەسێک دەکات، کە نووسەرە و ئازادییەکی تەواو دەدات بەژنەکەی و سەرەنجام ژنەکەی تەڵاق دەدات، لەم چیرۆکەدا لەسەر زاری پاڵەوان، کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە باسی ڕابردووی خۆی دەکات لەگەڵ گوڵناری ژنی کە چەندی خۆش ویستووە و باسی ئەوە دەکات، کە کاتێک ژنەکەی هەست دەکات دەماری پیاوەتی سست بووە، ئیدی ژنەکەی لێی جودا دەبێتەوە و دۆشەک و پێخەفی جیا دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە هیچ ئومێدێکی پێی نەبێت، پاڵەوان کەسایەتییەکی ئەدیب و خەونی ئەو ژیان و نووسینی ئەدەبە، ژیانی ئەدەبیانە ئازادی داوە بەخێزانەکەی و سەرقاڵی نووسینی چیرۆکی ژیانی خۆیەتی، لە ڕۆژگاری عەشقی گوڵنارەوە تا ڕۆژگاری ئیفلیجبوون و تەنیایی، ئەمین پیاوێکی نەخۆشە و دەماری هەوەسی سستە و ژن و منداڵەکەی لێی بێزارن و فەرامۆشیان کردووە و هەرچی هاوڕێکانییەتی گاڵتەی پێ دەکەن و تانە و تەشەری لێ دەدەن بەخراپە باسی ژنەکەی دەکەن، سەرەنجام ژنەکەی تەڵاق دەدات و وەهاش وازی لێناهێنن و تەلەفۆنی بۆ دەکەن و سەرزەنشتی دەکەن و هەرچی ئەنوەری برای ئەمینە سەرزەنشتی دەکات و دەیەوێت گوڵنار بکوژێت، لەو ئابڕوو چوونە ڕزگاریان بێت و ئەمین ڕازی نییە و لە دنیای ئەودا ئەدەب وەها ناسکی کردووەتەوە، کە ناتوانێ بڕیاری کوشتنی ژنەکەی بدات و هەرچی ئەنوەرە براکەی ئەمینی نووسەر بەشێت دەزانێ و لای وایە کە نووسین شێتی کردووە و پێی دەڵێت تۆ شێتی، ئەگەر نا چ کەسێک هەیە خانوو لەسەر ژن تاپۆ بکات، ئەمین نووسەرە و ئەنوەر ساماندار و ئۆرستۆکراتە و ئەم دوو چینە دوو بۆچوون و بیر و باوەڕی جیاوازیان هەیە و پێچەوانەی یەکن، ئەمین لای وایە گوڵنار لەسەر ئەوە لێی جیابووەتەوە، کە دەماری پیاوەتی سست بووە و هەرچی گوڵنارە کە هۆکاری جیابوونەوەکەی لەگەڵ ئەمیندا بەوە لێک دەداتەوە کە ئەمین دڵپیس بووە لەگەڵیدا، بەشێکی ئەم چیرۆکە لەمەڕ ململانێی ئەدەب و سەرمایەیە، وەک عەقڵی جیاواز ئەمینی نووسەر و ئەنوەر و هاوڕێ ساماندار و ئەرستوکراتەکانی کە چۆن گەمە بەئەمین دەکەن و گەمە بەئەدەب دەکەن، ئەم چیرۆکە ململانێی دوو عەقڵی جیاوازە، عەقڵی چەقبەستووی نەریتخوازەکان و عەقڵی ئەمین وەک نووسەرێک کە لەگەڵ ئەدەب و دنیای تازەگەریدا دەژی، بەشێکی ئەم چیرۆکە گفتوگۆی ئەمین و گوڵنار و کچەکانییەتی و گفتوگۆی ئەمین و ئەنوەر و بازرگانەکانە، گفتوگۆی دوو بۆچوونی دژە یەکن، ئەمینی پاڵەوانی چیرۆکەکە پیاوێکی ئیفلیجە و لە ماڵی براکەی دەژی و ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە و لە دۆخێکی خراپدا دەژی و بەناچاری ژیانی ماڵی ئەنوەر بەڕێ دەکات، ژیانێک کە بۆ ئەو هەر سەرزەنشتکردنە.

لە چیرۆکی زەلکاودا، لەبارەی زەلکاوێکەوە دەدوێت کە گێڕەرەوە و هەندێک لە هاوڕێکانی دوورن لە زەلکاوەکە و خۆیان دەپارێزن و هەندێکیان لە زەلکاوەکەدا مەلە دەکەن و بەبێ ئەوەی

گوێ بدەن بەوەی کە تووشی نەخۆشییان دەکات و باسی تێکەڵبوونی ژنان و پیاوان دەکات و چیرۆکی خنکاندنی کەسێک دەگێڕێتەوە لەو زەلکاوەدا لەلایەن دوو کەسی دیکەوە و هاوکات باسی رووداوی کوشتنی کچان دەکات بەبیانووی شەرەف پارێزییەوە، چیرۆکی زەلکاو چیرۆکی بۆگەنبوونی عەقڵی مرۆڤەکان و چیرۆکی کوشتنی عاشقانە. ئەم زەلکاوە لەناو عەقڵی ئەو مرۆڤانەیە، کە پەروەردەیەکی ناتەندروستیان هەیە و دیوە جوانەکەی دنیا نابینن، دەتوانین ئەو زەلکاوە بەزەلکاوی کولتورو نەریتخوازی و عەقڵی چەقبەستوو ناو بەرین، کە شێرزاد حەسەن لە تەواوی بەرهەمەکانیدا ئیشی لەسەر کردووە و گرینگی پێ داوە.

## کۆمەڵە چیرۆکی گەڕەکی داهۆڵەکان

نووسەر لە زۆر شوێندا ئاماژەی بەژیانی خۆی داوە، کە چۆن نەریتی کۆن و عەقڵی چەقبەستوو ئازاری داوە، بەهەمان شێوە ژیانی خۆی لە چیرۆکەکاندا تەوزیف کردووە، لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا عاشقەکان و کچان و ژنان قوربانین. باوک جەللادە، باوک بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی، بەمانا سیاسییەکەی. ململانێی نێو چیرۆکی شێرزاد حەسەن ململانێی کوڕان و کچان، باوک و دایک، ململانێی خوێندکار و مامۆستا، ململانێی عەقڵی کۆن لەگەڵ عەقڵی تازە.

لە چیرۆکی کەڵە کوڕان و ئاسکە کچاندا باسی مامۆستایەک دەکات جیاواز لە هەموو مامۆستاکان دەیەوێت کوڕان و کچانی قوتابخانە تێکەڵ بکات، کولتوور و کۆمەڵگەی نەریت خواز و ئاینزادە شەرم و ترس و عەیبەی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست کردووە. مامۆستا دەیەوێت وا لە خوێندکارەکان بکات، کە عاشقی پۆلەکەیان بن و شەرم لەیەک نەکەن و یەکیان خۆش بوێ، نووسەر دەیەوێت بڵێت مرۆڤ لە ئاژەڵ دواکەوتووترە، کەڵەکێوی و ئاسکەکان تێکەڵ دەبن و کوڕان و کچانی ئێمە ناتوانن تێکەڵ بن، لە قوتابخانە، بازاڕ، کۆڵان، لە گەرماو، لە چێشتخانە.. کچان و کوڕان دوور لەیەک وەک دوو ئافرێنراوی جیاواز، وەک دوو رۆح کە هیچ شتێک کۆیان نەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا نێر و مێ بەبێ یەکتری دوو بوونەوەری نا تەندروستن، نووسەر رەخنە لەو عەقڵییەتە دەگرێ، کە رێگرە لە بەردەم پەروەردەیەکی دروست و رەخنە لە سیستەمی خوێندن دەگرێت، لەم چیرۆکەدا دوو شوێن هەیە، شوێنێکیان واقیعی ناو پۆلەکەیە و خوێندکارەکان دانیشتوون و بەترس و شەرمەوە کوڕان و کچان لەیەک دەڕوانن و شەرم و ترس رێگەیان لێ دەگرێ. لەیەک نزیک ببنەوە. شوێنی دووەم خەیاڵی نووسەرە، پۆلێک دروست دەکات لە کوڕان و کچانی عاشق و ئازا و نەترس کە عەشق دەکەن و دیواری شەرم و عەیبە و ترس دەڕووخێنن و سەرەنجام لەو خەیاڵە ڕادەچڵەکێ و ئەو خەیاڵەی دەبێت بەحەقیقەتێکی تاڵ دیواری شەرم و ترس و نەریتخوازی هەرگیز ناڕووخێ.

لە چیرۆکی چەتردا بەهەمان شێوە باسی حەز و خولیای کوڕێک دەکات، ڕێبوارێک کە لەبەر بارانە و حەز دەکات بچێتە ژێر چەتری کچێکەوە و ناوێرێ، کۆمەڵگە، عەیبە، ترس، شەرم، ڕێگەی

پێ نادەن.

لە چیرۆکی تێکئاڵاندا لەبارەی شارێکەوە دەدوێت کە پڕە لە رق و کینە، شارێک پڕ لە کینە بێت هەرگیز عەشقی تێدا ناکرێ، ئەم گرفتە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئامادەیی هەیە، شار لە ئەدەبی کوردیدا زیندانێکە دەرگەکانی وەها کلۆم دراوە ئومێدی کرانەوەی نییە و مرۆڤەکان بەهۆی ئەو داخرانەوە دەروونێکی نەخۆشیان هەیە و لەنێو دووبارەبوونەوەدا دەژین و لە بینینی دنیای فراواندا بێ بەشن. لە چیرۆکی ئێوارە و شتی تر و نهێنی و دووکەڵ و ماڵئاوا خۆشەویست و.. کەوتنی ژمارەکان و مەم و زین و عزرائیل ماچی سوێر و تووتی ستان.. نووسەر کاری لەسەر قەدەغە کراوەکان کردووە و باسی حەسرەتی عاشقان دەکات و باسی زوڵمی دەسەڵاتداری نێو ماڵ و سەرتەختی دەسەڵات دەکات و حیکایەتی ئەو مەعشوقانە دەگێڕێتەوە، کە سنووری کۆمەڵگە و نەریتیان شکاندووەو سەرەنجام قوربانی ئەو سنور شکاندنەن شێرزاد دەنگی ئەو ژنە زوڵم لێ کراوانەیە کە گوێی پیاوانی زاڵم نایبیستێ، چیرۆکنووسی حیکایەتی باوکانی دڵرەق و زاڵمە، چیرۆکنووسی ئەو ڕووداوانەیە کە لە منداڵییەوە ئازاری دەدەن و لەنێو کاسە سەریدا دێن و دەچن و سەرەنجام بەزمانی خەیاڵ و فانتازیا و تەکنیکی ئەدەبییە دەڕژێنە سەر کاغەز.

شێوازی گێڕانەوەی شێرزاد گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بەشێک لە چیرۆکەکانی بۆ گفتوگۆی پاڵەوانەکانە بۆ دەربرینی ڕازی دڵی پاڵەوانەکانە، چیرۆکی پرسیارە حەرام کراوەکانە، ململانێیەکە لەگەڵ کۆمەڵگەدا. چیرۆک بۆ شێرزاد وەک تەقاندنی دومەڵێک وایە یاخۆ وەک ئەوەی کاتێک مارێک پێوەی بدات ئەگەر ئەو ژەهرە دەر نەدات دەیکوژێت، ئەگەر ئەو جەراعەتە دەر نەدات ئازار دەیکوژێت. زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە نووسەر ئەدەبیاتی خۆی بۆ ئەو گرفتانە تەرخان کردووە و لەمەڕ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت و پاڵەوانەکانی قوربانییەکانی کۆمەڵگەن، کاتێک پەلاماری چێژ و لەزەت و ئازادی دەدەن بەناوی سنوورشکێنیەوە لەناو دەبرێن.

لە کۆمەڵە چیرۆکی پیرە پەپوولەکانی ئێواران دا، باسی شار دەکات وەک زبڵخانە، وەک شارێک پیس و ناشیرین، شارێک کە کوڕانی پەلاماری کچان دەدەن، وەک دڕندەیەکی ترسناک کەڵبەکانیان لە دڵی کچان گیر دەکەن، نووسەر باس لە عەشق و کوڕانی پڕ لە حەز و هەوەس دەکات، باسی ڕاماڵینی حەز و ئارەزووی عاشقان دەکات، پاڵەوان کەناسێکە و شار لە پاشەڕۆ پاک دەکاتەوەو شاری دوای شەهوەت و حەز و ئارەزووەکان پاک دەکاتەوە. لەم چیرۆکەدا نێرینەکان وەک پڵنگ وەسف دەکرێن و کچان وەک پیرەپەپوولە، ئەو کچانەی کە دوای پەلاماری پڵنگە دڕندەکان وەک قەیرە پەپوولەی هەژار و تەنیا و دڵشکا و لە چۆڵەوانیی ژوورەکاندا بەنائومێدی سەردەنێنەوە، چیرۆکی گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان حیکایەتی چیرۆکی گرێی دڵی مرۆڤێکی نەخۆشە، مرۆڤێک کە دەروونی ماندووە، مرۆڤێکی ئیفلیج کە دەروونی ماندووە و لە بیمارستانێکدا حیکایەتی خۆی باس دەکات، نیگاری رووخساری غەمگینی مرۆڤگەلێکی نەخۆش و دەردەدار دەکێشێ، نیگاری بیمارستانێکی غەمگین کە هەموو ئومێدی نەخۆشەکان گەمەی

گـۆڕینەوەی قــەرەوێڵـەکـانە، لەم چیـرۆکـەدا  دنیـایـەکی داخـراو هـەیە و پاڵەوان لـە دەرەوەی ئەو بیـمـارسـتـانەدا هەسـت بەبوونی مرۆڤ ناکات، بیـمـارسـتـانێک کـە کۆمـەڵێک دەروونی مـاندوو و نەخۆشی لەنێو خۆیدا گەمارۆ داوە. لە چیرۆکی ماڵێک لە ئاودا باسی عەشقی کوڕ و کچێک دەکات دوور لە چاوی سەرۆک خێڵ.

عـەشقێکی خـەیاڵ ئاسا، عـەشقێک لە ئاودا، لەژێر ئاودا مـاڵێکیـان دروست کردووە، کـە دیوار و دار و پەنجەرە و .. هەموو شتێکی لە ئاوە، عەشقێک لە ئاو دا. ماڵێک لە ئاو دا.

لە چیـرۆکی مـارلین دا، باسی مردنـی ژنێکی مـەسـیحـی و بێگانەی ولاتێکی تر دەکات. مـارلین کـاتێک دەمرێ مشـتومڕ دروست دەبێت لەسـەر ناشـتنی و سـەرەنجام لە گۆڕسـتـانی مـوسڵـمـانان دەینێــژن و ئەم چیــرۆکــە لە دنیــای مــردووانە، باسی ژیانی ژنـی کــورد دەکــات کــە چۆن چەوسێنراونەتەوە، چیرۆکی ژنانی مردوو دەگێڕێتەوە، کە لە ڕابردوودا چۆن ئازار دراون و چۆن مافیان خوراوە و ژنان لە مـارلین دەپرسن، ئایا پیاوان هەروەکو جاران خوێنمژ و عاشقی شەڕن؟ مــارلین جــیــاواز لـە ژنانی تر ئێش و ئازاری ئەوانی نیــیــە و گــرفت و خــەمی نەبووە لەگــەڵ خۆشـەویستەکەیدا و گوێ بۆ ئەو ژنانە دەگرێ، کە لە ڕابردوودا ئازار دراون. لە چیرۆکی کودەتای کەروێشکەکاندا باسی سـەرۆکێکی دەروون مـاندوو دەکات، کە ترساوە لـە کودەتاو ترسی ئەوەی دەسـەڵاتی لە دەست دەرچێ و کـودەتای بەسـەردا بکەن وەهای لێ کـردووە کـە بەهـەمـوو لایەکـدا بڕیاری لەداردان و کوشتن دەردەکات، لەم چیرۆکەدا  لەبارەی کودەتاوە دەدوێت و کەروێشکەکان مەجازە بۆ مرۆڤە بچکۆلەکان بۆ ئەوانەی کە هەژارن و بێ دەسەڵاتی و ستەم هانیان دەدات کودەتا بکەن، سـەرۆکی دڵڕەق کە لـەسەر یەکە بڕیاری کوشتنی خـەڵکی دەدات لەسـەر ئەوەی کە کودەتای کەروێشکەکان بووە بەهۆی داڕووخانی کۆشک.

شێرزاد حەسـەن ئیشی لەسەر جوانی و عەشق کردووە و چیرۆکی ئەو گەڕانە بەدوای جوانی و عـەشق و ئازادی تاک دا، بەزمـانێک پڕاوپڕ لە وەسف و دروسـتکردنی وێنـەی جوان مـانایەکی تازە دەبەخــشــێ بەخــوێنەر، شــێــرزاد ئەو ترســەی کــوشت، ترسی ئەوەی دەست بۆ حــەرام بـەرین، پاڵەوانەکانی ئەو ناترسن و لەپێناوی مافی خـۆیان داکۆکی دەکەن، پەلاماری ئەو دیوارە دەدەن کە لەبەردەمـیـاندا دروست کراوە. ئەم نووسـەرە بەچیرۆکەکانـی پێمـان دەڵێ ئەوانـە کە حـەرام کـراون مافی ئێمەن، چێژ و لەزەتی عەشق و ئازادیی پرسـیارکردن و قسـەکردن لەبەرانبـەر دەسـەڵات و لە بەرانبــەر باوک مــافی ئێــمــەیە، بەڵام دەســەڵات، دەســەڵاتی باوکــان  و ئاین و نەریتــخــوازەکــان دەیانەوێت ئەو مـافە لە ئێمە زەوت بکەن، هەمـوو کات لە چیرۆکی شێرزاددا پاڵەوانەکان قـوربانیی داب و نەریت و عـەیب و شـەرم و عـەشق و جـوانین، چیـرۆکـەکـانی حـیکـایەتی جـوانی و عـەشقـە بەزمانێکی نوێ، زمانی مانا و زمانی وەسف، ئەو مانایەی کە پڕە لە داهێنان.

## کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی

ئەدەبی تازەی عێراقی لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا گەشەی سەند، لە شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەمەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، شەڕ و داگیرکاری کاریگەریی لەسەر ئەدەبی عێراقی هەبووە و کوردستانی عێراقیش بەو سیفەتەی کە بەشێکە لە عێراق، یاخۆ لکێنراوە بەعێراقەوە، کاریگەریی ئەو شەڕانەی لەسەر بووە. ئەدەبیاتی کوردی بەهەمان شێوەی ئەدەبیاتی عێراقی کاریگەریی شەڕ و داگیرکاری لەسەر بووە. ئەدەبی کوردی بەهۆی ئەو زوڵم و زۆر و گۆڕانکاری و کودەتا سیاسی و کۆمەڵایەتییانەوە، بەئاڕاستەییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەنگاوی ناوە، شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم و پاشان شەڕەکانی تر و داگیرکاریی وڵاتانی زلهێز و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ترسناک و برسییەتی، هۆکاری ئافراندنی ئەدەبێکی غەمگین و پڕ کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو، بەرهەمی عەتا ئەمین و ئەنوەر شاول و یوسف متی و عەبدولحق فازیل و... هتد. بەرهەمگەلێکی کۆمەڵایەتی بوون و لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەدا ئەدەبیاتی خۆیان نووسی ڕۆمانی (مجنونان، من بنات الناس، في سبيل الزواج، مصير الضعفاء، العاشق الغادر، فتاة بغداد، خبز البلوط،... هتد) هەموو ئەم بەرهەمانە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگەی ناتەندروستی عێراقی خوڵقێنران، ئەدەبی کوردی و ڕۆمان و چیرۆکی کوردی بەشێکن لە ئەدەبیاتی ئەو کێشانە، شەڕ و نەخۆشی و برسێتی کاریگەرییان لەسەر تێکڕای ئەدەبیاتی ئەم ناوچەیە هەیە، ئەگەر نەجم والی ئازار و غەمەکانی باشووری عێراق کاریگەریی لەسەر بەرهەمەکانی دروست کردووە، هەروەک عەلی بەدر لە ناوەندی عێراقەوە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکانی دروست کردووە. هەرچی بەرهەمی ئەدەبی شێرزاد حەسەنە بەشێکە لەو ئەدەبە غەمگینەی کە شەڕ و داگیرکاری و سیاسەت و ئاین و کۆمەڵگە هۆکاری دروستبوونین. دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەسەڵاتی خوێنمژ و دیکتاتۆر، هۆکاری ئەو غەمگینییەن، کودەتا و داگیرکاری کۆمەڵگەی شێواند و ئەدەبیاتیش وێنەی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵگەیەی کێشا.

ئەدەبیاتی شێرزاد حەسەن ئیشکردنە لە دنیای ئاین و سیاسەت و سێکس، یان پێوەندیی ڕەگەزی نێر و مێ. ئەمە ئەو سێ شتەن کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەست بۆ بردن و قسەکردن لە بارەیانەوە حەرام و مەترسیدارە و دنیای تازەگەری و مۆدێرنیتەش عەقڵەکان ناگۆڕێ و شتە حەرامکراوەکان بەنەگۆڕێ دەهێڵێتەوە. قسەکردن لەبارەی ئاین بەپێچەوانەی ڕێسای ئاینەوە حەرام و مەترسیدارە، هاوکات پەنجەبردن بۆ سیاسەت و دژایەتیی دەسەڵات، یاخۆ ململانێکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا بەهەمان شێوە ترسناکە، ئیدی دەسەڵاتی ئاینی بێت یاخۆ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بەهەر سێ شێوەکە مەترسیدار و حەرام کراوە، دژایەتی مەلاکان، دژایەتی باوکان لەنێو ماڵدا، دژایەتی سەرۆک، هەموو ئەمانە بۆ تاکی کوردی حەرام و مەترسیدارن، لایەنی سێیەم

گرفته کۆمەڵایەتییەکانە و پێوەندیی نێر و مێیە، کە هیچ کولتوورێک و هیچ فیکر و فەلسەفەیەک ناتوانێ شێوازی تەقلیدی و ناتەندروستی ئەم پێوەندییە لە وڵاتی ئێمەدا بگۆڕێ. قوتابخانە، ماڵ، چێشتخانە، کۆڵان.. لە تەواوی ئەم وڵاتەدا ئەم پێوەندییە لە دەرەوەی یاسای هاوسەرکاری، حەرام و مەترسیدارە. ئەزموونی شێرزاد حەسەن بەگشتی لەسەر ئەم سێ گرفتەی کۆمەڵگەی کوردییە و پاڵەوانەکانی شێرزاد ئەو کەسایەتیانەن کە سنوری ئەم سێ حەرام کراوانە دەبەزێن و سەرەنجام کۆمەڵێک حیکایەتی غەمگین دەهێننە بەرهەم، کە شێرزاد حەسەن خاوەنیانە. چیرۆک و ڕۆمانی شێرزاد حەسەن پایەیەکی سەرەکی باڵەخانەی ئەدەبی کوردییە، لە گوڵی ڕەش و گەڕەکی داهۆڵەکان و.. چیرۆکی کوردی چووە قۆناغێکی ترەوە، قۆناغی تەکنیک و شێوازی تازەگەری گێڕانەوەی جیاواز و زمانێکی تازە، قۆناغێک کە لە شێرزاد حەسەنەوە دەستی پێ کردووە و ئەمڕۆ نەوەیەکی نوێ ئیشی لەسەر دەکات. قۆناغی گوتاری زمان و دەلالەتەکانی زمان و زەمەنە جیاوازەکانی نێو دەق و گوتاری فیکر و زمانی وشە حەرام کراوەکان لە کۆمەڵە چیرۆکی تەنیاییدا... لە چیرۆکی ڕیشۆڵەدا، شێرزاد حەسەن باسی ڕاوچی ڕیشۆڵە دەکات، کەسایەتی گێڕەرەوە بۆ کەسایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەدوێت و وەک ئەوەی ڕووداوەکان بە بیری پاڵەوانەکەدا بهێنێتەوە، کە چۆن ڕاوە ڕیشۆڵەی کردووە، گێڕەرەوە باسی ڕاوچییەک دەکات، کە لە ڕاوی ڕیشۆڵەکان ماندووە و چاوەڕوانی نیشتنەوەی ڕیشۆڵەکانە و هەموو ئومێدی ئەو تۆڕەیە. ڕۆشتنی کوڕەکەی و تەنیایی غەمگینی کردووە، ئەو کوڕەی کە ئاواتی بوو ببێت بە مەلای مزگەوت و لەبن دەستی خۆیدا بێت و تەنیایی پڕ بکاتەوە. هەرچی کچەکەیەتی ئاگای لە باوک و دایکی نییە و لەگەڵ شووەکەی خۆیدا ژیان دەگوزەرێنێ، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە پیاوێکی تەنیایە و ژیانی بەڕاوە ڕیشۆڵە دەگوزەرێنێ و هەمینی ژنی وەک خۆی کار دەکات و سەر بەماڵاندا دەکات و هێلکەفرۆشی دەکات تا بژێوی ژیان پەیدا بکەن، پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکە بایز و هەمین و عەبە و خەجێن، وەک پێشتر ئیشارەتم پێ دا، نووسەر هەموو کات پەنجە بۆ حەرامکراوەکان دەبات، هەمین و بایز ئەو دوو پاڵەوانەن کە دژی کولتووری تەقلیدیی و عادەت و کۆمەڵگەی پیاو سالاری شەڕیان کردووە، لە پێناوی عەشقدا و لە پێناوی ویستی خۆیاندا سنووری عادەتی کۆمەڵگە دەشکێن و سەرەنجام ژیانی هەژارانە و دوورەپەرێزی و ڕاوە ڕیشۆڵە و تەنیایی هەڵدەبژێرن و بەعەشقەوە جووت دەبن، لە چیرۆکی ئەو شەوەی سەگم تێدا خۆشویست، نووسەر باسی رق و کینە و دوژمنایەتی دەکات لەگەڵ سەگدا، پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکە ڕقی لە سەگە و ئەم ڕقە دەگێڕێتەوە بۆ منداڵی، کە لە قروسکەی سەگ ترساوە. سەگ نیشانەی مردن بووە لای پاڵەوان، کاتی منداڵی شەوان لە دەنگی سەگەکان ترساوە و دایکی پێی گوتووە مەترسە ئەوە ئیزرائیلە بۆ گیانکێشان دێتە خوارێ و سەگەکان هەست بەهاتنە خوارەوەی دەکەن. لەم چیرۆکەشدا ئیش لەسەر ئەو کولتوورە کراوە، کە هەر لە منداڵییەوە ترسی مردن لە ڕۆحماندا دەچێنن و قروسکەی سەگە بەمردنەوە گرێ دەدەن.

لێرەدا پاڵەوان ڕقێک دروست دەکات، ڕق لە ئاژەڵێک کە لە ڕاستیدا ئاگای لە مەرگ و

ڕۆحکێشانی هیچ کەسێک نییە، بەڵام کولتوورێک، عەقڵێک هەیە بەو جۆرە مرۆڤەکان پەروەردە دەکات، کە لە گەورەبوونیشدا ناتەندروست بیر بکەنەوە. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەهۆی ئەو ترسەی منداڵی لە سەگ، مردن بەقروسکەی سەگەوە گرێ دەدات و کاتێکیش جەستەی بەر ددانی سەگ دەکەوێت، هێندەی تر ڕقی لێی دەبێت و لێی دەترسێ و دواجار لە شەوێکدا بەهۆی عەشقەوە لەگەڵ سەگدا ئاشت دەبێتەوە، هەستی لە بەرانبەر سەگدا دەگۆڕێ، لەم چیرۆکەدا پاڵەوان بەڕستەیەک باسی چەوسانەوەی ژن دەکات و باسی دایکی دەکات، کە لەوەتەی هەیە لەژێر چەپۆکی باوکیدا بووە، نووسەر بەیەک ڕستە باسی دڕندەیی پیاو دەکات بەرانبەر بەژن.

چیرۆکی خوشکەکان حیکایەتی کچێکە، کە خوشکەکانی شوویان کردووە و ئەم قەیرە بووە و باسی ڕۆژگارێک دەکات، کە ژورەکەی قەرەباڵغ بووە و ئێستا هەر خۆی ماوەتەوە، لە ڕێگەی ئەو وەسفانە و لە نیگاری ڕووخساری گەورە کچێکەوە بۆ نێو کێشەی تەنیایی مرۆڤێک دەمانبات، باسی ژووری چۆڵی کچێک دەکات کە خەونی لای قەرەباڵغی و دەربازبوونە لە تەنیایی و قەیرەیی.

ئەم چیرۆکە حیکایەتی ژوورێکە لە ڕابردوودا پڕ بووە لە خۆشی و پێکەنین و جوانی، بەڵام ئێستا بەهۆی شووکردنی کچانی ئەو ژوورە و مانەوەی کچی گەورە بەقەیرەیی، ئەو ژوورە کپ و مات و غەمگینە و پتر لە دۆزەخێک دەچێ. لەم چیرۆکەدا دوو وێنە هەیە، وێنەی ژوورێکی جوان و ئاوەدان و پڕ لە قەرەوێڵە و وێنەی مەمکدان..

وێنەیەکی تری هەر هەمان ژوور بەڵام یەک وێنە و یەک قەرەوێڵە و یەک گەورە کچی تەنیا و غەمگین، لەم چیرۆکەدا یەک شوێن هەیە، بەڵام زیاتر لە سەردەمێک هەیە، ئەو شوێنە ئەو ژوورەیە، ژوورێک لە دوو سەردەمدا، کە هەر سەردەمە بەجۆرێکە، ئەم ژوورەی کە نووسەر باسی دەکات دوو چیرۆکی هەیە لە دوو سەردەمی جیادا، چیرۆکی ژوورێکی غەمگین و کپ و تەنیاییی، لەگەڵ چیرۆکی هەمان ژوور لە سەردەمێکی کۆندا وەک ژوورێکی قەرەباڵغ و ئاوەدان و پڕ لە هیوا و جوانی. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە قەیرە کچێکی هەژار و بەدبەختە و ناشیرینی غەمگینی کردووە و دەنگی زەماوەند دەگاتە گوێی و لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشاوە و نائومێدی لە دەنگی زەماوەند بێزاری کردووە و ئیدی پیاوان زوڵمی لێ دەکەن.

لە ساویلکەیی خۆی بەقەیرەیی دەمێنێتەوە و دەبێت بە پرد بۆ خوشکی بچووکی و سەرەنجام پاڵەوان وەک قەیرە کچێکی غەمگین لە ژووری تەنیاییدا خەون بەژیان و بەپیاوی هیواکانەوە دەبینێ، ئەم چیرۆکە گوزارشتە لە هەستی ناسکی ژن لە تەنیاییدا، حەزی ناتەندروستی پیاوان بۆ کچانی منداڵکار و هەرزەکار. لە چیرۆکی (ترس)دا باسی ترسی مرۆڤێک دەکات لە شەوی ڕەشەبادا، دەرگە و پەنجەرەکانی داخستووە و پەنجەرەکانی بەموقەبا داپۆشیوە. باوکی پاڵەوان پیاوێکی قوماربازە و کاوە وەک ڕۆحێکی ترسنۆک پاسەوانی ماڵێکی پڕ منداڵ دەکات و باوکی لە قومارخانەکاندا کات بەسەر دەبات، نووسەر لەم چیرۆکەدا نیگاری باوکێکی بێ بەزەیی و دەروون نەخۆش دەکێشێ، باوکێک کە هەرچی ماڵ و کەرەستەی ماڵ و خشڵی ژنەکەیەتی لە قوماردا

دۆڕاندوویەتی و ماڵی بۆ ژنەکەی و منداڵەکانی، کاوەی کوڕی بەجێهێشتووە، نووسەر باسی دەسەڵاتی باوک دەکات لەنێو ماڵدا کە چۆن خێزان ئازار دەدات و ژن و منداڵەکەشی بەزەلیلی لەژێر دەستیدا ئازار دەچێژن.

لە چیرۆکی (لەودیو دەرگە ئاسنینەکانەوە) دیسانەوە باسی باوک دەکات، باوکێک ئازادی لە منداڵەکانی داگیر دەکات. پاڵەوان کەسێکە یادگاری تاڵ و غەمگینی منداڵی بیر ناچێتەوە و قسەی ناشیرین و ئازار و ئەشکەنجەی بیرناچێتەوە، لە هەمان کاتدا باسی عەشقی پاڵەوان و دڵشکانی دەکات، پاڵەوانی چیرۆکەکە عاشقی کچێک بووە ئەو کچە شوو بەکەسێکی دیکە دەکات و ئەم فەرامۆش دەکات، لە چیرۆکی بێوەژندا، نووسەر باسی بێوەژنێک دەکات کەسوکار ڕێگرن لە بەردەم شووکردنەوەی، مرۆڤێک، ژنێکی تەنیا کە دەیەوێت شوو بکاتەوە و لە تەنیایی و بێ کەسی ڕزگاری بێت، بەڵام هەرچی کەسوکارە ڕێگرن لە بەردەم شووکردنەوەی ئەو بێوەژنە و هاوکات خەڵک تانەی لێ دەدەن و گاڵتەی پێ دەکەن.

لە چیرۆکی گرێدا باسی لەدایکبوونی منداڵێک دەکات و عەقڵێکی نێرسالار هیوا دەخوازێت کە ئەو منداڵە کوڕ بێت و لە چیرۆکەکانی تریشدا نووسەر کاری لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. چیرۆکی عەشق و گوناه دەنووسێتەوە و چیرۆکی شەرمی ژنان بەرانبەر پیاوان باس دەکات و باسی دیواری شەرم دەکات، ئەو دیوارەی لە نێوان نێر و مێدا هەڵچنراوە. لە تەواوی ئەم چیرۆکانەدا ئیش لەسەر گرفتی کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی عەشق و دەسەڵاتی باوک کراوە و لە زۆربەی چیرۆکەکاندا لەبارەی چەوسانەوەی ژنان دەدوێت بەهۆی کولتووری ڕۆهەڵاتی و نەریتی خێڵەکییەوە.

## حەسار و سەگەکانی باوکم

کوشتنی باوک حیکایەتێکە لە ئەدەبیاتی زۆر وڵاتدا هەیە، لەئەدەبی کوردیشدا بوونی هەیە، مەزندەی کوشتنی باوک کاتێک دروست دەبێت کە باوک بەئارەزووی دڵی خۆی و بەپێی ویست و هەوەسی خۆی سنوورێک بۆ حەرەمسەرا دادەنێ کە دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێ، باوک بەهەموو ماناکانییەوە، باوک وەک دەسەڵاتدار، باوک وەک بوونەوەری خێزان، وەک دەسەڵاتداری ئاینی، واتە لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، کوشتنی باوک ترس و ئاژاوەی هەڵوەشاندنەوەی ماڵە، هاوکات ترس و نەفرەتی ئاین و ناپاکییە.

لە ڕۆهەڵاتدا باوک بەهەر سێ ماناکەی ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی چەوسێنەری مرۆڤەکانی بندەستە. لە بەرانبەر باوکاندا کوڕان و کچان و سەرجەمی مرۆڤەکان کۆیلەیەکن دەبێت جگە لەوشەی بەڵێ هیچ وشەیەکیان نەبێ بۆ باوک، باوک ئەو ئەژدیهایەیە کە هەموو کات دەڵێ (ئێوە دەبێت) بەڵام کۆیلەکان ئەو بوونەوەرەن کە دەڵێن کامە قورسە لە شانی ئێمەی بنێ، شەڕی باوک و

نەوەکان شەڕی هێز و لاوازییە، دواکەوتنی کوشتنی باوک ئەگەر بەدیوێکدا ترسی نەوەکان بێت لە سام و شکۆی باوک، بەدیوێکی تردا نائومێدی و نەبوونی متمانەی نەوەکانە لە دوای کوشتنی باوک، باوک بەجۆرێک مامەڵە بەشتەکانەوە دەکات، کە نەوەکان بێ ئەزموون دەکات و پابەندیان دەکات بە بڕیارەکانی خۆیەوە، ئیدی بەبێ ئامادەبوونی باوک کوڕەکان هێندە لاوازو بێ ئەزموونن ئاژاوە دەکەوێتە ناویانەوە، باوک نەوەکان دەخاتە دۆخێکی دەروونی وەهاوە کە ئەگەر دەستی بەپشتیانەوە نەبێت تێک دەشکێن، سیفەتی گەورەی ماڵ و پیرۆزی دەسەڵاتی باوک وەها فراوان دەکات، مافی سەربڕینی نەوەی خۆی هەیە، ئەمە کولتووری ئاینییە. باوکی ئاسایی هەردەم ئەو سێ سیفەتەی تێدایە، سیفەتی گەورەیی ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەرباری زۆرداری و خراپی باوک وێنەیەکی جوان و گەورەیی و دڵسۆزی بۆ خۆی دروست کردووە، کە بەمردنی نەوەکان غەمگین و سەرلێشێواو دەبن. ئەگەر تێبینی بکەین لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا، هەردەم لەدوای مردنی باوک کۆمەڵێک کێشە بۆ نەوەکان دروست دەبێت. کێشەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و شەڕی میراتی و شەڕی دەسەڵاتداری لە دوای باوک، نەمانی باوک چۆڵبوونی کورسی دەسەڵاتە، هەندێک لە نەوەکان بەناوی میراتەوە مەملەکەتی باوک تاڵان دەکەن و هەندێک خەون بەجێنشینی باوکەوە دەبینن، بەشێکیش لە نەوەکان هەڵدێن وبەرگەی ئەو ئاژاوەیە ناگرن، ژنان و کچان بەدوای ئازادیدا وێڵ دەبن و ئەو مەملەکەتە بەجێ دەهێڵن بەشەکەی تر وەک چینێکی لاواز و کۆیلە دەمێننەوە.

حەسار و سەگەکانی باوکم حیکایەتی باوک و نەوەکانە و لە دوو بەش پێک دێت، بەشێکیان ژیانی نەوەکانە لەژێر دەسەڵاتی باوک کە ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و غەم و چەوساندنەوەیە، بەشەکەی تری سەردەمی خەیاڵات و خەونی کوڕە گەورەی حەسارە. خەونی کوشتنی باوک و ئاژاوەی حەسار و نەفرەتی خوشکان و دایکان و لە بکوژی باوک و شەڕی برایان لەسەر میرات. بکوژی باوک لە دۆخێکی دەرونیدا دەژی و لە نێوان دوو حاڵەتی غەمگین و ترسناکدا دەژی، سەردەمی بوونی باوک و سەردەمی دوای کوشتنی باوک، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ژیان بەشێوەیەکی دژوار دەڕوات، خەونی گێڕەرەوە کوشتنی باوکە و دەسەڵاتی حەسارە و حەز و ئارەزووی ژنی بچووکی باوکییەتی، لە هەمان کاتدا کوشتنی باوکی پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ و نەفرەت، ئەو کولتوورە ئاین و ئەخلاقی و نەریتانەی باوک سەپاندوویەتی دۆخێکی وەهای دروست کردووە، کە لە دوای کوشتنی حەسار هەڵ دەوەشێتەوە و نەوەکان وەها دابەش دەبن کە یەکناگرنەوە.

باوک لە حەساردا کەسایەتییەکی دەسەڵاتدارە بەپێی نەریت و ئەخلاق و ئاین هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوەکاندا دەکات و هاوکات هەموو شتێک بۆ خۆی حەلاڵە و سنوور نییە بۆ حەزەکانی خۆی، لە ژنێکەوە بۆ سەدان ژن، سێکس تەنیا بۆ خۆیەتی و هەرچی کوڕەکانی هەرچی ئاژەڵەکانی نێو حەسارە هەموو خزمەتکاری ئەون و دەبێت لەژێر فەرمانی ئەودا بن، خەساندنی ئاژەڵان و هەرچی نێرینەی ناو کۆشکە و بەندکردنی کچان و ژنان ئەمانە ئاکاری دەروونی نەخۆشی باوکە، کە پێی



وایە جگە لە خۆی کەس بۆی نییە مافی جوتبوون و مومارەسەی سێکس بکات، باوک لێرەدا ئەو موقەدەسەیە کە هەموو ئاکار و هەڵسوکەوتێکی بەکارێکی پیرۆز ناودەبرێ، هەروەک نییەتی سەربڕینی ئیسماعیل لەلایەن ئیبراهیمی باوکییەوە کە تا ئەمڕۆش ئەو کارە پیرۆز کراوە، باوک بۆی هەیە نەوەی سەربڕێ، بڕیاری هەموو شتێک لە حەساردا لە دەسەڵاتی باوکدایە، خەساندنی کوڕان، خەتەنەکردنی کچان، خەوتن لە باوەشی ژنەکان. لە حەساردا باوک دەوری پاشای حەرمسەرایەک دەبینێ کە ئارەزووەکانی هەرگیز دانامرکێت، کاتێک زوهرای کچی لۆزی ئەسپەکە لە نێوان مەمکی دەنێ دەیکوژێ، کاتێک زیبا لە تریفەی مانگ دەڕوانێت بۆ ئەبەد بەندی دەکات لە تاریکی ژوورێکدا . هەرچی کچان و کوڕانی تری حەسارەن پیر دەبن و سەریان سپی دەبێت، بۆیان نییە شوو بکەن و ژن بهێنن و کەس بۆی نییە پرسیار بکات و بۆچوونی هەبێ و هەموو شتێک بەپێی ویستی باوکە و هەر کەس لە کوڕانی حەسار ئەو ژیانەیان بەدڵ نەبێ دەتوانن بڕۆن و ژیانی دەرەوەی حەسار هەڵبژێرن، لەم چیرۆکەدا حەسار دەوری حەرەمسەرای والییەک دەبینێ حەرەمسەرایەک کە وردە وردە گەورە دەبێت، حەسارێک کە کوڕەکان خەسێنراون و کچەکان خەتەنە کراون و دەوری خزمەتکار دەبینن، خزمەتکاری ئەسپ و سەگ و ئاژەڵان و پاککردنەوەی حەسار، وێنەیەکی تری حەسار کە ڕەنگی حەرەمسەرای وەرگرتووە، بوونی ئەو هەموو ژنەیە لە دەوری یەک پیاو، بوونی ئەو هەموو ئاژەڵانە.

باوک خەیاڵاتی بۆ ژیانی هاوشێوەی پێغەمبەران هەیە، دەبێت تەواوی ڕۆح لەبەرەکانی نێو حەسار پابەندی کولتوورو عەقل و عادەتی باوک بن، باوک تەقلیدی پێغەمبەر و ئاکاری

پێغەمبەرێکی وەرگرتووە، کە لای وایە نەوە دروست کردن خێرە و زۆرییەت نانەوە کەلتووری ئاینە، لە ناخی باوکی نێو حەساردا، گۆچان، خەنجەر، قامچی هەرسێکیان سێ کەرەستەن بۆ ئازار و ئەشکەنجەدانی مرۆڤ، ئەمەش دیسانەوە کولتووری ئاینیە و باوک لە حەساردا شەیدای قامچی و خەنجەرە.

لەم بەرهەمەدا شێرزاد کاری لەسەر شەڕ و ململانێی مرۆڤەکان کردووە، ململانێی ژیان و مافی مرۆڤ و ئازادیی تاک و حیکایەتی حەسارێک دەگێڕێتەوە کە پتر لە زیندان دەچێ، دیوارەکانی دیواری کولتوور و نەریت و شەرعن، لێرەوە بێزاریی نەوەکان لە باوک دروست دەبێت و کوڕە گەورەی حەسار بیر لە کوشتنی باوک دەکاتەوە و عاشقی ژنە بچووکەکەی باوکی و بێزاریی ژیانی حەسار وای لێ دەکات بیر لە کوشتنی باوکی بکاتەوە و خەیاڵاتی کوشتنی باوک ژیانی دەشێوێنێ و حەسار دەشێوێ و ئاژاوەی تێ دەکەوێت و شەڕ دەکەوێتە نێو کوڕانی حەسار لەسەر میراتی و ژنی چکۆلەی باوکی لەگەڵ باخەوانێکدا هەڵدێت و هەرچی بکوژی باوکە بەرنەفرەتی کچان و ژنانی حەسار دەکەوێت و حەسار بەجۆرێک دەشێوێ، کە کوڕان لەنێو یەکدا بەشەڕ دێن و کچان لە حەسار هەڵدێن، لە دوای کوشتنی باوک هێشتا بەترسەوە لە تەرمی بێ ڕۆحی دەڕوانن و دەیانەوێت زۆر بەزوویی بینێژن، لە دوای کوشتنی باوک بکوژەکە دەرگەی قەفەس دەکاتەوە بۆ ئەوەی بوولبوولەکان بفڕن و ئازاد بن، کەچی بوولبوولەکان لە قەفەس نایەنەدەر، ڕۆحلەبەرەکان کاتێک لەژێر دەسەڵاتی چەوسێنەردا کۆیلە دەبن ئیدی بەجۆرێک کۆیلە دەکرێن باوەڕ بەئازادی و کوژرانی دەسەلات ناکەن و بوولبوولەکانیش ناوێرن لە قەفەس بێنەدەر، مردنی باوک لە حەساردا ئاژاوە و غەمناکی دەخاتە ناو نەوەکانەوە و بکوژی باوک تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەبێت لە نێوان ستایش و نەفرەتدا. هەندێک ستایشی دەکەن بۆ ئەوەی کە باوکی کوشتووە و هەندێک نەفرەتی لێ دەکەن. دوای کوشتنی باوک بکوژ کە کوڕی گەورەی ماڵە ناتوانێ زاڵبێت بەسەر حەسارەکەدا و کۆنترۆڵی ئەو ئاژاوەیەی بۆ ناکرێت کە حەساری شێواندووە و هەندێک شەڕی سامان دەکەن و هەندێک عاشقی تاریکی و کۆیلەیی بوون و لە تاریکی حەسار نایەنە دەر و کۆمەڵێکیش نەفرەتی لێ دەکەن، کە باوکی پیرۆزی لەناوبردووە هەندێک لە کچان و ژنانی حەسار ڕەدوو کەوتوون، ئەم دەقە ڕووداوی مەزەندەی کوشتنی باوکە و نیگاری پێش کوشتنی باوک و خەیاڵاتی دوای کوشتنی باوکە کە گێڕەرەوە نائومێد بووە لە ژیانی حەسار، باوک کەشێکی وەهای دروست کردووە کە دەستی نەوەکانی ببەسێتەوە. کولتووری پیرۆزی باوک و گەورەیی باوک خەونی کوشتنی باوک بەکارێکی ترسناک وەسف دەکات. نەوەکان هێندە هەژار و نەزانن، کە جگە لە بڕیار و کولتووری باوک ناتوانن بڕیار لەسەر هیچ شتێک بدەن و شەرعی باوک و بیرکردنەوەی باوک وەهای فێرکردن کە کۆیلەیی لەژێر دەستی باوکدا جۆرێکە لە جوانی و وەفا و ئەخلاق، هەڵهاتن لە باوک و لە بڕیاری باوک بەدڕەوشتی و دژایەتی خوا و کولتوورە و بەزاندنی سنووری قودسییەت و حەڵاڵە، باوک لە حەساردا وەک چرایەک خۆی نیشان دەدات، بەنەبوونی ئەو حەسار

تاریکستانە و نەوەکان تووشی لەیەکترازان دەبن، هەموو کات لە وڵاتانی دیکتاتۆرییەتدا لە دوای کودەتا و لەناودانی دەسەڵاتداریی دیکتاتۆر ئاژاوە دەکەوێتە نێو کۆمەڵەوە، ئیدی حەسار بێت یاخۆ ماڵ یان سنوورێکی فراوانتر بێت هیچ جیاوازی نییە، کۆمەڵێکی بچووک یان گەورە بێت جیاوازی نییە، بگرە مەسەلەکە ئەو دوو دۆخە ناتەندروستەیە، کە هەردووکیان هۆکاری غەمگینی و ئاژاوەن. سەردەمی بوونی باوک لەنێو حەساردا سەردەمی دۆخێکی نا تەندروستە و باوک کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردووە و تەواوی رۆحلەبەرانی نێو حەسار بەفەرمانی باوک، گەورەی نێو حەسار هەڵسوکەوت دەکەن و ئازادی بوونی نییە و مرۆڤەکان مافی ئەوەیان نییە داوای بچووکترین ئارەزوو بکەن و چێژ و ئارەزوو و رادەربڕین دەست بردنە بۆ حەرامکراوەکان، سەردەمی دووەم دۆخی ناتەندروستی حەسارە، لە دوای کوشتنی باوک حەسار لە دۆخێکی زۆر دیکتاتۆریانەوە دەچێتە دۆخێکی ئازادەوە بەئەندازەی بەرەڵڵایی، لە دوای کوژرانی باوک ئیدی دەسەڵاتێک نییە بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان، بڕیاردان لەسەر ژیانی حەسار هەربۆیە بەشێک کوڕان و کیژانی حەسار لە بێزاری ئەو حاڵە و کوشتنی موقەدەسدا نەفرەتی بکوژی باوک دەکەن و لایان وایە حەسار بەبێ باوک هەڵدەوەشێتەوە و ئومێدیان بەهێز و وزەی خۆیان نییە و هۆکارەکەشی دەسەڵاتی باوکە، کە هەرگیز دەسەڵاتی شتە بچووکەکانیشی نەداوە بەنەوەکانی تا لەسەر دەسەڵات لەپاش خۆی ئەزموونی بەڕێوەبردنی حەساریان هەبێت و بەشێکی کوڕانی حەسار شەڕی میرات دەکەن و ژنان و کچانیش هەندێکیان رەدوو دەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەو زوڵمە زۆرەی ڕابردووی حەسارەوەیە، ئیدی شتێک نەماوە بەناوی باوکەوە تا بترسن و کاتی ئەوە هاتووە مومارەسەی ژیان و حەز و ئارەزووی خۆیان بکەن، کۆترێک کە برسی و فریودان و هەڕەشە بەندی دەکەیت هەرئەوەندەی دەرگای قەفەسی بۆ کرایەوە هەڵدێت و بۆ ئاسمانی ئازادی دەفڕێ، هەندێک جاریش ئەو کۆترە بەجۆرێک پەروەردە دەکرێت، بەجۆرێک کۆیلە دەکرێت باوەڕ بەکرانەوەی دەرگەی قەفەس ناکات و ناتوانێت هەڵبێت و هەرچۆنێک بۆ قووڵایی ئاسمانی ئازادی هەڵدێت دێتەوە ناو قەفەس. واتە حەسار لە هەردوو دۆخەکەدا ناتەندروستە، لە سەردەمی بوونی باوک و سەردەمی پاش باوک. حەسار وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردییە کە قودسیەت دەدات بەگەورەکان و باوکان تا مافی ئەوەیان هەبێ بڕیار لەسەر هەموو حەز و ئارەزوو هەموو شتەکانی مرۆڤە بندەستەکان بدەن و ئیدی باوک دەبێت بەدێوەزمەیەکی ترسناک و موقەدەس و کوشتنیشی دەبێت بەتاوان و گوناه و کوفرێکی گەورە، هەربۆیە کوڕە کۆیلەکان لە نێوان قودسیەت و خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەی باوکدا گەمارۆ دراون، لە واقیعدا غەمگین بەرانبەر بەچەوسانەوە یان بەدەستی باوک لە خەیاڵی کوشتنی باوکدا گەمارۆ دراون و ناتوانن بەبێ باوک هەڵکەن و ناتوانن لەگەڵ بڕیاری باوک کۆک بن، بۆ کوشتنی باوک هەردەم لە خەیاڵدانی مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە و نایەتە ناو واقیعەوە، ئاین و ئەخلاق و نەریت و قودسیەتەکان باوک دەکەن بەڕەمزێک بۆ مانەوە و گەورەیی، گەورەیییەک کە مافی ئەوەی هەیە ژیان لە نەوەکان بسێنێتەوە، باوکێک کە لە ڕێگەی دەسەڵات و

کولتوورەوە درێژە بەمانەوە و ڕەمزکردنی خۆی دەدات و خەون بەژیانی نوحەوە دەبینێ، ژیانێک کە مانەوەی ئەبەدی تێدا بێت و نەوەکانیش هەموو کات لە درزی دەرگەوە لە ڕووخساری باوک بڕوانن و بەچاوی پڕ لە ترس و موقەدەسەوە لێی بڕوانن.

## ڕۆمانی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

ڕۆمانی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان حیکایەتی ڕەدووکەوتنی هەمینە لەگەڵ بایزدا . حیکایەتی دوو عاشق کە لە پێناوی عەشقێکدا لە داو و نەریت یاخی دەبن، لە کۆی ئەزموونی شێرزاد حەسەندا ئەو یاخیبوونە دەبینین، یاخیبوون لە داو و نەریتەکانی کۆمەڵگە و یاخیبوون لە دەسەڵاتی پیاوانی نەریتخواز و یاخیبوونی لە دەسەڵاتی ئاینی و لە دەسەڵاتی خێڵەکی. بایز و هەمینە ئەو دوو پاڵەوانەن کە دیواری عورف و عادەت دەڕووخێنن و سنوورەکانی عورف دەبەزێنن لە پێناوی عەشق و ئازادی و مافی خۆیان، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان حیکایەتی یاخیبوونە لە نەریت، یاخیبوون لە پێناوی چێژ و حەزی مرۆڤەکان بۆ خواستەکانیان. حیکایەتی سەرگەردانبوونی دوو مرۆڤ کە قوربانی کولتووری کۆمەڵگەی کوردین. لەم ڕۆمانەدا زمانێکی لۆکاڵی هەیە، کە تایبەتە بەناوچەیەک و زمانێکی تر کە زمانی شێتێکە ئەویش بایزە. واتە زمانێکی شێتانە کە سنووری نییە و پەلاماری هەموو شتێک دەدات و لە هیچ شتێک سڵ ناکاتەوە و شەرم و ترسی فەرامۆش کردووە. زمانێک بەبێ ترس چیرۆکی جووتبوونە سێکسییەکان دەگێڕێتەوە، چیرۆکی جووتبوونی خۆی و هەمین دەگێڕێتەوە و کوفر دەکات و دژایەتی کولتوور دەکات و زمانێک توندوتیژە بەئەندازەیەک بێ ترس پەلاماری باپیر ئاغا دەدات. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە حیکایەتی ڕەدووکەوتنی هەمینە لەگەڵ بایزدا و حیکایەتی ژیانی هەمینە و بایزە وەک دوو عاشقی یاخی. ڕووداوێکی تر هەڵسانی لافاوێکە کە سەرەنجام ونبوونی هەمین و شێتبوونی بایزە.

بایز ئەو پاڵەوانەیە کە لە بازنەی دەسەڵاتی باپیر ئاغا یاخی دەبێت، هەڵگرتنی هەمین دەرچوونە لە نەریتی کۆمەڵگە و یاخیبوونە لە باپیر ئاغا، بایز و هەمین بەو کارەیان دەیانەوێت بڵێن ئێمە جیاوازین لە خەڵکی سەردەمەکەی خۆمان، خۆمان بڕیار لە حەز و چێژ و ویستی ژیان دەدەین. بایز و هەمین و هەموو پاڵەوانە یاخییەکانی شێرزاد حەسەن ئەو ڕۆحە جەربەزانەن کە ژیان دەکەن بەقوربانی لە پێناوی ژیاندا. بوونی خۆیان دەخەنە مەترسیی مەرگەوە تا بوونی خۆیان بەویستی خۆیان بسەلمێنن. قوربانیدان بەژیان لە پێناوی ژیانێکی جیاواز و شکاندنی سنوورەکانی کولتوور و کۆمەڵگەی نەریتخواز و ئاینی. شکاندنی سنووری ئاین و پەیبردن بەحەرامکراوەکان. ئەم ڕۆمانە حیکایەتی حەرام و حەڵاڵە لە کۆمەڵگەی کوردیدا . بایز دەتوانێ لە باپیر ئاغا یاخی بێت و لە کۆمەڵگە دابڕێت، بەڵام ناتوانێ بەبێ هەمین بژی و ونبوونی هەمین سەرەنجامی شێتبوونی بایزە. بایز ڕاوچی ڕیشۆڵەیە و ڕیشۆڵە ڕاو دەکات وبە مەیخۆرەکانی دەفرۆشێت و لێرەوە دیالۆگێک دەخوڵقێت، دیالۆگی حەرام وحەڵاڵە. فرۆشتنی ڕیشۆڵە بە ئارەقخۆرەکان حەرامە. ئەم بابەتە

بەشێکی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە. تەواوی ڕۆمانەکە ململانێی حەرام و حەڵاڵە و شەڕی شکاندنی سنوورەکانی حەڵاڵە. دیالۆگی نێوان بایز و شێخ دیالۆگی حەرامکراوەکانە. شێخ ئەو کەسایەتییەیە کە دەیەوێت بایز لە ڕاوە ڕیشۆڵە دوور بخاتەوە و بۆ ناو تەکیی ببات، یەکەم تەماحی ئیمان لە بەردەم مرۆڤدا تەماحی سێکسە، حۆرییەکانی بەهەشت وەک موگناتیس مرۆڤەکان بۆ نێو دنیای ئاین ڕادەکێشن. شێخ ئەو کەسەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی حۆرییەکانەوە بایز بباتە نێو تەکیوە. هەرچی بایزە جگە لە هەمین کەسی تری خۆشناوێت و بەجۆرێک عەشقی هەمینە کە لە شێخ دەپرسێ ئایا لەو دنیا لە بەهەشت خوا هەمینی پێ دەبەخشێتەوە. بایز هەمین بەهەموو حۆرییەکان ناگۆڕێتەوە. حۆری وێنەی ژنێکی خەیاڵی زۆر جوانە لە دنیایەکی خەیاڵی و نادیاردا، بۆیە بایز هەمینێکی بەرجەستە و بینراوی دەوێت و ناتوانێت دەستبەرداری ڕاوە ڕیشۆڵە ببێت و ڕاوکردن بۆ بایز چێژبەخشە و خولیایەک نییە بتوانێ دەستی لێ بەربدات، بایز و هەمین ڕازین بەو ژیانە سادە و هەژارانەیە تا ئەو کاتەی کە هەمین ون دەبێت و ژیانی بایزیش کاول دەبێت. لە ئێوارەیەکی سارد و باراناویدا هەمین بەمەبەستی کارکردن لە ماڵان دەچێتە دەرەوە و ئێوارە بایز لە ڕاوە ڕیشۆڵە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێکی چۆڵ و ئیتر لێرەوە گەشتی بایز بەدوای هەمینی ونبوودا دەست پێ دەکات کە سەرەنجامەکەی شێتبوونە. لێرەوە بایز دەبێت بەگەمەی منداڵان و خەڵک، لە کۆڵانەکاندا ڕاودەنرێت و یاسای کۆمەڵگە و شێتخانەش ڕاوی بایز دەکەن وەک مرۆڤێکی شێت و مەترسیدار سەیر دەکرێت، لێرەوە بایز دەبێت بەو شێتەی کە فۆکۆ لە مێژووی شێتیدا باسی ئەو مرۆڤانە دەکات کە کۆمەڵگە بەشێتیان ئەژمار دەکەن. هەژاران و گولەکان و لە عادەت بەدەر و مرۆڤە دەروون ماندووەکان بەشێت ئەژمار دەکرێن و لە خەڵکی سادەوە تا دەسەڵات و سەرمایەدارەکان و تا دەگاتە پزیشکی دەروونی عەزابدەری ئەو مرۆڤانەن کە بە شێت لە قەڵەم دەدرێن. ژیانی بایز بەسێ وێستگەدا گوزەر دەکات، سێ وێستگەی پڕاوپڕ لە ململانێ. وێستگەی یەکەم لە گوندە و لە دیوەخانی باپیر ئاغایە و ململانێ لەگەڵ هۆمەری سەرکاری باپیر ئاغادا دەکات لەسەر هەمین، وێستگەی دووەمی لە شارە و لەگەڵ شێخ قادردا ململانێی حەرام و حەڵاڵ دەکات، دواهەمین ململانێ لە ساتی شێتبوونییەوە دەست پێ دەکات. بایزێکی شێت شێتی ونبوونی مەعشوقەکەیەتی، لە دواهەمین ململانێدا بایز سەرناکەوێت و وەکو شێتێک دەگیرێت و بەند دەکرێت و هەموو شتێکی لێ زەوت دەکرێت و تەنانەت پزیشکی دەروونییش مافی قسەکردنی لێ زەوت دەکات و پزیشکەکان لە بڕی شێتەکان قسە دەکەن. گرتنی بایز بە بیانووی ئەوەی مەترسیدارە بۆ دوور خستنەوەیەتی لە کۆمەڵگە لە کاتێکدا بایز نیو هێندەی شێخ قادر و هۆمەری سەرکار و باپیر ئاغا مەترسیدار نییە، باپیر ئاغا و شێخ قادر و پزیشکە دەروونییەکان ئەو جەللادانەن کە داگیرکەری حەز و ویستی بایزن. کاتێک مرۆڤێک سنووری کولتوور و نەریتی کۆمەڵگە دەشکێنێت ئیتر بەشێت ئەژمار دەکرێت، هەر کەسێک وەک کۆمەڵگە نەژی و یاخیبێت لە نەریتەکان بەبۆچوونی نەریتخوازەکان شێتە، هەربۆیە کاتێک بایز لە خەڵک دەپرسێت هەمینی ژنم

لە کوێیە؟ خەڵکی بەشێتی لە قەڵەم دەدەن، چونکە ئەو پرسیارە دەچێتە چوارچێوەی شەرەفەوە. کۆمەڵگەکەی بایز دەڵێت بەدوای هەمیندا مەگەڕێ کاتێک ون بووە، بگرە بیکوژە، تەلاقی بدە..گەمەی خەڵک و بێزاری و غەمباری دەروونیی بایز ماندوو دەکەن و دواجار وەک شێتێک بەند دەکرێت.

لەم ڕۆمانەدا چەند شوێنێک هەن. شوێنی یەکەمی بایز و هەمین گوندە. گوندێکی سادە و بچووکە. گوند ئەو شوێنە سنووردارەیە کە مەودایەکی کورتی هەیە. شوێنێکی تری ڕۆمانەکە شارە کە جوگرافیایەکی فراوانتری هەیە و فرە مرۆڤە، چەندان جۆر خەڵکی تێدا دەژین و ململانێکان فراوانتر دەبن و ژیانی شار جیاوازترە لە ژیانی گوند. دەسەڵاتی گوند باپیر ئاغایە و دەسەڵاتی شار فراوانترە. ململانێکان قووڵ دەبنەوە، کاتێک بایز و هەمین دێنە شارەوە ڕووبەڕووی شوێنێکی فراوان دەبنەوە. کە جۆرەها خەڵکی تێدا دەژی. یەکەم ترسی هەمین ترسی دەستبەرداربوونی بایزە، هەموو کات لێی دەپرسێت کە چووینە شار دەست بەردارم نابیت. ئەمە ئەو ترسەیە کە ژنان لە ساتی ڕەدوو کەوتندا ڕا ڕایان دەکات. هەمین و هەموو ژنانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەو ئاسکەژنانەن کە ڕاوکردنیان حەلاڵ کراوە و ژن لە سەرەتای هەستکردنەوە دەرک بەو مەترسیە دەکات و کۆمەڵێک بەربەست و یاساو ڕێسا هەیە بۆ ژن کە دەبێت هەردەم ئاگادار بێت لەو یاسایانە لانەدات. کاتێکیش هەڵدێت لە ڕا ڕاییدا دەژی ترسی دەستبەرداربوون ئازاری دەدات. ڕۆمانی پێ دەشتی کارمامزە کوژراوەکان چیرۆکی ململانێکانی کۆمەڵگەی کوردییە و ململانێی ژیان و ویستی مرۆڤ بۆ ئازادی و شەڕ لە پێناوی مافی تاک، شەڕێک لە پێناوی عەشق و ویستی ژیان.

## ڕۆمانی تەمی سەر خەرەند

دیسانەوە شێرزاد حەسەن چیرۆکی سێکس و حەرام و ئاین دەگێڕێتەوە و لەم ڕۆمانەشدا دەمانباتەوە نێو چیرۆکێکی تری حەرامکراو و قوربانییەکانی چێژ و ویستی ژیان، تەمی سەر خەرەند گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، گێڕەرەوە پاڵەوانێکە و لە تاراوگەوە بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوە، گەڕانەوەیەک بۆ گێڕانەوەی ڕابردوویەک. گەڕانەوە بۆ لای منداڵی و بۆ ناو بیرەوەرییەکان. دەستپێک بە وەسفی نیشتمان و وێنەی سروشتی نیشتمان دەست پێ دەکات و وێنەی ئەسپە تۆپیوەکانمان نیشان دەدات، کاتێ گێڕەرەوە لەنێو ترومبێلەکەدا لە شۆفێرەکە دەپرسێت بۆچی ئەم ئەسپانە مردوون وەڵامی شۆفێرەکە ئەوەیە کە ئەسپ نامرێ دەتۆپێت، لێرەوە گێڕەرەوە بێ دەنگ دەبێت و سەرنشینەکانی نێو ترومبێلەکە گفتوگۆی ڕووداوی تۆپینی ئەسپەکان دەکەن ولەم گفتوگۆیەوە نووسەر وێنەی کۆمەڵگەیەکی نەریتخواز و دواکەوتوو، کە کارەسات و نەخۆشی و عیلەت بە ئیمان و کوفر و حەرامەوە گرێ دەدەنەوە. تۆپینی ئەسپەکان بە کوفر وگوناهەوە گرێ دەدرێت. شێرزاد حەسەن وێنەی کۆمەڵگەی کوردی دەکێشێ. کۆمەڵگەیەک، کە هەموو کارەساتەکان بەئاین و لادان لە ئاین و لە عورفەوە گرێ دەدات. گێڕەرەوە لەگەڵ ڕۆیشتنی

ترومبێلەکەدا لەبارەی بیرەوەری و شوێنی ڕووداوەکانی ڕابردووەوە دەدوێت. تا ئەو کاتەی کە دەگاتەوە بەشار و دەچێت بۆ ئەوماڵەی کە بەجێی هێشتوە، ماڵەکەی خۆی، کاتێک دەچێتە بەردەم ئەو ماڵە ماڵی ئەو نییە و لێرەوە دەچێتە نێو ڕووداوێکی ترەوە، کە لە ڕابردوودا لە غیابی گێڕەرەوە ڕوویداوە. ئەو ڕووداوە فرۆشتنی خانووەکەیانە لەلایەن براکانییەوە و بێ بەشکردنی خوشکەکانی لە میراتی. نووسەر لەم ڕووداوەوە باس لە کولتوورێک دەکات کە ژنان لە مافی خۆیان بێ بەش دەکات. بێبەشبوونی ژن لە مافی خۆی تراجیدیای ژن بوون ئەو بابەتەیە کە شێرزاد حەسەن لە بەرهەمەکانیدا کاری لەسەر کردووە. ئەم ڕۆمانە حیکایەتی مەنفا و نیشتمانە، فەرهاد دوای ساڵانێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانێکی پڕ لە کێشە، نیشتمانێکی پڕ لە تراجیدیا. گەڕانەوەی فەرهاد گەڕانەوەیە بۆ بیرەوەرییەکان و بۆ دۆزینەوەی شیرین و دۆزینەوەی شوێنەکان، لە ڕێگەی ئەو شوێنانەوە نووسەر چیرۆکی ڕابردوو دەگێڕێتەوە. لێرەوە چیرۆکەکە دەچێتە نێو بیرەوەریی عەشقی شیرینەوە. وێنەی تاوسەکانی سەر دەرگەی ماڵی شیرین دەکێشێ. گێڕەرەوە بۆ ئەو شوێنانە دەگەڕێت کە لە ڕابردوودا تێیدا ژیاوە، چیرۆکی فەرهاد و شیرین و گەورەبوونیان و دابڕان لە یەک وێنەیەکی کۆمەڵگەی کوردییە. کاتێک کچان و کوڕان گەورە دەبن لە یەک دادەبڕێن و دیوارێکی بەرز لە نێوانیاندا دروست دەکرێت. ئیدی لە چێشتخانە و گەرما و و قوتابخانە و تەواڵێت و زیندان و.... دوو شوێن هەیە. شوێنێک بۆ ژن و شوێنێک بۆ پیاو. لێرەوە نامۆبوونێک لەنێو نێر و مێدا دروست دەبێت. ئەم جیاکردنەوەیە کارەساتی گەورەتر دروست دەکات. دیواری شەرمێک دروست دەکات کە لە ساتێکدا دەڕووخێ و ڕووخانی ئەو دیوارە ڕووخانی مرۆڤە. تەمی سەر خەرەند گەڕانەوەیە بۆلای ئەو حیکایەتەی کە نێر و مێ لەیەک جیا دەکاتەوە. لێرەوە پردی پێوەندیی مرۆڤ دەڕووخێ و کۆمەڵگەش بەرەو دۆخێکی ناتەندروست دەڕوات. گێڕەرەوە حیکایەتی کورە کەچەڵەی نەنکی و حیکایەتی خۆی تێکەڵ دەکات، دواجار بەگەڕانەوەی فەرهاد و ونبوونی شیرین چیرۆکەکە دەبێت بە خەیاڵ و دەبێت بە ڕابردوو، گەڕانەوەی فەرهاد گەڕانەوە نییە بۆ وڵات، گەڕانەوەیە بۆ غوربەتێکی تر. گەڕانەوەیە بۆ شوێنێک،



کە زۆر جیاوازە لەو شوێنەی کە لە ڕابردوودا تێیدا ژیاوە. یەکێک لەو شوێنانەی کە وەکو خۆی ماوەتەوە مەزارگەکەیە. ئەو شوێنەی کە واقیعی چەقبەستووی کۆمەڵگە نیشان دەدات، فەرهاد لە چیرۆکی مەزارگەکەوە حیکایەتی خورافیات و کۆمەڵگەی خورافیات پەرست دەگێڕێتەوە، حیکایەتی کۆمەڵگەیەک دەگێڕێتەوە کە پڕە لە کێشە و لە چیرۆکی خۆی و مامۆستا تورەکەیەوە باس لەپەروەردەیەکی ناتەندروست دەکات، فەرهاد ڕقی لە قوتابخانەیە لەبەرئەوەی قوتابخانە بۆ ئەو شوێنی ئازاردان و عەزابە و بەڵام حەزی لە شوانییە، شوانی لای فەرهاد ئازادییە و عەشقە. کۆی ئەم ڕۆمانە حیکایەتی گەڕانەوەی مرۆڤێکە بۆلای حیکایەتە خورافییەکان و بۆ ڕابردووی شار و چیرۆکی عەشقی و شیرین. گەڕانەوەیە بۆ چیرۆکی مامۆستا توورەکان، کە بەهۆی حەیزەرانەکانیانەوە قوتابییەکانیان دەترساند و سەرەنجام قوتابییەکان یاخی دەبوون و دەبن بەشوان و لە شوانییەوە عەشقی ئازادیی سروشت دەبن. سروشت ئەو شوێنە فراوانەیە، کە ئازادی لە مەودا فراوانەکەیدایە و قوتابخانەش ئەو شوێنە بەر تەسکەیە کە هەمیشە دەرگەکەی لەسەر مرۆڤەکانی ناوی داخراوە و لەناوەوەش عورف و عادەتێکی هەیە، لادان لەو عورفە مەترسیدارە. تەمی سەر خەرەند چیرۆکی ئەولادانەیە. لادان لە ئاین و شکاندنی سنووری حەڵاڵ و لادان لە عورفی کۆمەڵگە. ئەزموونی شێرزاد حەسەن ئیشکردنە لەسەر شکاندنی سنوورەکان. پاڵەوانەکانی شێرزاد قوربانین. قوربانی ئەو یاخیبوونەن لە کولتوور و نەریتەکانی کۆمەڵگە. تەمی سەر خەرەند گەڕانەوەیە بۆ شارێکی داڕووخاو، شار لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا هەموو کات بەرەو پێشەوە دەچێت و پارێزگاری لە ڕابردووی خۆشی دەکات و شارستانییەتی خۆی دەپارێزێ، بەڵام لەم ڕۆمانەدا شار نە ڕابردووی ماوە و نەئێستای ئاوەدانە، جەنگ و کاولکاری و نەریتخوازی شاری کاول کردوە، کەلەپووری شار وەک پەیکەرەکانی بوزا لە ئەفغانستان رووخێنراوە و هەرچی حیکایەتەکانی شارە کەوتووەتە ژێر دار و پەردووی ئەو رووخاندنەوە.

## نۆڤلێتی خەونی جاڵجاڵۆکەکان

پاڵەوانی ئەم نۆڤلێتە کەسێکی تەنیایە و خەونە ترسناکەکانی خۆی دەگێڕێتەوە ئەو خەونەترسناکانە ئازاری دەدەن. خەونە جۆراوجۆرەکانی پاڵەوان خەونی خۆش و ناخۆش و خەونی سێکسی و سەفەرکردنە بۆ نێو ئاسمان. تەنیایی لای ئەم کارئەکتەرە بۆ خەونی سێکسی دەبیات و خانمی خەونەکانی ئەوژنەیە کەتەنیایی ئەو دروستی دەکات، لێرەوە چیرۆکەکە دەچێتە دۆخێکی دەروونییەوە، ئەوەی لە واقیعدا بەدی نایات لە خەونەوە دەئافرێت، پیاوێکی تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خانمی خەونەکان شک دەبات، لەتەنهایی و نائومێدی ژیان دنیایەک لە خەونەکانەوە بۆ خۆی دروست دەکات و ئیتر وەردە وردە پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای مەئلوفدا بەرتەسک دەبێتەوە و لەگەڵ دنیای خەون و نامەئلوفدا پێوەندییەکانی فراوان دەبێت، خەون دەبیات بۆ نێو عەشق و بۆ دنیای منداڵی دەیگێڕێتەوە، هاوکات هەندێک جار خەونەکانی ترسناکن و خەون بە

مار و دووپشک و جاڵجاڵۆکەوە دەبینێ. بەشێک لەو ترسەی پێوەندیی بە حیکایەتە ترسناکەکانی نەنکییەوە هەیە، کە لە رابردوودا بۆی گێڕاوەتەوە، ئەوەی کە نەنکی بۆی گێڕاوەتەوە حیکایەتی حەرام و حەڵاڵە و چیرۆکی سزای گوناه و سزای سێکس وحەرام و نەزەرە کە ئاگری دۆزەخە. ئەم حیکایەتانەی نەنکی تووشی حاڵەتێکی دەروونی کردووە. مەترسی ئاگری دۆزەخ لە گومڕابووندا. ئەم حیکایەتانە ترسێک لە دڵیدا دروست دەکەن کە خەونەکانی پڕ دەبێت لە مار و جاڵجاڵۆکە. لەو حیکایەتانەوە دەچێتە نێو چیرۆکی ئیمان و گومڕابوون. نووسەر تەوزیفی حیکایەتی ئادەم و حەوا دەکات، کە سزای چێژ و حەز وەردەگرن. دوو مرۆڤ لە بەهەشت دەر دەکرێن لە سزای ئەوەی کە لە عورف و یاسای بەهەشت و خوا لایان داوە. چیرۆکی چێژ و گوناه دەگێڕێتەوە لای مرۆڤەکان. ئەوەی وا لە مرۆڤ دەکات یاخی بێت چێژی ژیان و حەزی مرۆڤە بۆ شتەکان بەتایبەت ئەو شتانەی کە یاساغن. ئادەم بەبێ ترس داواکەی حەوا جێبەجێ دەکات. لە پێناوی عەشقی حەوادا دەست لە بەهەشت بەردەدات، هاوکات مرۆڤ لە پێناوی حۆرییەکانی بەهەشت خۆی فیدا دەکات. دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت هۆکاری هەڵگەڕانەوەی ئادەمە لە خوا و یاساکانی و شکاندنی هەیبەتی دەسەڵاتی خودایە بۆیە خوا وەک دەسەڵاتدارێکی گەورە سزای دەدات، ئەم یاسایە لەسەرەوە هاتووەتە خوار و تا ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و تا دەسەڵاتی خێزان و دەسەڵاتی باوک و برا. باوک ئەو کەسایەتییەیە کە یاسای ماڵ بەویست و ئارەزوو و بیروبۆچوونی خۆی دادەڕێژێ و هەرکەسێکیش لەو یاسایە دەرچێت ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئیدی مرۆڤی یاخی لە ماڵ و لە بەهەشت و لە وڵات دەکرێتە دەرەوە و سزا دەرێت. مرۆڤی ترسنۆک و سەرکوتکراویش بەبچووکی لە چوارچێوەی ئەو یاسایاندا دەژی ژیانێک کە بۆ خۆی نییە. یاخیبوون لە ئادەمەوە تا ئەمرۆ درێژەی هەیە. خەونی جاڵجاڵۆکەکانیش حیکایەتی ئەو ململانێیەیە لە نێوان مرۆڤ و ئیمان و گومڕابووندا. پاڵەوان پەنا دەباتە بەر کتێبەکان و دەیەوێت لە کتێبەکانەوە وەڵامی پرسیارە ترسناک و حەرامکراوەکان بدۆزێتەوە، ئەو پرسیارانەی کۆمەڵگە قەدەغەی کردوون، لە خوێندنەوەی بەردەوامەوە دەکەوێتە نێو دۆخێکی مەترسیدارەوە و خەونی ناخۆش و مەترسیدار دەبینێت. خەونی چێژبەخش دەبینێت و لە خەونەکاندا جاڵجاڵۆکە مێیینەکان پەلاماری نێرینەکان دەدەن. نووسەر حیکایەتی زوڵم و ستەمی پیاوان لە ژنان دەگێڕێتەوە. ئەم نۆڤلێتە حیکایەتی خەون و بێداریی مرۆڤێکە، کە لە دۆخێکی دەروونیدا دەژی و ئەو بارودۆخەمە ترسی سزا وگوناه دروستی کردووە، مرۆڤێک لە بەردەم چێژدا ترسێکی بۆ دروستکراوە تا ئەو مافەی لێ زەوت بکرێ.

## نۆڤلێتی ژنێکی منگن

ئەم نۆڤلێتە حیکایەتی عەشقی پیاوێکە بۆ ژنێکی غەریبە لە شارەکەدا، عەشقێکی شێتانە، ئەو ژنە دوکتۆرە بۆ کاری دوکتۆری رووی لەو شارە کردووە و ئەم چیرۆکە دەکرێت جۆرێکی تری گێڕانەوەی ئەو پیاوە بێت، کە فەرهاد پیربال لە رۆمانی حیکایەتەکانی باوکمدا باسی دەکات. ئەو

پیاوەی عاشقی ژنێکی عەرەب دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دوو گێڕانەوەی جیاوازن و فەرهاد پیرباڵ سادەتر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و باس لە پیاوێک دەکات کە باوکی خۆیەتی و لە چیرۆکی باوکی خۆیەوە حیکایەتی شار و ڕابردووی هەولێر دەگێڕێتەوە و شێرزاد حەسەن بەجۆرێکی تر دەیگێڕێتەوە، دەکرێت بڵێین دوو چیرۆکی جیاوازن و دوو نووسەری جیاواز بەدوو شێوازی جیاواز ڕووداوەکان بەحیکایەت دەکەن. لە ڕاستیدا هەموو حیکایەتێک کەم تا زۆر هاوشێوەن ئەوەی لە یەک ناچێت چۆنیەتی دارشتنەوە و تەکنیک و شێوازی چیرۆکنووسەکانە. ئەگەر نا حیکایەت ئەو شتەیە کە هەموو مرۆڤێک بەشی خۆی حیکایەت دەزانێت و هەر نەبێت ڕابردووی خۆی لەبەرە تا بیگێڕێتەوە، ئەوەی کە زۆر گرینگە چۆنییەتی گێڕانەوە و تەکنیک و چێژە لە ڕۆمان یاخۆ چیرۆکدا، ئەدەب ئەوە نییە لە ڕابردوودا ڕوویداوە بگرە ئەشێ ئەوە بێت کە ڕوو دەدا، چیرۆکەکان دوای نووسینەوەیان ڕەنگوڕووی حیکایەت و بەسەر هاتەکانی ڕابردوو وەردەگرن، چیرۆک دنیای نامەئلوفە، ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی واقیع وەردەگرێت. ژنێکی منگن حیکایەتی پیاوێکی قەسابە و عاشقی ژنێکی عەرەبە بۆ کاری دوکتۆری کلینیکێکی لەو شارەدا داناوە. لەم نۆڤلێتەدا نووسەر باس لە پیاوێک دەکات کە ژنی هەیە و عاشقی دوکتۆرێک بووە کەچی ژنەکەی سادە دڵ و بەستەزمانانە خەم بۆ ئەو عەشقەی پیاوەکەی دەخوات لە بری ئەوەی تووڕە بێت. ژنێک لە خەمی ئەوەدایە مێردەکەی کە گەڕایەوە بۆ ماڵ تووڕە نەبێت و ڕووخساری گرژ نەبێت. حیکایەتی ژنێکی بەستەزمان و پیاوێکی تووڕە و عاشق کە بەژنێک تێر ناخوات. نووسەر دەیەوێت بڵێت ژن لە وڵاتی ئێمە ناتوانێ تووڕە بێت و مافی ئەوەی نییە لە بەرانبەر پیاواندا تووڕ بێت. پاڵەوانی نۆڤلێتەکە چیرۆکی ئەو عەشقە دەگێڕێتەوە، لە کۆڕی خواردنەوەدایە و لەگەڵ گریان و ئاه هەڵکێشاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکەی خۆی کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە. نووسەر لە کۆڕی خواردنەوەدا چیرۆکی عاشقانی شار دەگێڕێتەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا. عەشقی پیاوێکی قەساب لە ڕابردوودا و عەشقی عەبە و شوان وەک دوو کوڕی گەنج لە سەردەمێکی تردا. کۆڕی خواردنەوە کۆڕی عاشقانی دڵشکاوە. لە گێڕانەوەدا چیرۆکی عاشقەکانی شار تێکەڵ دەبێت. بەشێکی ئەم نۆڤلێتە گفتوگۆی حەرام و حەڵاڵە، گێڕەرەوە حیکایەتی عەشق و ماچەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەو پیاوە قەسابە بەجۆرێک عاشقی ئەو ژنە دەبێت، کە دەنگە منگنەکەی بەلای ئەوەوە خۆشترین دەنگە، عەشق وا لەم پیاوە دەکات کە جەستەی خۆی دەکات بەقوربانی. ئەو ژنە دوکتۆری دانە هەرچی قەسابە عاشقەیە خۆی دەخاتە بەردەستی و دانە ساغەکانی بۆ هەڵکێشێ. ئەمە لە پێناوی ئەوەی لێی نێزیک بێتەوە. شێرزاد حەسەن لەم نۆڤلێتەدا ئیش لەسەر حیکایەتەکانی عەشق دەکات لای نەوەکان. عەشق وەک حەزێکی حەرامکراوی مرۆڤ.

رانان

# "ژنێک بەسەر منارەوە"
# شەپۆلی پێچەوانەی بیرکردنەوە باوەکان

ڕەمزی زراری

هەڵبەت لە نووسینێکی وا کورتدا ناتوانرێ قسە لەبارەی هەموو لایەنەکانی کتێبێکدا بکرێت، تەنها ئەوەندە دەکرێت یەکێک لە لایەنەکانی وەربگری و قسەی لەبارەوە بکەی، ئەوەی من دەمەوێ لەم رۆمانەدا (ژنێک بەسەر منارەوە)* لێی بدوێم، ئەوەیە کە (شێرزاد حەسەن) بە جۆرێک ئیشی کردووە، وێنای زۆربەی ئەو شتانەی باسکراون، بەو جۆرە نین کە لە زەین و خەیاڵی ئێمەدا هەن و پێچەوانەن، واتا وێنای کەس و شتەکان بەوجۆرە باوە نین کە ئێمە لە واقیعدا دەیانبینین و سەودا و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، بەڵکو نەخشێکی دیکەیان هەیە و وێنەکان بە جۆرێکی دی داڕێژراونەتەوە کە ئێمە بەدەگمەن لەم جۆرە وێنایە، یان راستتر هێماکانی ئەم وێنایانە دەبینین، بەتایبەتیش: منارەکە و شادی و هۆمەر و بەهرام کە کاراکتەرە سەرەکییەکانی رۆمانەکەن.

زۆربەی جار لە کتێبەکاندا واباوە کە کەسێکی پیر ئاماژەی نەوەی کۆن و وەستانی بیرکردنەوە و دواکەوتن و رێگرییە لە پێشکەوتن. ئافرەت هێمای چەوسانەوە و بێدەسەڵاتی و زوڵمێکی بێدەنگانە و بێ بەرگرییە. گەنج هێمای نوێبوونەوە و بیرکردنەوەی تازەیە، بەڵام ئەمانە لەم کتێبەدا جیاواز لەم هێمایانە، یان بە پێچەوانەی ئەم هێمایانە بەکار هێنراون.

لە چرکەساتی یەکەم بینینی ئەم کتێبەدا، وردتر لە ساتی بینینی بەرگی کتێبەکە، رەنگە وا بێتە بەرچاو کە منارەکە لەم رۆمانەدا هێمایە بۆ نێرینەیی و پیاوسالاری، بە تایبەتیش بەوەدا کە ژنێک و منارەیەک بەیەکەوە بوونەتە ناونیشان بۆ کتێبەکە، تەنانەت بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەش، دەشێ ئەو پرسیارە بێتە پێشێ کە ئایا ژنێک چ پەیوەندی بەسەر منارەوە هەیە؟! بۆچی تا ئەو رادەیە شەیدای منارەکەیە کە هیچ کاتێک لە خەیاڵی ناچێتە دەرەوە ((کە لە خەو




بێدار دەبێتەوە، یەکەمین شت بیری لێ بکەیتەوە بینینی منارەکەیە، وەک ئەوەی غەریبی باڵای بکەیت و باڵاگەردانی بیت، بە دڵەخورپێ و بە هەنگاوی خێرا و چووست و چالاکانە، خانمانە رووەو باڵەکۆنەکە مل دەنێیت و لەوێوە پڕ بە هەردوو چاوە کاڵەکانت لە منارەکە دەڕوانیت...ل١٠))، تەنانەت هیچ شەوێک لەبەر منارەکە ناچێتەوە ماڵی باوکی، چونکە ئەو دوو شەوەی دەچێتەوە ماڵی باوکیشی، منارەکە بە شڵەژاوی دێتە خەونی و گلەیی لێ دەکات کە بۆچی ئەمی بەجێهێشتووە؟! بەڵام کاتێ دەکەوینە قووڵایی خوێندنەوەی رۆمانەکە، ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم منارەیە پێوەندی بە نێرسالارییەوە نییە، بەڵکو هێمایە بۆ مێژوویێکی دێرین، مێژوویێک کە هەڵگری پاکێتییە و (شادی) هیچ شتێکی نەماوە بڕوای تەواوی پێی هەبێ، جگە لە منارەکە، ئەگەرچی ئەو کەسەی عاشقی منارەکەیە ئافرەتێکی شۆخ و شەنگە، ئەمەش دیسان دەمانخاتە زەینی ئەوەی کە بۆچی ئافرەتێک عاشقی منارەیەک دەبێت و ئەو پرسیارەمان لەلا گەڵاڵە دەبێ کە ئاخۆ هۆکارەکەی ئەوە نییە، کە ئەو ئافرەتە تووشی چەپاندن بووبێ، هەروەکو لە کتێبەکەشدا یەکێک لەوانەی ماستەری دەروونناسی تەواوکردووە، بڕوایەکی لەو جۆرەی لەلا گەڵاڵە دەبێ ((ئەم بێوەژنە دیارە چییەتی، عوقدەی خەساندنی هەیە و هیچی تر، بێجگە لەو کەپتە زۆرەی کە مێردە پیرەکەی نەیتوانیوە هیچی بۆ بکات، بە کورتی و بە کوردی تێر نەبووە، ئەم بەزمی مار و منارەیە جگە لەو دەردی بێبەشبوونە لە سۆز و سێکس هیچی تر نییە، ئەو ژنە لەتاو تەماعی شتێکی دیکە خووی داوەتە ئەم منارەیە...ل١١٣-١١٤)). بەڵام دواتر بەوەدا کە رۆماننووس ناخی ئەو

کەسایەتییەمان بۆ بەیان دەکات، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم پەیوەستبوونە بە منارەکەوە، پەیوەستبوونێکی رۆحییە و پێوەندیی بە نەمانی بڕوا بە مرۆڤەکانی دەوروبەر و ئەو کەسانە هەیە کە مێگەلئاسا دەژین، نەک کەبتی سێکسی یان شتێکی لەم جۆرە، پەیوەستبوونە بە رەسەنێتی و وەستانەوەیە دژی ئەو قەرەباڵغییەی خەریکە بە ناوی نوێگەرییەوە هەموو شتەکان ناشرین دەکات، واتە جگە لە مێژوویێکی پاک و دێرین، منارەکە سیمبولی مانەوە و خۆڕاگرییشە لە بەرامبەر ئەو شتە نوێیانەی کە لە سەردەمی ئێستادا هەن، وەک بینا بەرزەکان و سوپەرمارکێت و ئەو بابەتە بازرگانی و هوتێلە خنکێنەرانەی کە شارەکانیان تەسک و تەنگەبەر کردۆتەوە، منارەکە سیمبولێکە بۆ زیندووهێشتنەوە و درێژەدان بەو مێژووە پاک و رەسەنە.

(شادی) کە هاوئاهەنگ لەگەڵ منارەکە پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، بێوەژنێکی بێکەسە، بە هۆی ئەوەی ئەو تاکە کەسێکە نایەوێ منارەکە بڕووخێنرێ و بکرێتە مۆڵ و سوپەرمارکێت و بینای بەرز و.. هەموو خزم و کەسوکارەکەی و کەسایەتییە ناودارەکانی شارەکە دژی دەوەستنەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەو ئافرەتە (بەتایبەتیش بێوەژنە) زەبوون و بێدەسەڵاتانەی بەردەوام لە کۆمەڵگای ئێمە دەچەوسێنرێنەوە و زوڵمیان لێ دەکرێت و ئەوانیش توانای هیچ بەرگرییەکیان نییە، شادی ئافرەتێکی هۆشیارە و رووبەڕووی هەموو هەوڵەکان دەبێتەوە، بێ ئەوەی هیچ ترسێکی هەبێت، بە تەنیا لەو خانووە کۆنەی بەرامبەر منارەکە دەژی و پارێزگاری لە منارەکە دەکات، ئەو ئافرەتێکی شێوەکارە، وێنەی هەموو ئەو باڵندە و پەپوولە کوژراوانە دروست دەکات کە لەسەر دەستی پیاوەکان دەکوژرێن، ئەمەش هەوڵ و هێمایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کوشتارە و قەرەبووکردنەوەی ژیانیان و تۆڵەکردنەوەیان لە رووی دەروونییەوە.

خاڵێکی تری خۆڕاگریی ئەم ئافرەتە ئەوەیە کە لە تەمەنێکی زووەوە دەکرێتە ژن و کچێتی لەدەستدەدات، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە ناخەوە بڕووخێ و ژیانی لە لا ببێتە هیچ، وەکو کەسێکی هۆشیار و زیرەک، ئەم نهێنییە لای خۆی دەپارێزێ و رێگا نادات بەهۆی ئەمەوە ببێتە قوربانی و بکوژرێ و بەناوی کڕینەوەی نامووس (وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمە باوە) بخرێتە ژێر گڵ، کەواتە وەکو زۆربەی ئافرەتانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، شادی کەسێکی دەستەپاچە و بێ دەسەڵات نییە، بەڵکو کەسێکی هۆشیار و بە ئیرادەیە و گۆڕان ئەنجام دەدات، هەم بە هۆی تابلۆکانی کە هەر یەکە لە بەهرام و هۆمەر کاتێ ئەو تابلۆیانە دەبینن، هەموو جارێک تەواو بەخۆیاندا دەچنەوە و تووشی راچڵەکان دەبن، هەم لە پێوەندیشی بە مرۆڤەکان، بۆ نموونە ئەو کەسێکی وەکو هۆمەر لە کەسێکی پیاوکوژ و هەمیشە چەکبەدەستەوە، دەکاتە مرۆڤێکی پاک، وەکو هۆمەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت.

(هۆمەر) کەسایەتییەکی دیکەیە لە رۆمانەکەدا کە پێشمەرگەی کۆنە و هێمایە بۆ نەوەی کۆنی پێش راپەڕین، لە یەکەم بینینەوە لە لایەن شادی، وەکو کەسێکی پیاوکوژ و دنیاویست دێتە

بەرچاو، بەڵام دواتر دەردەکەوێ کە کەسێکی مرۆڤ دۆستە، یاخود دەگۆڕێت بۆ کەسێکی مرۆڤدۆست و بیرکردنەوەی پێچەوانەی بیرکردنەوەی هاوئاستەکانی خۆیەتی لە رۆمانەکەدا، کە خەریکی پارە کۆکردنەوە و رابواردن و بەرزکردنەوەی بینای چەند قات و دروستکردنی هوتێل و مۆڵەکانن.. ئەو ئارەزووێکی بۆ ئەم جۆرە شتانە نییە.

شتێکی باوە کە پیاوێکی پیری وەکو ئەو، داوای ئافرەتێکی گەنجی وەکو شادی بکات و وازی لێ نەهێنێ، ئەمە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و لە رۆمانەکەشدا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە بیرکردنەوە جیاوازەکەی ئەم پیاوەیە، بەو تەمەنەوە کاتێ دەزانێ شادی بە ناشەرعی کراوەتە ژن، نەک تووشی شۆکێکی ئەوتۆ نابێت کە جارێکی دی بەلای ئەو ئافرەتەدا نەچێتەوە، یان بە سووک سەیری بکات و بە ئافرەتێکی بێ رەوشتی دابنێ، بەڵکو لەوکاتەدا سۆزی بۆی زیاتر دەبێت و ئەوەی بۆ پێشنیار دەکات کە ئەگەر شووشی پێ نەکات، رێگا بدات یارمەتی بدات بۆ ئەوەی لە لای ئەو پزیشکانەی پێیان دەزانێ، پەردەی کچێنییەکەی بۆ دروست بکەنەوە، تاکو تووشی گرفت نەبێ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش پێچەوانەی زۆرێک لەو بیرکردنەوانەیە کە لەناو نەوەکەی ئەودا هەن و خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و سامانن و ئافرەت بەلای ئەوانەوە وەکو کاڵا و وەکو ناموسی خێزان و بنەماڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەر هەڵەیەکی ئافرەت بە سەرشۆڕیی دادەنێن بۆ خۆیان و بۆ بەرزکردنەوەی ئەم سەرەش، زۆرکات کوشتنی ئافرەتەکە بە چارەسەر دەزانن، بەڵام هۆمەری هاوتای ئەم نەوەیە بیرکردنەوەیەکی جیاواز و کراوەی هەیە.

خۆشەویستیی نێوان هۆمەر و شادی یەکێکی دیکەیە لەو شتانەی پێچەوانەی وێنای ئێمەیە بۆ ئەم جۆرە خۆشەویستییانە، کە رەنگە پێمان وابێ سەرکەوتوو نابن، چونکە هۆمەر لەلایەک پیاوێکی بە تەمەنە و لە تەمەنی خۆشیدا بە هۆی پێشمەرگایەتییەوە هەر خەریکی شەڕ و کوشتن بووە و هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵ چەکدا کردووە، ئەگەر کوشتنی دوژمنیش نەبێت، ئەوا خەریکی راو و کوشتنی ئاژەڵان بووە، لەلایەکی دیکە ئەو خێزان و ماڵ و منداڵی هەبووە و وازی لێ هێناون، ئەمجۆرە کەسە وەکو کەسانی دڵڕەق و خۆسەپێن دێنە بەرچاو، لەبەرامبەردا (شادی) لە لایەک ئافرەتێکی گەنجی جوان و شۆخ و هونەرمەندێکی شێوەکارە، لە لایەکی دیکە کەسێکی عاشقە و خاڵۆزاکەی زۆر خۆشویستووە، هۆمەریش بەتەواوی وردەکارییەکانی ئەمەی زانیوە، کەواتە بە پێی تەمەن و سروشتی جیاوازی هەریەکەیان، دەبوو پەیوەندی نێوان ئەم دووانە سەرکەوتوو نەبا، کە هەم لە تەمەن و هەم لە بیروبارەڕ و کەشوهەوای ژیان لەیەکتر جیان، کەچی خۆشەویستییەکەیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنێ و هەست بەوە دەکەن بوونەتە یەک پارچە، ئەوەتا شادی دەڵێت: ((وام لێهاتبوو هەست بکەم جەستەی ئەو درێژکراوەی جەستەی منە...ل١٩٤)).

دیسان بە پێچەوانەی باوەکان کە زۆربەی جار لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا هەر پیاو کاریگەری دەخاتە سەر ئافرەت و هەر گەورە کاریگەریی لەسەر کەسانی بچووکتر لەخۆی دادەنێ، هۆمەر

هەم پیاوە و هەم بەتەمەن و ئەزموونیش لە شادی گەورەترە، کەچی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شادی و بێ ئەوەی بیر لەپیاوبوون و زاڵبوونی پیاوەتیش بکاتەوە، دان بەوەدا دەنێت کە شادی کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو هەبووە ((تۆ منت کرد بە ئینسان، ئەو چەند ساڵە لە تۆوە فێری زۆر شت بووم، خەمی من ئەوەیە کە تۆ منی راوچی و شەڕکەرت کرد بە بەشەر.. کە ئێستا کەمەکێ فام دەکەمەوە و خەریکە ببمە بەشەر، کەچی ئەوەندەم نەماوە و دەمرم...ل٩٨)).

(بەهرام) ئەگەرچی گەنجێکە وەکو کەسێکی سەر بە نەوەی نوێ دەردەکەوێ، پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەی ئێمە لە نەوەی نوێ هەمانە، کە هەمیشە ئەم جۆرە کەسە وەکو کەسانی نوێگەر و رزگارکەر دەردەکەون و دەشێ ببنە پێکهێنەری سەردەمێکی نوێ و عەشقێکی پاک، ببنە کەسێک کە وەکو هەر عاشقێکی راستەقینە ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی مەعشوقەکەی، بەڵام بەهرام بە پێچەوانەی ئەم وێنانەی نەوەی نوێوە، وەکو کەسێکی خۆپەرست و خۆویست بەدیار دەکەوێت کە تەنها ژیانی خۆی لا گرنگە، بۆیەش شادی دەکاتە (ژن)، کەچی لەناو ئەو کۆمەڵگایە بە تەنیا جێی دەهێڵێت، لەکاتێکدا دەزانێ چارەنووسی ئەمجۆرە ئافرەتانە لە کۆمەڵگایەکی لەمجۆرەدا جگە لە کوشتن هیچی دیکە نییە.

لە رێگای (شادی)یەوە رۆماننووس دەیەوێ پێمان بڵێت کە مەرج نییە ئافرەتەکان هەمیشە چەوساوە و دەستەپاچە بن و بێ دەنگ بن لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرداریيەی بەرامبەریان دەکرێت، بەڵکو دەشێ هۆشیاریش بن و بەرەنگاری ئەو واقیعە ببنەوە کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، لە رێگای هەریەک لە (هۆمەر) و (بەهرام)یشەوە، دەیەوێ پێمان بڵێت: دەشێ کەسانێکی سەر بە نەوەی کۆن هەبن، بەڵام کۆنەخوازانە بیر نەکەنەوە و دنیا بە روونی ببینن و تەنها خۆیان پێ لەسەر حەق نەبێت، چونکە هۆمەر هەمیشە دان بە بۆچوونەکانی شادیدا دەنێت، ئەگەرچی بە زیانیش بۆ خۆی تەواو ببێت. هەروەها دەشێ گەنجەکانیش هەرچەندە بە تەمەن نوێ بن، بەڵام کۆنەخوازانە بیربکەنەوە و تەنها خۆیان پێ لەسەر حەق بێت، بەهرام، شادی دەکاتە ژن و لە کۆمەڵگایەکی توندوتیژدا بەجێی دەهێڵێت، کەچی کاتێ دەگەڕێتەوەش دان بەوەدا نانێت کە هەڵەی کردووە و سوورە لەسەر ئەوەی شادی رازی بکات بەو شتانەی کە خۆی دەیەوێت.

دواجار دەمەوێ ئەوە بڵێم کە (شێرزاد حەسەن) لە بەشی یەکەم و بڕێکی بەشی دووەمی ئەم رۆمانە و هەندێک لە کارەکانی پێشتریشی، بە جێناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ) چیرۆک و رۆمانەکانی دەنووسێتەوە، من وەکو خوێنەرێک کەمتر چێژ لەم جۆرە نووسینانە وەردەگرم و لەلام زیاتر چێژبەخش دەبێ ئەگەر پاڵەوانی سەرەکی، یان کاراکتەرێکی سەرەکی رۆمانەکە، رووداوەکان بگێڕێتەوە، یاخود رووداوەکانی رۆمانەکە بە کەسی سێیەمی ئاگادار بە شتەکان بگێڕدرێتەوە.

* ژنێک بەسەر منارەوە (رۆمان)- شێرزاد حەسەن- چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم (٢٠١١).